# له یادی هەڵەبجه تا هەڵواسینی سەدام




Sai Saqzi qayshi سەعی سەقزی قایشی



Stockholm( 2010) ستۆکهۆڵم ٢٠١٠


# From memory of Halabja
# To Saddams hanging

**Jag vill inte se**

Jag vill inte se
Fantom, JAS, Mirage och MIC
jag tycker om fåglar,
djur, blommor och musik!

Jag vill inte
Plantera minor
döda fåglar, djur,
blommor och människor!

**ئاوات**

یاس بووم بەدەس هاڕەی
یاس و میک و میراژ و
فانتۆم و ( B52 )وەوە

چاوەڕوانی گمەی
کۆتری ئاشتیم
بەسەر بانی جهانەوە

نامەوێ مین له خاکدا بچێنن
لاقی من و تۆ، ئەم و ئەو،
باڵندە و ئاژەل و گوڵەگەنم بقرتێنن!



Husby biblioteket کتێبخانەی هوسبی له ستۆکهۆڵم


ISBN 978-91-633-6261-3

## پێش، پێشەکی (ڕوونکردنەوە)

**دۆستی خۆشەویست ئەگەر ویستت ئەم چەن لاپەڕە بخوێنیتەوە، تکایە ئەو چەن خاڵەی خوارەوە لە بەرچاو بگرە، بە سپاسەوە .**

**٢٠١٢/٧/٥**

**١ - ئەم چەن لاپەڕە لە ١٠/١/ ٢٠١٠ لە کتێبێکی ٢٤٠ لاپەڕیدا چاپکراوە. تێکڕای بابەتەکانی کە سەبارەت بە کوردستان و کارنامەی داگیرکەرانی کوردستانە بە بەڵگەی تایبەت بە خۆیانەوە ئامادە کراوە. ماسمیێدیای کوردی کە ماسمیدیای حیزب و ڕێکخراوەکانە بە تێکڕا ئەو کتێبەیان بایکۆت کرا.**
**لێرەدا ئەم کتێبە کە لە ڕێگای ئەنترنێتییەوە ئەکەوێتە بەر دەستت، ئەو چەن لاپەڕە بەڵگە و دیکۆمینتەی خوارەوەی پێ زیاد کراوە، ئەو دێکۆمێنتانەیش لەو گۆڤارانە وەرگیراون :**

| | |
|---|---|
| لاپەڕە 90 | لە گۆڤاری چاودێر وەرگیراوە. |
| لاپەڕە 92 | لە گۆڤاری کۆمۆنیست ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. |
| لاپەرە 120 | لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ئۆرگانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. |
| لاپەڕە 122 | لە ڕۆژنامەی خەبات ئۆرگانی پارتی دێموکراتی کوردستانی ئێراق . |
| لاپەڕە 126 | لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ. |
| لاپەڕە 148 | لە گۆڤاری هەنگاو. |
| لاپەڕە 158 | لە گۆڤاری گوڵان لە لایەن پارتی دێموکراتی کوردستانی ئێراق. |
| لاپەڕە 202 | لە گۆڤاری هەرێمی کوردستان، ئۆرگانی وەزارەتی ڕۆشنبیری کومەتی هەرێمی کوردستانی ئێراق. |
| لاپەڕە 203 | لە گۆڤاری هاوار. |
| لاپەڕە 210 | لە گۆڤاری مێدیا. |

**٣ – زیادکردنی چەن دێڕێک کە سەردێر و کۆتاییەکەیان وەک ئەو نموونە بە رەنگی سپی و ژێرخانی رەش دیاریکراوە، ئەوانەیش وان لەو لاپەڕانەدا .**

94 - 95 – 96 – 139 – 189 – 211 – 215 - 216

**٤ - زیادکردنی وێنەی نەمر (شەهین باوەفا)- لاپەڕە - 75**
**٥ – زیادکردنی وێنەی گوللەبارانکراوەکانی پاوە - لاپەڕە - 73**
**تێبینی: یەک وشە، یەک ڕستە، یەک بابەت لەوەی پێشوو لانەبراوە!**

# لە یادی هەڵەبجە تا
# هەڵواسینی سەدام

سەعی سەقزی قایشی

**ساڵی ٢٠١٠**

**Qayshi M,S**
**Sibeliusgången 8 11tr**
**164 73 Kista**
**Sweden**

**Tel 0762 497 818**
**08 – 79 39 448**

**qayshi@yahoo.com**
**sai.saqzi@gmail.com**

**ISBN 978 – 91 – 633 -6261 - 3**





**پێشکەش بە کتێبخانەی هەڵەبجە**
**پێشکەش بە کتێبخانەی سەقز**
**پێشکەش بە دوو مامۆستام**
**مامۆستا کاتارینا نوردین – Katarina Nordin**
**مامۆستا ئێدیت هاگلوند – – Edith Haglund**

وێنە دەسکردەکەی سەربەرگی کتێبەکە:
لە کارە هۆنەرییەکانی هونەرمەند مەزەفەر نامداری
وێنەی کتێبخانەکەی هوسبی
ئاسۆ موکریانی گرتوویەتی

Publisher
نووسەر

## پێشەکی

ڕۆژی ٢٨ی سپتامبری ١٩٩٤ کەشتییەکی سویدی بەناوی ‹ئێستۆنیا Estonia› لە دەریادا نوقم بوو، بەداخەوە(٨٥٢) کەس لەو ڕووداوەدا خنکان. خۆیشم نازانم هۆی ئەوە چی بوو کە چوومە بنجوبناوانی ئەو باسەوە تا بزانم سەبارەت بە نوقم بوونی ئەو پاپۆڕە چەند نووسراوە و کتێب نووسراون.

ڕۆژێک لە کتێبخانەی هوسبی Husby لە ستۆکهۆڵم بە سویدییەکی ناتەواو بە کارمەندێکی کتێبخانەکە بەناوی(Annelie Filipsson ئانێلی فلیپسۆن)م کوت:

**پێمخۆشە بزانم سەبارەت بە نوقوم بوونی پاپۆڕی ئێستۆنیا چی نووسراوە.**

لەگەڵ تەواوبوونی قسەکەم لە کۆمپیوتێرەکەی بەردەستی لیستێکی یەک لاپەڕەیی بۆ ئامادە کردم کە ناوی کۆمەڵێک کتێب و نووسراوە بوون سەبارەت بە نوقم بوونی ئەو کەشتییە، لەو کاتەدا کەسێکی دیکە بەناوی‹عەلیرەزا ئەفشاری› کە ئەویش کارمەندی کتێبخانەکە بوو ئاگاداری داخوازییەکەم بوو، منیش بە فارسی باسەکەم بۆ باسکرد. لە وەڵامدا کوتی: چەند ڕۆژی دیکە وەرەوە، کاتێک چوومەوە شەش لاپەڕەی دایە دەستم، ئەو شەش لاپەڕە ناوی کۆمەڵێک کتێب و نووسراوە بوون سەبارەت بە نوقم بوونی پاپۆڕەکە، پاشان بەڕێز ئەفشاری و خانم فلیپسۆن بۆیان دەسنیشانکردم کە کامیان بە سویدی، کامیان بە ئینگلیزی، بە فینلەندی و ئیسلەندی نووسراون. پڕ بەدڵ سپاسی هاوکارییان دەکەم.

کار و تێکۆشانی ئەو نووسەرانە نیشانەی هۆشیاری کۆمەڵگاکەیانە!

هەموومان بەسەرهاتی کوشتاری یەهودییەکان لە ئاڵمان دەزانین و پێویست ناکات ئاماژە بەوە بکەم چەندە نووسراوە، کتێب، فیلمی سینمایی و پیشانگا سەبارەت بەو ڕووداوە لە جهاندا هەیە. بایەخدان بە ڕووداوەکان چ ئەوەی بە دەست سروشت ڕوویدابێت یا لە لایەن خودی مرۆڤەوە ئەنجامدرابێت، پێویستە! ئەو بایەخدانە دەبێت بە سەرمایەی داهاتووی کۆمەڵگای جهانی بەگشتی و ئەو کۆمەڵگایش کە ئەو ڕووداوەی بۆ پێش هاتووە بەتایبەتی. ئێمەی کوردیش وەک بەشێک لەم جهانە سروشت زۆر

جار چەتری خەم و پەژارەی لەسەر هەڵداوین، زۆر جاریش دوژمنان دڕندانە زیانیان پێگەیاندووین. دەگێڕنەوە لە دەوروبەری جەنگی یەکەمی جهانیدا کوردستان دووچاری وشکەساڵی و بێبارانی دەبێت، وەک دەڵێن خەڵکێکی زۆر لە برسانا مردوون و زۆریش بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان دەربەدەر و ئاوارە دەبن. سەبارەت بەو رووداوە هەر ئەوندە دەزانین، دەڵێن ساڵی گرانییەکەتان لەبیرە؟

زۆر رووداوی دیکە لە کوردستان روویداوە، ئەوانەیش یا فەرامۆش کراون یا بەرەو فەرامۆشی دەڕۆن. یەکێک لەو رووداوانە لە ساڵی ١٩٧٩دا روویدا، لەو ساڵەدا رابەری ئێران **ئایەتوڵا خومەینی فتوای جهادی میللەتی کوردی راگەیاند.** **عەبدولحەسەن بەنیسەدر وەک سەرۆککۆماری ئێران** لە فەرمانێکدا کە بۆ هێزە سەربازییەکانی ئێرانی دەرکرت، کوتی: **تا سەرکوتکردنی دژی شۆڕش** ضد انقلاب **لە کوردستان هیچ کەسێک نابێت بەنی پۆتین و پۆستاڵەکانی بکاتەوە!**

**ئایەتوڵا تاڵەقانی** وەک مەلایەکی ئازادیخواز لە دەورانی شادا چەند ساڵ زیندانی بوو، پاش فتوای جهاد لە رۆژی هەینیدا پێشنوێژی شاری تارانی بوو، لە خوتبەی ئەو رۆژەدا هێرشێکی توندی کردە سەر کورد و کوتی: **ئەگەر پێویست بێت لەپێناو فەرمانی ئیمام دا تفەنگ هەڵدەگرم و دەڕۆم بۆ کوردستان.**

**مەسعود رەجەوی** وەک رووناکبیرێکی سیاسیی چەند ساڵی تەمەنی لەپێناو ئازادی لە زیندانی شادا بردە سەر، پاش فتوای جهاد وەک رابەری رێکخراوەی موجاهیدینی خەڵکی ئێران نامەیەکی بۆ ئایەتوڵا خومەینی نووسی، لە نامەکەدا دەنووسێت: **ئیمامی خوشەویست تکایە رێکخراوەی موجاهیدین رەوانە بکەن بۆ کوردستان تا لەپێناو ئەمری ئێوە و سەرکوتکردنی ئاژاوەچیان بکەوێتە جەنگەوە. با هر جنگ افروزی در کردستان وارد جنگ شود.**

**تێبینی:** وەک نووسەری ئەم چەند لاپەڕە، ئەو نامەم لە گۆڤاری (مجاهد)دا بینیوە، بەداخە ژمارەکەیم لەیاد نەماوە، بەدڵنیاییەوە دەزانم، لە یەکێ لە ژمارەکانی(١١٠تا١٣٠)دا چاپکراوە!





خومەینی ئەو ئەرکەی بەوان نەسپارد! لەپێناو فتوای جهاددا کوردستان کرا بە گۆمی خوێن. جێگەی داخە سەبارەت بەو فتوایە، سەبارەت بەو لەشکرکێشییەی ئێران تا ئەو جێگەی ئاگادارم کارێکی وەها لە چوارچێوەی کتێب و فیلم و.... وەک سەرچاوەیەکی گرنگ کە لەو ئاستەدا بێت و زانیارییەکی گشتی سەبارەت بە تاوانەکانی دەوڵەتی ئێران وەک کوشتن، زیندانیکردن، ئەشکەنجە و ئازاری جەستەی و دەروونی، هەروەها تالانکردنی سەروەت و سامانی خەڵک کە لە شار و گوندەکانی ئەو بەشەی کوردستان دا ئەنجامدراوە بخاتە روو، بەدەستەوە نییە!

لە ساڵەکانی ١٩٨٠دا دەوڵەتی ئێراق پرۆسەی **ئەنفالی** لە کوردستان دا پیادەکرد. وشەی ئەنفال لە قورئانا هاتووە، دەوڵەتی ئێراق بۆچ ئەو وشەی بۆ جەنگی کوردستان و نەتەوەی کورد هەڵبژاردووە خۆی باسێکی جیاوازە و جێگەی لێکۆڵینەوەی تایبەتییە! لە پرۆسەی ئەنفالدا چوارهەزار گوند و دەیان شارۆچکەی ئەو بەشەی کوردستان لەگەڵ خاکدا تەختکران، هەروەها سەدوهەشتاودووهەزار کەس لە منالی ناو لانکەوە تا دەگاتە پیری دەست بەگۆچان لەناوبران.

سەبارەت بەو کارەساتەیش زۆر کەمکاری کراوە، ئەو کارەساتانە ئەگەر بەسەر نەتەوەیەکی دیکەدا بهاتایەت نووسەران و ئەدیبان و هونەرمەندانی ئەو نەتەوە گەلێ نووسراوە و کتێبی بەپێزیان دەربارەی دەنووسی، بەو کارانە هەم خەڵکی جهانیان ئاگادار دەکرد و هەم بەرهەمێکی گرنگی مێژوویيان بۆ نەتەوەکەیان پێکدەهێنا.

لە ستۆکهۆڵم کتێبخانەیەکی گشتی هەیە بەناوی ئەنترناسیۆناڵ بیبلیۆتێک International Bibliotek بەشەکانی فارسی، عەرەبی، سۆمالی و... ئەو کتێبخانە کتێبی زۆرە، بەڵام بەشە کوردییەکەی کتێبی کەمە! سەبارەت بە بوومبارانی شیمیایی هەڵەبجە سەردانی کتێبخانەکانی دیکەی ستۆکهۆڵم کرد، جێگەی داخە جگە لە چەند کتێبی شێعر هیچی دیکەم بەرچاو نەکەوت. ئەو کتێبانە کارایی خۆیانیان هەیە! بەڵام کتێبێک کە بەپێی لێکۆڵینەوە باسی بوومبارانەکە بکات و کاردانەوەکەی لەسەر دانیشتوانی ناوچەکە و گیاندارە کەوی و

کێوییەکان و سروشت بخاتە بەردەست خوێنەر، پێویستترە! بەو هیوایە کەسانێک کە لەو بوارانەدا شارەزاییان هەیە، دەسبەکار بن.
لە ساڵی ۲۰۰۰دا بەبۆنەی ساڵرۆژی بوومبارانی شیمیایی هەڵەبجەوە نووسراوەیەکم بەناوی(ئایا کارەساتی هەڵەبجە و هێرۆشیما، وەکو یەکن؟!) رەوانە کرد بۆ **مانگنامەی کوردستانی نوێ** لە لەندەن و لە ژمارە ۷۲ی چاپی دەرەوەدا چاپکرا، هەمان نووسراوەم لە ساڵی ۲۰۰۱دا رەوانە کرد بۆ **رۆژنامەی کوردستانی نوێ** لە سلێمانی و لە رۆژی ۲۰۰۱/۳/۱٥ لە ژمارە ۲٤۰۲دا بڵاوکرایەوە. زۆر سپاس بۆ بەڕێوەبەرانی خۆشەویستی **کوردستانی نوێ**!


ژمارە (۷۲) هەینی ٥/٥/ ۲۰۰۰

ئایا کارەساتی هەڵەبجە و هێرۆشیما، وەکو یەکن؟!

سەعید سەفزی/ستۆکهۆلم

هەندێ نووسراوە کە بۆ رۆژنامە و گۆڤارەکان دەنووسرێن، نووسراوەیەکی کورت و ناتەواون، هەم خوێنەران و هەم خاوەنەکانیان بە دڵیان نییە و تاموچێژی راستەقینەی خۆی لێوەرناگرن، هۆکەی ئەوەیە رۆژنامە و گۆڤارەکان دەبێت بابەتیتریش بڵاو کەنەوە.





ماتریاڵ و ناوەرۆکی برێ نووسراوە ئەوەندە گرنگە خاوەنەکەی هاندەدات تا ئەو جێگەی لە توانایدا هەیە نووسراوەکە بگەیێنێتە ئەنجام و بیخاتە چوارچێوەی شایستەی خۆیەوە. راستی کام ماتریاڵ و کام ناوەرۆک بەرادەی کارەساتی هەڵەبجە لە کوردستان دا، گرنگە؟ ئەو گرنگییە ئەو ئەرکەی خستە سەرشانم بەپێی توانا هەوڵ بدەم ئەو چەند دێڕە ناتەواوەی کە سەبارەت بە هەڵەبجە نووسیبووم، بینووسمەوە تا بەڵکو بچێتە چوارچێوەی شایستەی خۆیەوە، بەڵام کارەساتی هەڵەبجە لەکوێ و ئەم چەند لاپەڕە لاوازە لەکوێ؟!
لێرەدا، لەم چەند لاپەڕە کورتەدا، لە سایەی هەڵەبجەدا دەرۆمە ناو هەندێ رووداوی دیکەی سیاسیی کوردستان کە هەر کام لەوانە بۆ خۆیان کارەساتێکی وەک کارەساتی هەڵەبجەن! دیارە ئەم بەشەیش هەر لاوازە!
جگە لە لاوازی <u>باسەکەی من</u> خاڵێکی دیکە هەیە پێویستە بێتە ئاراوە، جێگەی داخە ئێمەی کورد زمانی یەکگرتوومان بۆ نووسین نییە، بۆ نموونە: ئەرۆم دەرۆم- ئەخۆم دەخۆم- لەگەڵ دەگەڵ- جهان جیهان- قانع قانیع- هەڵگرسان هەڵگیرسان- کۆمەک کۆمەگ- گوتی کوتی وتی- کلیسا کڵیسا کەنیسە- ترۆریست تیرۆریست تێرۆریست- کوێت کووەیت- نێو ناو- یەکیەتی یەکێتی- مافی دیاریکردنی چارەنووس- مافی چارەی خۆ نووسین- کۆپێنهاک کۆپێنهاگێن- ئوروپا ئەورووپا- ناوەرۆک- ناوەڕۆک و .......
**بۆ رێنووسیش** بە هەمان دەرد گرفتارین و رێنووسێکی یەکگرتوومان نییە و هەر کەس و هەر لایەکمان بە ئارەزووی خۆمان دەنووسین، بۆ نموونە: حکومەت حکوومەت- عیراق عێراق ئێراق- ئیران ئێران- نمونە نموونە- وشە ووشە- ولات وولات- رۆیشتن رۆیشتن- بووە بۆوە- دیمۆکرات دیموکرات دیموکرات دێمۆکرات و....... .
**ناتەواوی وشە لە زمانی کوردی دا** - بەهۆی ئەوەی زمانی کوردی لە بەشە جیاجیاکانی خوێندندا بەکار نەبراوە، وشەی زانستی و وشەی نوێی رۆژانە بەدەگمەن لە زمانی کوردیدا بەرچاو دەکەوێت، کاردانەوەی ئەوەیش لە بەرهەمە کوردییەکاندا بەجوانی دیارە.

وەک دەزانین لە ٧٥%ی کوردستاندا خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانە و زانکۆدا تاوانە، لەو بەشەیش کە لە چوارچێوەی ئێراق دایە و خوێندن و نووسین و رۆیشتن بۆ قوتابخانە و زانستگا لە ئارادا بووە و هەیە، ئەگەر لە رێنووس و رێزمانەکەی ئەوێش ورد بینەوە دەبینین کە لە چ پاشاگەردانی و بێدەستووری نووسیندایە.
ئەگەر هەستی بەرگریکردن بۆ درێژەدان بە ژیانی زمانی کوردی لەناو خودی نەتەوەی کورددا بەهێز نەبوایەت لە مێژ بوو زمانی کوردی بە دەست دوژمنانی کورد لە گۆڕخانەدا نێژرا بوو.
کوردی نەزانینی خۆم و ئەو چەند نموونەیش کە دەسنیشانکران بوونەتە هۆی کەموکوڕیەکی دیکەی ئەم چەند لاپەڕە! بەڵام چاوی مێهرەبانی ئێوە، چاوی پەخشش و لێبوردنە.

لێرەدا پێویستە، سپاسی دۆستی خۆشەویستم (جوتیار حاجی تۆفیق) بکەم بۆ ئەوەی چەند تێبینی گرنگیان دەسنیشانکرد!

سپاس بۆ دۆستانی دیکەم (جەلال جهانی جەلال یاپەڵ)، (عەلی بزرگپەنا عەلی کانیکەوە) و (رەئوف فایەقی رەئوف خوردەلوکی) کە بۆ چەند وێنە یارمەتییان کردم، هەروەها سپاس بۆ (مستەفا هەڵەبجەیی ناسراو بە مستەفای دەروێش قادر) کە **کتێبی هەڵەبجە و کەسایەتیەکانی** بە پێنووسی (**ئازاد حەمدی**) بۆ هاوردم.

**تێبینی:** تێکرای دێکۆمێنتەکانی ئەم کتێبە بە رێنووسی خودی خۆیان نووسراونەتەوە، جگە لە ناوی گوللەبارانکراوەکانی شاری مهاباد.

٢٠٠٩/١١/٢٠





# ئایا کارەساتی هەڵەبجە و هێرۆشیما، وەکو یەکن؟!

## ئایا كاره‌ساتی هه‌ڵه‌بجه و هیرۆشیما، وه‌كو یه‌كن؟!

هه‌موو ساڵێك كه یادی شیمیابارانكردنی هه‌ڵه‌بجه ده‌كرێته‌وه هه‌ندێك له نووسه‌ران له نووسراوه‌كانیاندا، ده‌سته‌یه‌ك له شاعیران له هۆنراوه‌كانیاندا، برێك له هونه‌رمه‌ندان له گۆرانییه‌كانیاندا و كۆمه‌ڵێك رووناكبیر و سیاسی له كۆڕ و سمیناره‌كاندا كاره‌ساتی بوومبارانی شیمیایی هه‌ڵه‌بجه به كاره‌ساتی بوومبارانی ئه‌تۆمی هیرۆشیما هه‌ڵده‌سه‌نگێنن، بۆ نموونه:

**به بۆمی شیمیایی و مووشه‌ك و ئه‌بزاری وێرانگه‌ر**
**وڵاتی نیشتمانی ئێمه وێنه‌ی هیرۆشیمایه**

لاپه‌ره - ١٢

**گه‌ڕه؟ شه‌ڕه؟ ئه‌شكه‌نجه‌یه؟ سوتانی هیرۆشیمایه؟**
**مردن بردن بۆ سه‌برایه؟ قه‌ڵاچۆی شه‌تیڵایه؟**

لاپه‌ره - ٣٢

**ئه‌ی رێبواره**
**باش ده‌تناسم**
**تۆ ئاواره‌ی شاری خوێنی**
**تۆ هه‌واڵی – هیرۆشیمایه‌كی تری**
**تۆ ئه‌فسانه‌ی**
**حه‌كایه‌تی دڵته‌زێنی**
**جه‌رگ بڕی**

لاپه‌ره - ١٩٥

**هیرۆشیما...**
**ئه‌ی قوربانی هه‌ڵمی ئه‌تۆم**
**له‌و رۆژه‌دا ناوم نرا... هه‌ڵه‌بشیما**
**بۆیه ده‌ڵێم من خوشكی تۆم**

لاپه‌ره - ١٥٧

**هه‌ڵه‌بجه ئاڵا هه‌ڵگری**
**كاروانی رێی شه‌هیدانه**
**هه‌ڵه‌بجه مۆمی هه‌ڵگیرساو**
**بۆركانێكی خرۆشانه**
**ده‌ریایه‌كی بێ پایانه**
**هه‌ڵه‌بجه هیرۆشیما و**
**ناكازاكی كوردستانه!**

لاپه‌ره - ٢١٤

كتێبی: شیوه‌نی ئینسانی بۆ شه‌هیدانی هه‌ڵه‌بجه. كۆكه‌ره‌وه‌ی هۆنراوه‌كان ‹ته‌نیا›





به‌ڵام نه‌یتوانی چۆك به خه‌باته ره‌واكه‌ی دابدات، به پێچه‌وانه‌ی مه‌رامه‌كه‌ی ئه‌وان هه‌ڵه‌بجه بووه ره‌مزی ناسنامه و خۆڕاگریی گه‌له‌كه‌مان و بووه‌ته ده‌سته خوشكی هیرۆشیما و مه‌رزه‌بۆتۆ. له به‌شێكی تری قسه‌كانیدا سه‌رۆكی په‌رله‌مان روونیكرده‌وه: ئه‌مرۆ نابێت ته‌نیا ئه‌و تاوانه گه‌وره‌یه یاد بكه‌ینه‌وه، به‌ڵكو پێویسته حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان زیاتر ئاوڕ له‌و شاره بداته‌وه، ... .

كوردستانی نوێ: ژ- ٣٩٢٣- ٢٠٠٦/٣/١٧

له‌گه‌ڵ ئه‌و په‌ڕی رێزم بۆ به‌ڕێز (ته‌نیا) كه ئه‌و ئه‌ركه گرنگه‌ی له ئه‌ستۆ گرتووه، ئه‌و هۆنراوانه‌ی كۆكردوه‌ته‌وه، به‌ناوی خودی خاوه‌نه‌كانیانه‌وه له‌و كتێبه جوان و به‌نرخه‌دا خستییه‌ته به‌رده‌ست ئێمه خوێنه‌ران، هه‌روه‌ها بۆ ئه‌و شاعیره مرۆڤدۆستانه و به‌ڕێز (عه‌دنان موفتی) و تێكڕای ئه‌و كه‌سانه كه به‌و جۆره بیرده‌كه‌نه‌وه، ئه‌و هه‌ڵسه‌نگاندن و به‌یه‌ك چواندنه‌ی هه‌ڵه‌بجه و هیرۆشیما و ناكازاكی هه‌ڵسه‌نگاندنێكی تا راده‌یه‌ك هه‌ڵه‌یه.
بۆ روونبوونه‌وه‌ی ئه‌و باسه پێویسته له كارنامه‌ی سیاسیی یابان، كارنامه‌ی سیاسیی باشووری كوردستان و كارنامه‌ی سیاسیی ده‌وڵه‌تی ئێراق بكۆڵینه‌وه. با له پێشدا كورته‌یه‌ك له بیۆگرافی هیرۆشیما و ناكازاكی و هه‌ڵه‌بجه بكه‌ین به تۆشه‌ی ئه‌م باسه. باسی مۆدێرنیزه‌یی هیرۆشیما و ناكازاكی- جیاوازی ئه‌ده‌بیات- ئایین- جۆگرافی- مێژوو- راده‌ی ته‌مه‌ن و جۆری ژیان، هه‌روه‌ها زۆر شتی دیكه كه له بازنه‌ی بیۆگرافیدا هه‌یه و ده‌بێت ده‌سنیشان بكرێن! به‌هۆی ئه‌وه‌ی شاره‌زاییه‌كی وه‌هام له‌و باسه‌دا نییه داوای لێبوردن ده‌كه‌م! هیوادارم به‌و چه‌ند دێڕه كورته رازی ببن.

## هێرۆشیما

هێرۆشیما، له پێشدا گوندێکی ماسیگری بوو. ساڵی١٥٩١ فیئۆدالێکی یابانی بەناوی (موری تورونتە Mori Terunote) کۆشکێکی لەو گوندە دورستکرد بەناوی(هێرۆشیما)، ئەو کۆشکە گەورەترین کۆشکی ئەو دوورگە بوو. له ساڵەکانی ١٦٠٠ تا ١٨٦٨ی زایینیدا هێرۆشیما له لایەن بنەماڵەی (ئاسانۆ)کرا بە شارێکی گەورە و پیشەسازی لەو ناوچەدا گەشەی کرد. ساڵی١٨٩٤ سکەی شەمەنەفەری بۆ راکێشرا.

له ماوەی جەنگەکانی یابان و چیندا قەیسەری یابان کردی بە ناوەندی سەرکردایەتی لەشکری. کاتێک جەنگی دووهەمی جهانی دەستی پێکرد هێرۆشیما ٣٤٤٠٠٠ کەسی لێدەژیا.

رۆژی٦ ئاگوستی١٩٤٥ له لایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە بوومبارانی ئەتۆمی کرا. بەهۆی ئەو بوومبارانەوە دووسەدهەزار کەس کوژران و٩٠%ی شارەکەیش وێران بوو، پاش کۆتایی جەنگ دەوڵەتی یابان ئەو شارەی بە شێوەیەکی مودێرن دورستکردەوە و گەلێ کارخانەی گرنگی لێدامەزراند. له نێو شاری هێرۆشیمادا حەوت چۆم هەیە کە دووهەزار پردی بە سەرەوە دورستکراوە، بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٨٩یەک ملیۆن و پێنج هەزار کەسی لێدەژی.

کتێبی: Nationalencyklopedin ژ- ٩ ساڵی١٩٩٢ ل- ١٥

### ناکازاکی

شاری ناکازاکی له رۆژی ٩ی ئاگوستی١٩٤٥دا له لایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە بوومبارانی ئەتۆمی کرا، لەو بوومبارانەدا ٣٦٠٠٠ کەس کوژرا و٤٣٠٠٠ کەسیش بریندار بوون، شارەکەیش بوو بە وێرانە، پاشان له لایەن دەوڵەتی یابانەوە دورستکرایەوە و کرا بە شارێکی پیشەیی و کارخانەی کەشتیسازی و فڕۆکەسازی و.... لێدامەزرا، ئێستا یەکێ لە شارە گرنگەکانی یابانە و٤٤٠٠٠٠ کەسی لێدەژی.

کتێبی: FOCUS ل- ٢١٥٢





## هەڵەبجە

بە نەزانی چۆن بنووسم؟ پێشتر ئاماژەم بەوە کرد کە لە کتێبخانەکانی ستۆکهۆڵمدا تەنیا چەند کتێبی هۆنراوەیی سەبارەت بە هەڵەبجە هەبوو، ئێستا کە دەمەوێت بیۆگرافی هەڵەبجە بنووسم زانیارییەکی وەهام نییە ئەوەی دەیخەمە بەردەست زۆر کورت و ناتەواوە، بەڵام ئەوەیش دەزانم کە دڵی نەمرانی هەڵەبجە و ئێوەی خۆشەویستیش مهرەبان و بەخشندەیە!

باشووری کوردستان بە چیا سەرکەشەکانی (باڵامبۆ، سووریێن و شنروێ)وە لە کوردستاندا بەناوبانگە. (گۆران) شاسواری دیمەنناسی سروشت سەبارەت بە ناوچەی هەڵەبجە دەڵێت:

**کۆمەڵە شاخێک سەخت و گەردن کەش،**<br>
**ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش؛**<br>
**سەرپۆشی لووتکەی بەفری زۆر سپی**<br>
**بە دارستان رەش ناو دۆڵی کپی ...**

کاتێک لەو دیمەنە دڵرفێنە دێیتە خوارەوە دەکەویتە دەشتی بە پیت و برشتی شارەزوور،(قانع) دەڵێت:

**دەشتی وشکی شارەزوورم موڵکی (رەی) رسوا دەکا.**

لە پەنای ئەو چیا سەرکەشانە و دامێنی گەرمی شارەزووردا شارێک هەیە بە ناوی هەڵەبجە. {سەرەتای دورستبوونی هەڵەبجە دەگەرێتەوە بۆ ٤٨٠٠ ساڵ پێش زایین، کە ئەکەدییەکان بە سەرۆکایەتی (سارگۆن)ی ئەکەدی هێرشێکی بەرفراوان دەکەنە سەر شارەزوور، هەڵەبجە و هەورامان داگیردەکەن. لەو سەدەیەدا بە هەڵەبجە دەکوترا (هارهار) و بە هەورامانیش دەکوترا (ئارمان). پاش داگیرکردن ناوی ئەم شارە لە هارهارەوە بوو بە (کارشارۆکێن) واتە شاری (سارگۆن). لە ساڵی٨٢٩ ی پێش زاییندا جارێکی دیکە ئەم شارە دەکەوێتە بەر هێرشی ئاشوورییەکان، پاش داگیرکردنی شارەزوور ناوەکەی دەکرێت بە (کارخی)).

رۆژنامەی برایەتی ژ- ٣٣٢ ساڵی ١٩٩٨ میدیا سەلاح عوسمان}.

**بازدانێک بەسەر مێژوودا**

وەک دەڵێن هەڵەبجە لە لایەن بەگەکانی گوندی شیوەکەڵ کە بە (بنەماڵەی سیانزە ماڵە) بەناوبانگن ئاوەدان کراوەتەوە.

{(لە ساڵی ١٨٨٩دا وەسمان پاشای جاف قائممقامەتی و سەرپەرەشتی هەڵەبجە دەگرێتە ئەستۆ، کاتێک کە وەسمان پاشا بۆ شوێنێک بچوایەت عادیلە خانی خێزانی سەرپەرەشتی هەڵەبجەی دەکرد، پاش مردنی وەسمان پاشا لە ساڵی ١٩٠٩ بۆ ماوەیەک سەرپەرەشتی هەڵەبجەی کردووە، بەهۆی توانایی و زیرەکییەوە لە لایەن حاکمی بەریتانیاوە نازناوی(**خان بەهادۆر**)ی بۆ دیاری کراوە. لە ساڵەکانی ١٩٧٠و١٩٨٠دا نزیکەی شەست تا حەفتاهەزار کەس لە هەڵەبجەدا ژیاون. بەپێی سەرژمێری ساڵی١٩٢٢ دانیشتوانی هەموو هەڵەبجە ٥٠٨٠٠ کەس بوون.

**(سەرەتای گەشەکردنی هەڵەبجە**

١٩١٥ - (ئیدارەی سرا) دورستکرا.

١٩١٩ - یەکەمین قوتابخانەی سەرتایی.

١٩٣٣ - یەکەمین قوتابخانەی کچان.

١٩٤٥ - قوتابخانەی ناوەندی کوڕان.

١٩٧٠ - قوتابخانەی ناوەندی کچان.

١٩٢٤ - لە لایەن ئینگلیزییەکان و بە هاوکاری خانمی وەسمان پاشا ئیدارەی پۆست و تەلگراف دورستکرا.

١٩٢٩ - پڕۆژەی ئاوی هەڵەبجە.

١٩٢٩ - نەخۆشخانەی هەڵەبجە.

١٩٣٤ - بەپێی پرۆسەی ئیگلیزییەکان جادە ناوشاری هەڵەبجە کێشرا.

١٩٤٠ - ماتۆڕی بەرق- کارەبا.

١٩٢٦ - یەکەمین قەیسەری بە ٤٩ دوکانەوە دورستکرا.

١٩٥٩ - دووهەمین قەیسەری بە ٢٧ دوکانەوە.

١٩٥٠ - سینمای گەڕۆک لە هەڵەبجە دەستی بەکار کرد.

١٩٥٦- کتێبخانەی هەڵەبجە دامەزرا.





١٩٥٤- (**ئەکرەمی حامد بەگ**) بینای ئینحساری توتنی دانا و پاشان لە

١٩٦٩- کارگەی پاکردنەوەی توتنی دامەزران، **ئەم کارگە لە کاتی شیمیابارانی هەڵەبجەدا، دەوڵەتی ئێران <u>رایگوێزا بۆ ئێران.</u>**

هەڵەبجە دوو گەرماو(حەمام) و چەند هوتێل و میوانخانە بووە.

**شاعیرانی هەڵەبجە**

هەڵەبجە و دەوروبەرەکەی لە کوردستاندا بە مەڵبەندی هونەر و ئەدەبیات بەناوبانگە، چەند شاعیر و ئەدیبی گەورەی وەک (مەولەوی- وەلی دێوانە - نالی- گۆران- ئەحمەد مختار- تاهیربەگی جاف- خورشیدە بابان- حیلمی- کاردۆخی- ساجد ئاوارە- ساڵەح هەژار- ساڵەح شارەزووری- مەلا حەسەن قازی شاهۆ- ع ع شەونم و..... لەو ناوچەدا چاویان بە جهان هەڵهێناوە.

کتێبی: هەڵەبجە و کەسایەتیەکانی ل- ١٢ تا ٨٣ - نووسەر- ئازاد حەمدی}.

هەڵەبجە وەک هەر شارێکی دیکەی ئەم جهانە بۆ پیشەسازی لەبارە، بەڵام هیچ چەشنە کارخانەیەکی لێدانەمەزراوە کە بەرهەمێک بدات بەدەستەوە تا لە ناوخۆ یان لە دەرەوەی هەڵەبجەدا بفرۆشرێت و دەسکەوتێکی هەبێت بۆ دانیشتوانەکەی. داگیرکەرانی کوردستان تەنیا کارخانەیەک کە لە کوردستاندا دورستیان کردبێت، کارخانەی بێکارسازی و تاڵانکردنی کوردستانە و بەس! کاروکاسبی زۆربەی خەڵکی هەڵەبجە و دەوربەرەکەی بریتییە لە کاری کشتوکاڵ و باخداری کە بەرهەمەکەی گەنم ـ جۆ ـ لۆکە- توتن و میوەجاتە، هەروەها مەڕوماڵات بەخێوکردن. ئەم کارانە بە رەنج و تێکۆشانی دانیشتوانی ناوچەکە ئەنجام دەدرێت و ژیانی خۆیانی پێدابین دەکەن، هەروەها دەیشگاتە شارەکانی دیکە، بەکورتی دەبێت بڵێین ئیمکاناتی سروشت گەورەترین سەرچاوەی ژیانە بۆ خەڵکی هەڵەبجە و ناوچەکە. لێرەدا پێویستە یادێکی قانع بکەین کە دەڵێت:

**ئەی تەبیعەت ئافەرین بۆ کردەوەت بۆ کوردستان.**

دراوسێکانی شاری هەڵەبجە بریتین لە شارەکانی **پاوە – سەیسادق – خورماڵ – دەربەندیخان و مەریوان.**

**هەڵەبجە و شۆڕشی کوردستان**

هەڵەبجە لە شۆڕشی ئازادیبەخشی کوردستاندا وەک ناوچەکانی دیکەی کوردستان بە شێوەیەکی چالاک بەشداری کردووە، ساڵی ١٩٧٤ لە لایەن دەوڵەتی ئێراقەوە بوومبارانکرا. هەڵەبجە لە شۆڕشی جەماوەریدا کە گرنگترین بەشی شۆڕشی کوردستانە ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە! ڕاپەڕینەکانی ساڵانی١٩٨٢ و١٩٨٧ بەرانبەر بە دەوڵەتی ئێراق لە مێژووی کوردستاندا دیارە و لای داگیرکەرانیش هەرگیزاوهەرگیز فەرامۆش نابێت.
ڕۆژی ١٩٨٧/٥/١٣خەڵکی هەڵەبجە سەبارەت بە ڕاگواستنی ٥٢ گوندی ناوچەی هەڵەبجە لە لایەن دەوڵەتی ئێراقەوە دەڕژێنە سەر جادەکان بو ناڕەزایەتی دەربڕین، هێزە ئێراقییەکان هێرش دەکەنە سەر خەڵک، سەرەڕای کوشتن و بریندارکردنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی هەڵەبجە کۆمەڵێکیش زیندە بەچاڵ دەکەن، هەر لەو ڕۆژەدا گەڕەکێکی هەڵەبجە بەناوی(کانی ئاشقان) لەگەڵ خاکدا تەختدەکرێت.
وەک نووسەری ئەم چەند لاپەڕە لە ساڵەکانی١٩٨٧ و ١٩٨٨دا چەند جارێک ڕێم کەوتە هەڵەبجە و پێویست بوو شەو بمێنمەوە، سەردانی چەند میوانخانەم کرد، هەموویان کوتیان: **ناتوانین میوان ڕاگرین.** ئەوەیش لە لایەن دەمودەزگاکانی دەوڵەتی ئێراقەوە کە لە هەڵەبجەدا بوون، پێیان ڕاگەیاندرابوو! ئەو چەند جارە بۆ نووستن چوومەتە ماڵان، بەداخەوە ناوی ماڵەکانم لە یاد نەماوە، نازانم بەچ زمانێک باسی مێهرەبانی ئەو ماڵانە بکەم کە بە پیر و جوانەوە چلۆن دەجوڵانەوە، بەتایبەت کە زانییان پێشمەرگەم و دەمێ ساڵە خزم و کەسی خۆمم نەبینیوە، بە نیگای خۆشەویستی نەک تەنیا تەمی خەمی دوورییان لێتاراندم، بەڵکو بە ئامۆژگاری بەنرخیش باربوویان کردم! هەڵەبجە و ئەو خەڵکە مێهرەبانە لە ڕۆژی ١٦ی مارشی ساڵی ١٩٨٨ لە لایەن دەوڵەتی ئێراقەوە بوومبارانی شیمیاییکرا. بەپێی دەنگوباسی ماسمێدیای جهانی پێنج هەزار کەس کوژران و چەند هەزاریش بریندار بوون.





**تێبینی :** سەبارەت بە ژمارەی کوژراوەکانی هەڵەبجە (ڕادیۆ دەنگی گەلی کوردستان) ڕایگەیاند: (بیست و دوو هەزار کەس شەهید و چەند هەزاریش بریندار بووە). هێنانە خوارەوەی ئەو ژمارە لە لایەن ماسمێدیای جهانییەوە بۆ پێنج هەزار کەس، جێگەی بیرکردنەوەیە. دیارە ئاماژەکردن بەو گوزارشەی ڕادیۆ دەنگی گەلی کوردستان بۆ ئەوە نییە کە وەک پوان و ئیمتیاز بۆ ئەو ڕادیۆ لە بەرچاو بگیرێت و هەر چەندە ژمارەی کوژراوەکان زۆرتر بێت، باشترە، بەپێچەوانەوە هەر چەندە ژمارەی کوژراوەکان زۆرتر بێت کاردانەوەی بەدی زیاتر دەبێت و خەم و پەژارەی زیاتری لێدەکەوێتەوە. بەو هیوایە هەوڵ بدرێت ژمارەی کوژراوەکانی ئەو کارەساتە سامناکە بەپێی ئامارێکی ڕاستەقینە ڕوون بێتەوە.

**دەوڵەتی ئێراق و دەستووری بەربەستکردنی چەکی شیمیایی لە جەنگ دا**

بۆ زانیاری سەربارەت بە دەستووری بەربەستکردنی چەکی شیمیایی لە لایەن دەوڵەتی ئێراقەوە تماشای ئەو چەند دێڕە دەکەین:
**(مێژووی بەربەستکردنی چەکی شیمیایی لە جەنگدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٦٧٥ زایینی کە دەوڵەتانی فەرانسە و ئاڵمان لە ستراسبورک پەیماننامەیەکیان سەبارەت بە بەربەستکردنی ئەو گوللانەی کە ماتریاڵی ژاراویان تێدا بەکار براوە، مۆرکرد.**
**لە ساڵی ١٨٤٧ لە کۆنوانسیۆنی بڕۆکسێلدا پەیماننامەیەک سەبارەت بە دستوور و یاسای جەنگ، هەروەها بەربەستکردنی ئەو چەکانەی کە ماتریاڵی ژاراویان هەیە، نووسرا.**
**لە ساڵی ١٨٩٩ لە شاری لاهە پەیماننامەیەک سەبارەت بە بەربەستکردنی چەکی ژاراوی – شیمیایی پەسەند کرا، لەگەڵ هەبوونی ئەو چەند پەیماننامەیش لە ساڵەکانی١٩١٤ تا ١٩١٨ واتە لە دەورانی جەنگی یەکەمی جهانی چەکی شیمیایی لە مەیدانەکانی جەنگدا بە شێویەکی بەربڵاو بەکار برا و کوژراو بریندارێکی زۆری لێکەوتەوە، پاش ئەو ڕووداوە لە ساڵی ١٩٢٥دا لە شاری ژنێڤ پەیماننامەیەک سەبارەت بە بەربەستکردنی چەکی شیمیایی نووسرا، زۆربەی وڵاتانی جهان مۆری دەکەن و دەوڵەتی ئێراقیش وەک یەکێک لەو دەوڵاتانە مۆری دەکات.**
**پاش بیست ساڵ وتووێژکردن لە ساڵی١٩٩٢دا کۆنفرانسی چەککردن سەبارەت بە چەکی شیمیایی**(کنفرانس خلع سلاح) **بەڕێوە برا، لەو کۆنفرانسەدا گەڵاڵەیەکی تایبەت ئامادە کرا کە جێگەی ڕەزامەنی بەشدارانی ئەو کۆنفرانسە بوو. ئەم گەڵاڵە لە ١٩٩٣/ ١/١٣دا لە پاریس لە لایەن ١٣٠ دەوڵەتەوە مۆرکرا، پاشان سەرۆکی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکانیش مۆریکرد.**

سەرچاوە کتێبی(ئێران- ایینا)

**هەڵەبجەی پاش ڕاپەڕینی (١٩٩١)ی باشووری کوردستان**

لـه ڕۆژی٢ی مـانگی ئاگوسـتی ١٩٩٠دا دەوڵـەتـی ئێـراق بـەهێـزی سـەربـازی کووەیتی داگیرکرد و کردی بەشێک له خاکی ئێراق و ناوی محافەزەی١٩ی ئێراقی لەسەر دانا، بەرپرسی ئێراقی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسـی، ئیـداری و کۆمـەڵایـەتییـەکـەی دیـاری کـرد، هـەروەهـا هـەمـوو بـەڵگـە و دیکۆمێنتێک کە پێوەندی بە هەبوونی دەوڵەتێک بەناوی دەوڵـەتـی کووەیت، خاکی کووەیت و سیستمی ئیداری کووەیتەوە وەک پێناسە تەسکەرە، بەڵگەی خانووبەرە، بەڵگەی ماشین، قوتابخانە، نەخۆشخانە و.... ببوایەت لەناوی دەبرد، لەبری ئەوانە پێناسـە و بـەڵگـەی ئێراقی بۆ دەنووسـین. لەو مـاوەدا هێزە سـەربازییـەکانی ئێراق زیـاتر لـە جـاران هـاتووچووی سنوورەکانی ئێـراق و عـەرەبسـتانی سـعودییان دەکرد، ئـەو هـاتووچوو کردنانـە خـۆی هەڕەشەیەکی ناراستەوخۆ بوو بۆ عەرەبستانی سعودی.

بـەپێی دەنگوباسـی ماسـمیدیای جهـانی و عـەرەبی لـە هێرشـی ئێراق بـۆ کـووەیـت ٦١٢ کـووەیتـی کـوژران، هـەروەهـا سـەروەت سـامانی دەوڵـەتـی کووەیت و خەڵکی کووەیت لە لایەن دەوڵەتی ئێراقەوە تالانکرا. ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان و زۆربەی دەوڵـەتـانی جهان، هـەروەهـا کۆمـەڵێک لـە ڕوونـاکبیران و کـەسـایەتـی سیاسـی جهـانی و عـەرەبـی سـەبـارەت بـە داگیرکردنی کووەیت نارەزاییان دەربڕی و داوایان لـە دەوڵـەتی ئێراق کرد لە کووەیت بڕواتـە دەرەوە. دەوڵـەتی ئێراق ئامـادە نـەبوو بـەو داخوازییـە وەڵام بداتەوە، لە بەرانبەردا ئەو پێشنیارەی هێنایە ئاراوە:

**هەر کاتێک ئیسرائیل لە فەلەستین چووە دەر، ئێمەیش لە کووەیت دەڕۆینە دەرەوە.**

ئـەو پێشـنیارەی دەوڵـەتـی ئێـراق لـە ڕوانگـەی ڕوونـاکبیرانی ئیسـلامی و عەرەبی بەگشتی و فەلەستینی بەتایبەتی وەک کارێکی شۆڕشگێڕانە دەبینرا، بەڵام ئـەگـەر وردبینانـە لـەو پێشـنیارە بکۆڵینـەوە دەوڵـەتـی ئێراق بـە زمـانی دیپلۆماسـی دەیکوت: **فەلەستین بۆ ئیسرائیل و کووەیتیش بۆ ئێراق.**





له بەرانبەر ئەو سیاسەتەی دەوڵەتی ئێراقدا کۆمیتەی ئاسایشی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان١٢ بڕیارنامەی بەدژی دەوڵەتی ئێراق و لـەشکرکێشـی ئێراق بۆ کووەیت دادەرەوە، هـەروەهـا گـەڵاڵـەی ئابڵوقـەی ئـابووری ئێراقـی پەسەند کرد. له ٢٩ی مانگی نوامبردا ئەو گەڵاڵەیشی پەسـەند کرد کە ئـەگـەر دەوڵەتی ئێراق تا ١٩٩١/١/١٥ له کووەیت نـەچووە دەر، بـەهێزی سـەربـازی بیکەنە دەرەوە.

ئابڵوقـەی ئـابووری ئێـراق دەسـتی پێکرد، پرۆسـەی هێرشـی سـەربـازی بـۆ سـەر ئێراق ڕۆژبـەڕۆژ دەهاتـە پێشـەوە، دەوڵـەتـی ئێـراق بـۆ پێشـگرتن بـەو بـەرنامـە جـەنگییـە دەسـتی دایـە دەسـگیرکردنی ئـەو ئورووپاییانـەی کـە لـە کووەیت کاریـان دەکرد و ئـەوانی گوازتـەوە بـۆ شـوێنە گرنگـەکانی ئێراق وەک فرۆکـەخانـە، سیسـتمی ئـاو و بـەرق، نـەخۆشـخانە و..... لـە کاناڵـە تەلەڤیزیۆنەکانی ئێراقەوە وێنەکانیانی وەک بـەبارمتـەگیراو بڵاو دەکردەوە، بەڵام پاش ماوەیەک ناچار بوو ئازادیان بکات، پاش ئـەوەی ئورووپاییـەکان لە ئێراق ڕۆیشتن لە ١٩٩١/١/١٧دا هێرش کرایە سـەر هێزەکانی ئێراق و بـە کوشتە و برینداریکی زۆرەوە له کووەیت کرانە دەرەوە.

بەهۆی ئەو جەنگەوە هێزی سەربازی ئێراق تا ڕادەیەک لاواز و بێهێز ببوو، هەروەها لە بەسرە و چەند شاری دیکەی عـەرەبی شـیعە نشینیدا ڕاپـەڕینی خـەڵک بـەدژی دەوڵـەتی ئێراق لـە ئـارادا بـوو، گـەلی کورد ئـەو لاوازییـەی دەوڵەتی ئێراق، دەوڵەتێک کە دەیویست میللەتی کورد لەنـاو ببـات لـەدەست نەدا و ڕاپەڕین. ڕاپـەڕین لـە شـاری (**ڕانیە**)وە دەسـتی پێکـرد، لـە سـەرەتـای ڕاپەڕیندا هێزە ئێراقییەکان لـە بـەرانبـەر خـەڵکدا سـەرسـەختانـە دەجـەنگین، بەڵام بەهۆی لاواز بوونی سیستمی فەرماندەیی ئێراق و پەرەگرتنی ڕاپەڕین له هەموو ناوچەکانی ئەو بەشەی کوردستاندا بەرەبەرە دەستیان لە جـەنگ و مقاومـەت هـەڵگـرت، دەسـتـە دەسـتـە لـە دەرجـە و پلـەی جیـاوازدا کـە ژمـارەیـان لـە دەیـان هـەزار کـەس تێپـەڕ ببـوو لـە هـەمـوو ناوچـەکـانی کوردستانەوە خۆیان بە دەستەوەدا.

### بڵەنگۆی راپەڕین

رادیۆ **دەنگی گەلی کوردستان** وەک بڵەنگۆی راپەڕین و زمانی بەرەی کوردستانی بۆ بڵاوکردنەوەی راپۆرتی رووداوەکان و چالاکی خەڵک و پێشمەرگە لەو راپەڕینەدا، لە چالاکیدا بوو. فۆرمی کاری رادیۆ یا باشتر بڵێم زمانی رادیۆ بە جۆرێک دارێژرا بوو کە سیاسەتی کوردستانی پەیرەو دەکرد و دەیکوت:

**ئەمرۆ ئەو تەپۆڵکە لە داگیرکەر پاکرایەوە، ئەو گردە گەڕایەوە باوشی دایکی نیشتمان، ئەمرۆ کوڕ و کچ، پیر و لاو، ژن و پیاو لە پێناو کوردستان دا تێدەکۆشن.**

بەدەگمەن لە وتارەکاندا وشەی ئێراق بەکار دەبرا! لەو راپەڕیندا بەشێکی زۆری ئەو بەشەی کوردستان ئازاد کرا. لە سەرەتای بەهاری١٩٩١دا دەوڵەتی ئێراق لەژێر چاودێری نا راستەوخۆی دەوڵەتە زلهێزەکانی جهانی پەلاماری کوردستانی دایەوە. خەڵکی بۆ ئەوەی جارێکی دیکە نەکەونەوە بەر هێرشی شیمیایی ئێراق بە تێکڕا شار و گوندیان جۆڵ کرد و روویان کردە بەشەکانی دیکەی کوردستان لە کرماشانەوە تا دیاربەکر. رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان کەوتنە یارمەتیکردن.


www.flickr.com

یارمەتییەکان لە رێگای دەوڵەتانی ئێران و تورکییەوە دەگەیشت بە خەڵک، کارنامەی ئەو دەوڵەتانەیش سەبارەت بە کورد روون و ئاشکرایە، ئەو یارمەتییانە کە لە رێگای ئەوانەوە بگات بە کورد، دەبێت چلۆن گەیشتبێت؟! لەو ماوەدا کە خەڵک لە ئاوارەیدا دەژیان و باسی ستەمکاری و دڕندەیی دەوڵەتی ئێراق سەبارەت بە کورد لە ئارادا بوو، لەو کاتە گرنگەدا بەڕێزان جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی و.... رۆیشتن بۆ بەغدا و ناشایستەترین کاری سیاسییان بە رامۆسین و دەست لەمل کردنی رابەرە تاوانبەرەکانی





ئێراق ئەنجامدا، ئەو کارەی ئەوان لە باری سیاسییەوە کاردانەوەیەکی گەلێ زیانبەخشی هەبوو لە سەر هەستی خەڵکی جهان سەبارەت بە شۆڕشی کوردستان.


جەلال تاڵەبانی و سەدام لە(youtube) وەرگیراوە



مەسعود بارزانی و سەدام رۆژنامەی Ozgue politika

### هەڵوێستی کورد و کۆڕەوەکە

خەڵکی ئەو شار و گوندانەی کوردستان کە بوون بە پەناگای کۆڕەوەکە بە دوو شێوە هەڵوێستیان دەربڕی.

**١ – خزمەتگوزاری**

ئەوەندەی نووسەری ئەم چەند لاپەڕە پرسوجۆی کردبێت، زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە شار و گوند و ماڵ و مەئوای خۆیان بەناچار دوور کەتبوونەوە لە خزمەتگوزاری و خەمخۆری خوشک و برایانی خۆیان نەک نارازی نەبوون، بەڵکو هەستی خۆشەویستییان بەهێزتر بووە و بە بەردەوامی سەردانی یەکتر دەکەن.

**٢ – هەوڵوێستی سیاسیی**

خەڵکی دیاربەکر و چەند شاری دیکەی ئەو بەشەی کوردستان کە وان لە چوارچێوەی تورکییەدا سەبارەت بە خزمەتگوزاری ئەرکی خۆیان بەجوانی ئەنجامداوە، بەڵام ئەوەی کە گرنگترە ئەوە بوو کە چەند خۆپیشاندانی

گەورەیان بەدژی دەوڵەتی ئێراق بەرێخست، لە خۆپیشاندانەکاندا حەوت کەس بە دەست دەوڵەتی تورکییە کوژران و نزیکەی سەد کەسیش بریندار بوون، هەروەها سەدان کەس کەوتنە بەندیخانەوە. ئەرمەنییەکان بۆ پشتیوانیکردن لە ئاوارەکان و بەدژی دەوڵەتی ئێراق، هەروەها بۆ نارەزایی دەربڕین بە کوشتاری نەتەوەی ئەرمەنی لە کاتی دەسەڵاتداری عوسمانییەکاندا چەند خۆپیشاندانی گەورەیان بەرێوە برد.

هەواڵی ئەو خۆپیشاندانانە لە بەشی فارسی رادیۆBBC رادیۆ لەندەن پەخش کرایەوە.

لەو بەشەی کوردستان کە لەژێر دەسەڵاتی ئێراندایە، دەوڵەتی ئێران لە ماوەی جەنگی هەشت ساڵەی ئێران- ئێراقدا **بە زۆرەملی و بە دورشمی مەرگ بۆ سەدامی ئەمریکایی و بەعسی ئەفلەقی و ئیسرائیل** خەڵکی ئەو شار و گوندانەی دەبردە سەر جادە بۆ خۆپیشاندان، بەڵام لە کاتی ئەو ئاوارە بوونەدا دەوڵەتی ئێران نەهێشێت ئەو خەڵکە خۆپیشاندانێک بەدژی دەوڵەتی ئێراق ئەنجامبدەن. دەوڵەتی ئێران ئەوەی بەباشی دەزانی ئەم **مەرگ بۆ سەدامە** لەگەڵ ئەو **مەرگ بۆ سەدامانەی** پێشوو جیاوازییان هەیە، دیارە نابێت کەمتەرخەمی (**کۆمەڵە – رێکخراوەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**) و **حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران** و.... فەرامۆش بکرێت، لەو ماوەدا بانگەوازی ئەو رێکخراوانە بۆ خەڵک تەنیا یاری دڵسۆزی و خزمەتگوزاری بە ئاوارەکانی لەخۆ گرتبوو. ژیان و گوزەرانی رۆژانەی خەڵک لە کاتی کۆڕەوەکە لە ژێر لاسامەی بەفر و باران و سەرماوسۆڵ، لە شیو و دۆڵ و کەژەکاندا لە زۆربەی کاناڵە تەلەڤزیۆنەکانی جهانەوە پەخش دەکرایەوە، پەخشی ئەو رووداوانە لەباری سیاسییەوە گورزێکی گران بوو بۆ دەوڵەتی ئێراق، هەروەها دەسکەوتێکی گەورە بوو بۆ شۆڕشی کوردستان. کاتێک دەوڵەتانی ئێران و تورکییە هەستیان بەوە کرد کە کاردانەوەی ئەو ئاوارە بوونە بەو جۆرەیە، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ زەختیان خستە سەر خەڵک تا بگەڕێنەوە. بەرەبەرە خەڵک گەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان، بەڵام لەگەڵ باروذۆخێکی سامناکدا رووبەڕوو بوونەوە، ئەوەیش ئەوە بوو کە





ناوچەکەیان بە جۆرێک میلیتاریزە کرابوو کە لە هەر چوارڕایەکدا چوار تفەنگی چوارلوول، لە هەر کۆڵانێکدا چەند چەکداری عەسکەر، لەسەر هەر




مانگنامە پەیام – چاپی لەندەن

گرد و تەپۆڵکەیەک چەند تانگ و تۆپ دەبینرا، بەکورتی دێوەزمەی ئێراقی باڵی کێشابوو بەسەر کوردستاندا و بەردەوام شار و ئوردووگا زۆرەملییەکان لە لایەن پایەگاکانەوە تۆپباران دەکران، ژیان و گوزەران لە خەڵک تاڵ کرابوو. خەڵک و پێشمەرگە بۆ پێشگرتن بەو سیاسەتە جەنگییەی ئێراق بە خۆپیشاندان و شەڕی چەکداری راپەڕینی دووهەمیان بەرێخست، لەو بەرگریکردنەدا چەند تانگ لە جادەکانی سلێمانی تێکشکێنران. لەم دەورەدا دەوڵەتی ئێراق سیاسەتێکی دیکەی گرتە پێش و هێزەکانی خۆی لە هەندێ ناوچە کێشایەوە، پاشان ئابلۆقەی ئابووری خستە سەر کوردستان و دەستی دایە چاپکردنی٢٥ دیناری نوێ و ماوەیەکی کورتی دیاریکرد بۆ گۆڕینەوەی٢٥ دیناریيە کۆنەکان. گۆڕینەوەکە تەنیا لە شارەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا ئەنجامدەدرا، دەوڵەتی ئێراق بەو سیاسەتە زیانێکی مەزنی بە ئابووری کوردستان گەیاند. ئاکامی ئەو کۆڕەوە بوو بە ناوچەی ٣٦ دەرجەی جوگرافی، هەروەها بەرێوەبردنی بەرنامەی دەنگدان لە ساڵی١٩٩٢بۆ حکومەتی فیدراڵ لەو بەشەی کوردستاندا. لەم دەورە نوێیەدا حیزب و رێکخراوەکانی کوردستان لەبری ئەوەی لە خەمی دوارۆژی کوردستاندا بن، جێگەی داخە لە خەمی حیزب و رێکخراوەکانی خۆیاندا بوون. لەو

دەورەدا چەند ڕێکخراوەی ئایینی ناوچەی هەڵەبجەیان کرد بە شوێنی چالاکی، لەگەڵ ئەوەدا کە زۆربەی خەڵکی کوردستان سەر بە ئایینی ئیسلامن، بەڵام شۆڕشەکانی کوردستان شۆڕشێکی ئایینی نەبوون! ئەو ڕێکخراوە ئایینیانەی کە لە ناوچەی هەڵەبجەدا کەوتنە چالاکی، زیانێکی مەزنیان لەباری دەروونی و لەباری ژیانی ڕۆژانەوە بە خەڵک گەیاند! جێگەی داخە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراق و حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەیش کە بەردەوام لە ناوچەی هەڵەبجەدا بوون و خەڵکی هەڵەبجەیش بە سەروماڵەوە لە خزمەتیاندا بوون، لە بەرانبەر ئەو خەڵکە مێهرەبانەدا تا ڕادەیەک بێهیمەتیان بەخەرجدا، وەک ئەوەی کە پێویستە کاری ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە بەباشی بەڕێوە نەبرا. ئەو هەڵوێستە کاری کردە سەر خەڵک و لە هەژدەهەمین ساڵڕۆژی کارەساتی هەڵەبجەدا نارەزایەتییان بەرانبەر بە کاربەدەستانی کوردستان بەگشتی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەک بەڕێوەبەری هەڵەبجە بەتایبەتی دەربڕی و بە دورشمی:

**ڕێگە نادەین بەرپرسانی حکومەتی، بەشداری بکەن لە ساڵڕۆژی هەڵەبجەدا**

دەستیان دایە خۆپیشاندان. جێگەی داخە لەو ڕۆژەدا دوو ڕووداوی دڵتەزێن ڕوویدا.

١ ـ کەسێکی دیکە لە خەڵکی هەڵەبجە، هەڵەبجەیەک کە پێشڕەوی شۆڕش و ڕاپەڕین بەدژی دەوڵەتی ئێراق بوو، دەکوژرێت.

٢ ـ هێرشکردنە سەر پەیکەری یادوەری بوومبارانی شیمیایی هەڵەبجە کە بە **مۆنۆمێنتی شەهیدانی هەڵەبجە** بەناوبانگە، بە بیانوی کەموکوری لە خزمەتگوزاریدا دەسوتێنرێت.

کەموکوڕی لە کاری خزمەتگوزاری وڵاتێک، ناوچەیەک، شارێک دەگەڕێتەوە بۆ باری لێهاتووی کەسانێک کە ئەو ئەرکە دەخرێتە ئەستۆیان، نەک بۆ بینایەکی بێگیان.







www.zsoleimani.com



www.nytimes.com

**ئەوەیش بیۆگرافییەکی کورت و ناتەواوی هەڵەبجە.**

## جەنگی یەکەم و دووهەمی جهانی بۆچ بەرپا بوو؟

هەموومان دەزانین جەنگەکانی یەکەم و دووهەمی جهانی بۆ دابەشکردنی کانە بەهادارەکانی ژێر زەوی وەک پترۆڵ - زێر و..... لەنێوان وڵاتە زلهێزەکانی جهاندا هەڵگرسا. لەو جەنگانەدا بە دەیان ملیۆن مرۆڤ کوژران، هەزران کارخانە و کارگا، هەزاران قوتابخانە و مزگەوت و کلیسا لەگەڵ خاکدا تەختکران. زۆر لە زانایانی جهانی ئاماژە بەوە دەکەن و دەڵێن:
**(**ئەو تکنیک پوڵ و پارە کە لە پێناو ئەو جەنگانەدا بەکار برا، ئەگەر بۆ ئاشتی و ئاسایش، بۆ پێشخستنی کۆمەڵگا بخرایەتە گەڕ ئازار و نەخۆشی و نەخوێنەواری لە هەموو جهاندا بنبڕ دەکرا، هەموو جۆرە کەرەسەی هاتووچوو وەک ماشین- شەمەنەفەر- فرۆکە- پاپۆڕ، هەروەها هەمە چەشنە ماشینێک وەک تەراکتۆر- کۆمباین و... بۆ کاری کشتوکاڵی بۆ هەموو جهان دورستدەکرا. ئەو تکنیکە کە لە پێناو ئەو جەنگانەدا بەکار برا، ئەگەر بۆ پەروەردەکردنی مرۆڤ بخرایەتە گەڕ ئەمرۆ کۆمەڵگای مرۆڤ سەروەتێکی مەزنی زانستیی بەدەستەوە دەبوو بە جۆرێک کە هەموو کەسێک دەیتوانی لە بواری پێشخستنی کۆمەڵگادا مرۆڤێکی داهێنەر و بەهرەمەند بێت**)**.

با لێرەدا تماشای کارنامەی سیاسیی یابان بکەین لە هەڵگرساندنی ئەو جەنگانەدا. بەهۆی ئەوەی زانیاریم سەبارەت بە یابان کەمە لەو دوو کتێبە فارسییەی خوارەوە بەهرە وەردەگرم.

١. **جریانهای بزرگ تاریخ معاصر جلد ٣ جنگ جهانی دوم- نووسەر (ژاک پێرن)- وەگێڕ موهەندس(رەزا مەشایەخی).**
٢. **تاریخ مختصر جهان (از پیروزی انقلاب کبیر سوسیالیستی اکتبر در روسیە تا پایان جنگ جهانی دوم) – وەرگێڕ(محەممەد تەقی فەرامەرزی).**





## کارنامەی سیاسیی یابان (ژاپۆن)

### پەیمانی سێ قۆڵی تۆکیۆ – ڕۆم و بەرلین

حکومەتی ئاڵمان دەیزانی نزیکایەتی کردنی لەگەڵ یاباندا کە ئامانجە ئەمپریالیستییەکەی ڕۆژبەڕۆژ پەرە پێدەدات و ئەو ئامانجەیش دژی دەوڵەتە کۆلۆنیالییەکان(استعمار) و دەسەڵاتدارانی دەریاییە، کەوایە ئەو سیاسەتەی یابان لە بەرژەوەندی ئاڵماندایە. یابانیش کۆششی دەکرد لە سەرکەوتنەکانی بەرلین بەهرەمەند ببێت تا بتوانێت هێندوچین لە چنگ فەرانسە و ئەندۆنێزی لە دەست هولەند دەر بێنێت. لەسەر ئەم بنەمایە لە ٢٧ی سپتامبر لە لایەن (ماتۆئۆکا) وەزیری دەرەوەی یابان لە بەرلین پەماننامەی سێ قۆڵی لە نێوان یابان و ئاڵمان و ئیتالیا مۆرکرا، پاش نووسینی ئەو پەیماننامە بەکردەوە و پراکتیک مەیدانی دەسەڵاتداری ئەو دەوڵەتانە لە ئاسیا و ئوروپادا بەرینتر بوو. نووسینی ئەو پەیماننامە بۆ ئەوە بوو تا سیستمێکی نوێ لەو ناوچەیە دامەزرێنن.

کتێبی: جریانهای تاریخ معاصر جلد٣ جنگ جهانی دوم- ل- ٦٨٥
نووسەر ژاک پێرن- وەرگێڕ رەزا مەشایەخی.

### یابان ئەو سیستمە بەسەر حەوسەد ملیۆن کەس لە دانیشتوانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا دەسەپێنێت

لە مانگی نوامبری١٩٣٦دا پەیمانی دژی کۆمێنتێرن بەسترا. لە ئۆکتۆبری ١٩٣٧دا یابان کەوتە سەر ئەو ڕێبازە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری خۆی لە چیندا پیادە کات، لەم دەورەدا حیزبی لەشکریحزب نظامی دەسەڵاتی گرتە دەست، ئەو حیزبە پێش ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی دووردا پەرە بە دەسەڵاتی خۆی بدات، وەک ئاڵمان دەوڵەتێکی دیکتاتۆری دامەزراند و بەکردەوە و پراکتیک کەوتە سەر ئەو ڕێبازە کە نەتەوەی یابان لە نەتەوەکانی دیکە شایستەترە و دەبێت نەتەوەکانی دیکە ڕابەرایەتی بکات.

ساڵی١٩٣٧ ژێنراڵ(تۆیۆبۆ) بەدەسەڵات گەیشت. بەپێی یاسایەکی تایبەت کە لەو دەورانەدا پەسەندکرا، دەبوو تێکرای یابانییەکان ئامادە بن بۆ ئاوەدان کردنەوەی نیشتمانەکەیان. لە قوتابخانەکاندا ئەو دورشمە بوو بە دورشمی سەرەکی: **بێترس و خۆف، خۆتان بخەنە خزمەت نیشتمانەکەتان تا لە(تاج و تەختی ئیمپراتۆر) کە وەک ئاسمان و زەوی پیرۆزە، بەرگری بکەن. یادگاری باوباپیرە مەزنەکانتان لە هەموو شوێنێکدا بەرز و پیرۆز رابگرن!**

حکومەتی دیکتاتۆری یابان وەک فاشیزم و نازیسم و کۆمۆنیزم کە هەر خۆی بەڕەوا دەزانێت، ئەمیش دەسەڵاتی ئیمپراتۆرەکەی بەلاوە گرنگ بوو. کتێبخانەکان چۆڵکران و ستایشکردنی (شینتۆی پاک) بوو بە جێنشینی پەرتووک و پەرتووکخانە. بە بڕوای ئەم ئایینە سەر زەمینی یابان و ئیمپراتۆرییەکەی راستەوخۆ لە لایەن خودای هەتاو **ئاماهراسۆ** دورستکراوە. شینتۆئیستی یابانی وەک خواپەرەستی جولەکە نەتەوەی یابان بە خۆشەویستی خودا دەزانێت و پێی سپاردووە ئامۆژگاری نەتەوەکانی دیکە بکات. دەوڵەتی یابان لە ساڵی ١٩٣٨دا هەموو سەندیکاکانی هەڵوەشاندەوە، پاشان ئۆرگانێکی بەناوی(بەرەی نەتەوایەتی کار) دامەزراند و لە ساڵی ١٩٤١دا هەموو رێکخراوە سیاسییەکانیشی هەڵوەشاندەوە، بەم جۆرە خەڵکی یابان لە چوارچێوەیەکی جەنگی کە لە لایەن دەوڵەتی یابانەوە پێکهاتبوو، دەژیان. دەوڵەتی یابان خەڵکی دڵنیا کردبوو کە لە بەرانبەر دەسەڵاتی ئەهریمەنیدا سەرکەوتوو دەبن و نەتەوەی یابان کە رەگەزەکەی مەزن و پیرۆز بووە، هەر بە جۆرە دەمێنێتەوە.

ل- ٧٣٠ تا ٧٣٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

**سیاسەتی داگیرکەرانەی دەوڵەتی یابان**

یابان لە ساڵەکانی١٩٣٧ و ١٩٣٨دا کەوتە چالاکی تا چین بکات بە کۆلۆنی خۆی بێئەوەی دەوڵەتەکان دژە کردەوەیەک نیشان بدەن. ئەو هێرشەی کە دەوڵەتی یابان لە مانگی یولی١٩٣٧دا بەدژی دەوڵەتی چین ئەنجامیدا لە دوو





قۆڵی جیاوازەوە دەستی پێکرد، قۆڵێک بە درێژایی سکەی شەمەنەفەری(هانکئۆ) و قۆڵەکەی دیکە لە(شانگهای)یەوە پێشڕەوی دەکرد و ئامانجی داگیرکردنی شارە گەورەکانی چین بوو، لەو هێرشەدا شاری (نانکەن) لە لایەن یابانییەکانەوە بوومبارانکرا، بەهۆی بوومبارانەکەوە هێزە چینییەکان بە تەواوی تێکشان، لەکاتی داگیرکردنی شاری نانکەندا یابانییەکان دەستیانکرد بە کوشتاری دانیشتوانی شارەکە و تاڵانکردنی و سەروەت و سامانی خەڵکەکەی، پاشان دەوڵەتی یابان پێشنیاری ئاشتی بە دەوڵەتی چین راگەیاند.

بەپێی نووسینی پەیماننامەی ئاشتی دەسەڵاتێکی فراوان درا بە دەوڵەتی یابان تا لە کانە ژێر زەوییەکانی ئەو ناوچە بەهرەمەند بێت، هەروەها قەراردادی گومریکی نوێ لە بەرژەوەندی یاباندا نووسرا و بە زۆرەملێ چین برایە نێو پەیمانی دژی کومێنتێرن.

(چانکایچک) ئامادە نەبوو مل بدات بەو شەرت و مەرجە کە چین ببێت بە ژێردەستەیی یابان، پاشان خۆی ئامادە کرد بۆ جەنگ بەدژی یابان. ئەو پەیمانە جگە لەوەی کە چینی دەکرد بە ژێردەستەی یابان، زیانیشی هەبوو بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتە گەورەکانی جهان بە جۆرێک کە لە ساڵی١٩٣٦دا بازرگانی دەرەوەی چین لەگەڵ ئینگلیز نزیکەی ٤٢٩ ملیۆن و لەگەڵ ئەمریکا ٣٨٢ ملیۆن دۆلار بوو، ئینگلیزییەکان لە ساڵی١٩٣٧دا ٢٧ملیارد فرانک سەرمایەیان لە چیندا هەبوو، هەروەها فەرانسە زیاتر لە ٤/٥ ملیارد و ئەمریکایش٤ ملیاردی هەبوو. لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو سەرمایە مەزنەیان لە چیندا هەبوو، لە بەرانبەر هێرشەکانی یابان بۆ خاکی چین هەڵوێستێکیان نەگرت و بێدەنگ بوون، تەنانەت(**کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان** ـ مجمع اتفاق ملل)

ئەو هێرشەی دەوڵەتی یابانی وەک دەسدرێژیکردن بۆ سەر خاکی چین دەسنیشان نەکرد و هیچ هەوڵێکی نەدا. دەوڵەتی چین تەنیا کارێک کە لە دەستی هات ئەوە بوو، داوای لە دەوڵەتە گەورەکان کرد چەک و پوڵ بە یابان نەدەن. لەگەڵ ئەوەدا کە دەوڵەتە گەورەکانی جهان پەیماننامەی واشەنگتۆنیان مۆر کردبوو، بەپێی ئەو پەیماننامەیش سەربەخۆیی چین

بەرەسمی ناسرابوو، بەڵام لە کۆبوونەوەکەی نوامبری ساڵی١٩٣٧یش کە لە برۆکسێل بەسترا، ئامادە نەبوون بەو داخوازی چین وەڵام بدەنەوە، بەس دەوڵەتی ئینگلیز لە مانگی١٢ی١٩٣٧دا دژی پێشێلکردنی یاسای بازرگانی لە لایەن یابانەوە نارەزایەتی دەربری، ئەو کارەیش بەهۆی گیروگرفتەکانی ئینگلیز لە ئوروپادا کاردانەوەیەکی وەهای نەبوو. ئەمریکا دەیتوانی بە جۆرێکی باش هەڵوێست بگرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی بازرگانی ئەمریکا و چین ٣%ی بازرگانی دەرەوەی ئەمریکای پێکدەهێنا، لە بەرانبەر ئەوەدا بازرگانی ئەمریکا و یابان ٨% بوو هەر بەو هۆیە، ئەوندەی کوت: **دەوڵەتی یابان پێچەوانەی ئەو پەیماننامانەی کە لە ئارادایە سیستمی گەشتییە جەنگییەکانی ٢٠% بردووەتە سەرەوە.**

ئەمریکا و بەریتانیا رێکەوتن چەک و تەقەمەنی بە چین بفرۆشن و ئەو کەرەسە جەنگییانە لە رێگای دەریاکانی(هۆنگۆنگ و کانتن) بۆ چین بەرێ بکەن، بەڵام یابان سێ هەزار کیلۆمیتر لە لێوارەکانی دەریای چینی گەمارۆ دابوو، هەر پاپۆرێک بیویستایەت بەرەو چین بروات، پەلاماری دەدا و لە دەریادا نوقمی دەکرد. لەم بارودۆخەدا چین بە تەنیا کەوتبووە بەر هێرشی یابان، ئەوەیش روون و ئاشکرا بوو کە بە تەنیا نەیدەتوانی ماوەیەکی دوور و درێژ لە بەرانبەر هێرشەکانی یاباندا خۆی راگرێت.

رۆژی ٢١ی ئۆکتۆبر شاری (کانتۆن) بوومبارانکرا، هێزە سەربازییەکانی ئەو شارە لە بەرانبەر لەشکرەکانی یاباندا تێکشکان، پاش کانتۆن شاری (هانگئۆ) کە شوێنی فەرماندەی چانکایچک بوو لە لایەن یابانەوە داگیرکرا. رابەرانی چین ئەوەیان بۆ دەرکەوتبوو کە دەوڵەتە گەورەکانی جهان ئەمرۆ بێت یا سبەی بەدژی دەوڵەتی یابان رادەپەرن، بەڵام خۆیان بریاریاندا لە بەرانبەر هێرشی یابان بۆ سەر چین درێژە بە جەنگ بدەن و بەرگری لە نیشتمانەکەیان بکەن. دەوڵەتی چین بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی یابانییەکان هێزەکانی خۆی لە(چونکینگ) دامەزران، لەم دەورەدا هیزەکانی یابان لە باکوری چیندا پەیتاپەیتا پێشرەوییان دەکرد، لەم پێشرەوییانەدا بوو کە شاری(شانسی)یان داگیرکرد و بە پەنای(یانگتسە)دا دەچوونە پێشەوە.





لەگەڵ ئەوەیشدا کە دەوڵەتی فەرانسە لە ساڵی١٩٣٩دا نارەزایی بەدژی لەشکرکێشی یابان دەربری بوو، بەڵام دەوڵەتی یابان دوورگەی(هاینان)ی داگیرکرد، لەم دەورەدا ٢٠%ی خاکی چین کە ٤٢%ی خەڵکی چینی لێدەژیا لە لایەن یابانەوە داگیرکرا.

### بەریتانیا بەڵێن دەدات کە نابێتە کۆسپی سەر رێگای یابانییەکان لە چین دا

تەنیا دژایەتیکردنێکی ئوروپا لە بەرانبەر ملهورییەکانی یابان و پێشرەوییەکانی لە خاکی چین راگەیاندنێک بوو کە دەوڵەتی ئینگلیز لە ساڵی ١٩٣٩دا لە لەندەن بڵاوی کردەوە،(چمبرلێن) بۆ پاراستنی(هۆنگۆنگ)لە هێرشی یابان لەو راگەیاندنەدا کە بە **مۆنیخی رۆژهەڵات** بەناوبانگە، رایگەیاند: **چالاکی سەربازی یابان لە چیندا بەپێی کارێکی تایبەت و پێویست بەرێوە دەچێت، دەوڵەتی ئینگلیز کارێکی وەها ئەنجام نادات کە ببێتە کۆسپی سەر رێگای یابان لە چیندا.** (چانکایچک) کە لە لایەن دەریاوە گەمارۆ درابوو لە ساڵی ١٩٣٩دا ویستی لە شەمەنەفەری (یۆننان) کە چینی لە رێگای هێندوچینەوە دەگەیاندە سەر دەریا بەهرە ببات و خۆی بۆ نەبەرد بە دژی یابان ئامادە کات، بەڵام یابانییەکان بە هێزی سەربازەی رێگای(یۆنیان) و(برمە)یان بەست.

ل - ٧٣٣ تا ٧٣٥ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

### دوو سیاسەتی دژ بەیەک لە بەرەی دژی فاشیزم دا

سیاسەتێکیان ئەوە بوو کە بۆرژوازی ئەمپریالیستی رۆژئاوا لەو دەورانەیشدا هەر وەک پێشوو بە شوێن ئامانجەکانی خۆیەوە بوو! ئەو سیاسەتە لەگەڵ ئارمانی دژی فاشیزمدا جیاوازییەکی زۆری هەبوو. کەسانی وەک (ترۆمێن) سەرۆککۆماری ئەمریکا و سەناتۆر (تفت) و(مۆر برابازۆن)ی ئینگلیزی هەبوون، کاتێک لە کۆرەکاندا قسەیان دەکرد بە ئاشکرا ئارەزوویان دەکرد: ئەو جەنگە روسییە و ئاڵمان لەناو ببات تا رێگا خۆش بێت بۆ ئەمریکا و بەریتانیا دەست بەسەر کانە بەنرخەکانی جهاندا

بگرن. سیاسەتەکەی دیکە ئەوە بوو: یەکێتی سۆڤییەت دەیویست خێرا ئەو جەنگە کۆتایی پێبێت و جهان لە چنگ فاشیزم رزگار بێت. لە بەرانبەر ئەو سیاسەتەدا ئەمریکا و بەریتانیا ئاواتەخوازی ئەوە بوون ئاڵمان و ئیتالیا و یابان کە مەترسییەکی مەزن بوون بۆ بازاری جهانی تێکشکێن تا بازارەکە بکەوێتە دەست خۆیانەوە.

ل- ٣٠٨ کتێبی: تاریخ مختصر جهان از پیرۆزی انقلاب سۆسیالیستی اکتبر در روسیە تا پایان جنگ جهانی دووم، ترجمە تەقی فەرامەرزی.

**یابان پەلاماری ئەمریکا دەدات و جەنگ لە ئەقیانووسی ئارام دەس پێدەکات**

لە ساڵی ١٩٤١دا دەوڵەتی ئاڵمان بە هێرشێکی بەربڵاو شاری لنینگراد گەمارۆ دەدات و شاری کیف داگیر دەکات، هەروەها مەترسی دەخاتە سەر مۆسکۆیش، بەڵام لەشکری(سوور)سەرسەختانە دەکەوێتە جەنگ و پێشی پێدەگرێت، ئەو پلانەی کە سەرکردە جەنگییەکانی ئاڵمان دایانڕشت بوو کە لە ماوەی هەشت حەوتوودا یەکێتی سۆڤییەت تێکدەشکێن، بۆیان نەگەیشتە ئەنجام و ئاواتەکەیان بە ناکام مایەوە و دووچاری تێکشکان بوون.
دەوڵەتی یابان کە ئەو هێرشەی ئاڵمان و بەرگریکردنەی روسەکانی بینی، بیری لەوە کردەوە ئەگەر خۆیشی هێرش بۆ روسییە ببات دەکەوێتە جەنگێکەوە کە بە ئاسانی ناتوانێ لێی دەرباز بێت، پاشان پلانێکی بەربڵاوی دارشت کە پەلاماری ئەمریکا و بەریتانیا بدات. یابانییەکان بۆ ئەوەی بتوانن لە ناکاودا دەست لە دوژمن بوەشێنن کەوتنە فریودانی دوژمن، بۆ ئەو کارە بارودۆخێکی هێمن و ئارامیان پێکهێنا، پاشان بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان یابان و ئەمریکا کەوتنە وتوویژکردن و کاری دیپلۆماسی، لە گەرمەی ئەو وتوویژەنەدا بوو کە لە رۆژی ٧ی دسامبری ١٩٤١دا فرۆکە و پاپۆرە جەنگییەکانی یابان هێرشێکی قورس و بەربڵاویان کردە سەر بنکەکانی ئەمریکا لە (پرل هاربور) لە دوورگەی (هاوایی) و لە ماوەی چەند کاتژمێردا زۆربەی پاپۆرە جەنگییەکانی ئەمریکا کە بریتی





بوون لە هەشت پاپۆری جەنگی لە ئەقیانوسی ئارام لە ناو برد، پاشان هێرشیان کردە سەر بنکەی دەریایی بەریتانیا لە سەنگاپور و بوومبارانیان کرد، هەروەها چوونە سەر شوێنە گرنگەکانی ئەمریکا و بەریتانیا لە ئەقیانوسی ئارام و هێند. ئەو زیانە مەزنەی کە بە هێزی دەریایی ئەمریکا و بەریتانیا گەیشت رێگای بۆ یابانییەکان هەموارکرد کە هێرشەکانی خۆیان لە بەشی خوارووی رۆژهەڵاتی ئاسیادا بەرینتر بکەن. یابانییەکان لە ماوەیەکی کورتدا کە تا مانگی مەی١٩٤٢ی کێشا توانییان دەست بگرن بەسەر ئەندۆنێزی- برمە- فلیپین و مالایا، هەروەها چەند دوورگە لە ئەقیانوسی ئارام کە بەدەست ئەمریکا و بەریتانیاوە بوون. لە میانەی ئەم هێرشانەدا لە رۆژی یەکی ژانوییەی١٩٤٢ لە واشەنگتۆن راگەیاندنێک لە لایەن ٢٦ دەوڵەتی بەرەی هاوپەیمان بەتایبەت روسییە- ئەمریکا- بەریتانیا- یەگۆسلاڤی- لێهستان و چین مۆرکرا، لە راگەیاندنەکەدا بڕیار درا تا سەرکەوتن بەسەر دوژمن واتە بەرەی فاشیزم درێژە بە جەنگ دەدەن و هیچ دەوڵەتێک نابێت بە تەنیا رێکەوتنامە ببەستێت.

ل- ٣٠٩ تا ٣١١ هەمان سەرچاوە.

**جەنگ لە رۆژهەڵاتی دوور لە ساڵی ۱۹۴۳ تا ۱۹۴۵ و کۆتایی جەنگی دووهەمی جهانی**

لە ساڵی١٩٤٣وە پاپۆرە جەنگییەکانی ئەمریکا و بەریتانیا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی دووردا دەستیان دایە هێرشکردن، هەروەها هێزە زەمینییەکانیان لە ئاسیادا کەوتنە پەرلاماردانی یابانییەکان، لەگەڵ ئەو هێرشانەدا ئەو گەلانەی کە نیشتمانەکەیان لە لایەن یابانەوە داگیر کرابوو راپەڕین و جووڵانەوەی ئازادیبەخشی نیشتمانیی لە کۆریا- ڤییەتنام- ئەندۆنێزی و فلیپین هاتە ئاراوە. لە ساڵی١٩٤٣دا هێزەکانی بەرەی هاوپەیمان دوورگەی (ماریانا) و (مارشاڵ)یان لە ئەقیانووسی ئارام داگیرکرد و کەوتنە جەنگ بۆ ئازادکردنی دوورگەکانی فلیپین. مەزنترین جەنگی دەریایی جەنگی دووهەمی جهانی لە مانگی ئۆکتۆبر لە دوورگەی (لیتە) لە فلیپین روویدا.

لەم جەنگەدا سێ پاپۆڕی جەنگی و چوار پاپۆڕی فڕۆکەهەڵگر و دەیان ماشینی ژێردەریایی و چەندین کەشتی دیکەی یابان لە ناوبران. هاوپەیمانەکان لە (برمە)یش سەرکەوتنیان بەدەست هێنا.
لە ساڵی١٩٤٤دا یابانییەکان تا ڕادەیەک لە ناوچەی برمە کرابوونە دەرەوە. لەم دەورەدا هەموو کانە بەهادارەکانی وەک کائوچۆ، پترۆڵ و.... کە بۆ جەنگ گرنگ بوون و لە کۆنترۆڵی یابانییەکاندا بوون، کەوتنە ژێر دەسەڵاتی هاوپەیمانەکان و جەنگ لە بەرژەوەندی ئەمریکا و بەریتانیا دەچووە پێشەوە. لەگەڵ ئەوەدا کە یابان بەشێکی زۆر لەو ناوچانەی کە پێشتر داگیری کردبوو بە دەستەوە نەمابوو، بەڵام هێزێکی مەزنی سەربازی هەبوو کە تا ئەو کاتە بە شێوەیێکی چالاک بۆ بەشداریکردن لە جەنگی ئەمریکا و بەریتانیا نەخرابووە گەڕ. ئەو هێزە و هێزی چالاکی (کوانتۆنگ) کە بەشی سەرەکی هێزەکە بوو، زیاتر لە پێنج ملیۆن کەس بوون. هێز و توانایی ئەو لەشکرە لە کاتی هێرش بردن بۆ چین لە ساڵی١٩٤٤دا کەوتە ڕوو، ئەو هێزە لە ماوەی چەند مانگدا توانی ناوچەیەکی بەربڵاو لە لێوارەکانی دەریا داگیرکات و بڕواتە پێشەوە بۆ باشووری ڕۆژئاوای چین و خۆی بگەیەنێت بەو هێزە کە لە هێندوچیندا دەجەنگین.
بەریتانیا و ئەمریکا بۆیان دەرکەوت بوو کە توانایی ئەوەیان نییە لە ماوەیەکی کورتدا یابان بە چۆکدا بێنن، هەر بەو هۆیە پێوەندییان کرد بە یەکێتی سۆڤییەتەوە تا بەشداری جەنگی یابان بکات، ڕۆژی ١٩٤٥/٨/٩ یەکێتی سۆڤییەت بەپێی پەیمانی کۆنفرانسی(یاڵتا) ئامادەی خۆی بۆ جەنگ بەدژی یابان ڕاگەیاند، پاش سۆڤییەت دەوڵەتی مەغولستانیش ئامادەی خۆی بۆ جەنگ نیشاندا. هێزەکانی سۆڤییەت و مەغولستان لە مەیدانێکی بەربڵاودا کەوتنە جەنگ و ئەرتەشی (کوانتۆنگ)یان ناچار کرد خۆ بەدەستەوە بدات. ئەو هێزانەی یابان کە لە باکوری ڕۆژهەڵاتی چین و کۆریا و دوورگەکانی (ساخالین) و (گوریل)دا دەجەنگین بەدەست ئەرتەشی ڕوسییە تێکشکان! لە گەرمەی ئەم تێکشکانەی لەشکری یابان لە بەرەکانی جەنگدا بوو کە دەوڵەتی ئەمریکا لە ڕۆژی ٦ی ئاگۆستی١٩٤٥دا





شاری هێرۆشیمای بوومبارانی ئەتۆمی کرد. سێ ڕۆژ پاش بوومبارانی هێرۆشیما واتە لە ٩ی هەمان مانگدا چووە سەر شاری ناکازاکی و ئەویشی بوومبارانی ئەتۆمی کرد، لە ٢ی سپتامبری هەمان ساڵدا یابانی هاوپەیمانی ئاڵمانی نازی بەبێ شەرت و مەرج خۆی بەدەستەوە دا و جەنگ کۆتایهات.

ل - ٣٣٢ تا ٣٣٥ تاریخ معاصر جهان از پیروزی
انقلاب کبیر سوسیالیستی اکتبر در روسیه تا پایان جنگ دوم جهانی

**ئەوە کارنامەی سیاسیی یابان لە هەڵگرساندنی ئەو جەنگانەدا.**

## کارنامەی سیاسیی باشووری کوردستان و دەوڵەتی ئێراق

با لە کارنامەی سیاسیی ئەو بەشەی کوردستان کە هەڵەبجەی لە خۆگرتووە بکۆڵینەوە تا هۆکاری کارەساتی شیمیابارانی هەڵەبجەیش روون بێتەوە. پاش جەنگی یەکەمی جهانی و هەرەس هێنانی ئیمپراتۆری عوسمانی چەند نەتەوە ئازاد بوون و دەوڵەتی خۆیان دامەزراند.
**کوردستان**، کوردستان کە تا ئەو دەم دوو پارچە بوو کرا بە چوار پارچەوە، ئەگەر پێشتر لە لایەن دوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی و دوو نەتەوەی تورک و فارسەوە داگیرکرابوو، پاش جەنگی یەکەم کرا بە چوار پارچە و دەوڵەتانی ئێراق و سورییە و نەتەوەی عەرەبیش بوون بە داگیرکەری کوردستان! گەلی کوردیش وەک هەر گەلێکی دیکەی ئەم جهانە کە شەیدای ئازادییە، دەستی کرد بە چالاکی سیاسی لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بەگشتی و ئەو بەشەی کوردستان کە خرایە چوارچێوەی ئێراقی تازە دورستکراو بەتایبەتی.

بۆ زانیاری سەبارەت بە کارنامەی سیاسیی باشووری کوردستان و کارنامەی سیاسیی دەوڵەتی ئێراق لە کتێبی**جنبش ملی کرد - نووسەر، کریس کوچێرا** کە لە لایەن **وەرگێڕ و نووسەر، ئیبراهیم یۆنسی** کراوە بە فارسی و لە لایەن **محەممەد ریانی** کراوە بە کوردی و چەن سەرچاوەی دیکە بەهرە وەر دەگرم.

**تێبینی**: بەهۆی ئەوەی <u>پێشتر</u> وەرگێڕانە کوردییەکەی بەڕێز (ریانی)م خوێندەوەتە، لێرەدا وەک سەرچاوە ئاماژە بە وەرگێڕانە فارسییەکەی بەڕێز یۆنسی دەکەم.

### ئەمیر فەیسەڵ

دەوڵەتی فەرانسە لە ٢٤ی (یولیJuly) ١٩٢٠دا فەیسەڵی لە شاری دمشق کردە دەرەوە. فەیسەڵ و ٢٥ ژن و ١٧٥ پاسەوانی تایبەت بە خۆی لە هێزەکانی حیجاز بە ٢٥ ئەسپی سواری و٤ تۆن شتومەک سەرگەردان و





بێخانەولانە دەسوڕانەوە. فەرانسەییەکان فەیسەڵ یان بە پیاوێکی لاواز دەزانی، بەڵام بە کەسێکی فێڵبازیشیان دەناسی. کاتێک فەیسەڵ ئەوەی بیست کە ئینگلیزییەکان دەیانەوێت لە نێوان دوو چۆمان میسۆپۆتامیا بیکەنە پادشا و تاجی لە سەر بنێن، لە خۆشیدا بە دەنگی بەرز نەڕانی. ئینگلیزییەکان لەسەر ئەو باوەڕە بوون دامەزراندنی دەوڵەتێکی کۆماری لەگەڵ داب و نەریتی ناوچەکە جیاوازی هەیە، لە ئەنجامدا (گۆرزۆن Gwrzwn) و حکومەتی بەریتانیا پاش دووهەمین کۆنفرانسی قاهیرە لە ١٢ تا ٢٤ی مانگی مارشی ١٩٢١دا بەو ئاکامە گەیشتن ئەمیر فەیسەڵ لە(بەین ئەلنەرەین)دا ببێت بە شا و ناوچە کوردییەکانیش بخرێتە ژێر دەسەڵاتییەوە. دانانی ناوچە کوردنشینەکان لە چوارچێوەی ئێراق لە ساڵی ١٩٢١دا ئەنجامدرا. پاش کۆنفرانسی قاهیرە بەپێی راگەیاندنی ٦ی مانگی مەی <u>ویڵسۆن</u> لە کوردەکان پرسیار دەکرێت کە چ جۆرە سیستمێکی ئیدارییان لە ئێراق دا پێپەسەندە و بەباشی دەزانن، بەڵام ئەو راگەیاندنە بە جۆرێک دارێژرا بوو کێشە بنەڕەتییەکە واتە **دەیانەوێت** یا **نایانەوێت** لە ژێر دەسەڵاتی ئێراقدا بمێننەوە، بەباشی دەسنیشان نەکرابوو.

هەڵبژاردن لە کاتێکی چاوەڕوان نەکراودا هاتە پێشەوە، لە سلێمانی تەنیا کەسانێک دەیانتوانی راستەوخۆ دەنگ بدەن کە نرخ و بەهای خانووەکانیان هەزار ریاڵی بهێنایە! لە ٢٠٠ کەس کە بەو شێوە بۆ دەنگدان دیاری کرابوون ١٩٠ کەس بەشدارییان کرد، لەو ١٩٠ کەسە ٣٢ کەس دەنگیان بەوە دابوو کە ناوچەی سلێمانی بخرێتە سەر ئێراق. گەڕەک بەگەڕەک پیاوەکانیان کۆ دەکردەوە و داوایان لێدەکردن بەدەست هەڵهێنان دەنگ دەربڕن، بەڵام یەک کەسیش دەستی بڵند نەکرد و دەنگی بەوە نەدا کە ناوچەکەیان بخرێتە سەر ئێراق. لە گەڕەکی جولەکان ٩٢ کەس دەنگیاندا، ٤ کەسیش بەدژی ئەوە دەنگیاندا. لە ناوچەکانی دیکەی سلێمانی قائممقام خەڵکی بۆ گوندەکان نارد، لە ٦٠٠٠ دەنگ ٥٠٠٠ دەنگ دژی ئەوە بوون ناوچەکەیان بکەوێتە سەر ئێراق، ئەوانی دیکە دەنگیان نەدا و بێلایەن بوون. کاربەدەستێکی ئینگلیزی لەگەڵ چوار دەوڵەمەنی کورد کۆبوونەوە دەکات و کورد بەوە چاوترسێن دەکات،

ئەگەر بەدژی لکاندن بە ئێراقەوە دەنگ بدەن سزای قورسی گومرکییان بۆ دیاری دەکرێت. ئەو چوار کەسە لەگەڵ ئەوەدا دەزانن کە ئەو سزا گومریکییە بۆ خەڵک چەندە قورس و گرانە، بەڵام ئەوەیان پێباشترە هەتا ئەوەی بکەونە ژێر دەسەڵاتی عەرەبەوە.

کومیسەری ئینگلیز هیچ جۆرە روونکردنەوەیەک سەربارەت بە بەڕێوە بردنی هەڵبژاردن لە زاخۆ- دهۆک و هەولێر بەدەستەوە نادات. سەرئەنجام جگە لە سلێمانی شوێنەکانی دیکە دەنگیان بەوە دابوو بکەونە سەر ئێراق. کومیسەری بەریتانیا بەو حاڵەیش ئامادە نییە دۆسییە و پەروەندەی هەڵبژاردنەکان بۆ لەندەن رەوانە بکات.

**ئەمیر فەیسەڵ کرا بە شا**

لە ٢٣ی مانگی ئاگوستی ١٩٢١دا ئەمیر فەیسەڵ کوڕی شەریفی مەکە کرایە پادشای ئێراق و بە سرودی: **خوا شامان بپارێزێت** پادشایی خۆی راگەیاند، بێ ئەوەی نوێنەرانی سلێمانی و کەرکوک لەوێ بن.

کتێبی: جنبش ملی کرد، وەرگێڕ ئیبراهیم یۆنسی ل - ٧٤ تا ٧٦

**پادشای کوردستان**

شێخ مەحمود لە ساڵی١٩٢٢دا تەمەنی٤٤ ساڵ بوو، زمانەکانی تورکی و فارسی و عەرەبی دەزانی، بۆ هاونیشتمانەکانی کەسێکی مێهرەبان بوو. لە ١٠ی مانگی ئۆکتۆبری١٩٢٢دا بەپێی راگەیاندنێک دەوڵەتی کوردستانی دامەزراند و سلێمانی کردە پایتەخت، هەروەها هەشت وەزیری بۆ حکومەتی کوردستان هەڵبژارد کە بریتین لە:

| | |
|---|---|
| شێخ قادر | سەرۆک وەزیر |
| شێخ مەحمود | وەزیری بەرگری |
| کەریم ئەلەکە | وەزیری دارایی |
| شێخ مەحمود غالب | وەزیری ناوخۆ |
| حەمە ئاغا | وەزیری کاروباری گشتی |
| شێخ عەلی کەلەداری | وەزیری داد |
| سەید ئەحمەد | سەرۆکی پۆلیس |
| حاجی مستەفا پاشا | وەزیر پەروەردە |





**تێبینی:** رفیق حیلمی ناوی وەزیرەکانی بەو جۆرە نووسیوە:

| | |
|---|---|
| رەئیس الروسا | شێخ قادر حەفید |
| رەئیسی داخلیە | شێخ محەمەد غەریب |
| رەئیسی مالیە | عەبدولکریم ئەلەکە |
| رەئیسی مەعارف | مستەفا پاشا |
| رەئیسی قوای میللی ‹دفاع› | سالح زەکی ساحب قەران |
| رەئیسی محاکم و شەرع ـ عدلیە | حاجی مەلا سەعید کەرکوکیزادە |
| رەئیسی نامعە | محەمەد ئاغای عەبدورەحمان ئاغا |
| رەئیسی ئەمنیەتی عمومیە | سەید ئەحمەد بەرزنجی |

ل- ٥٤٤ بەرگی دووەمی- یاداشتەکانی رەفیق حیلمی.

شێخ مەحمود لە ١٨ی نوامبری ١٩٢٢دا رایگەیاند: خۆی پادشای کوردستانە، ئاڵایش هەر هەمان ئاڵا سەوزەکەی ساڵی ١٩١٩ بوو کە بازنەیەکی سووری تێداکێشرا بوو، لە نێو بازنەکەیشدا وێنەی مانگێکی یەکشەوە دەبینرا. شێخ مەحمود پولی پۆستی چاپکرد، لە پولەکەدا وێنەی دوو خەنجێەر بەشێوەی راست و چەپ کێشرابوو، هەروەها لە پولەکەدا نووسرا بوو: **حکومەتی کوردستانی جنوبی**. ------ ل - ٨١ تا ٨٣ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

**بەرکەنارکردنی پادشای کوردستان**

لە ناوەڕاستی مانگی فیبرواری کاربەدستە ئینگلیزیەکان واتە: (سرهنری دوبزSir Henry Dobbs) و (بوردیلن Bourdillon) (ئایر کومودور بوترۆ Air Commodor Botron )و راوێژکاری کومیسەر و (ئەدمۆندز) کۆبوونەوە، پلانی خۆیان بەدژی شێخ مەحمود دارشت. لە ٢١ی فیبرواری١٩٢٣ کە چەند مانگێک لە پادشای شێخ مەحمود تێپەر ببوو، ئەو ئیلتیماتۆمەیان پێراگەیاند: **یا لەگەڵ تێکرای ئەندامانی شورای بەڕێوەبەری، وەک دەڵێن: (ئەندامانی حکومەت) بڕۆن بۆ بەغدا و نیاز و مەبەستی خۆتان باس بکەن یان لەسەر کار نامێنن!** ئەو ئیلتیماتۆمە لەگەڵ راگەیاندنێکدا بە فرۆکە بەسەر سلێمانیدا بڵاو کرایەوە تا خەڵکی شارەکە ئاگادار ببن. لە راگەیاندنەکەدا نووسرا بوو: **ئەگەر خەڵکی شار بەنیازی بەرگریکردن بن، شار بوومباران دەکرێت.**

ل - ٨٧ و ٨٨ جنبش ملی کرد

**کارنامه‌ی سیاسیی پادشای کوردستان، نه‌مر شێخ مه‌حمود**

شێخ له بنه‌ماڵه‌یه‌کی ئایینیدا چاوی به جهان هه‌ڵهێناوه، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی که له خانه‌واده‌یه‌کی ئایینیدا ژیاوه، به‌ڵام هه‌سته نه‌ته‌وایه‌تییه‌که‌ی له هه‌سته ئایینییه‌که‌ی به‌هێزتر بووه، له هۆنراوه‌یه‌کدا به‌و جۆره ده‌ڵێن:

**گه‌ر عاره‌ب بێته مانعی حقوقی قه‌ومی کورد**
**ئه‌و نوێژانه‌یش که کردوومن به‌کوردی قه‌زای ئه‌که‌م**

**تێبینی:** ئه‌و هۆنراوه‌م له کاک ناسر حه‌فید که له بنه‌ماڵه‌ی شێخه بیستووه.

شێخ چه‌ند کاری گرانبه‌های ئه‌نجامداوه که بریتین له:

١ - له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی که له بنه‌مه‌ماڵه‌یه‌کی ئیسلامیدا ژیاون، یه‌کێ له وه‌زیره‌کانی حکومه‌تی کوردستان بڕوای به ئایینی مه‌سیحی بووه، ئه‌و وه‌زیره‌یش نه‌مر (که‌ریم ئه‌له‌که)بووه.

٢ - له کاتی هه‌ڵکردنی ئاڵای کوردستان کچان و کوڕانی قوتابی له نێو ئاپۆڕه‌ی خه‌ڵکدا پێکه‌وه سرود ده‌خوێنن و گۆرانی ده‌ڵێن، ئه‌و کاره خۆی نیشانه‌ی بایه‌خدانه به په‌روه‌رده‌کردنی کۆمه‌ڵگا به‌جۆرێک که ده‌بێت جیاوازی له نێوان کچ و کوڕدا به‌ره‌و نه‌مان بڕوات.

٣ - شێخ له پێناو سه‌ربه‌خۆی کوردستان له جه‌نگدا بریندار ده‌بێت و به دیل ده‌گیرێت و ده‌برێته دادگای به‌غدا بۆ لێپرسینه‌وه. با چاوێک به‌و دادگایه‌دا بگێڕین: **دوای ئه‌وه‌ی شێخ مه‌حمود هێنرایه به‌غدا درایه دادگه‌یه‌کی سه‌ربازی. له کاتی موحاکه‌مه‌که‌یدا سه‌رۆکی دادگاکه ئینگلیزی بوو، قسه‌ی ناشیرینی به شێخ گوت و گاڵته‌ی پێکرد. ئه‌ویش له عاستی خۆیدا ڕاپه‌ڕی و چونکه هیچ چه‌کێکی پێ نه‌بوو که پێی به‌ربێته گیانی سه‌رۆکی دادگه، په‌لاماری کڵاو و جامه‌دانییه‌که‌ی سه‌ری خۆی داو گرتییه سه‌روپۆته‌ڵاکی و به جنێو و قسه‌ی پیس دابارییه سه‌ری.**

کتێبی: چه‌ند لاپه‌ره‌یه‌ک له مێژووی گه‌لی کورد، به‌رگی٢ ل - ٢٦ و٢٧ ساڵی٢٠٠١ دوکتۆر که‌مال مه‌زهه‌ر. وه‌رگیراو له کتێبی تاریخ الكويت السياسي ل - ٧و٨





**سیستمی کۆماری ئێراق و ژیانی کورد له‌و سیستمه‌دا**

<u>ئێره کۆماری ئێراقه، ئه‌مڕۆ ڕۆژی سه‌رکه‌وتنی ئێوه‌یه، دوژمنی خودا وا به کوژراوی له کۆڵانه‌کاندا که‌وتووه!</u> وێژه‌ری رادیۆ به‌غدا له کاتژمێر حه‌وتی به‌یانی ڕۆژی١٤ی July یولی١٩٥٨ له سه‌ره‌تای به‌رنامه‌که‌یدا له میکرۆفۆنی رادیۆوه ئه‌و رستانه‌ی سه‌ره‌وه‌ی به‌یان کرد، پاشان کوتی: **نوری سه‌عید دوژمنی خودا، نۆکه‌ری ئینگلیز و سیاسه‌تمه‌داری چه‌په‌ڵی ئێراق چه‌ند کاتژمێری دیکه وه‌ک (نایب ئه‌لسه‌ڵته‌نه عه‌بدوڵا) ده‌مرێت.** قسه‌کانی وێژه‌ری رادیۆ به‌جێیه، چونکه ده‌سه‌ڵاتی پادشایی ئێراق و خانه‌واده‌ی هاشمی بۆ کورد جگه له سه‌رکوت و سته‌م و هه‌ژاری و بێمافی هیچی دیکه نه‌بووه، روژی رمانی ده‌سه‌ڵاتی پادشای ئێراق ڕۆژێکی پیرۆزه و ئاواتێکی مه‌زن له دڵی خه‌ڵکدا پێکدێنێت. له ٢٠ی یولی واته حه‌وتوویه‌ک پاش راگه‌یاندنی کۆماری، ده‌وڵه‌ت لێبووردنی گشتی راگه‌یاند. ئه‌و لێبوردنه به‌ندییه‌کان و دوورخراوه‌کانیشی ته‌بعیدیه‌كان ده‌گرته‌وه. شێخ ئه‌حمه‌د و شێخ له‌تیف و(گۆران)ی شاعیر له‌و که‌سانه بوون که که‌وتنه به‌ر ئه‌و لێبوردنه. له هه‌موی گرنگتر ئه‌وه بوو، له به‌ندی٣ی ده‌ستووری ٢٧ی یولی١٩٥٨دا نووسرا بوو: **(کۆمه‌ڵگای ئێراق له‌سه‌ر بنه‌مای هاوکاریکردنی تێکڕای هاونیشتمانییه‌کان به‌پێی ڕێزدانان بۆ مافی ئازادی ده‌بێت، عه‌ره‌ب و کورد له‌م نیشتمانه‌دا هاوبه‌شن، ده‌ستووری ئێراق مافی نه‌ته‌وایه‌تی هه‌موویان له چوارچێوه‌ی ئێراقدا دابین ده‌کات.)**

کتێبی: جنبش ملی كرد ل - ٢٤٩و٢٥٠

**یه‌که‌مین سه‌رۆککۆماری ئێراق**

عه‌بدولکه‌ریم قاسم له سه‌ره‌تای به ده‌سه‌ڵات گه‌یشتنی واته له ١٤ی یولی ١٩٥٨ تا یولی ١٩٥٩ کۆمۆنیسته‌کانی به پشتیوانی خۆی ده‌زانی، به‌ڵام به‌هۆی په‌ره‌گرتنی ده‌سه‌ڵاتی کۆمۆنیسته‌کان نیگه‌رانی له دڵدا په‌یدا ده‌بێ، پاشان روو له باڵی راستی پارتی دێمۆکراتی میللی ده‌کات و ته‌نانه‌ت بۆ لای ناسیۆنالیزمی عه‌ره‌بی ده‌ڕوات، به‌و جۆره سیاسه‌تی قاسم سه‌باره‌ت به مافی کورد و ..... ده‌که‌وێته روو.

لە مادەی ٢ و٣ی دەستووری ئێراقدا مەسئەلەی کورد بەباشی دەسنیشان نەکرابوو. ئیبراهیم ئەحمەد سکرتری پارتی دیمۆکراتی کوردستان لە ڕۆژی ١٩ی نوامبری ١٩٦٠ لە سەروتاری ڕۆژنامەی (خەبات)دا ئەو باسەی ئاشکرا کرد، هەر لەو ڕۆژەدا بانگکرایە دادگا. چەند مانگ دواتر جەنگی پێنووس لە ڕۆژنامەی الثورە کە ڕۆژنامەیەکی فەرمی دەوڵەتی بوو، دەستی پێکرد. ڕۆژنامەی الثورە لە وتارێکدا لە ژێر سەردێڕی **شۆڕشی عەرەب و مەسئەلەی کەمایەتییەکان** ڕایگەیاند: **چارەنووسی کەمایەتی کوردی ئێراق بەستراوەتەوە بە چارەنووسی نەتەوەی عەرەبەوە . این اقلیت باید جذب شود = ئەم کەمایتیە دەبێت بتوێتەوە.**

حکومەتی قاسم ڕابەرە کوردەکانی خستبووە باروودۆخێکی سەخت و دژوار. ..... هاوکات لەگەڵ ئەو کارانەدا قاسم فەرمانیدا ڕۆژنامە کوردییەکانی وەک کوردستان - دەنگی کورد - هەتاو چاپ نەکرێن، ڕۆژنامەی خەبات ئۆرگانی فەرمی (پارتی)یش لە مارشی ١٩٦١دا ڕێگای چاپی لێدەگیرێت.

ل - ٢٦٢و٢٦٣ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

**رمانی دەسەڵاتی قاسم**

لە کاتژمێر ٣٠/ ٨ دەقیقەی ڕۆژی ٨ ی فیبروەری ساڵی١٩٦٣ لە ناکاو بەرنامەکانی ڕادیۆ بەغدا ڕادەوەستێت، پاش چەند چرکەیەک لە ڕادیۆوە دەڵێن: **دیکتاتۆری ناپاک لە ژێر خانووە وێرانکراوەکانی وەزارەتی بەرگریدا لە ناوچوو.** ئەو هەواڵە ڕاست نەبوو، هەر لەو ڕۆژەدا قاسم دەچێتە تەلەڤیزیۆنی بەغدا و خۆی بە خەڵک نیشان دەدات.

لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا وەزارەتی بەرگری لە لایەن زرێپۆشەکانی (سەربازخانەی ڕەشید) گەمارۆ دەدرێت و قاسم بە نیوەگیان دەبرێتە ئێزگە و لە لایەن (سەرهەنگ عەبدولسلام عارف) کە لە ١٤ی یولی ساڵی١٩٦١دا لە لایەن قاسمەوە بەخشرا بوو، پرس و جۆی لێدەکرێت، پاشان لە بەرانبەر دوربینی تەلەڤیزیۆندا دەدرێتە بەر دەسرێژی گوللە و دەکوژرێت.

ل – ٢٨٢ و٢٨٣ هەمان سەرچاوە.





**بەشداری سورییە لە جەنگی کوردستان دا**

لە دەورانی کۆماریدا نەک گیروگرفتە سیاسییەکان لەسەر کورد کەم نەکرانەوە، بەڵکو زیاتر پەرەی سەند، کوردیش بەناچار بۆ پاراستنی خۆی پەنای بۆ چەک برد و شۆڕشی پێشمەرگانە هاتە ئاراوە. دەوڵەتی ئێراق بۆ سەرکوتکردنی کورد و پێشێلکردنی مافەکانی هەمە چەشنە سیاست و پیلانێکی بەڕێوە دەبرد، لە درێژەی ئەو سیاستەدا بوو کە داوای لە دەوڵەتی سورییە کرد بە هێزی سەربازی یارمەتی بکات.

(دەوڵەتی ئێراق لە پێشدا ئینکاری بەشداربوونی سورییەی لەجەنگدا دەکرد، بەڵام لە ٢٢ی ئۆکتۆبری١٩٦٣ پاش دیداری سەرلەشکر عارف لە ناوچەی زاخۆ ئەوە دەرکەوت و ئاشکرا بوو. هێزەکەی سورییە بریتی بوو لە لەشکری (یەرموک) کە لە مەیدانی جەنگی (ئیسرائیل)دا دەجەنگین، ئەو لەشکرە پێک هاتبوو لە سێ هەزار کەس بە تانگ و تۆپخانەوە، هێزەکە بۆ ماوەیەکی کورت لە ناوچەی زاخۆ و دهۆک بەشداری لە جەنگدا کرد، بەڵام بەهۆی ئەوەی کوردەکان زیانێکی قورس و گرانیان پێگەیاند نەیتوانی زۆر بمێنێتەوە و گەڕایەوە بۆ سورییە. بەشداریکردنی ئەو لەشکرە لە جەنگدا کاری کردبووە سەر ورەی پێشمەرگە و دەیانکوت: **وا دەوڵەتێکی دیکەیش بە دژی شۆڕشی کوردستان بەشداری جەنگ دەکات.**)

ل - ٢٧٩ هەمان سەرچاوە

**کارنامەی سیاسیی سیستمی کۆماری ئێراق**

لە ماوەی تەمەنی کۆماری لە ئێراقدا چەند جار پرۆسەی وتوویژ لە نێوان شۆڕشی کوردستان و دەوڵەتی ئێراق بەڕێوە چووە. ڕابەرانی شۆڕشی کوردستان بۆ ئەوەی کێشەی نەتەوەی کورد و دەوڵەتی ئێراق بە ڕێگای ئاشتی چارەسەر بکرێت، چاوپۆشییان لەبڕێ لە مافەکان دەکرد، بەڵام دەوڵەتی ئێراق و دنیای ئیسلام و عەرەب، هەروەها دەوڵەتانی تورکییە و ئێران شۆڕشی کوردستانیان بە پیلانێکی ئەمپریالیزم و زایۆنیزم پێناسە دەکرد. ڕابەرانی ئێراق لەبری ئەوەی وەڵامی ئاشتییانەی شۆڕشی

کوردستان بە ئاشتی و دۆستانە بدەنەوە، هەردەم لە پیلانگێڕیدا بوون. پاش چوار ساڵ هەوڵ و کۆششی کورد و راگرتنی چالاکی پێشمەرگانە لە لایەن رابەرایەتی شۆڕشەوە لەپێناو ئاشتیدا، دەوڵەتی ئێراق بۆ ئەوەی هیچ مافێک بە کورد نەدات، لە ساڵی١٩٧٥ لە ئەلجەزائیر چۆکی بۆ دەوڵەتی ئێراندادا، باشترین بەڵگەیش بۆ ئەو سیاسەتەی دەوڵەتی ئێراق ئێعترافە مێژووییەکەی خودی (سەدام حسین)ە کە لە ساڵی١٩٧٩ لە کاتی دڕاندنی پەیماننامەکەی ئەلجەزائیر لە تەلەڤیزیۆنی بەغداوە دەڵێت:

**ئێمە ئەو ئیمتیازانەمان بۆ ئەوە بە ئێران دابوو تا ئاژاوەی شمال لەناو ببەین.**

پاش پیلانی ئەلجەزائیر پڕۆسەی وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان و راگوێزانی خەڵک لە کوردستانەوە بۆ عەرەبستان دەستی پێکرد. سیاسەتی تەعریب بە ئاشکرا بوو بە پڕۆسەی سیاسیی دەوڵەتی ئێراق. لە ساڵی١٩٨٤دا کە دەوڵەتی ئێراق گیرۆدەی جەنگی ئێران - ئێراق بوو، لەو کاتە سەخت و دژوارەی ئێراق دا وتووێژ لە نێوان شۆڕشی کوردستان و دەوڵەتی ئێراق دەستی پێکردەوە، لە پەنای ئەوەدا کە رابەرانی شۆڕشی کوردستان و دۆستانی گەلی کورد هەوڵیان دەدا کێشەی میللەتی کورد بە رێگای وتووێژ چارەسەر کرێت و ئاشتی لە ناوچەکەدا سەقامگیر بێت، بەڵام دەوڵەتی ئێراق بە تەفرەدان- فریودان- پیلانگێڕی و کاری ترۆریستی وەڵامی شۆڕشی کوردستانی دەدایەوە. دەوڵەتی ئێراق لە ساڵی١٩٨٦وە دەستی کرد بە پیادەکردنی سیاسەتی ئەنفال لە سەر نەتەوەی کورد.

بۆ پیادەکردنی ئەو سیاسەتە هەمە چەشنە چەکێک کە بە چەکی "**نۆرماڵ**" بەناوباگەن و بریتین لە تفەنگی جۆراوجۆر- هاوەن قومبارە- تۆپی جۆراوجۆر و بوومی ناپاڵمی بەکار دەبرد، نەک تەنیا ئەو چەکانە، بەڵکو چەکی فسفۆری و لە درێژەی ئەو سیاسەتەدا چەکی شیمیایشی گرت بە دەستەوە و کەوتە بوومبارانکردنی گوندەکانی ئەو بەشەی کوردستان کە لە چوارچێوەی ئێراق دایە. با سەرنجی ئەو دوو بەڵگەی خواروە بدەین:





**١ - راگەیاندنێکی رۆژنامەگەری لە لایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە**

**رۆژی ١٩٨٧/٥/١٩ لە شاری رەواندوز راپەڕینی کۆمەڵانی خەڵک دەستی پێکرد دژی راگواستن و سیاسەتی رژیم سەبارەت بە هێرش و پەلاماردانی کوردستان و بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی و هەوڵدان بۆ لەناو بردنی گەلی کورد وەک نەتەوە .... پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی١٢ی سۆران و ١٩ کۆڕەک چوون بە پیر خەڵکەکەوە، بەرنگاری سپا داگیرکەرەی رژێمی عیراق بوونەوە، لە ئەنجامدا توانیان قضای رەواندوز بە تەواوی رزگار بکەن، زیانێکی یەکجار زۆریش بە دوژمن بگەیەنن و ٥٠ کەسیان لێ بکوژن، لە نێو کوژراوەکاندا قائمقامی رەواندوز و لێپرسراوی منظمەی بعث و بەڕیوەبەری پۆلیسی رەواندوزی تیابووە، لەگەڵ ١٥ دیل و ١٥٠ کەسیش لە هێز دوژمن تەسلیم بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون و لەگەڵ دەسکەوتیکی زۆردا لە وانە :**

**٣ دەبابە بە ساغی دەستگیر بوو، ٨٠ پارچە چەکی هەمەجۆر لەگەل ٨ (R.B.G) لە هەمان رۆژدا پەلاماری سەربازگەی سپیلک درا، لە ئەنجامدا توانیان سەربازگاکە بگرن و زەرەر و زیانێکی زۆریش بە دۆژمن بگەیەنن و دوو دەبابەش بە ساغی بگرن.**

*** لە ١٩٨٧/٥/١٨دا هێزێکی دوژمن ویستیان گوندەگانی هۆمەر بەگ، فوچان عەرەب تەخت بکەن و خەڵکەکەی رابگویزن بۆ خوارووی عیراق، هێزی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لێیان هاتنە دەست و بەرنگاری هێزە داگیرکەرکەی رژێمی عیراق بوونەوە، لە ئەنجامدا هێزەکەیان شکاند و زیانیکی گەورەشیان لێدان. دەسکەوتی هێزی پێشمەرگە لەم شەڕەدا بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:**

**١ – گرتنی ٣ دەبابەی** T55
**٢ – گرتنی ١ دەبابەی بەرازیلی**
**٣ – گرتنی ٣ دۆشکای ١٢/٥ ملم**
**٤ – گرتنی ٣ گرینۆف**
**٥ – گرتنی ٥ شۆفل بە ساغی و١٧ شۆفل شکێنرا**
**٦ – گرتنی ١ جهازی راکاڵی مجفر**
**٧ – گرتنی ١ جهازی روسی**
**٨ – گرتنی ٣٠ کڵانسینکۆف**

**زیانی ئێمەش ٤ شەهید بوو، لە نێوانیاندا ئامرکەرت کەریم سعید (مەلا کەریم) لە تیپی٥٣ی شیروانە، هەزار سڵاو بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدانە و هەموو شەهیدانی رێگاری رزگاری کوردستان.* راپەڕین لە زووربەری شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا دەستی پێ کردووە دژی بەرکار هێنانی چەکی کیمیاوی و راگواستن و کاول کردنی کوردستان، دوا بەدوای راپەڕینەکانی ناوچەی شارەزوور و هەڵەبجە و سیروان و عەربەت و رزگارکردنی زووربەی زۆری ئەو ناوچانە، جەماوەری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە شارەکانی رانیە و قەڵادزە و چوارقورنە و سەنگەسەر و چەمچەماڵ دەستیان بە راپەڕین و مانگرتن دژی رژێم کرد، هێزکانی میری بە زۆر ویستویانە کە مانگرتنەکەیان پێ بشکێنێ و دوکان و بازار بکرێتەوە، پاش ئەوەی سەرکەوتوو نەبوون لە شکاندنی مانگرتنەکەدا، هێزە داگیرکەرەکەی عیراق کەوتۆتە تاڵان کردنی سەروەت و سامانی ئەو خەڵکە و قفڵی دوکانەکانیان شکاندووە و هەموو کەل و پەل و شتومەکەی خەڵکەکەیان بە تاڵان بردووە.**

قسەکەرێکی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان١٩٨٧/٥/٢٠

**٢ - ژمارەی ئەو کوردانەی کە بەر لە قڕکردنەکەی هەڵەبجە بە چەکی شیمیایی کوژرا بوون، لە کۆمەڵکوژییەکەی خودی هەڵەبجە زیاتر بوو. بەپێی قسەکانی پسفۆری چەکی شیمیایی ئاڵمانی (ئەلکساندر ستێن بێری) رژیمی سەدام حسین لەنیوان ساڵەکانی** ١٩٨٦ و ١٩٨٧**دا لە باشووری کوردستان چەندین جار چەکی شیمیایی بەکار هێناوە.**

کتێبی: چەند کوتنێک لە سەر رووناکبیری کورد ل - ٣٤ نووسەر دوکتۆر ئیسمائیل بێشکچی، وەرگێڕ مهاباد کوردی.

**ئەوەیش کارنامەیەکی کورتی باشووری کوردستان و دەوڵەتی ئێراق سەبارەت**
**بە بوومبارانی شیمیایی هەڵەبجە**

هەڵسەنگاندنی هەڵەبجە و هێرۆشیما بە یەک پێوانە و یەک ترازوو لە چەند روانگەوە دەکرێت دروست بێت:

١ ـ نەتەوەی یابان وەک نەتەوەی کورد نەتەوەیەکی ژێردەستە بووبێت، خۆشبەختانە نەتەوەی یابان ژێردەستە نەبووە!

٢ - وەک دەزانین دەوڵەتی ئێراق و دەوڵەتانی جهان و رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان هەڵەبجە بە شارێکی ئێراق دەزانن و خەڵکی هەڵەبجەیش بە هاوڵایەتی ئێراقی، خودی ئەو دەوڵەتە واتە دەوڵەتی ئێراق هەڵەبجە بوومبارانی شیمیایی دەکات، بەڵام هێرۆشیما و ناکازاکی لە لایەن دەوڵەتێکی دیکەوە، واتە دەوڵەتی ئەمریکا بوومبارانی ئەتۆمی دەکرێت.

٣ - گەلی کورد و شۆڕشی کوردستان سیاسەتی بە کۆلۆنیکردنی دراوسێکانی کوردستانیان ئەنجامدابێت، خۆشبەختانە گەلی کورد لەو سیاسەتە بە دوور بووە. گەلی کورد هەردەم بەپێی توانا یارمەتی گەلانی دراوسێی کوردستانی داوە، حیزب و رێکخراوە ئێرانی و ئێراقییەکان و...، هەروەها زۆر لە سیاسیەکانی تورک و فارس و عەرەب پەنایان بۆ کوردستان هێناوە، نموونە: رێکخراوەی موجاهیدینی خەڵکی ئێران **پاش نامە نووسین بۆ خومەینی** - چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران- و... (حیزبی شیوعی ئێراق **پاش دورشمی دەس لەناو دەس بەعسی برا**) پەنا بۆ کوردستان دێنن!





٤ - رێکخراوەکانی کوردستان و رووناکبیرانی کوردستان هیچ کاتێک گەلی کوردیان بەو ئیدئۆلۆژییە پەروەردە نەکردووە کە نەتەوەی کورد لە نەتەوەکانی دیکە مەزنترە و دەبێت رابەرایەتی و ئامۆژگاری نەتەوەکانی دیکە بکات، وەک ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی یابانی لەو دەورانەدا ئەنجامیاندا و نەتەوەی یابان و ئیمپراتۆری یابانیان لە هەمووان پێ مەزنتر بووە.

٥ ـ باشترین بەڵگە بۆ جیاوازی کارەساتی هەڵەبجە و هێرۆشیما سیاسەتی پەروەردەیی دەوڵەتی یابانە لە قوتابخانەکانی یابان، دەوڵەتی یابان لە ساڵی ٢٠٠٥دا کتێبێکی (مێژوو)ی بۆ قوتابخانەکان چاپکرد. بەدوای چاپی ئەو کتێبەدا خەڵکی چین بەدژی دەوڵەتی یابان نارەزاییان دەربڕی. لە سایتی ئینترنێتی بەشی فارسی رادیۆ لەندەن BBC سەبارەت بە چاپکردنی ئەو کتێبە و نارەزایی دەربڕینی خەڵکی چین بەو جۆرە نووسراوە:

شنبه٢٣ آبریل ٢٠٠٥ چین از توکیو به دلیل تصویب کتابهای درسی تاریخ انتقاد کرده است. به گفته چین محتوای این کتابها، ابعاد جنایت نیروهای ژاپنی علیه مردم چین در زمان اشغال بخشی از خاک این کشور توسط ارتش ژاپن در دهەهای ١٩٣٠و ١٩٤٠ را پرده پوشی میکند.

* این موضوع به اعتراضهای گسترده در شهرهای چین منجر شده.

* دیدار سران دو کشور یک روز پس از آن صورت میگیرد که چین از اظهارات آقای کویزومی که پشیمانی و تاسف خود را از سیاست نظامی اشغالگرانه کشورش در سالهای قبل از خاتمه جنگ جهانی دوم در دهەهای ١٩٣٠و ١٩٤٠ ابراز داشت، استقبال کرد.

* آقای کویزومی از رنجی که نظامیان ژاپنی بر مردم مناطق اشغالی در آسیا تحملیل کردند پوزش خواست و گفت این کشور با روحیەای حاکی از فروتنی با واقعیات تاریخی روبرو میشود.

* وزیر خارجه چین در واکنش به این اظهارات نخست وزیر ژاپن گفت: پذیرش خسارات عظیمی که ژاپن در گذشته پدید آورده از سوی آقای کویزومی، رفتاری خوشایند است و از توکیو دعوت کرد که برای جبران گذشته تاریخی به‌جای حرف به عمل روی بیاورد).
www.persian bbc.com

ئەگەر خەڵکی چین ئەو هەڵوێستەیان نەنواندایەت و پاشەکشەیان بەو سیاسەتی دەوڵەتی یابان نەکردایەت، دەوڵەتی یابان بە شانازییەوە باسی ئەو دەورانەی دەکرد کە چینی داگیرکەر کردووە.
بەهۆی ئەوەی ئەم باسە تا رادیەک پێوەندی بە ئەمریکایشەوە هەیە، پێویستە بە کورتی و لە چەند خاڵدا ئاماژە بکرێت بە سیاسەتی ئەمریکا سەبارەت بە نەتەوەی کورد و داگیرکراوەی کوردستان:

١ - پلانی دابەشکردنی کوردستان لە نێوان دوو دەوڵەتی **ئێراق** و **سوریيە** لە ناوچەکەدا بەپێی بەرژەوەندی دەوڵەتە گەورەکانی جهان ئەنجامدرا، ئەمریکا لەو دەورانەدا رۆڵێکی گرنگی بووە!

٢ ـ نەخشە و پیلانی لەناوبردنی کۆماری کوردستان لە پاش جەنگی جهانی دووهەم، جگە لە دووبل مۆراڵی دەوڵەتی روسییە کە هەستا بە نووسینی پەیماننامە لەگەڵ **قەوام ئەلسەڵتەنەی** نوێنەری دەوڵەتی ئێران بۆ وەرگرتنی پرۆژەی نەوت لە ئێران، ئەو پیلانە لەپێناو بەرژەوەندی ئەمریکا و بەریتانیا و... ئەنجامدرا! باشترین بەڵگەیش بۆ ئەو باسە ئەوەیە، پاش تەواو بوونی جەنگی دووهەمی جهانی دەوڵەتی ئەمریکا ئیلتیماتۆمێکی توندی بە روسییە دا، لە ئیلتیماتۆمەکەدا داوای لێکرد **دەبێت لە ماوەی شەش مانگدا لە هەموو ئەو ناوچانەی کە وان لە کۆنترۆڵیدا پاشەکشە بکات**. بەدوای نەمانی روسەکان لەو ناوچەکە دەوڵەتی ئێران هێرشێکی درندانەی کردە سەر ئازەربایجان و کوردستان و داگیری کردنەوە!





٣ ـ پەیماننامە زیانبەخشەکەی ١٩٧٥ی ئەلجەزائیر لەژێر چاودێری راستەوخۆی ئەمریکا و لەپێناو بەرژەوەندی ئەمریکادا ئەنجامدرا.

با لێرەدا سەرنجی ئەو چەند دێرە بدەین بۆ بەڵگەی ئەو باسە:
{(**ویلیام سافیر William Safire** رۆژنامەنووسی ئەمریکای دوو وتاری لە مانگی فیبرواری ١٩٧٦ لەژێر سەردێڕی (**خیانەت و ناپاکی مەزن بە کوردەکان**) نووسیوە، لە وتارەکانیدا (**هێنری کیسنگر و جراڵد فۆرد**) تانباوار دەکات و بەو جۆرە درێژە بە وتارەکانی دەدات:
ئەگەر سەرۆککۆمار دەیەوێت بۆ بێتاوانی خۆی لەو خیانەت و ناپاکییەی کە سەبارەت بە کوردەکان ئەنجامیداوە شای ئێران بە بەرپرسیار دابنێت ئەوە کەیفی خۆیەتی و خۆی دەزانێت، بەڵام ئەگەر دەیەوێت حاشا لەو کارە نابەجێ و بێ ئێخلاقییەی ئەمریکا سەبارەت بە کوردەکان بکات پێویستە ئەو مشاورەی کە پێیدادەگرت و دەیکوت: **دەبێت ئەو کارە ئەنجام بدرێت**، لەسەر کار لاببات! مەبەست لە مشاور **هێنری کیسنگرە.**
کیسنگر بۆ پشتیوانیکردن لە بریاری ساڵی١٩٧٥ی ئەمریکا سەربارەت بە کۆتایی هێنانی یارمەتیکردن بە کوردەکان دەنووسێت: (کوردەکان لە قۆناغی تێکشکاندا بوون، تەنیا رێگای دەرباز بوونیان لەو قۆناغە بەشداریکردنی دوو لەشکری ئێران و ٣٠٠ ملیۆن دۆلار یارمەتی لە لایەن ئێمەوە بوو. کیسنگر نایەوێت دان بەوەدا بنێت و بڵێت: شای ئێران بۆ رێککەوتن لەگەڵ (ئێراق) کوردەکانی کردە قوربانی و دەوڵەتی ئەمریکایش پشتیوانی لەو کارەی شا کرد.

کتێبی: تاریخ سیاسی بیست و پنج ساله ایران، از کودتا تا انقلاب نووسەر- سەرهەنگ غولامرەزا نەجاتی- ل- ٣٦٢

٤ - پلانی دورستکردنەوەی دەوڵەتی ئێراق لە پاش نەمانی سەدام حسین و لکاندنەوەی کوردستان بە ئێراقەوە بەپێی سیاسەتی ئەمریکا و... لەپێناوی بەرژەوەندی ئەمریکا و.... ئەنجامدرا.

**ناوچە شیمیایی بارانکراوەکانی کوردستان لە لایەن دەوڵەتی (ئێراق)ەوە**

{**(ناوچەی سلێمانی**

| | |
|---|---|
| هەڵەدن- مینار- زرگوێز- چنارە- بەرگەڵو - ئالان | ١٩٨٧/٤/١٥ |
| تۆتمە- کانیبەرد | ١٩٨٧/٤/١٦ |
| قزلان- ملوانکە | ١٩٨٧/٤/١٧ |
| قەیران- قرناقا- پیرەمەگرون | ١٩٨٧/٤/١٩ |
| شاری قەرەداغ و ناوچەکانی | ١٩٨٧/٤/٢١ |
| دۆڵی جافایەتی تا قەڵادزێ | ١٩٨٧/٩/١٣ |
| **ناوچەی هەولێر** | |
| ناوچەی شوان | ١٩٨٧/٤/٤ |
| گولیخان- کۆرێ- بالیسان | ١٩٨٧/٤/١٩ |
| گۆمەشین- هێران- دۆڵی بالیسان- شێخوسان- تەقتەق | ١٩٨٧/٤/٢٠ |
| ناوچەی شەقڵاوا | ١٩٨٧/٩/٦ |
| **ناوچەی دهۆک** | |
| ئەتروش- سپیلکە- سەتەنگ- دێرگڵ ... | ١٩٨٧/٤/٩ |
| مەڵبەندی ئامێد ٤٨ جار لە مانگی مەی | ١٩٨٧/٥ |
| سەرسنوری تورکییە و گوندی ئاشوری و کوردی | ١٩٨٧/٩/٧ |

کتێبی سی ساڵ خەبات و وڵاتێکی وێران، نووسەر کرمانج گوندی ل ٤٦ تا ٤٨)}

**چەند کردەوەی دیکەی شیمیایی دەوڵەتی ئێراق**

١ - دەوڵەتی ئێراق لە ساڵی ١٩٨٢دا موچە و مەزراکانی دەوروبەری گوندی (**باینجان**) لە سەرشیوی سەقز بوومبارانی شیمیایی دەکات، لەو بوومبارانەدا چەند کەس دەکوژرێن و زیاتر لە دە کەسیش بریندار دەبن.
٢ - لە رۆژی ٢٥ی مانگی گوڵان مەی ساڵی ١٩٨٨ و لە کاتی شیمیاییبارانکردنی ناوچەکانی سەر بە شاری **رانیە** بنکەی(کۆمەڵە- رێکخراوەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) لە دۆڵی بۆتێ لە لایەن دەوڵەتی ئێراقەوە بوومبارانی شیمیاییکرا. با سەیری ئەو چەند دێرەی خوارەوە بکەین.





{( **بمباران یکی از مقرهای مرکزی کومەله**

عصر روز ٢٥ اردیبهشت ساعت شش و سی دقیقه، یکی از مقرهای مرکزی کومەلە واقع در مناطق شمالی کردستان عراق، مورد حملە هوائی چند فروند از هواپیماهای عراق قرار گرفت.
در اثر این بمباران بیست و سه تن از رفقای رزمنده حزب کمونیست ایران جان خود را از دست دادند و شماری هم متحمل آسیب های جزئی شدند که پس از مداوا بهبود یافتند. اسامی رفقائی که در این حادثه جان باختند به شرح زیر است:

١ - **نادر قاضی زاده**
٢ - **فرنگیس شاهۆیی**
٣ - **ناصح مردوخ**
٤ - **جلال پینجوینی**
٥ - **عبداله هوشیاران**
٦ - **منوچهر علوی**
٧ - **فرشتەی رضائی**
٨ - **بایزید بیاض**
٩ - **اسماعیل مصطفی زاده**
١٠ - **کریم جنتی**
١١ - **پرویز تاجوانچی**
١٢ - **محمد رسولی خوش صفت**
١٣ - **مریم منجون**
١٤ - **کیومرث مهاجر**
١٥ - **علی حسین محمدی**
١٦ - **سید حسین سیگاری**
١٧ - **کمال رضانژاد**
١٨ - **سعید محمدی**

١٩ - **وفا توتونچی**

٢٠ - **محمد عمر علی**

٢١ - **احمد محمدی**

٢٢ - **حامد مدرسی**

٢٣ - **کریم عبدالله پور**

کمیته مرکزی کومەله رسما" به این واقعه اعتراض نمود و از مقامات مسئول دولت عراق، خواستار روشن شدن این رویداد گردید.
در پاسخ، مقامات دولت عراق رسما" به کمیته مرکزی کومەله اعلام نمودند که مقر کومەله اشتباها" در جریان یک طرح عملیاتی در جبهه شمالی جنگ ایران و عراق بمباران شده است و مراتب عذر خواهی دولت عراق را ابراز داشتنند. ما جانباختن این رفقای گرانقدر را به خانوادەهای آنان و تمام رفقای حزبی بویژه رفقای حزب در تشکیلات کردستان تسلیت میگویم.).

بڵاوکراوەی- کۆمۆنیست ئۆرگانی فەرمی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ژ٤٠ ل١٧ .

٣ - دەوڵەتی ئێراق لە رۆژی ١٣٦٦/٧/٧ مانگی ئۆکتۆبری ١٩٩٧ شاری سەردەشتی بوومبارانی شیمیایی کرد.

* دەوڵەتی ئێراق لە ساڵی ١٩٨٠دا بنکەی (**حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران**)ی لە **دۆڵەتو** بوومباران کرد، لەو بوومبارانەدا ٦٠ پێشمەرگە و زیندانی کوژران.





**کۆتایی بەشی (ئایا کارەساتی هەڵەبجە و هێرۆشیما، وەکو یەکن؟!)**

یەکەمین تایبەتمەندی مرۆڤ ئەوەیە هەستی خۆشەویستی بەهێزە و لە بەرانبەر ئەو رووداو و کارەساتانەی کە زیان بە بوونەوەرەکان بەگشتی و مرۆڤ بەتایبەتی دەگەیەنێت خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت و ئەوەندەی لە دەستی دێت یارمەتی بەوانە دەکات کە زیانیان بینیوە.
با هەستی جوانپەرەستی مرۆڤێک ئەوندە خاوێن بێت کە ئاوەنگی سەر بەرگی گوڵانیش بشواتەوە، بەڵام ناتوانێت هەست بەوە بکات کە جوانترین مناڵی جهان بە رادەی مناڵەکەی خۆی جوانە!
با گڕ و بڵێسەی ئاگری خەمخۆریی دەروونی مرۆڤێک ئەوندە بە تین بێت لەبری فرمێسک دووکەڵی سووتان و قرچان لە چاوییەوە سەرهەڵبدات، بەڵام ناتوانێت دڵۆپە فرمێسکێک وەک ئەو فرمێسکەی کە لە کاتی گیاندانی مناڵێکی خۆی بە گۆنایدا دێتە خوار بۆ مناڵی کەسێکی دیکە هەڵوەرێنێت و بەو رادەیە لە دەروونەوە بقرچێت، بەتایبەت کە مەرگی ئەو دوو لایەنە لەپێناو دوو ئامانجی دژ بەیەکدا روویدابێت! کە رەنگدانەوەی دەروون بەو جۆرە بێت، با ئێمەیش هەر بە چاوی دەروون لە رووداوەکان بڕوانین، با کارەساتەکەنی خۆمان بەترازووی بەن پرتووکاوی خۆمان هەڵسەنگێنین، با خەمەکانمان بە رەنگی خۆمان بنەخشێنین.
سەبارەت بە بوومبارانی ئەتۆمی هێرۆشیما و ناکازاکی لە لایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە، لەگەڵ ئەوەدا کە لە باری ئینسانییە کوژرانی تاکە کەسێکیش جێگەی خەم و بەژارەیە تا بگات بە کوژرانی ٢٤٠٠٠٠ کەس لە خەڵکی هێرۆشیما و ناکازاکی بە بوومبارانی ئەتۆمی ئەمریکا کە خۆی کارەساتێکی مەزنە و نابێت بەگەم بگیرێت، بەڵام جیاوازی سیاسەتی یابان و ئەمریکا لەو دەورانەدا هەر ئەوندە بووە کە یابان بوومبارانی ئەتۆمی کراوە و بەس!
بۆ سارێژکردنی زامی دەروونیی خەڵکی یابان بەگشتی و هێرۆشیما و ناکازاکی بەتایبەتی لە کارەساتی ئەتۆمی دەوڵەتی یابان پاش تەواوبوونی جەنگ ئەو شارانەی بە شێوەیەکی مۆدێرن دورستکردەوە، بەڵام دەوڵەتی ئێراق پاش شیمیاییبارانی هەڵەبجە جگە لە وێرانکاری و کوشتوکوشتار لەو بەشەی کوردستان بەگشتی و ناوچەی هەڵەبجە بەتایبەتی چ کارێکی دیکەی ئەنجامداوە؟!

***

## هەڵەبجە و هەڵوێستی دەوڵەتانی جهان

سیاسەت و بەرنامەی دەوڵەتان سەبارەت بە ڕووداني ڕووداوێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، سروشتی لە هەر گۆشەیەکی جهاندا بەپێی بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتانە ڕەنگ دەداتەوە، هەر بەو پێوانە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێت، کارەساتی شیمیاییبارانی هەڵەبجەیش دەکەوێتە هەمان بازنەوە! بەپێی هەمان سیاسەت ئەو چەند هەڵویستە سەبارەت بە هەڵەبجە هاتە ئاراوە:

**هەڵوێستی یەکەم** - زۆربەی دەوڵەتانی جهان ڕاستەوخۆ باسی بوومبارانی شیمیایی هەڵەبجەیان کرد و دەوڵەتی ئێراقیان تاوانبار کرد.

**هەڵوێستی دووهەم** - باسی بوومبارانکردنی شیمیایی هەڵەبجە کرا، بەڵام بێ ئەوەی ناوی دەوڵەتێک بێتە ئاراوە.

**هەڵوێستی سێیەم** – هەڵوێستی بێدەنگی!

**هەڵویستی چوارەم** – هەڵویستی پشتیوانیکردن لە دەوڵەتی ئێراق.

**هەڵوێستی پێنجەم** – هێرشی سیاسی بۆ سەر دەوڵەتی ئێراق و خەمخۆریکردن بۆ هەڵەبجە. دەوڵەتانی ئیسرائیل و ئێران لەم بارەوە زۆر چالاک بوون.

با زۆر بە کورتی لەو هەڵوێستەی دەوڵەتی ئێران، دەوڵەتێک کە خۆی یەکێک لە داگیرکەرانی کوردستانە وردبینەوە و بزانین بە چ مەبەستێک ئەو هەڵوێستەی گرتووە.





## هەڵەبجە و هەڵوێستی دەوڵەتی ئێرانی

**هەڵوێستی ئێرانی دەورانی پادشایی سەبارەت بە کورد و کوردستان**

ئەگەر چاوێک بە مێژووی ئێراندا بگێڕین دەبینین بە بەردەوامی دژایەتی نەتەوەی کورد کراوە، بەتایبەتی لە دەورانی پەهلەوییەکانەوە کە شۆڕشێکی سیاسی لە کوردستان لە ئارادا بووە ئەو دژایەتیکردنە زۆر زەق و بەرچاوە، ئەو کارەیش لەپێناو یەکپارچەی خاکی ئێراندا بووە و بەس. با لە چەند نموونەی بڕوانین:

**١ – جنگ اردشير با كردان**

**سپاهی ز اصطخر بی مر ببرد**
**بشد ساخته تا کند رزم کرد**
**یکی لشکری کرده بد پارسی**
**فزونتر ز کردان یک دو بسی**
**بنیکی ز یزدان همی جست مزد**
**که ریزد بر آن بوم و بر خون دزد**
**یکی روز تا شب برآویختند**
**سپاه جهاندار بگریختند**
**گزین کرد از آن لشکر نامدار**
**سواران شمشیر زن ده هزار**
**کماندار با تیر کمان و ترکش هزار**
**بیاورد با خویشتن شهریار**
**چو خورشید شد زرد لشکر براند**
**کسی را که نابردنی بد بماند**
**چو شب نیم بگذشت و تاریک شد**
**جهاندار با کرد نزدیک شد**
**همه دشت ازیشان پر از خفته دید**
**یکایک دل لشکر آشفته دید**
**بر آیهخت شمشیر و اندر نهاد**
**کیارا ز خون بر سر افسر نهاد**
**همه دشت ازیشان سر و دست بود**

این شعر طولانی است و {در (صفحه‌های ١٥٣+ ١٥٤+ ١٥٥ جلد ٥ شاهنامه فردوسی چاپخانه سپهر- تهران - چاپ اول سال ١٣٤٥ - چاپ دوم ١٣٥٣ - چاپ سوم ١٣٦٣)} موجود است! من همان قسمت را انتخاب نموده‌ام.

## له‌شکرکێشی ئه‌رده‌شیر بۆ کوردستان

**له‌شکرێ زۆری له (ئسته‌خر)ه‌وه
برده سه‌ر کوردان به گشت چه‌که‌وه
له‌شکر و سپا هه‌موو فارس بوون
له هێزی کوردان گه‌لێ پتر بوون
ئه‌یشی گوت: خودا یارمه‌تیم بده
دزان له ناوبه‌م من له‌و مه‌ڵبه‌نده
له یه‌که‌م جه‌نگا هێزی شا شکا
مه‌یدانی چۆڵ کرد گڕایه‌وه دوا
جارێکی دیکه سپای کرد ته‌یار
به کورز و شمشێر به ده‌یان هه‌زار
تیروکه‌ماندار، رمبه‌ده‌ست هه‌روا
هێنای به هه‌زار، ئه‌مجاریان شا
که زه‌رده داهات سپای خسته رێ
ئه‌وانی دیکه‌ی هێشته‌وه له جێ
کاتی نیوه‌شه‌و گه‌ییه جێی کوردان
بینی گشت نوستوون له ده‌شت و دۆڵان
شیری هه‌ڵکێشا و په‌لاماری دان
کوردێکی زۆری له خوێنا گه‌وزان
زۆریشی خسته ژێر کۆت و زنجیر
هیچ که‌س ده‌رنه‌چوو، له جوان و له پیر
ماڵ و سامانی کوردی تالان کرد
له‌شکر و سپای به‌وه خه‌لات کرد**

**ئه‌سته‌خر**: ناوی شوێنێکه له نزیک شیراز

**ئه‌و هۆنراوه زۆرتره، من هه‌ر ئه‌نده‌م بۆ کراوه به کوردی، به‌و هیوایه له داهاتودا بتوانم هه‌مووی بکه‌م به کوردی**

٢ - مێژوویی بنه‌ماڵه‌ی ئه‌فشاری- سه‌فه‌وی و قاجارییه‌کان ئه‌گه‌ر له ئه‌ردشیر خوێناویتر نه‌بووبێت، که‌متر نه‌بووه!





٣ - دژایه‌تیکردنی ده‌وڵه‌تی ئێران له به‌رانبه‌ر شۆڕشی کوردستان به رابه‌رایه‌تی سمکۆ و ترۆری خودی سمکۆ له لایه‌ن ده‌وڵه‌تی ئێران له کاتی پادشای ره‌زا په‌هله‌وی.
٤ - تێکشکانی کۆماری کوردستان و له (سێداره‌دانی سه‌رۆککۆماری کوردستان و هاوکارانی) له ده‌ورانی محه‌ممه‌د ره‌زا په‌هله‌وی.

٥ - رێکه‌وتنی ده‌وڵه‌تی ئێران له‌گه‌ڵ ده‌وڵه‌تی ئێراق له ئه‌لجه‌زائیر له ساڵی ١٩٧٥ به‌دژی شۆڕشی کوردستان- محه‌ممه‌د ره‌زا په‌هله‌وی.

پاش رێکه‌وتنی ئه‌لجه‌زائێر رۆژنامه‌ی **کیهان یا اطلاعات** وتووێژێکی **شای** له‌گه‌ڵ رۆژنامه‌وانێکی جهانی که ناوه‌که‌ی ئه‌ویشم هه‌ر له‌یاد نییه، چاپکرد، شا له‌و وتووێژه‌دا زۆر دوژمنکارانه و بێئه‌ده‌بانه و به چاوێکی سووک و بێبه‌هاوه له کورد و شۆڕشی کوردستانی روانیبوو. تا ئه‌و جێگه‌ی له یادم بێت یه‌کێک له رسته‌کانی به‌و جۆره بوو:

**کردها در منطقه اقلیت ناچیزی بیش نبوده و نیستند.**

ئه‌و هه‌ڵوێسته‌ی شا ده‌گڕێته‌وه بۆ هه‌ڵوێستی رابه‌رانی ئه‌و سه‌رده‌مه‌ی شۆڕشی کوردستان که له به‌رانبه‌ر کاربه‌ده‌سته ئێرانییه‌کان یا باشتر بڵێین **فارسه‌کاندا** خۆیان زۆر ده‌هێنا خواره‌وه، له‌بری ئه‌وه‌ی وه‌ک هێزێکی سیاسی هه‌ڵوێستی سیاسیی له پێوه‌ندییه‌کانی نێوان شۆڕش و ده‌وڵه‌تی ئێراندا ره‌نگی بدایه‌ته‌وه، زیاتر به‌کاری ستایشکردن و خزمه‌تکاری ده‌چوونه به‌رانبه‌ریان و به دڵی ئه‌وان هه‌ڵسوکه‌وتیان ده‌کرد، دوو نموونه:

٦ - **شاپور بەختیار**، شاپور بەختیار دوایین سەرۆکوەزیری ئێرانی دەورانی پادشایی بوو، شاپەرەستەکان نازناوی(**مرغ توفانزا**)یان بۆ دیاری کردبوو. ئەم سەرۆکوەزیرە لە رۆژێکدا کە لەژێر زەبری شۆڕشی ئیسلامی خەڵکی ئێراندا دەیناڵاند و گوێی لە قرمەقرمی شکانی کورسی سەرۆکوەزیرییەکەی بوو، لە تەلەڤیزیۆنی تارانەوە پاش هێرشێکی توند و بێ ئەدەبانە بۆ سەر میللەتی کورد کوتی:

**کردها تجزیه‌طلب هستند = کوردەکان جیاوازیخوازن!**

مافی دیاریکردنی چارەنووس، مافی هەر نەتەوەیەکە! لە قانوونی ئێران و لە روانگە و دیدوبۆچوونی **ئێرانپەرەستەکان** (فارسەکان) بۆ ئەو مافە وشەی **تجزیه‌طلب** بەکار دەبرێت و بە گەورەترین تاوان دادەنرێت!

**هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆنەکانی دەوڵەتی کۆماری ئێران، سەبارەت بە کوردستان**

پاش ئەوەی کۆماری ئیسلامی لە ئێران دامەزرا مەیدانی کار و چالاکی سیاسیی نەک هەموار نەبوو، بەڵکو کۆسپی زیاتری هاتە پێش. بەهۆی ئەو بارودۆخەوە پۆل پۆل رووناکبیر وەک " **ئۆپۆزیسیۆن** " شار و گوندی خۆیان بەجێهێشت روویان کردە هەندەران. با لێرەدا لە دیدوبۆچوونی چەند کەسێکیان سەبارەت بە کوردستان بڕوانین:

**١- ما ایرانیان، که امروز با شرایط دشوار و خطرناکی در منطقه خود روبروئیم، و به چشم خویش میبینیم که از یک سو بالا گرفتن جنبش های تجزیه‌طلبانه، از سوی دیگر بی کفایتی و حماقت های پایان ناپذیر جمهوری اسلامی، و از سوی سوم حمایت توجیه ناپذیر و تحمل نکردنی قدرت های غربی از حرکات کردهای عراقی، خاک کشور مارا نیز با تهدید تجزیه روبرو ساخته، سفرهایی چون سفر خانم میتران به استان کردستان عراق یک عمل تحریک آمیز و محکوم کردنی به حساب می آید. هر کودکی میتواند در یابد که در کردستان عراق، دیگر سخن از ،، خودمختاری،، نیست. سازمان های کرد عراق، با استفاده یا سوء استفاده از شرایط ایجاد شده پس از شکست عراق در تجاوزش به کویت، در منطقه‌ای در شمال ٣٦درجه، که نیروهای متفقین آن را از بقیه خاک عراق جدا کرده و اقتدار و حقوق دولت عراق را در آن از میان برده‌اند، یک دولت مستقل تشکیل داده‌اند. هیچ تعریفی از ،، خودمختاری،، در مورد**





**شرایط امروزی استان کردستان عراق صدق نمی کند، و همه تعاریف قابل تصور،، تجزیه،، در آن مصداق دارد. اگر هنوز کسانی چون،، مسعود بارزانی،، زیرکی آن را دارند که در یابند هنگام استقلال کردستان نرسیده، و بنابر این به دستآورهای از آسمان رسیده امروزی بسنده کرده و در انتظار فردایی که شرایط برای تجزیه رسمی کشورهای منطقه،(عراق، ایران، ترکیه و احتمالا" سوریه) فراهم شود بزخو کرده‌اند و این زیرکی و حسابگری چیزی از عریانی حقیقت نمی کاهد: با حمایت استعمار نوین غربی، فرایند تجزیه کشورهای این منطقه آغاز شده، و بنا براین وظیفه ما ایرانیان است که به سهم خود، و برای خاموش کردن آتش این توطئه بین المللی و دفاع از تمامیت ارضی ایران به هر وسیله‌ای متوسل شویم. نباید اجازه داد غرب در کاری موفق شود که شوروی سابق از آن بر نیامد.**

کەیهان لەندەن ژ-٤١٣ ساڵ ١٩٩١ کەتانە سوڵتانی. کەتانە سوڵتانی ناوێکی درۆینەیە!

٢ ـ **ساز ناهمخوان فدرالیسم. بحث خودمختاری و فدرالیسم یک بحث انحرافی و قشری است.**
**= ئاهەنگی ناسازی فیدرالیزم. باسی خودمختاری و فیدرالیزم باسێکی چەوت و عەشیرەییە.**

کامران حسینی، کیهان لەندەن، ساڵی١٩٩٤-

ئەو بابەتە سەبارەت بە کوردستانە بە شێوەیەکی زۆر ناشیرین نووسراوە!


**٣ ـ از مقطعی که دخالت آمریکا محتوم بنظر میرسد، فیل اینها یاد هندوستان میکند. دورنگری شان در محدودهء ملی گل میکند و پیشاپیش به فکر نعمات این جنگ برای کردها و استقلال کردستان میافتند،...=**
**لەو کاتەوە کە دەستێوەردانی ئەمریکایان بۆ دەرکەوتووە فیلی ئەمانە یادی هێندوستان دەکات و دووربینییان لە چوارچێوەی نەتەوەییدا بەری گرتووە و بیر لە دەسکەوتەکانی ئەم جەنگە بۆ کورد و سەربەخۆیی کوردستان دەکەنەوە،...).**

کتێبی: بحران خلیج و رویدادهای کردستان عراق، صحفه ٥٠٠ مەنسور حیکمەت.

**تێبینی:** (مەنسور حیکمەت) تیۆریسیەنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ـ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێراق بوو.

## سیاسەتی دەوڵەتی کۆماری ئێران سەبارەت بە کوردستان و هەڵەبجە، بەتایبەتی

دەوڵـەتـی ئێـران کـە دەوڵـەتێکـی کۆمـاری و ئیسـلامییە، بـەس لـە بـاری ئیدیۆلۆژییەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ سیستمی پادشاییدا، دەنا سەبارەت بە




(پولی پۆستی- تەمبر)ی دەوڵەتی ئێران
SVENSK-KURDISK - JOUNANL
گۆڤاری کوردی – سویدی ژمارە ١٣- ساڵی ١٩٨٨

باسـە سیاسـییەکـان بـەگشـتی و باسـی نـەتـەوەکـانی نـاو ئێـران بـەتایبـەتـی و باسـی نەتەوەی کوردیش هەمان سیاسـەت و ڕێبـازی سیستمی پادشایی هـەیە! ئەم دەوڵەتە جگە لـەوەی کە بە هێزی سـەربـازی و چـەکـەکانی وەک تانگ و تـۆپ و فڕۆکـە دژایـەتـی شـۆڕش کوردسـتـان و خـەڵکـی کـورد دەکـات، دەسەڵاتی ئایین و چەکی ئایینیش بەکار دەبات.

ئـەو سیاسـەتـە توند و تیژە کە دەوڵـەتـی ئێران سـەبـارەت بـە بوومبـارانی شیمیایی هەڵەبجە لە بەرانبەر دەوڵەتی ئێراق دا بە کاری بـردووە لـە رووی ئازادیخوازی و مرۆڤدۆستی و خۆشـەویستیی کورد و خـەڵکی هـەڵـەبجـەوە نەبووە! ئـەم دەوڵـەتـە مـاوەی هـەشـت سـاڵی تـەواو لـە جـەنگێکـی خوێناویدا بـووە لـەگـەڵ ئێـراق. لـەو جـەنگـەدا لـە بـاری سـەربـازییـەوە کـوژراو و برینداریکی زۆری بووە، هـەروەهـا چـەندین شـار و سـەدان گوندی ئێران وێرانکـران، لـە بـاری ئابووریـیـەوە زیـانێکی مـەزنـی بینیـەوە، لـە بـاری سیاسیشـەوە جگە لـە شکسـت هیچـی دیکـەی دەسـت نـەکـەوتـووە، ئایـەتـوڵا





خومەینی لە کاتی ئیمزاکردنی پەیماننامەی کۆتایی هینان بەو جـەنگە کوتی: **این جام زهر را مینوشم!** دەوڵەتی ئێران دەیویست بوومبارانی شیمیایی هەڵـەبجـە وەک چـەکێکی سیاسیی لـە بـەرانبـەر ئێراقدا بـەکار ببات و دەسکەوت بـۆ خۆیی بە دەست بێنێت، هەروەها دەیویست بەو کارانە کارنامـە **خوێناوییەکەی خۆی** لـە کوردسـتان داپۆشـێت و وەک مرۆڤدۆسـت و ئـازادیخواز خـۆی بـە جهان بناسێنێت. لێرەدا لە گۆشەیـەکی <u>بچکۆلـەی</u> کارنامـەی دەوڵـەتی ئێران سەبارەت بە کوردستان دەڕوانین، لەژێر ناوی:

## فتوای جهادی ئایەتوڵا خومەینی رابەری ئێران، بۆ نەتەوەی کورد

ئەگەر چاوێک بە شار و گوندەکان، بە شیو و دۆڵ و کێوەکانی کوردستـاندا بگێرین هەندێ گۆڕی کۆن و بەتاک دەبینین کە لە رۆژانی تایبـەتیدا خـەڵکی دەرۆیشـتنە دەوریـان و دەسـتیان دەکـرد بـە مـاچکردنی کێلـی گـۆڕەکـان، دەوروبەرەکەیان خاوێن دەکردەوە، مۆمیان لە پەنای گۆرەکان دادەگرساند، کـولێرە و شـیرینی و پولّیـان دەبـەخشـییەوە بـەسـەر خـەڵکـدا، پارچـەی سەوزیان بە کێلی گۆڕەکاندا هەڵدەواسی، هەروەها بە گریانەوە لە گۆڕەکان دەپاڕانـەوە کە نیاز و مـەبـەسـتیان بۆ بـەدی بێنێت و ئازار و نـەخۆشـی و دەرد و رەنجیان لێدوور خاتەوە. پێم وابێت هەمووومان بەپێی هەستی تیژی منالّی سەبارەت بەو گۆڕانە ئەو پرسیارەمـان لـە بـاوک و دایک، خوشک و برا، مام و پور و پورزای خۆمان کردبێت:

**– ئەو گۆڕە، گۆڕی کێیە؟**
**+ گۆڕی پیر محەممەدە – پیر غەزاییە – سەقز**
**+ گۆڕی ئەسحابە سپییە --- ------ - سلێمانی**
**+ گۆڕی ئەسحابە رەشە----- ----- هەولێر**
**+ گۆڕی ئیمامزادە محەممەدە -- --- کرماشان**
**– بۆچ لێرە نێژراون؟**
**+ ئەوانە ئەسحابەی پێغەمبەرن لە عەرەبستان و لە مەککە و مەدینەوە هاتوون بۆ غەزا و جهادکردن لە ڕێگای ئیسلام و لەگەڵ کافران جەنگاون، لێرە بە <u>دەس کافران</u> شەهید کراون و بە جلوبەرگی خۆیانەوە نێژراون. ئەوانە شەهیدن و دەبێت ڕێزیان بگرین!**

**{(فرمان امام به عنوان فرمانده کل قوا در باره‌ء حوادث (پاوه)**

**۲٤ شهر رمضان**۹۹- ۲۷**مرداد** ۱۳۵۸

از اطراف ایران گروههای مختلف ارتش و پاسداران و مردم غیرتمند تقاضا کرده‌اند من دستور بدهم به سوی پاوه رفته، تا غائله را اختم کنند. من از آنان تشکر میکنم و بدولت و ارتش و ژاندارمری اخطار میکنم، اگر با توپها و تانگها و قوای مسلح تا۲٤ ساعت دیگر حرکت به سوی (پاوه) نشود، من همه را مسئول میدانم. من به عنوان رئیس کل قوا به رئیس ستاد ارتش دستور میدهم که فورا" با تجهیز کامل عازم منطقه شوند و به تمام پادگانهای ارتش و ژاندارمرمی دستور میدهم که بی انتظار دستور دیگر و بدون فوت وقت با تمام تجهیزات بسوی پاوه حرکت کنند و به دولت دستور میدهم وسایل حرکت پاسداران را فورا" فراهم کند. تا دستور ثانوی، من مسئول این کشتار وحشیانه را قوای انتظامی میندانم و در صورتیکه تخلف از این دستور نمایند با آنان عمل انقلابی میکنم. مکرر از منطقه اطلاع میدهند که دولت و ارتش کاری انجام ندادەاند. من اگر تا ۲٤ ساعت دیگر عمل مثبت انجام نه‌گیرد، سران ارتش و ژاندارمری را مسئول میدانم. والسلام.

روح الله المسوی الخمینی ۲۷ مرداد ۵۸ –

روزنامه کیهان و اطلاعات ص ۱ و ۲ شنبه ۲۷ مرداد ۱۳۵۸ – شماره ویژه ).

( .... مرزها را آزاد کردند، قلمها را آزاد کردند، گفتار را آزاد کردند، احزاب را آزاد کردند، به خیال اینکه آنها مردمی هستند ..... اینها خرابکارند، دیگر با این اشخاص نمیشود با ملایمت رفتار کرد. .... اینها یک جمعیت خرابکار هستند، یک جمعیت فاسد هستند. اینها را ما نمیتوانیم که بگذرایم که هر کاری که دلشان میخواهد بکنند. حالا هم اعتراض کرده‌اند که خود شماها دارید این کارها را میکنید. نظیر آنها که پریروز و چند روز پیش آن خرابکاری را کردند. .... خودشان ایجاد غائله میکنند بعد گردن مردم میگذارند. حالا هم در روزنامه‌ها دیدم که آنها عزالدین حسینی فاسد و همین قاسملو فاسد که لابد اینجا نیست میگویند که خود پاسدارها که آمدند





مردم را به این وضع درآوردند. در صورتیکه سر پاسدارها را بریدند، بچه‌ها را چه‌ها که نکردند، یک چنین مردمی هستند. .... با اینها باید بشدت رفتار کرد و با شدت رفتار میکنیم....)

تلویزیون تهران ساعت۲۰ روز ۲۷ / ٥ / ۱۳۵۸ –

روزنامه‌های کیهان و اطلاعات ص۱ و ۲ – ۲۸ مرداد ۱۳۵۸ ).

(بدون فوت وقت به سنندج بروید. کلیه نیروها و قوای نظامی به این دەستور توجه فرمایند: الساعه خبر رسید که در سنندج، ارتشی ها و سازمانهای آنانرا محاصره کرده‌اند و اگر تا نیم ساعت دیگر کمک نرسد، اسلحه‌ها را میبرند و از مسجد جامع بما خبر داده‌اند که حزب دمکرات، زنهای ما را به گروگان برده‌اند. اکیدا" به کلیه قوای انتظامی دستوور میدهم که به پادگانهای مراکز ابلاغ کنند که به قدر کافی به طرف سنندج حرکت کنند و با شدت اشرار را سرکوب نمایند. پاسداران انقلاب در هر محلی هستتند به مقدار کافی به طرف سنندج و تمام کردستان با پل هوایی بسیج شوند و با تمام شدت اشرار را سرکوب نمایند. تاخیر ولو بقدر یک ساعت تخلف از وظیفه و بشدت تعقیب میشوند، از ملت ایران میخواهم که مراقب باشند هر یک از ماموران تخلف کردند فورا" اطلاع دهند. من انتظار دارم که تا نیم ساعت دیگر از قوای انتظامی به من خبر بسیج عمومی برسد.

والسلام روح الله الموسوی الخمینی ۲۸ مرداد ۱۳۵۸روزنامه کیهان ۲۹ مراد ۱۳۵۸ ص ۳).

( در مورد ربودن زنان سنندج، خبرگزاری رسمی پارس از سنندج اعلام کرد که ربودن زنان در سنندج به هیچ وجه صحت ندارد و از سوی مسجد جامع سنندج در این مورد تکذیب شده است. ... از سوی دیگر حزب دمکرات در سنندج چنین نیروی نداشته است که گروگانگیری کند، آن هم در مسجد جامع. < دکتر شکیبا > استاندار کردستان گفت: امروز وضع سنندج آرام است، چرا در این مورد از من سئوال نکرده‌اید؟ ).

سەرچاوە- بەشی یەکەمی نووسراوەکانی، نووسەر مەنسور بلوری }

پاش راگه‌یاندنی فتوای جهاد له لایه‌ن (ئایه‌تولّا خومه‌ینی)یه‌وه، هێزه ئێرانییه‌کان له ریزه‌کانی ئه‌رته‌ش، سپا، به‌سیج و.. هه‌زار، هه‌زار به سواری ماشین و تانگ و هێلیکۆپتێر روویان کرده کوردستان و شار و گوندی کوردستانیان کرد به گۆمی خوێن، یاسای کافر و مفسد و به‌رنامه‌ی تالّانکردن(غه‌نیمت- مصادره) به‌رێوه برا، هه‌روه‌ها ده‌ستیانکرد به داگیرکردنی مالّ و دووکان، سه‌روه‌ت و سامان و زه‌وی و زاری خه‌ڵکی کوردستان و راگوێزانی کورد بۆ شاره‌کان مه‌شهه‌د و ئه‌سفه‌هان و...!
ئه‌و به‌رنامه ئێستایش له پێناو **په‌رژه‌وه‌ندی خاکی ئێران** له کوردستاندا پیاده ده‌کرێت! خه‌ڵکی کوردستان به‌پێی توانا و هه‌ل و مه‌رجی ناوچه‌که‌یان که‌وتوونه‌ته به‌رگریکردن له خۆ،
له مالّ و منالّ و شار و گوندی خۆ،
له‌م جه‌نگه‌دا له هه‌ر دوولا کوژراوه، و ده‌کوژرێت **جا کێ تاوانبار و کێ بێتاوان، ده‌گرێته‌وه بۆ هۆشیاری من و تۆ.**

له‌و چه‌ند لاپه‌ڕه‌ی خواره‌وه‌دا تماشای لیستی برێک له **گولله‌بارانکراوه‌کانی** کوردستان ده‌که‌ین به ده‌ست ده‌وڵه‌تی ئێران و ده‌سه‌لّاتی ئیسلامی ئێران





**پاوه**

**١ - عه‌بدولّا نوری**
**٢ - هوشه‌نگ عه‌زیزی**
**٣ - محه‌مه‌د مه‌حمودی**
**٤ - یه‌دولّا مه‌حمودی**
**٥ - حسین شیبانی**
**٦ - هورمز گورجی به‌یانی**
**٧ - مزه‌فه‌ر فتاحی**
**٨ - محه‌مه‌د عه‌زیزی**
**٩ - ئازه‌رنوش مه‌هده‌ویان**
**١٠ - ئه‌زغه‌ر بێهبودی**
**١١ - حاجی ئه‌فراسیاب**
**١٢ - عه‌بدولوه‌هاب مه‌لکشاهی**
**١٣ - عماده‌دین ناسری**
**١٤ - عه‌بدولکه‌ریم که‌ریمی**
**١٥ - محه‌مه‌د نه‌قشبه‌ندی**
**١٦ - عه‌زیز مراد**
**١٧ - مراد زولفه‌قاری**
**١٨ - به‌همه‌ن عه‌زیزی**
**١٩ - ئه‌بو قاسم سه‌رداری**
**٢٠ - حامد ئه‌مینی**
**٢١ - عه‌باس که‌ریمی**
**٢٢ - عه‌بدولّا زارعی**
**٢٣ - محه‌مه‌د حه‌یده‌ری**
**٢٤ - عه‌لی شه‌هناز**
**٢٥ - به‌هادینی شیرینی**
**٢٦ - حه‌بیب چراغی**
**٢٧ - فه‌یزه‌دین زیایی**



وێنه‌گر جهانگیر ره‌زمی

رۆژنامه‌ی که‌یهان: ٥/٢٩/ و١٣٥٨/٥/٣٠ به‌رانبه‌ر به مانگی ئابی١٩٧٩ لاپه‌ره‌کانی١.٢.٣

## مەریوان

کاتژمێر١٨/٣٠ دەقیقەی ٣/ ٦/ ١٣٥٨ رۆژێک پاش جەژنی رەمەزان نۆ کەس لە شاری مەریوان گوللەبارانکران، نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ دانەوەی جەنازەی ئەم شەهیدانەی کورد بە بنەماڵەکانیان، ئەوانی بە خائین و نیشتمانفرۆش دەسنیشانکرد و داوای خەڵات و پوڵی کرد لە خزم و کەسەکانیان.

ناوی ئەو نۆ کەسەیش بریتین لە:

**١ – حسین مستەفا سوڵتانی**
**٢ – ئەمین مستەفا سوڵتانی**
**٣ – عەلی داستانی پێشمەرگە**
**٤ – جەلال نەسیمی**
**٥ – حسین پیرخزری پیرخزرنیان**
**٦ – ئەحمەد پیرخزری – کارمەندی بیمارستان**
**٧ – فایەق عەزیزی ئەندامی شۆرای شاری مەریوان**
**٨ – بەهمەن ئەخزەری – دوکتۆر و فیلم بەردار**
**٩ – ئەحمەد قادرزادە خەلکی گوندی درەتفێ**

هەر لەم رۆژەدا مەلایەکی مەریوانی بەناوی (شێخ السلامی) و کۆمەڵێکی دیکە لە خەڵکی مەریوان بۆ خوراسان بەرێکران).

رۆژنامەکانی کیهان و اطلاعات: ٤/٦/ ١٣٥٨





## سنە

**مزەفەر نیازمەند**
**سیروس مەنوچهری**
**درویێش عیسا پیر وەلی**
**ناسر سەلیمی**
**عەبدوڵا فولادی**
**ئەحسەن ناهید**
**شەهباز ناهید**
**ئەزغەر موبەسری**
**مزەفەر رەحیمی**
**جەمیل یەخچاڵی**
**عەتا زەندی**

رۆژنامەی ئیتلاعات: ٦/٦/ ١٣٥٨

| | |
|---|---|
| **ناسر سەلیمی** | **کارمەند چەپ و ئازاد** |
| **ئەمجەد موبەسری** | **لایەنگری کۆمەڵە** |
| **جەمیل یەخچاڵی** | **لایەنگری فدایی** |
| **شەهریار ناهید** | **لایەنگری فدایی** |
| **ئەحسەن ناهید** | **لایەنگری فدایی پا لە گەچ گیراو** |
| **دەروێش عیسا پیر وەلی** | **خەڵکی دیواندەرە** |
| **یەدوڵا فولادی** | **لایەنگری کۆمەڵە** |
| **عەتاالله زەندی** | **چەپ و ئازاد** |
| **سامان پەرتەوی** | **چەپ و ئازاد** |
| **نیازمەند** | **سەرهەنگی دەورانی شا** |
| **کەسێکی نەناسراوە.** | **دەڵێن: قاچاخچی بووە** |

نووسراوەی، ماجرای یک عکس تاریخی
اتحاد کار: شمارە ٨٨ مرداد١٣٨٠

### شهین باوفا

**شهین باوفا، آن بانوی پرستار کرد بە روزنامەنگاران فرانسوی گفت ناماش را بنویسند تا شهادتش معتبر باشد. و او شهادت داد ظلمی را کە در سنندج بر مردم و بیماران تحمیل کردەاند**

**شەهین باوەفا، ئەو ژنە پەرەستارە کوردە بوو کە بە رۆژنامەوانە فەرەنسەوییەکانی کوت ناوی وەک شاهێدێکی راستەقینە بنووسن و پاشان باسی ئەو ستەمکارییانەی کرد کە لە شاری سنە دەربارەی خەڵک و نەخۆشەکان ئەنجامدراوە.**

www.alefbe.com/article_ Boroumand_Ladan.htm

**شەهین باوەفا**




ئەو وێنە لە نووسراوەی (بە مناسبت سیهمین سال جاویدانە شدن شهین باوفا- نووسەر نیما- سنندج) وەرگیراوە

## سەقز:

١ – ئەحمەد سەعیدی
٢ – قادر بەهار
٣ – محەمەد بابامیری
٤ – ڕەسوڵ ئەمینی
٥ – ناجی خورشیدی
٦ – کریم ڕەزایی
٧ – ئەنور ئەردەڵان
٨ – سەیفوڵا فەیزی
٩ – عەلی فەخرایی
١٠ – عەبدوڵا بەهرامی
١١ – سەید حەسەن ئەحەدی
١٢ – محەمەد دەروێش نوقرەئی
١٣ – کریم شیرینی
١٤ – ئەبوبەکر حەمیدی
١٥ – ئەحمەد موقەدەم
١٦ – جەلیل جەماڵزادە
١٧ – کوشی زادە
١٨ – محەمەد غەفاری
١٩ – خاتر خەتیبی
٢٠ – ناسر حەدادی

ڕۆژنامەی کەیهان و ئیتلاعات١٣٥٨/٦/٧ لاپەرەکانی٢ و٣

١ – عەتا محەممەدی
٢ – حسین محەممەدی
٣ – ئیبراهیم محەممەدی
٤ – حسین نووری

١٣٥٨/٦/١٣ڕۆژنامەی ئیتلاعات







شەهلا(زەهرا)کەعبی



نەسرین کەعبی



فەزیلەت دارایی



فریشتە فایەقی

❊

وەحیدە تەوحیدی

❊

سویبە کەریمان

❊

مهین عەبدوڵازادە

❊

فاتمە محەممەدی

وەحیدە تەوحیدی – سۆیبە کەریمان – مهین عەبدوڵازادە - ... محەممەدی – نەسرین کەعبی - شەهلا کەعبی - فەزیلەت دارایی و فریشتە فایەقی چەند کچێکی تێکۆشەری سیاسی بوون کە بە دەس دەوڵەتی ئێران گوللە بارانکران.

وێنەکان لە ئەنترنێت و ژ ٨ و١٣ی ئاسۆی ڕۆژهەڵات ئۆرگانی کۆمەڵە وەرگیراون.

## گوندی قارِنا

لە گوندی قارِنا پرۆسەی کوشتاری خەڵک لە لایەنی دەوڵەتی ئێرانەوە بەرِێوەبرا و ٤٤ کەسە لە یەک رۆژدا کوژران.

| | |
|---|---|
| ١ | **ملا مەحمود بێهتر زادە** |
| ٢ | **سەی رەحمان تاهری** |
| ٣ | **سەی محەمەد تاهری** |
| ٤ | **سەی ئیسماعیل تاهری** |
| ٥ | **حاجی سەی عەلی تاهری** |
| ٦ | **سەی کەریم ئەروەندی** |
| ٧ | **ئامینە شەریفی ئازەر** |
| ٨ | **حاجی رەحمان شەریفی آزەر** |
| ٩ | **عوسمان شەریفی ئازەر** |
| ١٠ | **مستەفا عەزیزی** |
| ١١ | **محەمەد عەزیزی** |
| ١٢ | **مەحیەدین ئەبروشەن** |
| ١٣ | **رەحمان ئیبزن** |
| ١٤ | **رحمان سلێمانی** |
| ١٥ | **رەحیم سلێمانی** |
| ١٦ | **کەریم سلێمانی** |
| ١٧ | **قادر سلێمانی** |
| ١٨ | **عەبدولاّ ئەحمەد پور** |
| ١٩ | **عومەر باسی** |
| ٢٠ | **جەعفەر باسی** |
| ٢١ | **مستەفا باسی** |





| | |
|---|---|
| ٢٢ | **محەمەد شێرۆ** |
| ٢٣ | **ئیبراهیم پویا** |
| ٢٤ | **ئیبراهیم رەسولی** |
| ٢٥ | **عەلی ‹شوانی گوندەکە›** |
| ٢٦ | **حەسەن – لاوێکی ١٣ ساڵە** |
| ٢٧ | **سلێمان هەمزە پور** |
| ٢٨ | **زێنەب رامین** |
| ٢٩ | **خاتوزین رامین** |
| ٣٠ | **کەریم رامین** |
| ٣١ | **ئەحمەد رامین** |
| ٣٢ | **رەحمان رامین** |
| ٣٣ | **خوسرەو ئەفشین** |
| ٣٤ | **رەسوڵ خوسرەوی** |
| ٣٥ | **رەحمان خوسرەوی** |
| ٣٦ | **سەعید خوسرەوی** |
| ٣٧ | **عەبدولاّ خوسرەوی** |
| ٣٨ | **مراد خوسرەوی** |
| ٣٩ | **مستەفا خوسرەوی** |
| ٤٠ | **ئەبوبەکر شێشمان** |
| ٤١ | **جەعفەر شێشمان** |
| ٤٢ | **علی شێشمان** |
| ٤٣ | **عەزیز مەرزەنگ** |
| ٤٤ | **ئەحمەد سەعادەتپور** |

**تێبینی:** ناوی گوللەباران کراوەکانی پاوە - مەریوان . سنە . سەقز و قارِنا، لە بەشی دووەم و سێیەمی نووسراوەکانی نووسەر مەنسور بلوری، بەناوی **فرمان یورش بە کردستان بە دستور شخص خمینی** – وەرگیراون.

## مهاباد

گوللەبارانکردنی ٥٩ کەس لە رۆژی ١٩٨٣/٦/٢ – ١٣٦٢ لەو شارەدا

۱ مەلا حەسەن لاجوردی

۲ عەلی سەلاحی

۳ عەلی غەوارە

۴ مستەفا فەقری

۵ شوکری نادری

۶ ساڵح مام ئیراهیمی

۷ سەید مەحمود سەی محەمەدی

۸ کەریم کاوە

۹ یۆسف حەسەن زادە

۱۰ سلێمان حەسەن زادە

۱۱ ئێراهیم ئەمینی

۱۲ محەمەد فاروق بازیار

۱۳ یۆسف حەبیب پەنا

۱۴ کەریم رەحیمیان

۱۵ کەماڵ کەریمی

۱۶ هەژار کەریمی

۱۷ ئینشائەڵا نادری

۱۸ ئەبوبەکەر شەکەری

۱۹ خدر رەنگینی

۲۰ عەلی باژیان

۲۱ فەرەیدون شەنگە

۲۲ محەمەد سەلیمی





۲۳ رەحمان خزرپور

۲۴ ئەحمەد کەهروبی

۲۵ مەقسود مەحمودی

۲۶ ساڵح فەرهودی

۲۷ کامران زائیرحیجازی

۲۸ عەلی ئابادە

۲۹ سیامەک سەقزی

۳۰ عەباس یۆسفی

۳۱ حسین کەلهوری

۳۲ ئەحمەد مەحمود کەندوو

۳۳ محەمەد ئەمین ئەحمەدی

۳۴ مەنسور جەناح

۳۵ وەفا ئەلیاسی

۳۶ محەمەد مەسعودی

۳۷ محەمەد ئەبوبەکری

۳۸ سید ئیبراهیم ئەحمەدی

۳۹ خالید سەفایی

۴۰ خالید رەحیمی ئازەر

۴۱ حەسەن رەحیمیان

۴۲ کەماڵ چاوشینی

۴۳ یۆسف ئەیازی

۴۴ خالق بارزانی

۴۵ مستەفا عیسمەتی

۵۴ عەلی گوڵپەرەست

| | |
|---|---|
| ٤٧ | **ڕەحمان ڕەحیمی** |
| ٤٨ | **عەبدوڵا تەحریریان** |
| ٤٩ | **عەلی مەزنە** |
| ٥٠ | **کازم خاتونی** |
| ٥١ | **عەباس حسینپور** |
| ٥٢ | **محەمەد حسینی** |
| ٥٣ | **مەحمود دەریزەئی** |
| ٥٤ | **هومایۆن نیلوفەری** |
| ٥٥ | **محەمەد ئەمین سەفا** |
| ٥٦ | **محەمەد عەلیاڵی** |
| ٥٧ | **عەلی بانەییان** |
| ٥٨ | **حسەن جەهانیان** |
| ٥٩ | **غوڵامڕەزا بارزی** |

ناوی ئەو ٥٩ کەسە لە کتێبی **نیوسەدە تێکۆشان** بەرگی دووهەم، ل٣٧ تا٤٠ نووسەر **عبداللا حسن زادە** لە ڕابەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، وەرگیراوە.

***

سەبارەت بە داگیرکردنی سەروەت و سامانی خەڵک وەک ماڵ و دووکان و زەوی و زار با تماشای ئەو دێکۆمێنەتەی خودی دەوڵەتی ئێران بکەین.

**{(قوه قضائیه بدینوسیله به اطلاع افراد مشروحه ذیل می رساند که براساس احکام صادره از سوی دادگاه ویژه اصل ۴۹ قانون اساسی در استان حکم ضبط اموال و املاک آنان صادر گردیده است لذا طبق تبصره یک ماده ۲۰۲ قانون آئین دادرسی مدنی این آگهی در یک نوبت منشر میشود. نامبردگان یا مدعیان اموال آنان با در دست داشتن مدارک خود ظرف بیست روز پس از انتشار اگهی به دفتر این دادگاه واقع در بلوار شبلی ساختمان شماره یک دادگستری سنندج مراجعه نمایند پس از پایان مهلت مقرر حکم قطعیت می یابد.**

دادگاه انقلاب اسلامی ۳۵۸ / م

سید رضا فاطمی

رئیس دادگاه ویژه اصل٤٩ قانون اساسی در استان کردستان.).

روزنامە ئیتلاعات: شنبه ۹/ تیر۱۳۸۰ ربیع الثانی۱٤۲۲ - ۳۰ ژوئن۲۰۰۱ - ژمارە ۲۲۲۳۰**}**.





اطلاعات

قوه قضائیه

بدینوسیله به اطلاع افراد مشروحه ذیل می‌رساند که براساس احکام صادره از سوی دادگاه ویژه اصل ٤٩ قانون اساسی در ا...
نامبردگان یا مدعیان اموال آنان با در دست داشتن مدارک خود ظرف بیست روز پس از انتشار آگهی به دفتر این دادگاه واقع د...

دادگاه انقلاب اسلامی

۳۵۸ / م

| ردیف | نام و نام خانوادگی محکوم | نام پدر | شماره کلاسه | محل وقوع ملک | پلاک |
|---|---|---|---|---|---|
| ۱ | سیدجمیل حسینی | احمد | ٤۹/٤۹ د | سنندج بیجار و دیواندره | ۵۳۳ ـ اصلی بخش دو سنندج و تلفن مربوطه روستاهای ناصرآباد قاسم آباد، ویسار وشکر بلاغ و سراب قره خان و پنجه علیا و پنجه سفلا مراد قلی و قراء دیگر |
| ۲ | احمد رنجبر<br>ناصر رنجبر | نصرالله<br>احمد | ٤۹/٤۲۳ د<br>- - | سنندج<br>سنندج | خانه مسکونی فاقد پلاک ثبتی در محله کانی کوزله و وجه موجود د... حساب بانکی |
| ۳ | بهزاد، بیژن، پیروز، بهنام حمزه‌ای | احمد | ٤۹/۳٦۸ د | سنندج | پلاک ۱۵۹۷ بخش دو سنندج و تلفن مربوطه |
| ٤ | محمد حکیمی حسن‌آباد و خانواده | عبدالکریم | ٤۹/۳٦٤ د | سنندج | پلاک ۹۱۷ بخش دو سنندج و تلفن مربوطه |
| ۵ | محمد قادری | سلیم | ٤۹/۳٦۵ د | بانه | ۱۵۳۲ ـ اصلی بخش ۷ بانه به مقدار سهم‌الا... |
| ٦ | عیسی پژمندی | عباس | ٤۹/۳٦۷ د | سنندج و تهران | آپارتمان در شهرک سجادیه تهران و پلاک ۵ فرعی از ۱۳۲۸ ـ اصلی ... یک سنندج و پلاک ۳۵۵ ـ اصلی بخش یک سنندج بمقدار سهم‌الا... |
| ۷ | اسعد اعظمی | محمد حسین | ٤۹/۵۰۱ د | سقز | پلاک سه فرعی ۷-۱۰۰ ـ اصلی بخش یک سقز به میزان سهم‌الارث و یک جزء پلاک ۷-۱۰۰ ـ اصلی فاقد سند |
| ۸ | سرهنگ یحیی لیلوانی | رفیع | ٤۹/۵۰۰ د | مریوان | سه فرعی یک اصلی مریوان |
| ۹ | شریف احمدی | اسماعیل | ٤۹/٤۹۹ د | سنندج | ۱٤۲ فرعی از ۱۳۵۵ ـ اصلی بخش یک سنندج |
| ۱۰ | ناصر، نادره، بهمن و سهیلا یوسفی | علیمراد | ٤۹/٤۹۸ د | سنندج | سهم‌الارث آقان از پلاک ۲۲۷۷ بخش سه سنندج |
| ۱۱ | توفیق قادری [illegible] | علی | ٤۹/٤۰۸ د | مریوان | یکی از فروشات پلاک ۷۳۰ ـ اصلی بخش ۲٤ مریوان |
| ۱۲ | ناهر وزیری | [illegible] | ٤۹/٤۸۳ د | سنندج | سهم‌الارث وی از پلاک ۳-۱۱۰ ـ اصلی بخش سه سنندج |
| ۱۳ | ناهید و اسعد شیخی | [illegible] | ٤۹/٤۸٤ د | سقز | سهم‌الارث آقان از پلاک ۱۷٤٤/۱۵٦ ـ اصلی بخش یک سقز |
| ۱٤ | کامل، شهلا، گلاله کریم عدنانی | محمدصالح | ٤۹/٤۹۷ د | سقز | سهم‌الارث آقان از پلاک ۳-۱٦۰ ـ اصلی بخش یک سقز و تلفن مربوطه |
| ۱۵ | فاروق، سیروان شاه ویسی | عبدالله | ٤۹/٤۹٦ د | سنندج | سهم‌الارث آقان از پلاک ۳٦۰ ـ اصلی بخش یک سنندج |
| ۱٦ | محمدخالد باباحاجیانی | محمدصالح | ٤۹/٤۸۲ د | سنندج | یک خانه مسکونی جزء پلاک ۱۱٦۲ بخش یک سنندج |
| ۱۷ | طاهر آدمی | درویش | ٤۹/۳٦۸ د | سقز | سهم‌الارث وی از پلاک ۸۷ فرعی از ۱۷٤٤ ـ اصلی و ۳۰ فرعی از ۹ فرعی ۱۰۳۱ ـ اصلی بخش یک سقز |
| ۱۸ | اشرف رفیع‌زاده | محمد | ٤۹/۵۷٦ د | سنندج | پلاک ۷۳۷ بخش سه سنندج |
| ۱۹ | عثمان خالدی | [illegible] | ٤۹/۵۷۷ د | مریوان | پلاکهای ۲۹ ـ اصلی و قطعه زمینی از پلاک یک اصلی و پلاک ۳۹۲ فرعی از یک اصلی و یک قطعه مغازه فاقد پلاک و اراضی کشاورزی در روستا... آلمانه مریوان |
| ۲۰ | عبدالله الفتی | فتح‌الله | ٤۹/٤۱۲ د | مریوان | ۷۵۳ ـ اصلی بخش ۲٤ مریوان و یک خط تلفن مغناطیسی |
| ۲۱ | فرخ، فوزیه، فراست، فائزه و فضل‌الله صالحی | علی | ٤۹/٤۰۵ د | سقز | سهم‌الارث آقان از پلاکهای ۲۰۲۷ ـ اصلی و ۲۰۱۹، ۳۰ و ۳۱ فرعی از ۷ ـ ... و ۱٤۹۷ بخش یک سقز و ۲۲ قطعه زمین زراعی در قریه صالح‌آباد... |
| ۲۲ | مجهول‌المالک | —— | ٤۹/٤۳۹ د | قریه برآو آب حسن آباد سنندج | سه دانگ پلاک ٤۷ فرعی از ۱۸ ـ اصلی بخش ۱۰ حسن آباد |
| ۲۳ | محمدشریف شاکری و همسرش فرشته خواستیاء | محمدامین | ٤۹/٤۳۵ د | سقز | ٦٤ فرعی از ۳-۱۰ ـ اصلی بخش یک سقز |
| ۲٤ | عبدالرحیم فیض‌اللهی‌بیگی | عبدالله | ٤۹/٤۳٤ د | سقز | ۳٦ فرعی از ۱۲۰۵ و ۱۲۰٦ ـ اصلی بخش یک سقز و تلفن مربوطه |
| ۲۵ | میکائیل ادیبی، یاور یونسی، مراد سالمی، آقاجان ذبیحی، مهدی طرکانی، یونس شوروین، نسیم فرج‌بخش، عزیز طاووسی، یوسف نورانی، الیاس کنعانی، رحیم جاودان، شالون وحدانی، رفائیل اسحقی، شعبان هانیالی، موسی شعبانی، عبدالنبی هارونی، موسی نجاتی، ربیع یادگاری | | ٤۹/٤۸۱ ش | بیجار | یک فرعی از ۸۸۱ ـ اصلی بخش یک بیجار هر یک به نسبت چهار شه... |

شنبه ۹ تیر ۱۳۸۰ ـ ۸ ربیع‌الثانی ۱۴۲۲ـ۳۰ژوئن ۲۰۰۱ ـ شماره ۲۲۲۳۰ ۲۲

...ستان حکم ضبط اموال و املاک آنان صادر گردیده است لذا طبق تبصره یک ماده ۲۰۲ قانون آئین دادرسی مدنی این آگهی در یک نوبت منتشر می‌شود.
...لوار شبلی ساختمان شماره یک دادگستری سنندج مراجعه نمایند پس از پایان مهلت مقرر حکم قطعیت می‌یابد.

**سیدرضا فاطمی ـ رئیس دادگاه ویژه اصل ٤٩ قانون اساسی در استان کردستان**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ۲۸ | مهدی شیخله | محمدخان | ٤٩/٤٣٢ د | سنندج ـ نوریور | سهم‌الارث وی از پلاک ۲۹ دهستان ژاورودنوریور |
| ۲۹ | احمد اسکندری | محمدامین | ٤٩/٤٣١ د | سقز | ۳٥۹ و ۱۳۱۸ ـ اصلی بخش یک سقز |
| ۳۰ | کاووس و خسرونیازمند | عباس | ٤٩/٤٣٠ د | سنندج | سهم‌الارث آنان از ٦۳۸ ـ اصلی بخش دو سنندج و تلفن مربوطه و زمین زراعی در روستای نازی رباب از توابع روستای حسن‌آباد سنندج |
| ۳۱ | عطاءالله علیشاهی | محمد | ٤٩/٤١١ د | سقز | سهم تاکسی |
| ۳۲ | علی کوماسیان | شکرالله | ٤٩/٤١٠ د | قروه | اعیانی پلاک ۷۳۱ فرعی از ٦۳ ـ اصلی قروه |
| ۳۳ | جعفر، مهدیه سلیمان امین‌نژاد | عبدالله | ٤٩/۳٦۷ د | سقز | سهم‌الارث آنان از ۱٥۲ ـ فرعی از ۱۷۳۸ ـ اصلی بخش یک سقز و تلفن مربوطه |
| ۳٤ | سیدجلال حسینی | صالح | ٤٩/۳٦٦ د | بانه | ۱۲٤٥ ـ اصلی و ۱۷۲۲ ـ اصلی و ۷۳٦ ـ اصلی بخش دوبانه |
| ۳٥ | رحمان جوانمردی | حسن | ٤٩/٤٠٦ د | سقز | ۱٥۹ فرعی از ٤۸ ـ الی ٥٥ فرعی از ٤ فرعی از ۱۰۳۱ اصلی بخش یک سقز ـ سه دانگ از روستای پیرعمران ـ اراضی کشاورزی در روستای قره چروییر عمران به میزان سهم‌الارث وی |
| ۳٦ | یحیی، محی‌الدین، شفله و خدیجه ابرجی | سعید | ٤٩/٤٠۷ د | سقز | ۱۸ فرعی از ۱٦۸۱ بخش یک سقز به میزان سهم‌الارث آنان |
| ۳۷ | عبدالقادر وحیدی | سره | ٤٩/۲۸۱ د | سقز | ۱۳ فرعی از ۱۹ فرعی از ۱۰۲۳ ـ اصلی بخش یک سقز |
| ۳۸ | خان صدف منصوری | اعظم | ٤٩/۳۷٦ د | سنندج ـ صلوات آباد | سهم‌الارث وی از اموال عبدالله منصوری در روستای صلوات آباد سنندج |
| ۳۹ | خالد حاجی محمدی | محمود | ٤٩/۳۷۹ د | سقز | ۹ فرعی از ۲ فرعی از ۱۸٤۲ ـ اصلی بخش یک سقز |
| ٤٠ | علی نادری | محمد | ٤٩/۳۸٠ د | سقز | ۱۳۷۹ و ۲ فرعی از ۱٤۷۷ ـ اصلی بخش یک سقز |
| ٤۱ | مصلح و فاتح شیخ الاسلامی | احمد | ٤٩/۳۷٤ د | مریوان | سهم‌الارث مصلح و فاتح از پلاک ۱۹ ـ اصلی و ۱ الی ۸ مجزی شده از ۹ ـ اصلی و ٥۲٤ و ٥۱۲ و زمین کشاورزی ۳ فرعی از ٥٦٦ قریه سیف سفلی و ٥٦۱ و ٥٥٦ و ۲ فرعی از ٥٥٦ قریه سیف سفلی و یکخط تلفن مغناطیسی مریوان |
| ٤۲ | ساعد، ادیب، شهین و عزیزه وطن‌دوست | اسدالله | ٤٩/۳۷۳ د | سنندج | ۱۸۸۸ بخش یک سنندج و ۱۱ فرعی از ۱۰۱٤ ـ اصلی بخش سه سنندج |
| ٤۳ | نصرت رزدار | اسماعیل | ٤٩/۳۷۲ د | سنندج | سهم‌الارثش از سرقفلی پلاک ۱۲۹٦ بخش سه سنندج |
| ٤٤ | امیر و ثریا فتاحی | محمد | ٤٩/۳۷۱ د | بانه | پلاکهای ۱۳٥ ـ اصلی و ٤٤ و ٤۷ فرعی از ۱۱ فرعی از ۱٤٥۹ ـ اصلی و ۱۷٥٥ ـ اصلی بانه ملکی امیر و سهم‌الارث آنان از پلاکهای ۳۳۳ و ۳۳۷ و ۳۳۸ و ۳٥٤ و ۱۳٥٦ متصل به ۳٥۱ و ۱۳٥٤ و ٤۱۱ و ۹٤٥ و یک فرعی از ۱۲۰۱ و ٤۲۱ و یک الی سه فرعی از ۹۰۳ ـ اصلی شهرستان بانه |
| ٤٥ | یحیی دوانیدری | صالح | ٤٩/۳۷۰ د | سقز | سهم‌الارث وی از اراضی کشاورزی بدری در روستای جنیان سقز |
| ٤٦ | ثریا ساطوری | محمدشفور | ٤٩/۳٦۹ د | سقز | سهم‌الارث وی از پلاکهای ۱۷۳ فرعی از ۱۰ فرعی از ۱۷٤۲ ـ اصلی و ۱٥۷۹ ـ اصلی بخش یک سقز |
| ٤۷ | عبدالکریم امینی | محمدامین | ٤٩/۳٦٦ د | اکبرآباد دیواندره | سهم وی از پلاک ۳٦ ـ اصلی بخش ۱۳ حسن آباد دیواندره |
| ٤۸ | مجهول‌المالک | ــــــ | ٤٩/۳٥٥ د | سنندج | دودانگ مشاع از ششدانگ پلاک ۱۲٤٥ بخش یک سنندج |
| ٤۹ | صالح احمدی | خداکرم | ٤٩/٤۳٦ د | سنندج | خانه مسکونی و دو دهنه مغازه آن فاقد پلاک در شریف آباد |
| ٥۰ | باباعلی مهرپرور | سیداحمد | ٤٩/٤۳۷ د | مریوان | ٤٤٥ فرعی از یک اصلی بخش ۲٤ مریوان و یک قطعه زمین در میدان شرنگ مریوان |
| ٥۱ | عبدالله بابان | منصور | ٤٩/٤۳۸ د | سنندج | سهم وی از پلاکهای ۱۳٥۱ و ۱۳٥۲ و ۳۷ فرعی از ۱۳٥٥ و ۱۱۱ ـ اصلی بخش یک سنندج و یک خط تلفن |
| ٥۲ | حسنعلی تریمانی | نقدعلی | ٤٩/٤٤٠ د | بحار روستای مهرآباد | اراضی کشاورزی در روستای مهرآباد |
| ٥۳ | مجید حسینی | شیخ علی | ٤٩/۳۷٥ د | مریوان | یک باب منزل مسکونی جزء پلاک ۷۷۹۰ ـ اصلی بخش ۲٤ مریوان با قولنامه عادی سهم‌الارث وی از پلاک ٦٤۱ ـ اصلی در مزرعه زیزوان مریوان |
| ٥٤ | سعید فایشی | محمدشریف | ٤٩/۳۷۸ د | سقز | ۳٤٥ فرعی از ۱۷۳۸ ـ اصلی بخش یک سقز و پلاکهای ۱۲ و ۱۳ فرعی از ۱۱۰۸ ـ اصلی و ۱۱۰۸ ـ اصلی و ٤٤ ـ ۲۰ وصل به پلاک ۱۱۳٥ ـ اصلی بخش یک سقز ... [illegible] |





**ناوی ئەو ٥٤ کەسە بە ژمارەی خانوەکانیانەوە لە ڕۆژنامەی ئیتلاعات**

| ناو و شۆرەت | شوێن |
|---|---|
| سید جەمیل حسینی | سنە |
| ئەحمەد، قاسم ڕەنجەبر | سنە |
| بێهزاد- بیژەن- بێرۆز- بێهنام حەمزەیی | سنە |
| محەمەد حەکیمی و .... | سنە |
| محەمەد قادری | بانە |
| عیسا پاییەندی | سنە و مەریوان |
| ئەسعەد ئەعزەمی | سەقز |
| سەرهنگ یەحیا لیقوانی | مەریوان |
| شەریف ئەحمەدی، | سنە |
| ناسر- تاهیرە- بەهمن و... یۆسفی | سنە |
| تۆفیق، ..... ..... | مەریوان |
| نادر وەزیری | سنە |
| ناهید، ئەسعەد شێخی | سەقز |
| کامیل- شەهلا- گلاڵە- کەریم عەدنانی | سەقز |
| فاروق- سیروان شاوەیسی | سنە |
| محەمەد خالید باباحاجیانی | سنە |
| تاهیر ئادەمی | سەقز |
| ئەشرەف ڕەفیعزادە | سنە |
| عوسمان خالیدی | مەریوان |
| ئەعبدوڵا ئەقدەسی | مەریوان |
| فەرۆخ- فەوزیە- فایزە- فەراست ساڵحی | سەقز |
| مجهول المالک، بێخاوەن | سنە |
| شریف شاکری - فریشتە خوانستیا | سەقز |
| عەبدوڕەحیم فەیزوڵابەگی | سەقز |
| میکائیل ئەدیبی، ...................... | بیجار |
| مەهدی شێخەڵە | سنە |
| ئەحمەد ئەسکەندەری | سەقز |
| کاوس و خسرەو نیازمەند | سنە |
| عەتا عەلیشای | سەقز |

| | |
|---|---|
| **عەلی کۆماسیان** | **قوروە** |
| **جەعفەر- مەهدییە- سلێمان ئەمینزادە** | **سەقز** |
| **سەید جەلال حسینی** | **بانە** |
| **رەحمان جوانمەردی** | **سەقز** |
| **یەحیا- مەحیە- شوعلە - خدیجە ئیرجی** | **سەقز** |
| **عەبدولقادر وەحیدی** | **سەقز** |
| **خانم سەدەف مەنسوری** | **سەلوتاوای سنە** |
| **خالید حاجی محەمەدی** | **سەقز** |
| **عەلی نادری** | **سەقز** |
| **موسلێح - فاتێح شێخ السلامی** | **مەریوان** |
| **ساعد- ئەدیب - عەزیزە وەتەندوست** | **سنە** |
| **نوسرەت زەڕدار** | **سنە** |
| **ئەمیر- سورەییا فەتاحی** | **بانە** |
| **یەحیا دەونداری** | **سەقز** |
| **سورەییا ساتۆری** | **دیواندەرە** |
| **عەبدولکەریم ئەمینی** | **سنە** |
| **مجهول المالک — بێخاوەن** | **سنە** |
| **سالّح ئەحمەدی** | **مەریوان** |
| **بابا عەلی مێهرپەروەر** | **سنە** |
| **عەبدوڵا بابان** | **بیجار** |
| **حەسەنعەلی نەریمانی** | **مەریوان** |
| **مەجی حسینی** | **سەقز** |
| **سەعی قایشی** | **سەقز** |

ئەو خانووبەرە و دووکان و زەویوزارانە، لە رۆژی ١٣٨١/٧/١١دا لە رۆژنامەی **حیات نو** بۆ فرۆشتن چاپکراون!
جگە لەو تاوانانەی سەرەوە کە ئەنجامیداوە، کارە ترۆریستییەکانی دەوڵەتی ئێران لە شارەکانی هەولێر- سلێمانی - رانییە- وڵاتانی ئوروپا و ....، هەروەها کۆبوونەوەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی تورکییە و سوورییە و ئێراق بەدژی شۆڕشی کوردستان باشترین بەڵگەن بۆ فریوکاری و درۆزنی دەوڵەتی ئێران سەبارەت بە هەڵوێستەکانی دەربارەی هەڵەبجە!





**ئەگەر تێکڕای تاوانانەکانی دەوڵەتی ئێران بە پادشایی و کۆمارییەوە کە لە کوردستان دا ئەنجامیانداوە و دەیدەن، بەجوانی بنووسرێنەوە لە <u>هێرشی عەرەبەکان لە سەردەمی ئیسلام و هێرشی مەغولەکان</u> نەک کەمتر نییە، بەڵکو زۆر زیاترە!**

***

**تێبینی:** بەسەر ئەو کارنامە خوێناوییەی (**دەوڵەتی ئێران**)**دا** سەرنووسەری گۆڤاری **(مامۆستای کورد) فەرهاد شاکەلی** دەنووسن:

**ئێران رۆژێک پرسەی رەسمی بۆ خەڵکی هەڵەبجە داناوە.**

سەرچاوە: گۆڤاری مامۆستای کورد- ژمارە ٧ ساڵی١٩٨٨

**ئەشکی خواکان دوو رەنگە**
**ئەشکی خواکان خوێناوییە**
**یەکێ جەنگ و یەک نیرەنگە**
**بزەکەیشیان ژاراوییە**
**ئێمە بە جەنگ نەدۆڕاوین**
**بڕوات هەبێ بەکاری خۆت**
**هەر بە نیرەنگ فەوتاوین!**
**کاری وان– فریوکارییە!**

## هه‌ڵه‌بجه و هه‌ڵوێستی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

با له پێشدا له بیۆگرافییه‌کی کورتی ئه‌و حیزبه ئاگادار ببین.
پاش رمانی ده‌سه‌ڵاتی پادشای له ئێران و هاتنه سه‌رکاری کۆماری، چه‌ند فارسێک که ژماره‌یان له په‌نجه‌کانی ده‌ستی مرۆڤێک تێپه‌ڕی نه‌ده‌کرد، له‌ژێر ناوی **رابه‌رانی چینی کرێکاری ئێران** گه‌یشتنه کوردستان و چوونه لای رابه‌رانی کۆمه‌ڵه‌ی شۆڕشگێڕی زه‌حمه‌تکێشانی کوردستانی ئێران. رابه‌رانی کۆمه‌ڵه به‌بێ ئه‌وه‌ی که به‌جوانی بیانناسن که‌وتنه یارمه‌تی کردنیان و له ساڵی ١٩٨٣دا له گوندێک به‌ناوی **مێشکه‌په** له ناوچه‌ی سه‌رده‌شت(**حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**)یان بۆ پێکهێنان. به‌ڕێز(عه‌بدوڵا موهته‌دی) له ئه‌ندامانی سه‌رکردایه‌تی کۆمه‌ڵه کرا به رابه‌رای حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. رابه‌رانی کۆمه‌ڵه (**رادیۆیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**)یشیان بۆ دامه‌زراندن.
**خودی رێکخراوه‌ی کۆمه‌ڵه** - کۆمه‌ڵه‌یه‌ک، که له ساڵی ١٣٥٧ تا ١٣٦٢ی هه‌تاوی-١٩٧٨ تا ١٩٨٣ی زایینی بۆ ماوه‌ی پێنج ساڵ به ئاشکرا له کوردستان له چالاکیدا بوو، کۆمه‌ڵه‌یه‌ک که خاوه‌نی بنکه‌یه‌کی کۆمه‌ڵایه‌تی وه‌ها بوو به ئاماژه‌یه‌کی بچکۆله شاری سنه‌ی هه‌ژاند و هێنایه مه‌یدانی مانگرتنی یه‌ک مانگه به‌دژی ده‌وڵه‌تی ئێران بۆ بردنه ده‌ره‌وه‌ی سپای پاسداران له سنه و مانگرتنه‌که به سه‌رکه‌وتنی خه‌ڵک کۆتایی هات، جگه له‌و پایه‌گا مه‌زنه کۆمه‌ڵایه‌تییه که بووی هێزی پێشمه‌رگه‌ی کۆمه‌ڵه شانبه‌شانی حیزب و رێکخراوه‌کانی دیکه‌ی کوردستان له چالاکیدا بوون، پاش پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ئه‌و کۆمه‌ڵه کرا به **رێکخراوه‌ی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**، **حیزبێک که تازه له دایک ده‌بێت!**
رابه‌رانی دیکه‌ی کۆمه‌ڵه له پله‌ی دووهه‌می کۆمیته ناوه‌ندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران له به‌شکانی وه‌ک ده‌بیرخانه- چاپخانه- ماڵی ئه‌و حیزبه‌دا که‌وتنه چالاکی، ئه‌وانه‌یش هه‌ر هی خودی کۆمه‌ڵه بوون!
رێکخراوه‌ی کوردستانی ئه‌و حیزبه واته کۆمه‌ڵه، هێزی پێشمه‌رگه‌ی خۆی و خه‌ڵکی کوردستانی له کرماشانه‌وه تا ورمێ خسته گه‌ڕ بۆ ئه‌وه‌ی





نووسراوه و دیدوبۆچوونه‌کانی ئه‌و چه‌ند که‌سه بڵاو که‌نه‌وه تا خه‌ڵک و کرێکارانی ئێران پێشوازی له‌و حیزبه بکه‌ن و ببن به ئه‌ندام و لایه‌نگری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، به‌ڵام به‌هۆی بێپایه بوونی ئه‌و حیزبه له‌ناو خه‌ڵکی ئێران به‌گشتی و کرێکاران به‌تایبه‌تی نه‌ک ئه‌و حیزبه په‌ره‌ی نه‌گرت، به‌ڵکو هێزی پێشمه‌رگه‌ی کۆمه‌ڵه‌یش که ئه‌و بارودۆخه‌یان ده‌بینی خۆیان به هه‌ناسه سارد و ماندوو ده‌زانی و به‌ره‌به‌ره ده‌ستیان له چالاکی پێشمه‌رگانه هه‌ڵده‌گرت. به‌کورتی ئه‌و **حیزبه ناوێکی گه‌وره و بێ ناوه‌رۆک بوو!**
باشترین به‌ڵگه‌یش بۆ ئه‌و باسه ئه‌وه‌یه، رابه‌رانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران نه‌یانتوانی تاکه نوێنه‌رێکی کرێکاران له شار و گونده‌کانی ئێرانه‌وه ببه‌نه گۆنگره‌کانی حیزب بۆ به‌شداریکردن له کۆنگره‌دا.
له‌گه‌ڵ ئه‌و کارنامه‌یشدا فارسه‌کان له خزمه‌تگوزاری رابه‌رانی کۆمه‌ڵه و **چالاکی هێزی پێشمه‌رگه‌ی رێکخراوه‌ی کوردستانی حیزبه‌که‌یان** زۆر ناڕازی بوون و له ساڵی ١٩٩١دا حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیان به‌جێ هێشت. پاش ئه‌وه‌ی له حیزبی کۆمۆنیستی ئێران رۆیشتن به‌و جۆره پاداش کۆمه‌ڵه ده‌ده‌نه‌وه:
**{ (تماس کومه‌له با دولت عراق به پیش از تأسیس حزب کمونیست ایران بر میگردد، و رابطه کومه‌له در همان چهارچوب نیازهای سازمانهای جنبش خلق کرد با دولت عراق; جنبشي که کومه‌له و حزب دمکرات دو نیروی اصلی آنرا تشکیل میدادند. شایان تاکید است که توضیح رابطه کومه‌له با دولت عراق نیازهای یک< ب > جنبش معین بود که کومه‌له بمنزله یک سازمان نقش تعین کننده‌ای در آن داشت، و نه نیازهای صرف سازماني یک جریان کمونیست. درک و توضیح رهبری کومه‌له و حزب کمونیست ایران نیز در کل همین امر بود، و حزب کمونیست ایران، با آنکه از امکانات پشت جبهه‌ای و فرسنده رادیوئی کومه‌له سود میبرد، از برقراري رابطه مستقیم با عراق اکراه داشت و هیچگاه یا < دستکم تا مقطع انشعاب فراکسیون کمونیسم کارگری که ما اطلاع دست اول داریم> رابطه مستقیمي با دولت عراق نداشت.)**

سه‌رچاوه: نامیلکه‌ی(درباره‌ء جهتگیری اخیر حزب کمونیست کارگری در زمینه رابطه به دولت ها- ئیرج ئازرین – ره‌زا مقه‌ده‌م- ل ٧ سپتامبری ١٩٩٨)}

به‌دوای رۆیشتنی فارسه‌کان **رابه‌رانی رێکخراوه‌ی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران** بوون به رابه‌ری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. کار و چالاکی هه‌ر حیزبێکی سیاسیی و زیندوو به‌گشتی و کۆمۆنیستی به تایبه‌تی وا له‌ناو شاره‌کان- له‌ناو کارخانه و شوێنه کرێکارییه‌کاندا، به‌ڵام کار و چالاکی رابه‌رانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بووه به وتووێژکردن و به‌س! با لێره‌دا تماشای وتووێژێکیان بکه‌ین له‌گه‌ڵ گۆڤاری کوردی **چاودێر** دا-

**گۆڤاری چاودێر:**

**لە مێژە ئەو رەخنە بەرەورووی ئێوە بۆتەوە و زۆر کەس لەسەر ئەو بروایەن کە باشتر وایە ئێوە ببن بە حزبی کۆمۆنیستی کوردستان و لە پاشکۆی حزبی کۆمۆنیستی ئێران بێنەدەرەوە. ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هێز و پوتانسیلەی کە ئێوە لە چوارچێوەی خۆتاندا هەتانە. ئایا ئەم بابەتە لە کۆنگرەدا کەوتە بەر باس و لێکۆڵینەوە؟ بەگشتی لەم بارەوە وەڵامتان چییە؟**

**وەڵام :**

**ئەمە رەخنە نیە، ئەمە بۆچوونێکی سیاسی دیاریکراوە. ئەو کەسانەی کە پرسیارەکە بەم شێوە دەهێننە گۆڕی، پێشداوەری و لێکدانەوەی تایبەتی خۆیان هەیە. کۆمەڵە پاشکۆی حزبی کۆمۆنیستی ئێران نیە، بەڵکو بەهێزترین کۆڵەکەی پاراستنی ئەو حزبەیە. واقعبینانەترین ستراتیژ بۆ کۆمەڵە وەکوو رێکخراوێکی کۆمۆنیستی ئەوەیە کە خۆی بە خەباتی سیاسی و چینایەتی کۆمەڵگایەکی گەورەترەوە گرێ بدات. کۆمەڵەیەک کە ستراتیژی دامەزراندنی کۆمەڵگای سوسیالیستی هەبێ، ناتوانێ خۆی لە چوارچێوەی بەرتەسکی کوردستانی ئێراندا قەتیس بکات، ناتوانێ بیر لە هاوسەنگی هێزی چینایەتی بۆ بونیاتنانی وەها کۆمەڵگایەک نەکاتەوە. ئەگەر ئاسۆی سۆسیالیسمی لە بەرانبەر خۆی داناوە ئەو جار ناتوانێ ئەو دەرگایەی کە بەرەو رووی ئەو ئاسۆیە کردوویەتەوە لە سەر خۆی دا بخات).**

گۆڤاری چاودێر- ژ-١٠٧ – ٢٠٠٦/٣/١٨

ئەو دوو خاڵەی خوارەوە لە وەڵامەکەی بەڕێز (ئیبراهیم عەلیزادە)ی رابەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وەک **کوردێک** لە گوندێکی پەنای (**سلێمانی**)یەوە سەرنج راکێشە.

* **کۆمەڵە پاشکۆی حزبی کۆمۆنیستی ئێران نیە، <u>بەڵکو بەهێزترین کۆڵەکەی پاراستنی ئەو حزبەیە</u>.**

* **ناتوانێ خۆی لە چوارچێوەی <u>بەرتەسکی کوردستانی ئێراندا قەتیس</u> بکات.**

کۆمەڵە بەهێزترین کۆڵەکەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە.
**<u>کۆڵەکەکانی دیکەی ئەو حیزبە کامانەن و کامەیە چالاکییەکانیان؟</u>**

کوردستانی ئێران بەرتەسک و بچکۆلەیە، <u>خۆیانی تێدا قەتیس ناکەن!</u>
**لەبری ئەوەی بەرەو ناوچە کرێکارییەکانی ئێرانە مەزنەکە بڕۆن بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم، روو دەکەنە کوردستانە <u>بچکۆلە و بەرتەسکترەکە</u>!!**

**با باسی بیۆگرافی کۆتایی بێت** و بڕۆینە سەر <u>دوو</u> هەڵوێستی ئەو حیزبە سەبارەت بە شمیاییبارانی هەڵەبجە و ناوچەکانی دیکەی کوردستان لە لایەن دەوڵەتی ئێراقەوە.






چاودێر 11 کوردستان سەراسەر
لە رۆژهەڵاتەوە
ئیبراهیم عەلیزادە:
# کۆمەڵە بەهێزترین کۆڵەکەی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانە
ئامادەکردنی: بەیان سنەیی
هاتنە دەرەوەی کۆمەڵە لە چوارچێوەی تێکۆشانی سەراسەری، تەنانەت لە بەرژەوەندی بزووتنەوەی رزگاری خوازانەی کوردستانیش، بۆ کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتی نیە
تیۆریەکانی بەرانبەری مارکسیسم، لیبرالیسم و نیولیبرالیسم ئەو هەموو فەلاکەت و مەرگەساتەیان لێ کەوتوتەوە، کە ئەمڕۆکە لە دونیا دا دەی بینین
سنە: دوو خوێندکار دادگایی دەکرێن

**<u>یەکەمین هەڵوێست</u>** : حیزبی کۆمۆنیستی ئێران سەبارەت بە بوومبارانی شیمیایی هەڵەبجە نووسراوەیەکی بەناوی **علیه جنگ ایران و عراق بپاخیزیم** نووسی. ئەوەی کە پێوەندی بەو باسەوە هەیە، بەو جۆرەیە:

{(اوج این جنایات جنگی در بمبارانی شیمیائی شهر حلبجه خود را نشان داد. این فجیع ترین و عریان ترین جنایات جنگی، کشتار غیره نظامیانی که هیچ دفاعی در مقابل این رشته جنایات ندارند. بمباران مردم تهران، بغداد، اصفهان، کرکوک و شهرهای متعدد دیگر نه فقط در برابر ابتدائی ترین احساسات بشری بلکه حتی در عرف دنیای سرمایه‌داری نیز محکوم است. جنگ هشت ساله ایران و عراق که مردمکشی و جنایات آن انزجار جهانیان را بر انگیخته است اکنون توسط جمهوری اسلامی ادامه داده میشود. این رژیم مسبب رسمی ادامه این جنگ ضد مردمی است که باطفره رفتن از پذیرفتن پایان جنگ توحش دولت مقابل خود را نیز رسما" دامن میدهد و پدید آمدن ضد بشری ترین مسابقات جنگی علیه مردم ستمدیده دو کشور را موجب میشود. جنایات جنگی دو طرف باید محکوم گردد و علاو بر آن بویژه محکومیت جمهوری اسلامی بعنوان مسبب رسمی ادامه یافتن جنگ ضد مردمی اعلام گردد).

**ئه‌و چه‌ند دێڕه به کوردی:**

(راده‌ی دڕنده‌یی ئه‌و جه‌نگه له بوومبارانی شیمیایی هه‌ڵه‌بجه‌دا ده‌رکه‌وت. ئه‌م جه‌نگه چه‌په‌ڵ و نگریسه که دانیشتوانی تاران- به‌غدا- ئه‌سفه‌هان - که‌رکوک و زۆر شاری دیکه کوشتار ده‌کات نه‌ک ته‌نیا له به‌رانبه‌ر هه‌ست و ئیحساساتی خه‌ڵکی، به‌ڵکو له جهانی سه‌رمایه‌داریشدا مه‌حکومه. جه‌نگی هه‌شت ساڵه‌ی ئێران و ئێراق که دڕنده‌ییه‌که‌ی خه‌ڵکی جهانی بێزار کردووه، ئێستا له لایه‌ن کۆماری ئیسلامییه‌وه درێژه ده‌درێت. ئه‌م رژیمه هۆکاری ره‌سمی درێژه‌دان به‌م جه‌نگه دژی خه‌ڵکییه که بووه‌ته هۆی دڕنده‌یی ئه‌و ده‌وڵه‌ته‌ی که وا له به‌رانبه‌ریدا، ده‌وڵه‌تی ئێران ئاگری ئه‌و جه‌نگه ده‌گه‌شێنێته‌وه. دڕنده‌ی هه‌ر دوو لایه‌نی جه‌نگه‌که ده‌بێت مه‌حکوم بێت و جگه له‌وه به‌تایبه‌تی، ده‌بێت کۆماری ئیسلامی وه‌ک هۆکاری درێژه‌ده‌ری ئه‌و جه‌نگه مه‌حکوم کرێت).

نشرییه کمونیست ارگانی رسمی حزب کمۆنیست ایران شماره ۳۸ - ۱۳٦۷= ۱۹۸۸).

له‌و نووسراوه‌دا نه‌نووسراوه هه‌ڵه‌بجه له لایه‌ن چ ده‌وڵه‌تێکه‌وه بوومبارانی شیمیایی کراوه و ....






کمونیست ۳۸ مرداد ۶۷

کمونیست ارگان مرکزی حزب کمونیست ایران صفحه ۲۷

علیه جنگ ایران و عراق بپاخیزیم!

سرنگون باد رژیم جمهوری اسلامی!

## دووهەمین هەڵوێست: وتووێژێکی رۆژنامەگەری

پاش شیمیاییباران کردنی کوردستان لە لایەن (دەوڵەتی ئێراق)ەوە، سەد ژورنالیستی جهانی روویان کردە کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە زیانەکانی ئەو بوومبارانانە.
دوو ژورنالیست کە یەکیان خەڵکی (ئیتالیا) و ئەوی دیکەیان خەڵکی (چین)بوو، دەڕۆنە بنکەی سەرکردایەتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و لەگەڵ یەکێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی ئەو حیزبە بەناوی(کورش مودەرسی) وەک نوێنەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ وتووێژکردن. ژورنالیستەکان سەبارەت بە بوومبارانی شیمیایی کوردستان لە لایەن دەوڵەتی ئێراقەوە پرسیاری لێدەکەن، لە وەڵامدا دەڵێت:
**{ئێمە، پێمان باشە سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی ئێران وتووێژ بکەین، بەڵام سەبارەت بەو پرسیارەتان، ئێمە نە بینیومانە و نە بیستوومانە دەوڵەتی ئێراق چەکی شیمیایی لە ناوچەکەدا بەکار بیات!}.**
ئەو وتووێژە لەگەڵ وێنەی خودی (کورش مودەرسی)، هەروەها وێنەی کچێکی پێشمەرگە بەناوی (ئامین کاکەباوە) لە گۆڤارێکی عەرەبی کووەیتی بەناوی گۆڤاری (ژنانی کووەیت) چاپکرا. تا ئەو جێگەی لەیادم بێت ناوە عەرەبییەکەی بەو جۆرە بوو(**المراة اليومى**).

ئەوە هەڵوێستی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو سەبارەت بە بوومبارانی شیمیایی هەڵەبجە و ناوچەکانی دیکەی کوردستان بەدەست دەوڵەتی ئێراق.







**لە پێناو ٢٧ ساڵەیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا**

**بیستوحەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم**
**بە نان و ئاوو جل و بەرگی خۆم**
**ئەمکردیتە کۆڵ لە جۆگە و چۆم**
**ماڵم بۆ کردی لە گوندەکەی خۆم**
**کەچی پێت کەم بوو، رابەر ئەو کارە**
**ئەدوت گرتنی تاران، لە بارە !**

**پێشمەرگە و خەڵکم بۆ ئارمانی تۆ**
**خستەرێ و ئەوان بردیان لەگەڵ خۆ**
**نووسراوە و کاسێت بۆ کرێکاران**
**بۆ کرێکاری، تەورێز و تاران**
**کەچی پێت کەم بوو، رابەر ئەو کارە**
**ئەدوت کۆنگرە – بێ کرێکارە!**

**هانیم لای خەڵکی پارە بە خەروار**
**رادیۆم بۆ دانان بۆ باس و تار**
**پێشمەرگەی کوردم کردە پاسەوان**
**بتانپارێزن بە رۆژ و شەوان**
**کەچی ئەدفەرموو، هەموو ئەوانە**
**ناسیۆنالیست و راستن، بزانە!**

**ڕۆیشتن هەموو، ئێمتان جێهێشت**
**تا ببنە ڕابەر، لە تاران و ڕەشت**
**بەسەر ئەوشدا، کە مایە پوچ بوون**
**خزمەتکار ئێوەین، بە ورد و درشت**
**بیستوحەوت ساڵیی تەمەن، بە تووڕێ**
**بەڵام بە مەرجێ دڵتان، نە تۆڕێ!**

**٢٠١٠/٩/٢٢**

**لە ژمارە– ٢٨٥ی گۆڤاری (پێشڕەو)– ئۆرگانی ڕێکخراوەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران – کۆمەڵە)**
بابەتێک چاپکراوە بەناوی:
**(حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پردێک لە نێوان بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و خەباتی ڕزگاری خوازانەی سەراسەری لە ئێران)**
سەرەتای نووسراوەکە بەو جۆرەیە:
٢٧ ساڵ لەمەوبەر لە وەها ڕۆژێکدا، کۆنگەرەی دامەزرێنەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کۆتایی بە کاری خۆی هێنا و مەجوودیەتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی ڕاگەیان.

***

بیستوحەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم
بە نان و ئاوو جل و بەرگی خۆم .
لە هۆنراوەکانی نەمر (فایەق بێکەس)ە.
ئەو وێنەیش لە خودی نووسراوەکەی پێشڕەو وەرگیراوە.





## هەڵەبجە و هەڵوێستی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

**با لە پێشدا ئاماژە بکەم بە کارێکی ناپەسەند و زیانبەخشی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، لە لاپەڕە ( ١٠ )ی ئەم کتێبەدا ئاماژە بەو دوو خاڵەی خوارەوە کراوە:**

**١** – ڕابەری ئێران **ئایەتوڵا خومەینی فتوای جهادی میللەتی کوردی ڕاگەیاند**.
**عەبدولحەسەن بەنیسەدر وەک سەرۆککۆماری ئێران** لە فەرمانێکدا کە بۆ هێزە سەربازییەکانی ئێرانی دەرکرت، کوتی: **تا سەرکوتکردنی دژی شۆڕش** ضد انقلاب **لە کوردستان هیچ کەسێک نابێت بەنی پۆتین و پۆستاڵەکانی بکاتەوە!**

**٢ – مەسعود ڕەجەوی** وەک ڕووناکبیرێکی سیاسیی چەند ساڵی تەمەنی لەپێناو ئازادی لە زیندانی شادا بردە سەر، پاش فتوای جهاد وەک ڕابەری ڕێکخراوەی موجاهیدینی خەڵکی ئێران نامەیەکی بۆ ئایەتوڵا خومەینی نووسی، لە نامەکەدا دەنووسێت: **ئیمامی خوشەویست تکایە ڕێکخراوەی موجاهیدین ڕەوانە بکەن بۆ کوردستان تا لەپێناو ئەمری ئێوە و سەرکوتکردنی ئاژاوەچیان بکەوێتە جەنگەوە. با هر جنگ افروزی در کردستان وارد جنگ شود.**

***

**با لێرەدا لەو چەن دێرە وەک دێکۆمێنت بڕوانین:**
**{(ڕوژی ١٣٦٠/٤/١ ئاغای بەنی صدر لە پۆستی سەرۆککۆمارییش دەرکرا. دوای ئەو ڕووداوە لە مانگی پوشپەڕی ١٣٦٠دا دەستەیەک لە موجاهیدین خۆیان بەیانده کوردستان و لە پەنای دەفتەر سیاسیی حیزبی دێموکرات جێگیر بوون. حیزب بە باوەشی گەرم و ئاواڵەوە ئەو موجاهیدانەی وەرگرت . هەموو ئیمکاناتی جێگاو ڕێگا و ژیان و حەوانەوە و چەک تەقەمەنیی بۆ دابین کردن و لە ڕاستی دا لە هەموو بارێکەوە وەک بەشێک لە حیزبی دێموکرات و نەک وەک پەنابەر و میوان چاوی لێ کردن. بە دوای ئەوەدا موجاهیدین داوایان کرد بەرنامەیەکی ڕادیۆیی لە دەزگاکانی (فرستندەی)ی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بڵاو بکەنەوە. حیزب بە دڵێکی فرەوانەوە لەگەڵ ئەو داوایەش ڕووی خۆشی نیشاندا و بەرنامە ڕادیۆیی موجاهیدین دەستی بە بڵاوبوونەوە کرد. )**

(سەرچاوە - نیو سەدە تێکۆشان – لاپەرە ٢٧١ – لە بڵاوکراوەکانی کومیسیونی چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران- نووسەر عبدالله حسن زادە. )}.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جگە لەو خزمەتانەی کە بە ڕێکخراوەی موجاهیدینی خەڵکی ئێرانی کرد، چووە ناو (**شورای میلی مقاومت ئێران**)ەوە، شورایەک کە (**مەسعود رەجوی**) بووە بە سەرۆکی و (**بەنیسەدر**)یش بە سەرۆککۆماری ئیران لەو شورادا و خودی حیزبیش ڕۆڵی قسەکەری ئەو شورای لە ئەستۆ گرتبوو، بەڵام ئاکامی ئەو خزمەتکارییانە لە بارەگای (**مەسعود رەجەوی و بەنیسەدر و ڕێکخراوەی موجاهیدین**) بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران پەشێمانی و پەنجەگەزتن بوو!

با کۆتایی بێنین بەو باسە و بروینە سەر هەڵوێستی حیزب سەبارەت بە بوومبارانی شیمیایی هەڵەبجە و ... کە بەو جۆرەیە:

**{( قال قاسملو:( عندما وجهت الی محطه الاراعه البریطانیه سوالا حول هذا الموضوع بدات بالقول اننی استتکر و ادین استخدام الاسلحه الکیمیاویه بشکل عام .... لکن اقول فی هذا التجاه، اننی الطلعت من خلال تقاریر مندوب الامم المتحده، الذی زار شمال العراق، بانه لم یثبت هناک ای اثر الاستخدام الاسلحه الکیماویه، و بما اننا قریبون من منطقه الاحداێ فاننا لم نلمس ای اێر لهذا الاستخدام) =**

قاسملو دەڵێت: هەرکە ئیزگەی رادیۆ بەریتانیا پرسیارەێکیان سەبارەت بەم بابەتە ئاراستە کردم، قسەکانم بەوە دەست پێکرد کە من بە شێوەی گشتی بەکار هێنانی چەکی شیمیایی مەحکوم دەکەم.... بەڵام لەبارەی مەسئەلەکەوە دەڵێم، لە میانەی چاوپیاخشاندنم بە راپۆرتەکانی نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان کە سەردانی باکوری ئێراقی کردووە، چ پاشماوەیەکی بەکار هێنانی چەکی شیمیاییم وەبەرچاو نەکەوتووە. بە حوکمی ئەوەی کە ئێمە لە ناوچەی ڕووداوەکاندا نزیکین گەر کارێکی وەها بقەومایە لێی ئاگادار دەبووین، کەچی پاشماوەیەکی وەها بەکارهێنانێکمان بەچاو نەبینیوە ... ناتوانم لە بارەی شتێکەوە بدوێم کە نەمدیبێ.).

سەرچاوە: (الحیاة الحیزبیەو السیاسیه فی کردستان - مونزیر الموسلی- چاپی یەکەم ساڵی١٩٩١ ل- ٣٣٣ مجله کل العرب پاریس، مانگی مەی ١٩٨٨

**تێبینی:** قاسملو: دوکتۆر عەبدورحمان قاسملوو رابەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو.







جهة أخرى إلى رأي الدكتور قاسملو، وهو القائد الكردي المرموق، بشأن الضجة التي قامت ضد العراق بذريعة استعمال الأسلحة الكيمياوية، في بعض أجزاء كوردستان.

قال قاسملو: «عندما وجهت إليّ محطة الإذاعة البريطانية سؤالاً حول هذا الموضوع بدأت بالقول إنني استنكر وأدين استخدام الأسلحة الكيمياوية بشكل عام... لكن أقول في هذا الاتجاه، انني اطلعت من خلال تقارير مندوب الأمم المتحدة، الذي زار شمال العراق، بأنه لم يثبت هناك أي أثر لاستخدام الأسلحة الكيمياوية، وبما أننا قريبون من منطقة الأحداث، فإننا لم نلمس أي أثر لهذا الاستخدام».

وتابع يقول:

«لا استطيع أن اتحدث عن شيء لم أره.. لكن منتجي الإذاعة قطع العبارة على طريقتهم على شكل «لا تقربوا» الصلاة من دون إتمام الآية. وفي مختلف التصريحات التي أدليت بها في باريز، لم يرد على لساني غير ما قلته الآن».

ما يتعلق بتوريد الأسلحة الأميركية لإيران والتعاون الأميركي - الإيراني... قال قاسملو:

«هذا التعاون موجود فعلاً.. الأكاذيب كلها تمرر في هذه الحملة المدبرة.. ضد العراق.. وانت تعرف العالم الغربي، التي يسلك سياسة خاصة به، لا يمكنها أن ترى النور إلا عن خلال المصالح الصهيونية، التي تسيطر على أكثر القنوات الإعلامية الموزعة في أوروبا وأميركا».

## رأيه في الحرب

وأجاب عن سؤال، بصدد تعاون بعض الأكراد العراقيين مع إيران في الحرب، قال:

٦٣

**هەڵوێستی مرۆڤدۆستانە یا بۆ داگیرکەر پاکانە؟!**

سەبارەت بە بوومبارانی شیمیایی هەڵەبجە و پرۆسەی ئەنفال لە لایەن دەوڵەتی ئێراقەوە، هەندێ کورد لە ماسمێدیای کوردی وەک چاپەمەنی و رادیۆکاندا بەو جۆرە هەڵوێستیان گرتووە: **رژیمی بەعس رژیمێکی فاشیست و دیکتاتۆرە – سەدام درندەیەکی خوێنرێژە – عەلی حەسەن مەجید جەلادە و..... ! بەڵام تا پارتی بەرەو حاجیهۆمەران پێش لەشکری ئێران نەکەوت بەعس بارزانییەکانی قوشتەپەی ئەنفال نەکرد. تا یەکێتی پاستارانی ئێرانی نەبردە هەڵەبجە رژیم هەڵەبجەی شیمیابیباران نەکرد).**
دەسەڵاتدارانی ئێراق لەو دەورانەدا کە ئەو تاوانانەیان ئەنجامدەدا، هیچ بۆیان گرنگ نەبوو کە وشەی گرانتر و چەپەڵتر لە وشەکانی **دیکتاتۆر-فاشیست – درندە و خوێنرێژیان** بۆ بەکار ببرێت، بەڵام بە مەرجێک لایەنێکی دیکە بکرێت بە هۆکاری ئەو تاوانانە بەگشتی و ئەگەریش رێکخراوەکانی کوردستان تاوانبار بکرێن بەتایبەتی ئەوە لە باری سیاسییەوە لە بەرژەوەندی ئێراقدا دەبێت!
با لە کاردانەوەی ئەو هەڵوێستانە بکۆڵینەوە. لەگەڵ ئەوەدا کە بەڵگەی پێویست بۆ ئەو هەڵوێستانە <u>بە دەستەوە هەیە</u> کە لەم چەند لاپەڕەدا ئاماژە بە خودی ئەو کەسانە و هەڵوێستەکانیان بکرێت، بەڵام ئەو کارە زۆر پێویست نییە، بەڵکو خودی ناوەرۆکی ئەو هەڵوێستانە پێویستە و جێی بیرکردنەوە و تێرامانە!
ئەگەر رابەرانی ئێراق بە تاوانی کوشتنی بارزانییەکانی قوشتەپە و شیمیابیبارانی هەڵەبجە برانە دادگا بۆ لێپرسینەوە، تیئۆری ئەو کەسانە باشترین بەڵگە نییە بۆ بێتاوانی رابەرانی ئێراق؟ ئایا ئەو کەسانە کە بەو جۆرە بیر دەکەنەوە، نابێت لەو رۆژەدا لە دادگا ئامادە بن و تیئۆرییەکانی خۆیان بەکردەوە بخەنە روو؟!
بۆ ئەوەی بزانین ئەو بۆچوونە ناڕوا و نادروستە یا بەجێیە با تماشای ئەو دوو دیکۆمێنتە بکەین:






**بەڵگەنامەی ژمارە <u>14</u>**

**بەناوی خوا،**

**سەرۆک کۆمار موهیب روکن صدام حوسین ی بەرێز خوا بیپارێزێ!**
**سڵاوێکتان ئاراستە دەکەم سڵاوی هاورێیانەی خەباتکارانەی خۆمتان وەک هاوڵاتییەکی بە ئەمەک پێشکەش دەکەم، بەناوی عەداڵەتی بەعسییەکانەوە لێتان دەپاڕێمەوە داخوزییەکەم بۆ جێبەجێ بکەن کە شەو و رۆژی لێم تاڵ کردووە و تووشی گیروگرفتی بێهودەی کردووم.**
**کاتێکیش کە هیچ کەسم لە ئێوە زیاتر شک نەبرد پەنای بۆ بەرم، گیروگرفتەکەم خستە بەرچاوی بەرێزتان بەشکو ئەمە خوایە چاوێکی بەزەیی پیدا بخشێنن.**
**گەورەم . من کە لەخوارەوە ئیمزام کردووە (عاصی مصطفی احمد ) لە ١٩٩٠/٨/٢٤دا لە ئەسیری گەڕامەوە، سەربازێکی ئیحتیاتم لە دایکبووی١٩٥٥ لە ناوچەی شوش دا بەشداریم لە شەڕگەی قادسییەی صدامی سەرکەوتوو کرد و لە١٩٨٢/٢/٢٧دا بەدیل گیرام و تا رۆژی دەرچوونی بڕیاری گۆڕینەوەی دیلەکان من هەر دیل بووم.**
**پاشان گەڕامەوە خاکی نیشتمان و خۆڵی ئەم نیشتمانە خۆشەویستەم ماچ کرد و لە بەردەم وێنەی سەرۆکی فەرماندەی سەرکەوتوو صدام حوسین دا کڕنۆشم برد. دڵیشم پڕ بوو لە پەرۆشی بۆ گەیشتنەوە بەخێزانەکەم تا چاویان بە من شادبێتەوە، منیش بە بینینیان بکەومە خۆشییەکی بێ وێنەوە.**
**بەڵام بەداخ و کەسەرەوە چووم بەسەر خانووی خاڵی و داروخاودا، نە ژنەکەم و نە منداڵەکانم نەبینییەوە، ئای لەم کارساتە ترسناکە. پێیان وتم: گشت خێزانەکەت کەوتوونەتە دەست هێزەکانی ئەنفالەوە.**
**ئێستا هیچ لە بارەی چارەنووسیانەوە نازانم. لە بەر ئەوە ئەم سکاڵایەم هێناوەتە لای بەرێزتان و تکام وایە بفەرمون سۆزێکتان بۆم بجووڵێ و لە بارەی چارەنووسیانەوە ئاگادارم بکەنەوە. خوا سەرکەوتووتان بکا و بتانپارێزێ و سپاس و رێزی زۆرم بۆتان.**

خاوەنی سکاڵانامە، گەڕاوە لە دیلییەتی،
بێخانەولانە لە سلێمانی، سەربازی ئیحتیات.
عاصی مصطفی احمد٤/١٠/١٩٩٠

سەرچاوە کتێبی تونی مەرگ لاپەڕە ٣٥ زیاد عەبدورەحمان.



**بسم الله الرحمن الرحيم**

**الجمهورية العراقية- ديوان الرئاسة**
**العدد/ ش. ع / ب / ۴/ ۶۵ ۱۱۵**
**التاريخ ۶/ ربيع الثانى / ۱۴۱۱ –**
**۱۹۹۰/۱۰/۲۹م**

**السيد عاصي مصطفى احمد**
**محافظة السليمانة/ قضاء چمچمال**
**محلة بينةر/ مسجد حجي ابراهيم**
**طلبک في ۱۹۹۰/۱۰/۴ م**
**أن زوجتک و اولادک فقدوا أثناء عمليات الانفال التي جرت في المنطقة الشمالية عام ۱۹۸۸ –**
**مع التقدير – سعدون علوان مصلح**
**ع/ رئيس ديوان الرئاسة**

سەرچاوە کتێبی: تونی مەرگ ل- ٣٦ زیاد عەبدورەحمان





**بەڵگەنامەی ژمارە** <u>15</u>

**بەناوی خوا**

**کۆماری عێراق**

**دیوانی سەرۆکایەتی**
**ژمارە /ش.ع/ب/ع/ ۱۱۵۶۵**
**بروار ۱۰/ رەبیعی دووەم / ۱۴۱۱ ک**
**۱۹۹۰ /۱۰/۲۹ ز**
**بەڕێز عاصی مصطفی احمد پارێزگای سلێمانی/ قەزای چەمچەماڵ**
**گەڕەکی بێکەس/ مزگەوتی حاجی برایم**
**داخوازییەکەت لە‹ ۱۹۹۰/۱۰/۴ ز› ژنەکەت و منداڵەکانت**
**لە کاتی کردەکانی ئەنفالدا بێ سەروشوێن بوونە کە**
**لە ناوچەی باکوردا لە ساڵی ۱۹۸۸ جێبەجێ کراون.**
**ئیمزا – سعدون علوان مصلح**
**لە جێگەی / سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی).**

***

<u>خوێنەری سەروەر</u> با لێرەدا ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایا **عاسی مستەفا ئەحمەد** و ژن و منداڵەکانی(**عاسی مستەفا ئەحمەد**)یش پێش لەشکری ئێران کەوتوون بۆ حاجیهۆمەران و هەڵەبجە، کە دەسەڵاتدارانی ئێراق بەو جۆرەیان بەسەر هێناون؟

تۆ بڵێی، لەو رۆژەدا کە لە گوندەکەی(**عاسی مستەفا ئەحمەد**)ی دیلدا پرۆسەی ئەنفال ئەنجامدراوە، ژن و منداڵەکانی بەگریان و شیوەنەوە خۆیان نەخستبێت بەسەر پۆتین و پۆستاڵی فەرماندە ئەنفالچییەکانی ئێراقدا و بەسەرهاتی مێرد و باوکیان کە بەخاتری ئێراق و دەوڵەتی ئێراق لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە دیل کراوە و لە زیندانی ئێراندا ژیان بەسەر دەبات، باس نەکردبێت؟

هەموومان دەتوانین بڵێین باسیان کردووە، بەڵام ئەو وەڵامەیان داونەتەوە:
**بێچووی گورگ، هەر گورگە و دەبێت لەناو ببرێن!**

### بۆچ پارتی و یەکێتی و حیزبەکانی دیکە چوون بەلای دەوڵەتی ئێران دا ؟

بۆ روون بوونەوەی ئەو باسە پێویستە بۆ سەرەتای دورست بوونی دەوڵەتی ئێراق بگەڕێنەوە. شۆڕشەکانی سەردەمی شێخ مەحمود و ڕاگەیاندنی **حکومەتی کوردستانی جنوبی** لە پێناو ئازادی و مافی ئینسانیدا بوو! بیروبۆچۆنی نا دیمۆکراتییانەی سیستمی پادشای ئێراق و سیاسەتی دژە کوردی دەوڵەتانی جهان رەنج و تێکۆشانی کوردی بە ناکام هێشتەوە.
لە دەورانی کۆماریشدا میللەتی کورد لەو بەشەی کوردستان هەر لە چالاکیدا بووە، رابەرانی شۆڕشی کوردستان تەنانەت ئامادە بوون لە چوارچێوەی ئێراقدا بە شێوەی خودموختاری بژین، بەڵام هەمان سیاسەتی نادیمۆکراتییانەی دەوڵەتی ئێراق و هەڵوێستی دەوڵەتە گەورەکانی جهان ڕێگای لە پرۆسەی ئاشتی خوازانەی کورد بەست.
یەکێک لە هۆکارەکانی جەنگی هەشت ساڵەی ئێران - ئێراق کاردانەوەی سیاسیی کوردستان بوو، باشترین بەڵگە هەمان قسەکانی (سەدام حسین)ە کە لە کاتی دڕاندنی پەیماننامەکەی ئەلجەزائیر لە ساڵی ١٩٧٩ لە تەلەڤیزیۆنی بەغداوە کوتی:

**ئێمە ئەو ئیمتیازانەمان بۆ ئەوە بە ئێران دابوو تا ئاژاوەی شمال لەناو ببەین.**

نابێت ئەوەیش فەرامۆش بکەین کە لە هەڵگرساندنی جەنگی هەشت ساڵەدا دەوڵەتی ئێران بە دورشمی:

**راه قدس از کربلا میگذرد = ڕێگای قودس بە کەربەلادا تێپەڕ دەبێت!**

دەوری خۆی لە بەرپاکردنی ئەو جەنگەدا دەگێڕا! ئەو جەنگە زیاتر لە یەک ملیۆن کوژراو و بریندار بۆ هەر دوولا بە دیاری هێنا، هەروەها ئابووری ئێراق و ئێرانی وێرانکرد. دەوڵەتی ئێراق بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو جەنگە پوڵ و پارەیەکی زۆری لە دەوڵەتانی کووەیت، عەرەبستان، فەرانسە و..... قەرز کردبوو. داگیرکردنی کووەیت لە پاش تەواو بوون جەنگی ئێران و ئێراق لە لایەن دەوڵەتی ئێراقەوە بۆ زیندوو کردنەوەی ئابوورییە تێکشکاوەکەی





ئێراق بوو! باشترین بەڵگە بۆ ئەو باسە وتارە سیاسییەکەی دەوڵەتی ئێراقە لە تەلەفیزیۆنی ئێراقەوە روو بە دەوڵەتی کووەیت کە بەو جۆرە دەڵێت:
**دەبێت دەوڵەتی کووەیت چاوپۆشی بکات لە قەرزەکانی، جگە لەوەیش دەبێت یارمەتی ئێراق بکات بۆ زیندوو کردنەوەی ئابووری ئێراق**!

ئەو وتارە سیاسییە چەند رۆژ پێش داگیرکردنی کووەیت لە تەلەڤیزیۆنی بەغداوە روو بە دەوڵەتی کووەیت خوێندرایەوە. ئەگەر دەوڵەتی ئێراق بڕوای بە مافی میللەتی کورد بووایێت و ڕێکەوتنامەکانی نێوان شۆڕشی کوردستان و دەوڵەتی ئێراقی پیادە بکردایێت، جەنگی **ئێراق- ئێران** بۆچ لە لایەن ئێراقەوە رووی دەدا؟ ئەگەریش ئێران لە ڕێگای **کەربەلاوە** بەرەو **قودس** بڕۆیشتایەت، مەیدانی جەنگەکە جێگەیەکی دیکە دەبوو، ئەو حیزبانەیش لە بەرانبەر هێرشی ئێراندا ناچار دەبوون بەرگری لە شار و گوندەکانی خۆیان بکەن.

**کارنامە و سیاسەتی راستەقینەی دەوڵەتی ئێراق لە بەرانبەر کورد و شۆڕشی کوردستان دا ئەوەیە، نەک ئەوەی کە ئەو کەسانە بۆیان نووسیوە!**

## پرۆسەی چەککردنی دەوڵەتی ئێراق لە چەکی کۆکوژی

پاش بوومبارانی شیمیایی هەڵەبجە و نارەزایی جهانی سەبارەت بەو تاوانەی دەوڵەتی ئێراق، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان بەپێی گەلاڵەیەک کە لە لایەن دەوڵەتانی ئاڵمانی فیدراڵ، ئیتالیا و یابانەوە سەبارەت بەو بوومبارانە ئامادە کرابوو لە رۆژی ٩ی مانگی مەی ١٩٨٨ و لە کۆبوونەوەی ٢٨١٢دا بڕیارنامەی ژمارە ٦١٢ی خۆی پەسەند کرد، بەڵام بێئەوەی ئاماژەیەک بەناوی ئێراق بکات.

سەرچاوە: خبرگزاری کتاب

سیاسەتی بەکاربردنی چەکی شیمیایی لە لایەن دەوڵەتی ئێراقەوە لە جهاندا بە شێوەیەکی بەربڵاو دەنگی دایەوە، پاشان ئەو بەرنامە هاتە ئاراوە دەبێت ئێراق چەکی کۆکوژی واتە چەکە شیمیایی و میکرۆبییەکانی لەناو ببات. ئەم بەرنامە پاش وەدەرنانی ئێراق لە کووەیت وەک بەرنامەیەکی تایبەت بۆ ئێراق دیاریکرا. لە سەرەتای ئەم بەرنامەدا دەوڵەتی ئێراق سەرپێچی دەکرد و ئامادەی هاوکاریکردن نەبوو.

لە بەرانبەر ئەو سیاسەتەی دەوڵەتی ئێراقدا سیاسەتی ئابلۆقەی ئابووری چڕتر و توندتر کرایەوە و زەختی زیاتر خرایە سەر ئێراق، لە درێژەی ئەم بەرنامەدا دەوڵەتی ئێراق بەناچار ڕێگای بە دەستەی پشکێنەران دا بۆ چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی شوێن و کۆگای چەکە شیمیایی و میکرۆبییەکانی، لەو شوێنانە ماتریاڵ و کەرەسەی دورستکردنی چەکی شیمیایی هێنرانە دەرەوە و سووتێنران.

دەوڵەتی ئێراق ئەوندەی ڕێدەستی ببوایێت گیروگرفتی دەخستە لە سەر ڕێگای تیم و دەستە پشکێنەرەکان، لە درێژەی ئەم سیاسەتەدا لە ساڵی ١٩٩٨دا دەستەی پشکێنەرانی لە ئیراق دەرکرد، پاشان (لە ساڵی ٢٠٠٠ و٢٠٠٢دا (Hans Blix هانس بلیکس)ی سویدی لە لایەن سەرۆکی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە-وەک سەرۆکی کۆمیسۆنی ڕێکخراوەی





نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پشکنین و چاودێریکردن سەبارەت بە چەکی شیمیایی و میکرۆبی ئێراق دیاریکرا. هانس بلیکس لە گوزارشەکانی خۆیدا لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە دەوڵەتی ئێراق تێکڕای چەکە شیمیایی و میکرۆبیەکانی لە ساڵەکانی١٩٩٠دا لەناو بردووە.)

کتێبی:(خلع سلاح عراق- نووسەر هانس بلیکس- وەرگێر نیلوفر امجد علی

**دەوڵەتی ئێراق هەموو چەکە شیمیایی و میکرۆبییەکانی لەناو بردووە؟!**

بەهۆی ئەوەی کاری دەستەی پشکێنەران و گوزارشەکەی هانس بلیکس سەبارەت بە لەناوبردنی ئەو چەکانە لە لایەن دەوڵەتی ئێراقەوە کارێکی تایبەتییە و کەسانی شارەزا دەتوانن بڕۆنە ناو ئەو باسەوە و منیش لەو رادەدا نەبووم و نیم، ناتوانم بڕۆمە ناو کاری ئەو (کەسانە و گوزارشەکەی هانس بلیکس)یشەوە.

بەڵام بەپێی کارنامە و ژیاننامەی سیاسیی دەوڵەتی ئێراق بە بەڵگەوە دەکرێت بڕۆینە ناو ئەو کارەوە و بڵێین دەوڵەتی ئێراق لەو پرۆسەیشدا لەگەڵ خەڵکی جهان، لەگەڵ دەستە و تیمە پشکێنەرەکان لەگەڵ هانس بلیکس و ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکانیشدا **درۆی کردووە !**

باشترین بەڵگە بۆ دۆرکەی دەوڵەتی ئێراق: **لەو ماوەدا کە دەوڵەتی ئێراق لە کووەیتدا بوو، پێش ئەوەی جەنگەکە رووبدات ١٤٧ فڕۆکەی بە نهێنی رەوانە کرد بۆ ئێران.**

هەر ئەوە باشترین بەڵگەیە کە دەوڵەتی ئێراق هەموو چەکە کۆکوژییەکانی نەخستوەتە بەر دەست تیمە پشکێنەرەکان!

بە هیوای ئەو رۆژە **ڕێکخراوەی راستەقینەی نەتەوەیەکگرتووەکان** ببێت بە جێنشینی **ڕێکخراوەی دەوڵەتە یەکگرتووەکان** و لە رۆژەدا نەک تەنیا چەکی کۆکوژی، بەڵکو چەکی **تاککوژیش** لە جهاندا نەمێنێت!

# پڕۆسەی گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسیی ئێراق





## پڕۆسەی گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسیی ئێراق

رۆژی١٧ی مانگی مارشی٢٠٠٣ رادیۆ **پژواک** رادیۆیی فارسی دەوڵـەتی سـوید ئەو هەواڵەی خوارەوەی بڵاو کردەوە:

{(‹بشـار اسـد› رئـیس جمهـور سـوریه روز گذشـته بصـورت ناگهـانی وارد تهران شد و بعد از دیدار با مقامات بلند پایـه جمهـوری اسـلامی بـه دمشـق بازگشت. ‹محمد خاتمی› و بشار اسد **هر دو ضمن تاکید بر حمایت از تمامیت ارضی عراق، اظهار داشتند: (که سرنوشت این کشور باید توسط مردم آن، از گروها و اقوام مختلف تعین شود.** اضافه کنم که جمهوری اسلامی و سوریه روابط نزدیکتری دارنـد و سوریه تنها کشور عربی بود که در جنگ ایران و عـراق از ایـران حمایـت کرد.).

(دوێنێ ‹بەشار ئەسەد› سەرۆککۆماری سورییه لـه ناكـاو گـەیشـته تـاران و پاش دیدار لەگەڵ بەرپرسە پایە بەرزەکانی کۆماری ئیسـلامی گـەڕایـەوە بـۆ دمشـق. ‹محـەممـەد خاتـەمـی› و بـەشـار ئـەسـەد **لـەگـەڵ ئەوەدا کە پێیان لـەسـەر یەکپارچەیی خاکی ئێراق دادەگرت، کوتیان: (چارەنووسی ئەو وڵاتە دەبێت لە لایەن خەڵکی ئەو وڵاتە بە تیرە و تایفە و قەومە جیاوازەکانییەوە دیاری بکرێت.** کۆمـاری ئیسـلامی و سورییە پێوەندییەکی باشتریان هەیە و سورییە تاکە وڵاتێکی عـەرەبی بـوو کە لە جەنگی ئێران و ئێراقدا پشتیوانی لە ئێران دەکرت.)}.

### هێرشی ئەمریکا و بەریتانا بۆ ئێراق

رۆژی پێنچشـەممـە ٢٠ی مارشـی٢٠٠٣ ماسـمیدیای جهـانی وەک رۆژنامـە، رادیۆ، تەلەڤیزیۆن و ئەنترنێت ئەو هەواڵەیان بڵاو کردەوە:

(**دوێنی دەوڵەتانی ئەمریکا و بەریتانیا بە هێزی سەربازی هێرشیان کردە سەر ئێراق).**

لەو هێرشەدا نەک تەنیا یەکپارچەی ئێراق، بەڵکو تێکڕای دەسەڵاتی عەرەبی و ئیسـلامی کـە ئێـران و سـورییەیـش بـەشـێکی ئـەو سیسـتمەن کـەوتـە ژێـر پرسیارەوە، بەڵام جەنابی خاتەمی و ئەسەدیش نەیانتوانی فزە بکەن. دیـارە مـەبـەسـتی ئـەو رابـەرە مـەزنانـەی ئێران و سـورییە لـە یـەکپارچـەی ئێـراق

هەڕەشە کردنە لە گەلی کورد و بەس. ئەم سەرۆککۆمارانە لە ڕۆژێکدا ئەو هەڵوێستە دەگرن کە بەشێکی خاکی سورییە واتە کێوەکانی گۆلان- جۆلان وا لەژێر دەسەڵاتی ئیسرائیلدا، هەروەها لە کاتێکدا ئەو هەڵوێستە دەگرن کە ٣٩%ی دەریای خەزەر بەحری قزوین لەژێر دەسەڵاتی ئێراندا نەماوە! لە دەورانی سۆڤییەتی پێشوو اتحاد جماهیری شوروی دا ٥٠%ی ئەو دەریا لەژێر دەسەڵاتی سۆڤییەت و ٥٠%ی لەژێر دەسەڵاتی ئێراندا بوو، بەڵام ئێستا ١١%ی لەژێر دەسەڵاتی ئێراندا ماوە. بۆ ئەو ڕابەرە مەزنانە ناتوانن باسی سەروەری ئێران و سورییە بکەن؟

**ڕمانی دەوڵەتی ئێراق**

ئەو لەشکروسپا مەزنەی ئێراق کە لە کوردستاندا بەو پەڕی دڵڕەقییەوە کەتبوونە گیانی میللەتی کورد و هەمە چەشنە چەکێکی وەک تفەنگی جواراوجۆر- تانگ- تۆپ- بوومی ناپاڵم- بوومی فسفۆری و شیمیاییان بەکار دەبرد، مانگێک خۆیان بۆ ڕانەگیرا و بەغدای پایتەختی ئێراقیان بەدەستەوەدا. ڕۆژی ٩/٤/ ٢٠٠٣ هێزەکانی ئەمریکا دەستیانگرت بەسەر شاری بەغدا دا. با سەرنجی ئەو چەند دێڕە بدەین

Iraks FN – ambassadör inatt: Spelet är slut, jag hoppas att freden blir långvarig. Striden om Bagdad tycks vara avgjord. Amerikanska pansartrupper kunde igår eftermiddag tränga in i centrala Bagdad utan att avlossa ett enda skott. Det irakiska försvaret verkade ha kollapsat helt. Av regeringen och säkerhetsstyrkorna syntes inte ett spår och allt tydde på att Saddam Husseins regim i praktiken fallet.

**ئەمشەو باڵوێزی ئێراق لە نەتەوەیەکگرتووەکان FN (UN)کوتی:**
**بەرنامەکە**(یارییەکە) **کۆتای پێهات، هیوادارم ئاشتی و ئاسایش درێژخایەن بێت. وا دیارە جەنگی بەغدا بە ئەنجام گەیشتبێت. پاشنیوەڕۆی دوێنێ تانگەکانی ئەمریکا بێئەوەی ڕووبەڕووی بەرگریکردنێک بینەوە گەیشتنە ناو شاری بەغدا و هێزەکانی ئێراق تێکشکان. شوێنەوارێک لە دەوڵەتی سەدام بەرچاو ناکەوێت و لەناو چوون!**

ڕۆژنامەی Metro ٢٠٠٣/٤/١٠





ڕۆژی ٢٠٠٣/٤/٩ پەیکەرە شەش میترییەکەی سەدام لە بەغدا هێنرایە خوارەوە. بەپێی ئەو وێنانەی کە لە ڕۆژنامەکاندا چاپکرا، هەروەها ئەو گوزارشانەی کە لە تەلەڤیزیۆنەکان لە کاتی هێنانە خوارەوەی پەیکەری سەدامدا بڵاو کرانەوە، نزیکەی دووسەد کەسێک لە خەڵک بەرچاو دەکەوت. هەبوونی خەڵکێکی کەم لەو ڕۆژەدا خۆی نیشانەی ناڕەزایی دەربڕینی ناڕاستەوخۆ بوو بەرانبەر سیاسەتی ئەمریکا و بەریتانیا. ڕەنگدانەوەی ئەو ناڕەزاییە زۆر زوو کەوتە ڕوو. پاش ڕمانی دەوڵەتی ئێراق بەرەبەرە لە شارەکانی تکریت- فەلوجە- بەغدا- بەسرە- کەربەلا، نەجەف و.... خۆپیشاندان و جەنگی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا و بەریتانیا هاتە ئاراوە، هەروەها کاری خۆتەقاندنەوە لە شوێنە گشتییەکاندا بوو بە بەرنامەی ڕۆژانە، بۆ نموونە:



ڕۆژنامەی Metro ٢٠٠٣/٤/١٠

**(**ڕۆژی ٢٠٠٣/٨/١٩ ناوەندی ڕێکخراوەی**UN** لە شاری بەغدا بە ماشینێکی پڕ لە بووم تەقێنرایەوە، لەو ڕووداوەدا ١٥ کەس کوژران، جێگری سەرۆکی ڕێکخراوەی **UN**یش بەناوی Sergio Vieira de Mello لەناو کوژراوەکاندا بوو.**)**

ڕۆژنامەی Metro ٢٠٠٣/٨/٢٠

پلانی خۆتەقاندنەوە لەناو خەڵک، ڕفاندنی ڕۆژنامەوان و کەسانی بێگانە و سەربڕینیان لە بەرانبەر کامێرا و پیشاندانی فیلمەکانیان لە کاناڵی تەلەڤزیۆنی عەرەبی و جهانییەوە بوو بە بەرنامەی ڕۆژانە.




سەربڕینی کەسێک بەناوی Kim Sun خەڵکی **کۆریای خواروو** لە لایەن گروپێکی ئیسلامییەوە. ٢٠٠٤/٦/٢٣ ڕۆژنامەی Afton bladet

ڕفاندن و بە بارمتەگرتنی خەڵک و گۆڕینەوەیان بە پوڵێکی زۆر هاتە ئاراوە، ئەم کارانە بوو بە سەردێڕی هەواڵ لە رادیۆ- تەلەڤیزیۆن- ڕۆژنامە و سایتی ئینترنێتیدا. ماسمیدیای عەرەبی و ئیسلامی لە پەخشی هەواڵی ئەو جۆرە کارانەدا دەوری تایبەتییان دەگێڕا.

لە پڕۆسەی جەنگ و خۆتەقاندنەوەدا خەڵکێکی زۆر هەم بە دەست هێزەکانی ئەمریکا و بەریتانیا، هەم لە خۆتەقاندنەوەکاندا دەکوژران و بریندار دەبوون، هەروەها زۆریش گیران ڕەوانەی بەندیخانەکان بەتایبەت بەندیخانەی ئەبووغرێب کران. ئەمریکاییەکان کە بەرپرسی بەندیخانەی ئەبووغرێب بوون بە شێوەیەکی بەد و نامرۆڤانە لەگەڵ بەندییەکاندا دەجوڵانەوە، جگە لە ئەشکەنجەی بەدەنی دەسدرێژییان دەکردە سەر کەسایەتی بەندییەکان و سوکایەتییان پێکردن.

ئەو کارانە وەک دیکۆمێنت کەوتە دەس ژۆرنالیستەکان و ماوەیەکی دوور و درێژ لە ماسمیدیای جهانی بەگشتی و ماسمیدیای ئیسلامی- عەرەبی و فارسی بەتایبەتی، پەخشکرانەوە و ناڕەزایەتی زۆری لێبەرپا بوو.





**بەندیخانەی ئەبووغرێب**

دیارە نابێت ئەوە فرامۆش کرێت کە زیندانی ئەبووغرێب لە حکومەتی پێشووی ئێراقدا و بەتایبەتی لە دەورانی دەسەڵاتداری سەدامدا زیندانێکی سامناک و پڕمەترسی بوو بۆ خەڵک بەگشتی و بۆ کورد بەتایبەتی! لەو زیندانەدا **نەک تەنیا بەندییەکان ئەشکەنجە دەدران و سوکایەتییان پێدەکرا، بەڵکو بێسەروشێونیش دەکران!** بەرنامەی کاربەدەستانی زیندان یا باشتر بڵێین سیاسەتی دەوڵەتی ئێراق سەبارەت بە بێسەروشوێن کردنی زیندانییەکانی ئەو زیندانە بەو جۆرە داڕێژرا بوو، لەو بارەوە هیچیان بە خزم و کەسی زیندانییەکان ڕانەدەگەیان، ئەوانیش بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ چاوەڕوانی گەڕانەوەی زیندانییەکان وەک باوک- دایک- خوشک- برا- هاوسەر- کوڕ و کچی خۆیان دەبوون. **دەوڵەتی ئێراق بەو کارانە دایک و باوک، ژن و مناڵ، خزم و کەسی زیندانیەیەکانیشی ئەشکەنجە دەکرد!**

جێگەی سەرسوڕمانە ماسمیدیای جهانی- ماسمیدیای ئیسلامی- ئێراقی- عەرەبی و فارسی لەو دەورانەدا باسێکیان لەو زیندانە نەدەکرد و پەردەیەکی وەهایان بەسەردا کێشا بوو کەس نەیدەزانی زیندانێکی وەها لە ئێراقدا هەیە و زیندانییەکانیشی بەو جۆرە لەناو دەبرێن، بەڵام ئەم ئەبووغرێبەی پاش نەمانی سەدام بۆچ بەو جۆرە دەنگی داوەتەوە و بووە بە سەردێڕی دەنگوباسی تەلەڤیزیۆن- ڕادیۆ- ڕۆژنامە و ئەنترنێت؟!

ئەوەی کە ئەم دەورانە نوێیەی بەندیخانەکە ئاشکرا کرا نەک جێگەی ڕەخنە نییە، بەڵکو پێویستە وەک کارێکی ئینسانی باسی بکرێت!

بەڵام ئەوەی کە باسی پێشووی ئەو زیندانە نەکراوە، ئەوە نیشانەی دووبەل مۆراڵی دەوڵەتەکان و ماسمیدیای "ئازاد و پوبلیک سرویسە" کە نان بەنرخی ڕۆژ دەخۆن و بەس!

## رۆڵی کورد لە دەسگیرکردنی رابەرانی دەوڵەتی پێشووی ئێراق دا

دەوڵەتانی ئەمریکا و بەریتانیا پاش تێکشکاندنی هێزەکانی دەوڵەتی ئێراق، دەسبەکار بوون بۆ دەسگیرکردنی٥٢ کەس لە رابەرانی دەوڵەتی پێشووی ئێراق کە ناوەکانیان بەپێی لیستێک دیاریکرابوو.
رۆژی ٢٠٠٣/٨/٢٠ رۆژنامەی مترۆی سویدی ئەو هەواڵەی بڵاو کردەوە:

**جێگری سەرۆککۆماری پێشووی ئێراق دەسگیرکرا.**


Irak Före detta vicepresidenten i Irak, Yaha Yassin Ramadan, har gripits. Enligt kurdiska representanter togs Ramadan till fånga i Mosul.
Den kurdiska gruppen PUK uppgav i går att Ramadan, som är nummer 20 på USA:s lista över efterlysta irakier, greps av kurdiska styrkor. Ramadan uppges nu ha förts till Sulaymaniyya. (TT-DPA)

٢٠٠٣/٨/٢٠ رۆژنامەی مترۆ Metro

نوێنەرانی کورد رایانگەیاند (**تاها یاسین رەمەزان**) جێگری سەرۆککۆماری پێشووی ئێراق لە شاری موسڵ دەسگیرکرا. بە وتەی نوێنەرێکی رێکخراوەی (PUK یەکێتی نیشتمانی کوردستان) تاها یاسین رەمەزان بیستەمین کەس بوو لە لیستی ئەمریکا، هەروەها رایگەیاند ناوبراو رەوانە کراوە بۆ سلێمانی.

**دەسگیرکردنی سەدام**

رۆژی٢٠٠٣/١٢/١٤ ماسمێدیای جهانی <u>زۆر بە کورتی</u> هەواڵی دەسگیرکردنی(سەدام)یان بڵاو کردەوە، چەن نموونە:

١ـ دەسگیرگرتنی سەدام بە هاوکاری هێزە تایبەتییەکانی ئەمریکا و سەربازە کوردەکان و شارەزایانی ناوچەکە ئەنجامدرا.
٢٠٠٣/١٢/١٥ رۆژنامەی Dagens nyheter





**٢ - Släkting tipsade**

Tipset som ledde till gripandet kom från en släkting till någon som stått expresidenten nära, sa den amerikanske infanteriofficeren Raymond Odierno på en presskonferens i Tikrit. Det uppges ha varit kurder ur rörelsen PUK och amerikanska soldater som tillsammans grep exdiktatorn. Kurdledaren Jalal Talabani spred sedan nyheten via den officiella iranska nyhetsbyrån. TT




**خزمێکی خوی رانمایی دەکردین**

(رایمۆند ئودیرنو Raymond Odierno ئەفسەری پایە بەرزی ئەمریکایی لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانی لە تکریت کوتی دەسگیرکردنی دیکتاتۆری پێشوو لە لایەن سەربازە ئەمریکییەکان و هێزەکانی‹PUK› یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەنجامدار، یەکێک لە خزمەکانی خودی دیکتاتۆر رانمایی دەکردین، پاشان رابەری کورد جەلال تاڵەبانی لە رێگای هەواڵنێری فەرمی ئێرانەوە هەواڵەکەی بڵاو کردەوە.).

١٥ دسامبری ٢٠٠٣ رۆژنامەی City

٣ـ رادیۆی کوردی **زایەڵە** رادیۆیی دەوڵەتی سوید لە رۆژی ٢٠٠٣/١٢/١٧ هەواڵەکەی بەو جۆرە بڵاو کردەوە:
لە عەمەلیاتی گیرانی سەدام دا ٦٠٠ سەربازی ئەمریکایی و پێشمەرگەی کورد بەشدار بوون. دەگوترێ کە سەرۆکایەتی ئەو تیمەی کە سەدامی گرت بە کۆسرێت رەسول ئەندامی سەرۆکایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە، <u>بەڵام هێزەکانی ئەمریکایی ئەم دەنگۆیەیان جارێ پشتراست نەکردوەتەوە.</u> هەر چەندە سەدام لە کاتی گیرانیدا چەکی پێبووە، بەڵام لە گوێن **پرۆمێر** حاکمی ئەمریکایی ئێراق بێهیچ دەسکردنەوەیەک خۆی بەدەستەوەدا. لێکۆڵینەوەی پزشکیDNA پیشانیداوە کە گیراو خودی (سەدام حسین)ە .

## ڕۆڵی کورد لە زیندووکردنەوەی دەوڵەتی ئێراق دا

لەو ڕۆژەوە کە ئەمریکا و بەریتانیا هێرشیان کردە سەر ئێراق و دەسەڵاتی سیاسیی ئێراقیان لەناو برد، ڕووناکبیر و سیاسییەکانی عەرەب- فارس- تورک و کۆمەڵگای ئیسلامی لە نووسراوەکانیاندا، لەناو قسەوباسەکانیاندا، لە کۆڕ و سمینارەکانیاندا نیگەرانی خۆیان بەو جۆرە دەخستە ڕوو: **ئێراق داگیرکراوە.**

لەسەر هەمان بنەما و گرفتی داگیرکردنی ئێراق هێرشیان دەکردە سەر سیاسەتەکانی ئەمریکا و بەریتانیا. جێگەی سەرسوڕمانە ئەو بۆچوونە لە لایەن هەندێ ڕووناکبیر و سیاسی کوردیشەوە دەهاتە ئاراوە، پەیتاپەیتا لە نووسراوە و وتووێژەکانیاندا دەیانکوت و دەیانووسی: **ئێراق داگیرکراوە !!**

دەوڵەتانی ئەمریکا و بەریتانیا بۆ بەڕێوەبردنی ئێراق لە مانگی یولی July ٢٠٠٣دا کۆمەڵەیەکیان دامەزراند بەناوی **ئەنجومەنی حوکم**، ئەم کۆمەڵە لە ٢٥ کەس پێکهاتبوو. بەرنامەکەیان وەها داڕشتبوو کە هەر یەک لەو کەسانە بۆ ماوەی مانگێک سەرۆکایەتی ئەنجومەنی حوکم بکەن.

٥ کەس لەو ٢٥ کەسە لە کورد دیاریکران کە بریتین لە بەڕێزان:

**مەحمود عوسمان – جەلال حیسامەدین تاڵەبانی – دارا نورەدین – مەسعود مستەفا بارزانی و سەلاحەدین بەهادین.**

**تێبینی:** بەڕێزان جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی لەو مانگانەی کە بۆیان دەسنیشان کرابوو بە دڵگەرمییەوە کەوتنە چالاکی بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی ئەنجومەنی حکومی ئێراق.





## ڕاگەیاندنی حکومەتی نوێی ئێراق

ماوەیەک پاش دامەزراندنی ئەنجومەنی حوکم، حکومەتی تازەی ئێراق دامەزرا و لە ڕۆژی ٢٠٠٣/٩/٢دا ناوی وەزیرەکانی ئەو حکومەتە کە ٢٥ وەزیر بوون بڵاو کرایەوە.

لیستی وەزیرەکان:

عەرەبی شیعە١٣ وەزیر.

عەرەبی سوننە ٥ وەزیر.

تۆرکمان وەزارەتێک.

مەسیحییەکان وەزارەتێک.

کورد ٥ وەزیر- وەزارەتەکان بریتین لە:

وەزارەتی پیشەسازی-

وەزارەتی دەرەوە-

وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو-

وەزارەتی ئەشغاڵ-

وەزارەتی ژینگە.

ئەم حکومەتە بە سەرۆککۆماری **غازی یاوەر** و سەرۆکوەزیری **ئەیاد علاوی** دەستی بەکار کرد.

**تێبینی:** هۆشیار مەحمود زێباری بۆ وەزیری دەرەوە
نەسرین مستەفا بەرواری بۆ وەزیری ئەشغاڵ
لە لایەن پارتی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراق-
محەمەد تۆفیق ڕەحیم بۆ وەزیری پیشەسازی
دوکتۆر لەتیف ڕەشید بۆ وەزیری سەرچاوەکانی ئاو
لە لایەن (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)ەوە بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزارەتەکان دیاریکران.
عەبدولڕەحمان سدیق کەریم بۆ وەزارەتی ژینگە.

سەرچاوە: www.kurdistannews.com

لەو دەورانەدا کە کورد چالاکانە بۆ دورستکردنەوەی دەوڵەتی ئێراق تێدەکۆشا، ماسمیدیای عەرەبی و ئیسلامی بەردەوام بە شێوەیەکی بەد و ناشیرین سەبارەت بە کورد و کوردستان هەڵوێستیان دەگرت، لەم دەورەدا دوو بنکەی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) و (پارتی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراق) لە شاری هەولێر لە رۆژی ٢٠٠٤/٢/١ کە خەڵکی بۆ پیرۆزبایکردنی چەژنی قوربان چووبوونە بنکەکان، ئەو دوو بنکە بە دوو کردەوەیەکی ترۆریستی تەقێنرانەوە، لەو رووداوەدا سەد کەس کوژران و کۆمەڵێکیش بریندار بوون.

لەو رۆژەدا کامێرای تەلەڤیزیۆنی بۆ تۆمارکردنی فیلم لەو شوێنانە دەبێت، بەپێی ئەو فیلمانەی کە لە کاتی رووداوەکەدا گیرابوون، ئەو دوو کەسەی کە کاری تەقاندنەوەکانیان ئەنجامدا بوو لە دەرەوەی کوردستانەوە گەیشتبوونە هەولێر.

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەیش کە لە لایەن پۆلیس و دادگای دەوڵەتی سویدەوە ئەنجامدرا و لە ماسمیدیای سویدی بۆ نموونە: **رادیۆ زایەڵە** رادیۆی کوردی فەرمی دەوڵەتی سوید بڵاو کراوەتەوە:(**جێ پەنجەی چەند کوردێک لەو کارەدا دەبینرێ، بەڵام هێشتا وەک تاوانبار لە بەرچاو نەگیراون و بڕیاریان لەسەر نەدراوە. یەکێ لەو کەسانە لە دادگاکەدا باسی ئەوە دەکات کە ئێراق داگیرکراوە، دەبێت ئازاد بکرێت!).**

*

ژیانی ناهەمواری کورد و باری ئاڵۆزی سیاسیی کوردستان و حیزب و رێکخراوەکانی کوردستان لێرەدا دەردەکەوێت، بۆ ئەوەی ئێراق لە داگیرکراوی دەرباز بێت و سەرلەنوێ زیندوو بێتەوە، دەبێت لە هەولێر کاری ترۆریستی ئەنجام بدەرێت، ئەو کارەیش بە <u>یارمەتی دوو لاوی کورد</u>. راستی کێ و کام نەتەوە بەو جۆرە یارمەتی داگیرکەرەکەی خۆی دەکات، جگە لە ئێمەی کورد؟ شایەت تۆی خۆشەویست بڵێت: **ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی حیزب و رێکخراوەکانی کوردستان.** لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە، ئەو رێکخراوانە پەروەردەی کام کۆمەڵگان جگە لە کۆمەڵگاکەی خۆمان؟





## لە پێناو پۆستی(سەرۆککۆماری) و (سەرۆکوەزیری) ئێراق دا

**نامەیەک لە بارزانی و تاڵەبانی بۆ سەرۆک بوش**

1ی حوزەیرانی ساڵی2004

**جەنابی بەڕێز سەرۆک‹ جورج W بوش› سەرۆکی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا**

**کۆشکی سپی – واشنتۆن DC**

**ئێمە ئەم نامەیە بۆ جەنابتان دەنووسین بۆ خستنەڕووی دیدوبۆچوون و نیگەرانییەکەمان سەبارەت بە حکومەتی کاتیی نوێی عیراق، هەروەها سەبارەت بە پێگەی کورد لە ئایندەی عیراقدا. ئەمریکا دۆستێکی باشتری نییە وەک خەڵکی کوردستانی عیراق. ساڵێک لەمەوبەر هێزەکانی پێشمەرگەمان شانبەشانی هێزەکانی ئەمریکا جەنگان بۆ رزگارکردنی عیراق و لە هەموو هاوپەیمانەکانی تری ئەمریکا قوربانی زیاتریاندا لەو پێناوەدا. ئەمرۆ کوردستان تاکە بەشێکە لە عیراق کە جێگیری و ئاسایشی تیامابێت. تێبینی ئەوە دەکەین کە بە پێچەوانەی ناوچە عەرەبەکانی تری عیراق، هیچ سەربازێکی هاوپەیمانان نەکوژراوە لەو ناوچەیەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵی دەکات. خەڵکی کوردستان بەردەوامە لە ئامێزگرتنی بەهاکانی ئەمریکا و لە پێشوازیکردنی سەربازانی ئەمریکا و لە پشتیوانیکردنی لە رادەبەدەری نەخشەکانتان بۆ رزگارکردنی عیراق. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستبەرداری زۆرێک لە ئازادییەکانی ئێستای بوو لە پێناوی یارمەتیدانی دەسەڵاتە ئیدارییەکانتان بۆ ئەوەی بگەنە سازش لەگەڵ عیراقییەکانی تر.**

**بۆیە ئێمە تووشی نائۆمێدیەکی زۆر بووین کاتێک کە نوێنەری تایبەتتان ئاگاداری کردینەوە کە ناکرێت کوردێک ببێتە سەرۆک وەزیران یان سەرۆککۆماری عیراق. پێیان راگەیاندین کە ئەو دوو پۆستە دەدرێتە عەرەبی شیعەو عەرەبی سوننە.**

**عیراق دەوڵەتێکەو لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکهاتووە، عەرەبەکان و کوردەکان. پێدەچێت وەرگرتنی یەکێک لە پۆستە باڵاکان لە لایەن عەرەبەوە کارێکی شیاو بێت(بە هەڵبژاردنی خۆیان بۆ ئەو پۆستە)، بەڵام دواتر دەبوایە پۆستەکەی تر بۆ کورد بوایە.**

**لەو بڕوایەدا بووین کە بڕیاری بە کارهێنانی رێژەی تایەفەیی رێک پێچەوانەی هەڵوێستی بەردەوامی هاوپەیمانان بوو سەبارەت بە وەی کە حکومەتی دیموکراتیی عیراق دەبێ لەسەر بنەمای پێوەرە ئایینی و ئێتنیکییەکان پێک نەهێنرێت، ئەو هەولوێستەی کە ئەمریکا لە یاسای ئیدارەی ئینتیقالیدا تۆماری کردبوو.**

**خەڵکی کوردستان چیتر رازی نین ببن بە هاوڵاتی پلە دوو لە عیراقدا. لە سەردەمی سەدام و پێشتریش، زۆر جار کورد پۆستی جێگری سەرۆک کۆمار و چەن پۆستێکی تریان وەردەگرت و هەر هەمووشیان بە رووکەش بوون و هیچ دەسەڵاتێکی فیعلییان نەبوو. بە هیوا بووین کە عیراقی نوێ جۆرێک تر بێت بۆ گەلی کورد.**

**دوابەدوای رزگاربوون، هەستمان بەجۆرە لایەنگیرییەک دەکرد لەدژی کوردستان لە لایەن دەسەڵاتی ئەمریکییەکانەوە و لە هۆکارەکانیشی تێنەگەیشتووین. لەسەرەتای داگیرکردنەکەوە، هاوپەیمانان دەستیان گرت بەسەر داهاتەکانی نەوت بەرامبەر بە خۆراک کە بەشێوەیەکی تایبەت بۆ کوردستان تەرخان کرابوو، ئەو داهاتانەش دابەشکرانە سەر ناوچەکانی تری عیراق، وێڕای ئەو هەقیقەتەی کە بەشی کوردستان بۆ یەک کەس لەو داهاتە زۆر لە بەشی ناوچەکانی تری عیراق کەمتر بوو و کوردستانیش دووچاری زیانی زۆرتر هاتبوو لەسایەی حکومی سەدامدا.**

CPA **بەشێوەیەکی چالاکانە هەوڵی دا بۆ بنکۆڵکردنی کارکردن بۆ یەکسانی نێوان هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی. بەردەوامیش هەوڵی دەدا بۆ(داننەنان) بە حکومەتی هەرێمی کوردستان (تاکە حکومەتێک لە مێژووی عیراقدا کە بە هەڵبژاردن هاتبێتەکایەوە) ئەو هەوڵەش لە پێناو سیستمی ١٨ پارێزگاکەی سەدامدا بوو.**

**بەرپرسانی ئەمریکی لە بایەخی پێشمەرگەیان کەم کردەوە، ئەم هێزە سەربازییە تۆکمەیەی کە هاوڕێی ئەمریکییەکان بوو لە بەرەکانی جەنگدا بە(میلیشیا) ناوەبردن. لە بەیانە رەسمییەکانی حکومەتی ئەمریکا** CPA **بەدەگمەن ئاماژە بە کوردستان و خەڵکی کوردستان دەکرێت.**

**دۆستێکی دڵسوزی ئەمریکا دەبین، تەنانەت ئەگەر بێت و پێشتیوانیکردنەکەمان هەمیشە پێی نەزانرێت. قەدەرمان زۆر لە نزیکەوە پەیوەندی بە چارەنووسی ئێوەوە هەیە لە عیراقدا. ئەگەر هێزەکانی ئازادی لە شوێنەکانی تری عیراق سەرکەوتن بەدەستبهێنن، دەزانین کە لەبەر هاوپەیمانی ئێمە بووە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، بۆیە دەبینە ئامانجی تۆڵەسەندنەوە.**

**ئێمە داوای جۆرە زەمانەتێکی تری تایبەت دەکەین بۆ ئەو ماوەیەی گواستنەوەیە بۆ ئەوەی بتوانین بەتەواتی تر بەشداری حکومەتی کاتی بکەین. بەشێوەیەکی تایبەت داواکارین: یاسای ئیدارەی کاتی بخرێتە نێو بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، یان دانان بەو یاسایە وەک یاسایەکی مۆلزەم بۆ حکومەتی ئینتقالی پێش هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردنیش.**

**لە حاڵەتێکدا ئەو یاسایە هەڵوەشێتەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ خیارێکی تری لە بەردەمدا نامێنێت جگە لە بەشداری نەکردن لە حکومەتی مەرکەزی و دامودەزگاکانی، هەروەها بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنە سەرتاسەرییەکەی وڵات و قەدەغەکردنی نوێنەرەکانی حکومەتی مەرکەزی لە کوردستاندا. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پابەند بێت بە پاراستنی گەل و حکومەتی کوردستان ئەگەر بێت و ئەو حاخیبوون و پشێوییە ببێتە هۆی پاشەکشێکردن لە شوێنەکانی تری عیراق. هاوپەیمانان بەڵێنەکانی خۆیان بهێننەدی سەبارەت بە سڕینەوەی ئاسەواری بە عەرەبکردنی ناوچە کوردنشینەکان و دەستبەجێ چارەسەرێکی گونجاو بۆ باردۆخی کەرکوک بدۆزنەوە کە بەپێی خواستی دانیشتوانەکەی بێت، بەبێ نیشتەجێکردن، بەڵام ئەو خەڵکانەی کە دووچاری پاکتاوکردنی رەگەزی بوون لە لایەن سەدام حسێنەوە، دەبێ بەشداری ئەو چارەسەرە بکەن. ساڵی پار داهاتی نەوت بەرامبەر بە خۆراک بە شێوەیەکی ناعادیلانە لە خەڵکی کوردستان زەوتکرا، بۆیە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ کوردستان. هەروەها کوردستان بڕی ئەو ١٩ ملیارد دۆلارەی کە لە لایەن کۆنگرێسەوە بۆی تەرخانکراوە وەربگرێت کە تایبەتە بە بونیادتنانەوە.**





**ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یارمەتی نەخشەکانمان بدات بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکانی خۆمان لە کوردستاندا بەتایبەتیش یارمەتیمان لە هەوڵەکانمان بۆ دۆزینەوە و گەشەپێدانی سەرچاوەی نوێی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە رژێمی پێشوو رێگەی بە هیچ گەشەسەندنێک یان دۆزینەوەی سەرچاوەی نەوتی نەدەدا لە کوردستاندا بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان سودی لێ وەرنەگرن.**

**ئەمریکا قونسلیەتێک لە هەولێر بکاتەوە تا ببێتە هاندەرێک بۆ وڵاتە هاوپەیمانەکانی تر بۆ ئەوەی هەمان هەنگاو بگرنە بەر، چونکە بەرژەوەندی راستەقینەی خەڵکی کوردستان لەوەدایە کە پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا هەبێت نەک تەنیا پشت بە بەغدا ببەستێت، کە کورد لە بەغدا بە یەکسانی وەک هاووڵاتی سەیر ناکرێت.**

**وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکانی بە راشکاوی ئاشکرایان کرد کە ئەو پێوەرە ئەتنیکی و ئایینییەی کە بۆ تەشکیلی حکومەتی کاتی پەیرەو کرا، ئەو پێوەرە نابێتە پێشهاتێک بۆ حکومەتی ئایندەی عیراق. کە واتە کوردەکان شایەنی ئەوەن پۆستی سەرۆک وەزیران یان خود سەرۆک کۆمار وەرگرن. گەر پێوەری ئەتنیکی ببێتە بەربەست لە بەرامبەر کوردکان و نەتوانن ئەم دوو پۆستە بەرزە وەربگرن، ئێمە وای بۆ دەچین بۆ ئەوەی کورد قەرەبوو بکرێتەوە، یا پۆستی وەزاری زیاتر لە حکومەتی کاتی وەربگرێت. سەرۆکی بەڕێز، ئێمە دەزانین رەوشی ئەمڕۆ سەختە بۆ هەموومان، چونگە باوەڕمان بەوە هەیە کە سەربەخۆیی عیراق شایەنی خەباتکردنە، گەلی کورد بەردەوامە بە بەرز نرخاندنی سەرکردایەتی بەڕێزتان لە پێناو عیراقێکی سەربەخۆ و ئازایەتی بەڕێزتان بە بەرز دەنرخێنێت.**

**ئێمە لەو باوەڕەداین کە تۆ ناهێڵیت کوردستان سزا بدرێت لەبەر ئەوەی لایەنگر و دۆستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە.**

| | |
|---|---|
| **مەسعود بارزانی** | **جەلال تاڵەبانی** |
| **پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق** | **یەکێتی نیشتمانی کوردستان** |

رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژ- ٣٣٨٨ چوارشەممە٢٠٠٤/٦/٩


کوردستانی نوێ 3

تایبەت

لەنامەیەکی هاوبەشیاندا بۆ سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

مام جەلال و مەسعود بارزانی: ئەگەر یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت هەڵبوەشێتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ خیارێکی‌تری لەبەردەمدا نامێنێتەوە جگە لەبەشداریی نەکردن لەحکومەتی مەرکەزیی و دامودەزگاکانی

نامەیەك لەبارزانی و تاڵەبانی بۆ سەرۆك بوش

1ی حوزەیرانی ساڵی 2004

جەنابی بەڕێز سەرۆك، جۆرج W بوش، سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

کۆشکی سپی-واشنتۆن DC

دڵسۆزتان

مەسعود بارزانی

پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق

جەلال تاڵەبانی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان





# کۆبوونەوە و ڕێکەوتنێک لە نێوان پارتی و یەکێتی

**سەرۆک بارزانی بۆ سەرۆکی هەرێم و**
**مام جەلال بۆ یەکێک لە پۆستە سیادییەکانی ئێراق**

## سەرۆک بارزانی :

**هاوپەیمانییەتی ئێمە لەگەڵ هەموو لایەنەکان لەسەر ئەو بنەمایە دەبێت کە چەند لە مەسەلەی دیموکراتییەت و مافی گەلی کورد دێنە پێش**

## مام جەلال:

**بڕیارماندا ئیدارەی هەرێم یەکبخرێتەوە و عەدنان موفتی بۆ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و نێچیرڤان بارزانی بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

## دەربارەی خاڵی یەکەمی کۆبوونەوەکە، سەرۆک بارزانی گوتی:

**بۆ ئەو پۆستە سیادییەی بەر کورد دەکەوێ، ئێمە جەنابی مام جەلال تەرشیح دەکەین،**

## هەروەها مام جەلال گوتی:

**ئێمە بۆ هەرێم بڕیارمان داوە جەنابی کاک مسعود تەرشیح بکەین،**
**بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکی هەرێم.**

**لە میانەی کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەدا، ئەوەش ڕوون بۆوە، کە دوای ئەوەی ئەنجامی هەڵبژاردن لە لایەن کۆمسیۆنی باڵاوە ڕادەگەیەنرێ، پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان و ڕاسپاردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پێکهاتنی حکومەت لەسەر ئاستی هەرێم،**

**وەک بڕیارە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بەر بەڕێز عەدنان موفتی لە یەکێتی دەکەوێ و بەڕێز نێچیرڤان بارزانیش دەبێتە سەرۆکی حکومەتی کوردستان و هەر دوو ئیدارەکەش یەک دەخرێنەوە، .......**

ڕۆژنامەی خەبات ژ- ١٦٩٨ - ٢/٤/ ٢٠٠٥



زمارەیەک ئەفسەری پایەبەرزی سوپای پێشووی عێراق دەگەڕێنەوە ناو سوپای بەرگریی نیشتمانی

خەبات XEBAT

| 2 | پارێزگاری کەرکووک: پرۆسەی هەڵبژاردن لەکەرکووک وێڕای هەندێک کەموکوری زۆر سەرکەوتوو بوو |
|---|---|
| 4 | بە 600 دینار، بوتڵێ غاز دەگاتە دەست هاووڵاتیان |
| 7 | دوای یەک ساڵ، یەکی شوبات وەها دەخوێنمەوە |
| 8 | زانست و تەندروستی |
| 11 | خولی شەهید شەوکەت شێخ یەزدین بۆتۆپی سەرمێز دەکرێتەوە |

کۆبوونەوە و ڕێککەوتنێک لە نێوان پارتی و یەکێتی

# سەرۆک بارزانی بۆ سەرۆکی هەرێم و مام جەلال بۆ یەکێک لە پۆستە سیادییەکانی عێراق

سەرۆک بارزانی:

هاوپەیمانییەتی ئێمە لەگەڵ هەموو لایەنەکان لەسەر ئەو بنەمایە دەبێت کە چەند لە مەسەلەی دیموکراتییەت و مافی گەلی کورد دێنەپێش

مام جەلال:

بڕیارماندا ئیدارەی هەرێم یەکبخرێتەوە و عەدنان موفتی بۆ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و نێچیرڤان بارزانی بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

سەرۆک بارزانی بۆ رۆژنامەی (القبس):

پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ مافێکی رەوایە و هەرگیز لە زیاندا ئەمگوتووە دەوڵەتی سەربەخۆمان ناوێت

بەڕێوەبەری لقی گەرمیان لەگەڵ جەماوەری دەڤەرەکە کۆدەبێتەوە

ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی عێراق

لیستی هاوپەیمانیی دیموکراتی کوردستان بە پلەی دووەم دێت

گەندەڵییەکانی بەرنامەی نەوت بە خۆراک لە راپۆرتێکدا

کەرکووک- تیرۆرکردنی 12 پاسەوانی نیشتمانیی عێراقی

هەواڵی چاوەڕوانکراو

رۆژنامەی خەبات ژ- ١٦٩٨ - ٢/٤/ ٢٠٠٥

لە پێناو پۆستی سەرۆککۆماری ئێراق لە لایەن بەرەی هاوپەیمانی کوردی بەگشتی و (یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیمۆکراتی کوردستانی





ئێراق)ەوە بەتایبەتی بەڕێز جەلال تاڵەبانی دەسنیشانکرا بۆ پۆستی سەرۆککۆماری ئێراق، لە رۆژی ٢٠٠٥/٤/٦دا بەڕێز تاڵەبانی هەڵبژێردران بۆ سەرۆککۆماری ئێراق.



20

Aftonbladet
Torsdag 7 april 2005

# Presidenten hämnades på Saddam

## Diktatorn måste se maktskiftet i tv

**För Jalal Talabani måste hämnden ha varit ljuv.**
**I direktsänd tv, utsedd till Iraks nye president – medan hans gamle fiende Saddam Hussein tvingades titta på i sin cell.**
**Förr stod Talabani på Saddams dödslista.**

Jagad satt Jalal Talabani i ett mörkt litet rum i Syriens huvudstad Damaskus.

Jag träffade honom där under Kuwaitkriget 1991. En kort och rund, vänlig man, som tog emot i strumplästen.

**Levde i livsfara**

För att hålla kontakten med sitt folk tog han sig regelbundet illegalt in i de kurdiska områdena i norra Irak. Han gick till fots över de snöklädda bergen – under livsfara.

Saddam ville utrota kurderna. Massakern 1987, när 5000 män, kvinnor och barn i den kurdiska staden Halabja gasades ihjäl, gav en fingervisning.

I dag tillhör Talabani vinnarna i Irak. De kurdiska delarna i landet tillhör de säkraste och mest blomstrande.

Kronan på verket kom i går då den 72-årige advokaten och före detta gerillasoldaten utsågs till president. Strax före utnämningen kördes en tv in i Saddam Husseins cell inne på amerikanska Camp Copper nära Bagdads flygplats.

Han tvingades se på när mannen han försökt döda i 30 år tog över hans gamla post.

*Iraks förre diktator Saddam Hussein.*

Foto: PRESSENS BILD

**Stort inflytande**

Idén kom från en av Talabanis närmaste medarbetare. Presidentposten är numera mest ceremoniell.

Talabani får ändå ett stort inflytande på utformningen av Iraks nya grundlag och kan slåss för att kurderna får ha kvar sin autonomi.

**Wolfgang Hansson**

**IRAKS NYE PRESIDENT** *Jalal Talabani ger sitt första tal som president i Irak.* Foto: GETTY IMAGES

**Talabanis väg till makten**

**1933.** Jalal Talabani föds i byn Kelkan i Irak.
**1946.** Som 13-åring startar han ett hemligt kurdiskt ungdomsförbund.
**1956.** Börjar läsa juridik men tvingas gå under jorden.
**1959.** Tar till slut juristexamen. Börjar arbeta som chefredaktör för två kurdiska tidningar.
**1961.** Kurderna förklarar väpnad kamp mot Bagdad. Talabani deltar med vapen i hand och med resor i Europa för den kurdiska saken.
**1975.** Bildar Kurdistans Patriotiska Union.
**1991.** Talabani återvänder till Irak och bygger upp ett kurdiskt självstyre.
**1994:** Väpnade strider mellan olika kurdiska grupperingar. Fredsavtal ingås 1998.
**2005.** Talabani utses till Iraks president. Iraks nya ledning är en balansgång mellan landets tre stora folkgrupper där shiamuslimerna är i majoritet.

رۆژنامەی (Aftonbladet) ٥ شەممە ٧ی (April )ی ٢٠٠٥

پاش هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار، بەرنامەی ئاهەنگگێران و شادیکردنی تایبەتی بەو بۆنەوە بەڕێوە برا، هەروەها لە ماسمێدیای کوردیدا پرۆسەی پیرۆزبایکردن و هەڵسەنگاندنی ئەو پۆستە هاتە ئاراوە.
بەبۆنەی هەڵبژاردنی بەڕێز تاڵەبانی بۆ پۆستی سەرۆککۆماری ئێراق نووسراوەیەکی تایبەتی لەژێر سەردێڕی **نەسرەوت تا سەرکەوت** لە (رۆژنامەی کوردستانی نوێ) ئۆرگانی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)دا چاپکرا.

با لە پێشدا لە خودی نووسراوەکە بڕوانین:

## نەسرەوت تا سەرکەوت

چاوەڕواننەکراو نەبوو کە دواجار هەڤاڵ مام جەلال کاروانی دووروودرێژو پڕ لە هەوراز نشێوی نەسروتنی بە سەرکەوتن گەیاندو بووە یەکەم کوردە لە مێژوودا کە پۆستی سەرۆک کۆماری عیراق وەربگرێ، چونکە کەسایەتی سیاسی مام جەلال هەر لە سەرتای تێکەڵبوونی بە دنیای سیاسیەوە کەسایەتییەکی چوست و چالاک و لێوەشاوەی ئەوتۆی بەر جەستەکرد کە توانی پێشبینیکردنێکی تاڕادەی قەناعەتیش بخاتە ئاستی جەماوەرییەوە کە ئەوانەی لەدوور یان لەنزیکەوە مام جەلال یان ناسیبێ، ئەمرۆیان لەبەر چاوبوو کە ئەو سیاسەمەتدارە هێندە بەوردیی ئاراستە سیاسیە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی خوێندووەتەوە کەدەبی زوو یان دەرنگ کاروانەکە بەو سەرکەوتنە بگەیەنێت کە مێژوویەکی ڕەش لە گەڵ خۆیدا دەپێچێتەوەو دەرگا بەرووی مێژوویەکی نوێی گەشدا دەکاتەوە، چونکە مام جەلال لە نێو بزووتنەوەی ڕەزگاریخوازی کوردستان و تەنانەت لە نێو بزووتنەوەی دیموکراسیخوازی عیراقیشدا نوێنەرایەتەی نەوەیەکی تازەی سەرکردەو سەرکردایەتیکردنی کردووە کە خاسیەت و میکانیزمەکانی کارکردنی، جیاکاریی خۆیان داوەتێ، هەر بۆیەش هەر لەزووەوە مام جەلال وەک پیاوی پلەیەکی دەوڵەت وەسفکراوە، زۆر شایەدیدانی تۆمارکراویش هەن کە مام جەلال یان بە شایستەی سەرۆکایەتی دەوڵەتە هەرە پێشکەوتووەکانی جیهان داناوە، تەنانەت دوژمنە سەرختەکانیشمان، لە سیاسەت و بڕیارەکانیاندا نەیانتوانییەوە ئەو گوڕو تەوژمە کاریگەرەی کەسێتی ساسیی مام جەلال نادیدە بگرن، هەروەک سەدامی دیکتاتۆری رووخاو لەدەرکردنی (عەفو)ەکانیدا مام جەلال ی لێبەدەر دەکرد، لە دوایین ڕۆژەکانی تەمەنی حوکمەکەشیدا نامە هەڕەشەئامێزەکەی ئاراستەی ئەو کرد کە دواتر مام جەلال بە نامەیەکی سەرۆکانە وەڵامی دایەوە. بوونی مام جەلال بەسەرۆک کۆماری عیراق ڕووداوێکی مێژوویی گەورەی ئەوتۆیە کە جومگەیەکی گرنگی بەڕاستەڕێدابردنی مێژووی عیراق پێکدەهێنێت و کەس





ناتوانێ لە بەرامبەر ئاماژە و مەغزا کاریکەرەکانیدا هەڵوەستەی جددی نەکات، چونکە:

*** یەکەمجارە لە مێژووی عیراقدا، کوردێک دەبێتە سەرۆک کۆمار و چەمکی دەوڵەتی عیراق دەخاتە بەردەم حەقیقەتی خۆیەوە کە دەبێ لە سەر بنەمای جوگرافی و پێکهاتەی فرە نەتەوەیی و فرە ئایین و فرە مەزهەبییەکەی خۆی بنیاتبنرێتەوە، نەک وەک چەندین ساڵ بوو شۆڤێنیزمی عەرەبی بە دەوڵەتێکی پاوەنکراوی عەرەبی پێناسەیان دەکرد، کاریگەریی ئەمەش تەنیا بۆ عیراق نا، بەڵکو بۆ تەواوی ناوچەکەش دەبێتە سەرەتایەک بۆ هێنانەکایەی مۆدێلێکی تازەی دەوڵەت لە وڵاتانی هاوشێوەی عیراق بە تایبەتیش لەڕۆژهەڵاتدا کە کەلتووری پاوانخوازی نەتەوەیی تێکشکێنێت، وەک لە عیراقدا تێکیشکاند.* یەکەمجارە لە ماوەی دەیان ساڵی مێژووی عیراقدا، سەرۆک کۆمار لەڕێگەی کودەتاو زەبروزەنگ و پیلانگێڕانەوە نابێتە سەرۆک کۆمار بەڵکو، لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە دەگاتە پۆسی پلەیەکی دەوڵەتەکە.**

*** یەکەمجارە پێشمەرگەیەک کە خاوەنی دەیان ساڵ خەباتی چەکداریی و سیاسی و دیپلۆماسی و فەرهەنگی و یاساییە، دەگاتە لوتکەی دەسەڵات لە وڵاتێکی وەک عیراقدا کە بەدرێژایی مێژووی زیارتر لە‹٨٠› ساڵ، گەلی کورد تیادا چەوسێنراوو مافخوراوو سەرکوتکراو بووە.* لە کاتێکدا ئەو سەرکردە کوردە دیموکرات و لێوەشاوەو دیپلۆمات و سیاسەتمدارە، دەبێتە سەرۆک کۆمار، کە عیراق بەقۆناغی سەر لەنوێ بنیاتنانەوەدا تێپەڕ دەبێت و لەبەردەم نووسینەوەی دەستووری هەمیشەییدایە، کە بەدڵنیاییەوە ئەوەش بایەخی ئەو ڕووداوە مێژووییە سەنگینتر و کاریگەرتر دەکات، نەک هەر بۆ گەلی کوردستان، بەلکو بۆ تەواوی گەلانی عیراق.**

*** چیتر ئەو بەیت و بالۆرەو قسەوقسەلۆکە بێ بنەمایانە بڕناکەن کە هەمیشە تۆمەتی جوداخوازی یان دەدایە پاڵ گەلی کورد، ئەوەتا کورد نەک هەر جیانەبووەوە، بەڵکو بووەتە فاکتەری پتەوکردنی یەکێتی خاکی عیراق و لە لووتکەی دەسەڵاتیشدا سەرکردایەتی نوێبوونەوەی دەوڵەتی عیراق دەکات، کە سیاسەتی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکانی پێشوو ببوونە هەڕەشە بۆ سەر یەکێتی و یەکگرتوویی عیراق.**

ئەمانەو چەندین ئاماژەو مەغزای گرنگی دیکە کە دەیسەلمێنن بوونی مام جەلال بە سەرۆک کۆماری عیراق، گۆڕانێکی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی زۆر گەورەیە و کەس ناتوانێ لە ئێستادا مەودای کاریگەرییە ئیجابییەکانی بە تەواوی پێشبینی بکات. بۆیە لە کۆتاییدا بۆ ئەو وتە هەمیشە لە سەرزارەی مام جەلال خۆی دەگەڕێینەوە و دەڵێین، بەراستی نەسرەوت تا سەرکەوت و گیان شەهیدانی ئاسودە کرد و تەواوی گەلی کوردستان و دیموکراسیخوازانی عیراق و دنیای خۆشحاڵ کرد.).

کوردستانی نوێ ژ- ٣٦٣٩ ڕۆژی ٢٠٠٥/٤/٧



3 تایبەت — کوردستانی نوێ — No: 3639 Thursday 7/4/2005

لەبروسکەیەکدا بۆ مام جەلال سەرکۆماری عیراق مەکتەبی سیاسیی ی.ن.ک:

**ئەم هەڵبژاردنە ڕێزلێنانە لەخەباتی گەلی کوردو هێزە سیاسییەکانی و خوێنی شەهیدەکانی و لەڕابردووی تێکۆشەرانەی خۆتان**

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان 2005/4/6

**بروسکەی پیرۆزبایی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبۆنەی هەڵبژاردنی مام جەلال بەسەرۆک کۆماری عیراقی فیدرال**

عومەر فەتاح
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

سەروتار...

**نەسرەوت تا سەرکەوت**

وەزیری دەرەوەی تورکیا:

**تاڵەبانی یەکێکە لەو سیاسەتمەدارانەی کەئەنقەرە بەبایەخەوە لێی نزیک دەبێتەوە**

**بروسکەی پیرۆزبایی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن بۆ مام جەلال**

مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی ی.ن.ک
2005/4/6

**سەرۆک وەزیرانی دانیمارک پیرۆزبایی لەمام جەلال کرد**

**سەرۆکی ئەڵمانیا هیوای خواست بوونی مام جەلال بەسەرۆک کۆمار ببێتەهۆی بەدیهێنانی ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی**

**سەرۆکی حکومەت چەند بڕیارێکی بۆ خزمەتکردنی مامۆستایان دەرکرد**

ڕوسیا:

**هەڵبژاردنی تاڵەبانی دەبێتە مایەی خێرو خۆشیی بۆ عیراق**

**بەبۆنەی هەڵبژاردنی هەڤاڵ مام جەلال بۆ پۆستی سەرکۆماری عیراق**

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی
حکومەتی هەرێمی کوردستان

کوردستانی نوێ





## دەسکەوتی سیاسیی کوردێک لە پۆستی سەرۆککۆماری ئێراق، بۆ کوردستان

لە نووسراوەی (**نەسروت تا سەرکەوت**)دا ئەو پەراگرافەی جێگەی سەرنجە:

(**چیتر ئەو بەیت و باڵۆرەو قسەوقسەلۆکە بێ بنەمایانە بڕناکەن کە هەمیشە تۆمەتی جوداخوازییان دەدایە پاڵ گەلی کورد، ئەوەتا کورد نەک هەر جیانەبووەوە، بەڵکو بووەتە فاکتەری پتەوکردنی یەکێتی خاکی عیراق و لە لووتکەی دەسەڵاتیشدا سەرکردایەتی نوێبوونەوەی دەوڵەتی عیراق دەکات، کە سیاسەتی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکانی پێشوو بیوونە هەرەشە بۆ سەر یەکێتی و یەکگرتوویی عیراق.**)

ئەگەر سیستمی سیاسیی ئێراق بەو جۆرە کە باس دەکرا و باسی دەکەن بەرەو دێمۆکراتییەت بڕواتە پێشەوە کە کوردێک ببێت بە سەرۆککۆماری ئێراق، دەبێت ئازادی لە هەموو بووارەکانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیدا بڕواتە پێشەوە. لەو کاتەدا خواستی جیابوونەوە نەک بە چاوی سوک و بێبەها سەیر ناکرێت و وەک تۆمەت و تاوانێکی گران نایەتە ناساندن، بەڵکو وەک مافێکی ڕەوا بۆ هەر نەتەوەیەک چ لە ئێراق و چ لە هەر گۆشەیەکی ئەم جهانەدا بێت، بە ڕەوا لە بەرچاو دەگیرێت و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێت. جێگەی داخە لەو نووسراوەدا، لەبری ئەوەی بڕوا بە **ئازادی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان** ڕەنگ بداتەوە، بڕوا بە یەکپارچەیی ئێراق و سەروەری خاکی ئێراق دەبێت بە هەوێنی نووسراوەکە!

### با بزانین ئەو بۆچوونە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟

پاش چەند ساڵ لە جەنگی نێوان پارتی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی ۲۰۰۲دا کۆبوونەوەیەک لە پەرلەمانی کوردستانی ئێراق لە شاری هەولێر بە بەشداری خانم دانیال میتێران و حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان بۆ ڕابەرانی پارتی و یەکێتی پێکهات. لە کۆبوونەوەدا بەڕێز تاڵەبانی بەو جۆرە دەڵێن: **ڕۆژێکی پیرۆز لە مێژووی عێراق بە کوردستانەکەشیەوە، ڕۆژی ئیعلانکردنی ئیرادەی سەربەست و ئازادیی هەموو خەڵکی کوردستان کە مانەوەی لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتدا هەڵبژاردووە بە شێوەی فیدراڵیی لە چوارچێوەی ئەو عێراقە دیموکراتییەدا، واتە نوێنەرە هەڵبژێراوەکانی خەڵکی کوردستانی**

**عێراق لەم ڕۆژەدا بەگشتیی دەنگ بڕیاریان داوە لە چوارچێوەی عێراقی دیموکراتیی یەکگرتوودا بە دیموکراتیی و مافی مرۆڤ و فیدراڵیزم شاد بین، واتە سەرلەنوێ عێراقی دابەشکراو، عێراقی پارچەپارچە کراو لە لایەن دیکتاتۆریەتەوە یەکبخەینەوە، سەروەری و سەربەخۆیی بۆ دابین بکەینەوە، بەمەش هەموو باڵۆرە درۆزنەکانی جیاخوازیی و جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق و دانانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بەڕەسمی بە درۆخستنەوە و دووپاتیان کردەوە کە خەڵکی ئێمە بە هەموو هێزە سیاسیە ژێرەکانیەوە توند توند دەستیان بە ئەڵقەی برایەتی کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشورییەوە گرتووە.**

گۆڤاری بەربانگ ژ- ١٢٥و١٢٦ ل- ٤ ساڵی٢٠٠٢

ئەگەر یەکپارچەیی ئێراق ئەوندە گرنگ و پیرۆز بێت کە سەربەخۆیی کوردستان بە باڵۆرە لێدانێکی درۆزننانە دابنرێت، **ڕێکخراوەیەک بەناوی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) ڕۆڵی چییە؟**

**ئایا وەک ڕێکخراوەیەکی سیاسی بە هەر ئێدئۆلۆژییەکی سیاسییەوە کە هەیبێت و بەو جۆرەیش بیر بکاتەوە، دروستە لە مەیدانی سیاسیی کوردستان و بەناوی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)ەوە چالاکی بکات ؟**

**ئایا لە چوارچێوە و لە سایەیی ئەو بیروبۆچوونە سیاسییەدا میللەتی کورد دەتوانێت بیر لەوە بکاتەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان وەک مافی ئینسانی خۆی بە ئازادیی باسی ئەوە بکات کە پێویستە دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە هەر بەشێکی کوردستان بەگشتی و ئەو بەشەیش کە وا لە چوارچێوەی ئێراق دا بەتایبەتی بکاتەوە؟**

**ئایا ئەوە هەڵوێستێکی سیاسیی و دیپلۆماتییە یا سوکایەتیکردن بە خواست و ئاواتی نەتەوەیەک کە گیانی دەیان هەزار کەس لە ڕۆڵەکانی لەو ڕێگادا پەخشیوە؟**

برایەتیکردنی کورد و عەرەب- کورد و تورک- کورد و فارس- کورد کلدانی- کورد و...، هەروەها دۆستایەتی کورد لەگەڵ هەر گوروپێکی ئایینی و فەرهەنگیدا پێویستە و دەبێ هەوڵی بۆ بدرێت! برایەتیکردن لەسەر سەکۆ و پلەی بەرانبەر برایەتیکردنە! برایەتیکردن و سوکایەتیکردن بە لایەنێکی ژێردەستە دوو باسی جیاوازە! ئەگەر مەبەست ئەوە بێت بەو قسانە دوژمن فریو دەدین، مێژوویی ئێمەی کورد بریتیە لە فیروخواردن و بەس! کاتێک منی کورد ژێر دەستەی **فارس و تورک و عەرەب** ببم، بێ هیچ بیرکردنەوە و رووگرژ کردنێک ئەوە نیشانەی ئەوەیە ئەوان لە ئێمە هۆشیارترن.





بیرکردنەوە لەو باسە کە ئێمە ئەوان فریودەین کارێکی هەڵەیە! هێز و توانا، سەروەت و سامان، لەشکر و سپا مایەی دەسەڵاتن، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کەسێک کە ئەوانەی نەبوو دەسەڵاتی نییە! مرۆڤ لەسەر هەر کورسێک جا کورسییەکە چوارچێوەکەی لە زێڕ بێت یا کۆتە دارێک بێت، کە دانیشت خاوەن کەسایەتی خۆیەتی و پێویستە ڕێز لە کەسایەتی خۆی و ئەو کەسەیش کە وا لە بەرانبەریدا بگرێت! لەو حاڵەتەدا لایەنی بەرانبەریش ناچار دەبێت بەو جۆرە بیرکاتەوە و بەو جۆرە هەڵوێست بگرێت! کاتیک مرۆڤ خۆی ڕێز بۆ خۆی دانەنێت و خۆی بەدەستی خۆیی، خۆی بێنێتە خوارەوە، با کورسییەکە گرانبەها بیت، با لشکر و سپایش هەبێت، با هەموو پێداویستییەکانی ژیان لە ئارادا بێت، بەڵام بەو کارە لە بەرانبەر ئەو کەسەدا جا کەسەکە دۆست بێت یا دوژمن دێتەخوارەوە. لەو کاتەدا ئەو کەسەیش **ناتوانێت وەک مرۆڤێکی بەرانبەر** لەو کەسە بڕوانێت و ڕێزی بۆ دابنێت!

**هۆی ئەو جۆرە بیرکردنەوە لە چیدایە؟**

هۆی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ سیستمی داگیرکەری و داگیرکراوی. کاتێک لایەنێک پەلاماری لایەنێکی دیکە دەدات و سەرکەوتن بەدەست دێنێت، بەو سەرکەوتنە کاتییە ڕازی نابێت و تێدەکۆشێت سەرکەوتنەکەی پایەدار بێت، بۆ ئەو کارەیش گەلێ بەرنامە دادەڕێژێت. ئەو کارە ئەگەر بە جەنگ و لەشکرکێشی لە نێوان دوو لایەن وەک دوو نەتەوە روو بدات، لایەنی سەرکەوتوو ناتوانێت ئەو سەرکەوتنەی هەر بە زۆری چەک و زەبروزەنگ بپارێزێت! شاید ئەو کارەی بۆ ماوەیەکی کورت بۆ ئەنجام بدرێت، بەڵام لە درێژخایەندا هێزەکانی ماندوو دەبێت و تێدشکێت! بۆ پاراستنی ئەو سەرکەوتنە لایەنی سەرکەوتوو هەوڵ دەدات زمان، ئەدەبیات، ئایین و کولتورەکەی بباتە ناو ریزەکانی لایەنە تێکشاوەکە تا دەستەمۆیان کات و کەسایەتیان بگۆڕێت و بەرەبەرە لەناو خۆیدا بیانتوێنێتەوە. هەموومان ئەوە دەزانین بنەمای ژیان لە پاراستنی ژیاندایە! بەپێی ئەو دەستوورە لایەنی تێشکاو بۆ درێژەدان بە ژیانی خۆی، بۆ پاراستنی زمان، ئەدەبیات، ئایین و دابونەریتەکەی خۆی دژایەتی زمان، ئەدەبیات، فەرهەنگ و ئایینی

دوژمنەکەی دەکات، بەڵام لە پڕۆسەی درێژخایەنی ئەو سیاسەتە کە لە لایەن لایەنی سەرکەوتووە بەڕێوە دەچێت بەرەبەرە دژایەتیکردن کەم دەبێتەوە لە ئاکامدا زمان، ئەدەبیات، فەرهەنگ، ئایین و ... لایەنی سەرکەوتوو وەک کارێکی ئاسایی لە کۆمەڵگا تێکشاوەکەدا دەنوێنێت و بەڕێوە دەبرێت. لە درێژەی ئەو سیاسەتەدا کەسایەتی لایەنی ژێردەستە گۆڕانێکی وەهای بەسەردا دێت ژێردەستەیی خۆی لەبیر دەچێتەوە و دەبێت بە کارگێڕی دوژمنەکەی. باشترین نموونە: هێرشی عەرەب لە ژێر چەتری ئیسلام و داگیرکردنی ناوچەیەکی بەر فراوانی زەمینی و پەروەردەکردنی خەڵکەکەی بە ئیدئۆلۆژی، بە زمان، بە ئەدەبیات، بە فەرهەنگ و ئایینی عەرەبی بە جۆرێک کە ئێستا ئەو خەڵکە لە خودی عەرەب زیاتر شانازی بە زمان، بە ئەدەبیات، بە ئایینی عەرەب و دەسەڵاتی عەرەبەوە دەکەن.

نموونەی دیکە: دەسەڵاتی فارسیزم بە سەر کوردەوە، لەپەنای ئەوەدا کە بەشێکی کوردستان لە لایەنی دەوڵەت و سیستمی فارسیزمەوە داگیرکراوە، بەهۆی ئەو داگیرکارییەوە کەسایەتی تاکی کورد، زمان، ئەدەبیات، فەرهەنگ و...... کوردی لە ژێر زەختی زمان و ئەدەبیات و فەرهەنگی فارسیدا بەرەو نەمان دەڕوات، بەڵام ئێمەی کورد شانازی بە زمان، بە ئەدەبیات، بە شاعیر و نووسەرانی فارسەوە دەکەین. لە باری سیاسیشەوە بە چاوخشاندنێک بە بەرنامە و پرۆگرامی حیزب و ڕێکخراوەکانی، بیروباوەڕی ڕووناکبیر و سیاسییەکانی، ڕێبازی نووسینیان، گەشەی ئەدەبیاتییان، چالاکی ماسمێدیاییان دەردەکەوێت کە ئێمە لە مرۆڤێکی ڕاستەقینەوە بووین بە کۆپییەی مرۆڤێکی فارس و بەس!

شارەزایی لە زمان، لە ئەدەبیات، لە فەرهەنگ و .... هەر نەتەوەیەکدا سودمەندە، بەڵام نەک بە جۆرێک بێت کە مرۆڤ کەسایەتی خۆی ون بکات!





**دەنگدان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی ئێراق و ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێراق**

ڕۆژی ٢٠٠٥/١/٣٠ دیاریکرا بوو بۆ بۆ دەنگدان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی ئێراق. لە سەرەتای ئەو مانگەوە ماسمێدیای جهانی و عەرەبی بەگشتی و ئێراقی و کوردی بەتایبەتی کەوتنە بانگەوازکردن بۆ بەشداریکردن لەو هەڵبژاردنانەدا و خاڵە بەد و باشەکانی بەشداریکردن و نەکردنیان بۆ خەڵک دەسنیشان دەکرد. لە ماسمێدیای سویدیشدا بانگەواز بۆ ئەو هەڵبژاردنانە دەکرا.
ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی لەبری کومسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە ئێراق بە سێ زمانی سویدی و عەرەبی و کوردی ئەو دورشمەی(**نحن عراقیون- ئێمە ئێراقین- و ....** ) لە سێ لاپەڕەی ٥٠ لە ٧٠ سانتیمیتری بە چاپی ڕەنگی و بە ئاڵای ئێراقەوە چاپکردبوو. پێم وانییە ئەو جۆرە بانگەوازە بۆ هەڵبژاردنی هیچ وڵاتێک لە سویددا ئەنجامدرابێت.
نووسینی **ئێمە ئێراقین** بە زمانی سویدی چ پێویستییەکی هەیە؟!
**نحن عراقیون** بۆ ئەو عەرەبانەیش کە لە شارەکانی بەغدا و بەسرە و نەجەف و کەربەلا و ... گەیشتوونەتە سوید و... هیچ پێویست نییە، ئەوانە لە هەر شوێنێکدا بن خۆیان بە بەشێک لە جهانی عەرەب بەگشتی و ئێراقیش بەتایبەتی زانیوە و دەزانن و بۆ بەرژەوەندی باڵای ئێراق و جهانی عەرەب تێدەکۆشن.
دورشمی سێیەمی **ئێمە ئێراقین**، چەند ساڵێک بوو زۆربەی کوردەکانی دەرەوەی کوردستان لە ئوروپا و ئەمریکا و ئوستralیا و... لە خۆپیشاندانەکان، لە کۆڕ و سمینارەکان و لە ماسمێدیای کوردی و جهانیدا تا ڕادەیەک باسی کوردستانیان دەهێنایە پێشەوە، بە ئاڵای کوردستانەوە خۆیان دەناساند. جێگەی سەرسوڕمانە ئەو کوردانەی کە لە شار و گوندەکانی نێوان **چیای حەمەرین و برایم خەلیل** واتە ناوچەی ٣٤ دەرجەوە بۆ دەرباز کردنی گیانی خۆیان لە چنگ حکومەتی ئێراق، گەیشتوونەتە **ئوروپا و ئەمریکا و ئوسترالیا** و.... و لەم جهانە بەرینەدا ئاوارەن، بە جل و بەرگی ڕەنگاورەنگ- بە ئارایشی جوان و قەشەنگ- بە عەتری گرانبەها خۆیان

بۆنخۆش ده‌کرد و به گۆرانی و هه‌ڵبه‌رین و شادیکردن به‌شداری هه‌ڵبژاردنه‌کانیان ده‌کرد!

ئه‌وه‌یش له کاتێکدا بوو که مافی ئه‌وه‌یان نه‌بوو وه‌ک خه‌ڵکی **هه‌ولێر، سلێمانی و دهۆک و .... هه‌م ده‌نگ بۆ په‌رله‌مانی ئێراق و هه‌م ده‌نگ بۆ په‌رله‌مانی کوردستان بده‌ن.** ئه‌مان ته‌نیا مافی ئه‌وه‌یان بوو که ده‌نگ بۆ **په‌له‌رمانی ئێراق بده‌ن و به‌س!** تۆیه‌ک که مافی ده‌نگدانت نه‌بێت، ده‌بێت شادی بکه‌یت یا ناڕه‌زایی ده‌رببڕێت؟!

راستی ئه‌گه‌ر ئه‌و که‌سانه که به‌و جۆره چوون به پیر ده‌نگدان بۆ ئه‌نجومه‌نی نیشتمانی ئێراق و ئه‌نجومه‌نی نوینه‌رانی ئێراقه‌وه، ئه‌گه‌ر به‌تێکڕا ئه‌و هه‌ڵبژارنه‌یان بایکۆت بکردایه‌ت و له ماوه‌ی ده‌نگدانه‌کاندا به **خۆپیشاندانی ئارامی سیاسیی** له ئوروپا و ئه‌مریکا و ئوستراليا و..... به‌رپه‌رچی دورشمی(**ئێمه ئێراقین**)یان بدایه‌ته‌وه، چاره‌نووسی سیاسیی و کۆمه‌ڵایه‌تی ئه‌و به‌شه‌ی کوردستان ئاڵوگۆڕی به‌سه‌ردا نه‌ده‌هات و به‌ره‌و ئازادی نه‌ده‌چووه پێشه‌وه؟! وه‌ڵامی ئه‌و پرسیاره رووداوه سیاسی و کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کانی ئاینده‌ی ئێراق و کوردستان ده‌سنیشانی ده‌کات.

با لێره‌دا تماشای بانگه‌وازی هه‌ڵبژاردنه‌کانی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانی ئێراق و ئه‌نجومه‌نی نوینه‌رانی ئێراق، هه‌روه‌ها تماشای خۆشی و شادیکردنی کوڕ و کچ، ژن و پیاو، پیر و لاوی کورد بکه‌ین که له فینله‌ند و نۆرویژه‌وه هاتبوون بۆ ستۆکهۆڵم بۆ ده‌نگدان له‌گه‌ڵ کورده‌کانی سویددا.

**تێبینی:** نووسراوه‌ی بانگه‌وازه‌کان له رووی خودی ئافیشه‌کان به هه‌مان رێنووس و به هه‌مان فۆرم نووسراونه‌ته‌وه!








**ده‌توانی ده‌نگی خۆت بده‌ی له پڕۆسه‌ی ده‌نگدان له ده‌ره‌وه‌ی ووڵاتی عیراق بۆ هه‌ڵبژاردنی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانی عیراقی.**

**ئه‌گه‌ر هه‌ڵگری ره‌گه‌زنامه‌ی عیراقیت ئێسته یان پیش تره.**
**له دایک بوی عیراق بیت، یا باوکت عیراقیه.**
**ئه‌گه‌ر ته‌مه‌نت ئه‌بێت به ۱۸ساڵ به لایه‌نی که‌مه‌وه له ۳۱ دیسه‌مبه‌ری ۲۰۰۴**

**ئه‌گه‌ر ده‌توانیت دیکۆمینتی ره‌سمی بهینیت بۆ سه‌لماندنی ئه‌وانه‌ی سه‌ره‌وه.**
**ئه‌توانیت ده‌نگ بده‌ی هه‌تا ئه‌گه‌ر ره‌گه‌زنامه‌ی ووڵاتیکی ترت هه‌بێ.**
**هه‌موو دیکومینته ره‌سمیه‌کانت به‌ره له‌گه‌ڵ خۆت کاتی چونت بۆ تۆمارکردن له ماوه‌ی نێوان ۱۷ تا ۲۳ جانیوه‌ری ۲۰۰۵**

**دوای تومارکردن مافی ده‌نگدانت ئه‌بی له ماوه‌ی ۲۸ تا ۳۰ جانیوه‌ری ۲۰۰۵**
**ریکخراوی کۆچی نێوده‌وڵه‌تی هه‌لده‌ستیت به‌ریوه‌بردنی پڕۆسه‌ی ده‌نگدان**
**له ده‌ره‌وه‌ی ووڵاتی عیراق**
**له‌بری کومسیونی باڵای سه‌ربه‌خوی هه‌لبژاردن له عیراق.**








mejla redaktion@city.se, 08-506 563 30

# "Demokratin har segrat"

## Kurdo Baksi och många irakier firade det höga valdeltagandet i Irak

SÖDERMALM. **Glädje och stolhet präglade stämningen på valvakan där exilirakier hade samlats i går kväll. Valdeltagandet både i Sverige och Irak blev långt över allas förväntningar.**

– Det är ett starkt budskap till världen och till terroristerna. Dagens val är det bästa exemplet på demokrati. Inget kan stoppa oss nu, säger Ahmed Baemerni, Iraks ambassadör i Sverige.

Ett femtiotal kurder, shiamuslimer, sunnimuslimer och assyrier hade samlats i Grekiska kulturcentrums lokal på Södermalm för en valanalys och för att fira det första fria valet i Irak på femtio år.

**Glädje och tillförsikt**

Men även om glädjen var stor fanns även ett stort mått av tillförsikt inför framtiden.

Shahla Karim, här med maken Mahir, från Kurdistans kvinnoförbund tror att kvinnornas situation kommer att bli lättare efter valet.

Foto: KATARINA LAGERWALL

allt över en dag. Men jag är positiv. Vi är på rätt väg och

ket har valt, säger Thanna Almosawi, shiamuslim och

Våldet, terroristerna och de etniska gruppernas mot-

diskuterades under kvällen. Men också kvinnans framtida ställning i landet.

– Det kommer att bli lättare efter valet men först måste det bli demokrati i landet, säger Shahla Karim i kurdistans kvinnoförbund.

**Många röstade**

Den senaste siffran över valdeltagandet i Sverige var nästan 72 procent när vallokalerna stängde i går.

Kurdo Baksi.

**Vad tyder det höga valdeltagandet på?**

– Att demokratin har segrat över terrorismen. Jag är oerhört nöjd, säger den politiska debattören Kurdo Baksi.

**Katarina Lagerwall**

katarina.lagerwall@city.se, 08-506 563 28

**Läs mer om valet i Irak**

Stockholm City * Måndag 31 januari 2005





**عێراق.. بۆ هەر کوێ ڕۆشتین لە یاد ناچیت !!**



**هەمومان بۆ عێراق**

**١٣ - ١٥ كانونی یەكەم هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران**

**ئەتوانیت بەشداری بكەیت لە تۆماركردن و دەنگدان لە هەڵبژاردنی**
**دەرەوەیعێراق بۆ ئەنجومەنی نوێنەران**
**ئەگەر تۆ هەڵگری رەگەزنامەی عێراق ئێستا یان پێشوو، ئەگەر تۆ لەدایک**
**بویعێراقیت، دایکت یان باوكت**
**عێراقی یە، تەمەنت هەژدە ساڵی تەواو كردبێت بەلایەنی كەمەوە لە مانگی**
**كانونی یەكەمی ٢٠٠٥**
**ئەتوانێت تۆماربكەیت و دەنگ بدەیت لە هەمان كاتدا هەروەها ئەگەر ڕەگەزنامەی**
**وولاتیكی تر پێبێت**
**ناسنامەكانت لەگەڵ خۆت بهێنە لەكاتی ئامادە بونت لە بنكەكانی تۆماركردن و**
**دەنگدان لەماوەی ١٣– ١٥ كانونی یەكەم ٢٠٠٥**

**كۆمسیونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان لە عێراق IECI سەرپەرشتی**
**پرۆسەیە دەنگدان ئەكات**
**بۆ زانیاری زیاتر: www. ieciocv.org ژمارەی خۆراین : ٠٨٠٠٢٢٣٨٨**

المفوضية العليا المستقلة للإنتخابات في العراق
كۆمسیونی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان لە عێراق
The Independent Electoral Commission of Iraq

برنامج التصويت خارج العراق
دەنگدان لە دەرەوەی وولاتی عێراق
Iraq Out-of-Country Voting Program



mannang knutna till terro- Magnus Ranstorp och me- Jakob Larsson säger kort att

# Irakvalet blev till en folkfest

**I GÅR VAR SISTA** dagen för det irakiska valet, och trots attentat mot lokalen under natten, med påföljande rikslarm, var det ingen som lät sig avskräckas från att rösta.

Utanför vallokalen i Kista var det folkfest med musik och dans, och Haider Ibrahim, ansvarig för valet i Stockholm, sa att allt varit lugnt under dagen.

– Vi tolkar attentatsförsöket som en bra signal, att vi gör något rätt. Vi är eniga i detta.

Det var vid halv ett-tiden natten till i går som en Securitasvakt kallade på polis efter att en okänd gärningsman kastat in en brandbomb i vallokalen. Den antändes dock inte, utan resultatet blev ett krossat fönster. Enligt väster- ortspolisen är signalementsuppgifterna på mannen fortfarande vaga, men de är intresserade av om något vittne under natten sett en man utan jacka. Utredarna har hittat en jacka och vantar i närområdet.

– Också flaskan med det brännbara ämnet är tagen i beslag, säger Diana Sundin, pressansvarig.

Haider Ibrahim menar att det inträffade antagligen snarare fick fler irakier att gå och rösta.

– Det har bara gjort folk mer villiga att kämpa för ett nytt Irak.

Redan klockan åtta på morgonen var det kö utanför den gamla posten på Isafjordsgatan och på eftermiddagen hade 2 000–3 000 redan röstat.

MARIA FORSSTRÖM

**BARHAM VAR EN AV MÅNGA** som sjöng och dansade utanför vallokalen. Han hade knappt någon röst kvar efter röstandet och firandet. – Jag har åkt hit ända från Skellefteå, sju timmar hit och sju timmar tillbaka. Jag vill tacka för att vi får chansen att rösta här i Sverige, säger han.

**KADER MENMI** är kurd från Kurdistan men har bott i Sverige och Skärholmen i 16 år. Han blev inte avskräckt av attentatet.
– Nej, det har gått bra i dag, och jag tror att hela valet kommer att gå bra överallt.

**SHABO KADIR** hade på sig finaste guldklänningen vid röstningen. Hon och Samir Amin och barnen Sonia och Daniel Amin från Hallonbergen hade alla blå fingrar efter att ha identifierat sig i röstlokalen.
– Det är fingrar för frihet! Nu ska hela världen tillsammans arbeta mot terrorister och diktatorer, säger Samir Amin.

URBAN BRÅDHE

رۆژنامەی مترۆی سویدی ٢٠٠٥/١٢/١٦ Metro

با بزانین رابەران و سیاسییەکانی ئێراق چلۆن پاداشی تێکۆشان و خۆشی و شادیکردنی کورد دەدەنەوە.





**سوێندخواردنی سەرۆکوەزیری ئێراق لە پەرلەمانی ئێراق دا**

پاش هەڵبژاردنی سەرککۆمار بۆ ئێراق، کەسێک بەناوی دوکتۆر **ئیبراهیم جەعفەری** دیاریکرا بۆ سەرۆکوەزیری ئێراق. ئەرکی سەرۆکوەزیر ئەوەیە وەزیرەکانی دەسنیشان کات و پێکەوە سوێن بخۆن کە کارەکانی ئەو وڵاتە بە پاکی و راستگۆیانە بەرێوە دەبن. با لەو چەند دێرە بڕوانین:

**تەنها دوو وەزیری کورد سوێندەکەیان بە تەواوی خوارد**
**سەرۆکی حکومەتی عیراق لادانی بڕگەیەک لە سوێندی یاسایی بە گرفت نازانێت**

**تایبەت بە کوردستانی نوێ:**

**رۆژی سێشەممەی رابردوو حکومەتی تازەی عیراق لە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران، سوێندی یاساییان خوارد، ،بەڵام لە سوێندەکەدا بڕگەیەکی گرنگ لادرابوو کە دەڵێ: <u>ونظامە الدیمقراتی الاتحادي</u>. سەرچاوەیەکی نزیک بە کوردستانی نوێ . ی راگەیاند:**
**فەرمانگەی مەراسمەکان کە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە سەرپەرەشتی رێورەسمەکە و دانانی سوێندەکەی کردووە، لە کاتی سوێندخواردنەکەش هەموو وەزیرەکان بە کوردەکانیشەوە جگە لە د. بەرهەم ساڵح و عەبدولباست عەبدولکەریم، سوێندەکەیان بە ناتەواوی خوارد. سەرچاوکە ئەوەشی راگەیاند: نامەیەکی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بە ئیمزای بەرێز مام جەلال سەرۆک کۆماری عیراق ئاراستەی سەرۆکی حکومەت کراوە، تیایدا سەرەڕای ناڕەزایەتی، داوای روونکردنەوەی پێویست لە کێشەکەدا دەکات. دوێنێ لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق، مەسەلەکە باسکرا، بەڵام سەرۆکی حکومەت پێی وابوو، کە لادان و لانەدانی ئەو بڕگە کێشەیەک نییە، بەبەهانەی ئەوەی لە سوێندەکەدا هاتووە(هەموو یاساکان جێبەجێ دەکەم) واتە یاسای بەڕێوە بردنی دەوڵەتی عیراق کە تیایدا چەسپاوە سیستمی عیراق سیستمێکی دیموکراتیی ئیتحادییە. هەمان سەرچاوە بە کوردستانی نوێ . ی راگەیاند کە عەبدولباست کەریم مەولود وەزیری بازرگانی عیراق لە کۆبوونەوەکەدا بەرامبەر بەلادانی ئەو بڕگە گرنگە لە سوێندەکە نارەزایی دەربڕیوەو دژ بەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی وەسفکردووە، کە لەم قۆناغەدا وەک دەستوور وایە ناشکرێت بە یاسایەکی نزمتر رەتبکرێتەوە، بەتایبەتی کە ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق هەمان سوێندیان بێ دەسکاری خوێندەوە. بەپێی هەواڵەکان ئێستا باس لەوە دەکرێت لەگەڵ دانانی‹٥› وەزیرەکەی سوننە هەموو وەزیرەکان دووبارە سوێنددەکە بەتەواوی بخۆنەوە.**

کوردستانی نوێ- ٢٠٠٥/٥/٦ ژ- ٣٦٦٤




کوردستانی نوێ- ٦/٥/ ٢٠٠٥ ژ- ٣٦٦٤

**دوای ناڕەزایی کورد و لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، حکومەتی نوێی عیراق سەرلەنوێ سوێندی یاسایی خواردەوە**

کوردستانی نوێ ژ- ٣٦٦٧ - ٢٠٠٥/٥/١٠

**دوای هوشدارییەکەی سەرۆک بارزانی: حکوومەتی عێراقی فیدراڵ بە هەموو ئەندامەکانیەوە جارێکی دیکەسوێندی یاسایی دەخۆنەوە.**

خەبات ژ- ١٧٨٨- ٩ی ئایاری٢٠٠٥





**رابەرانی ئێراق لە دەورانـــــــــی بێدەسـەڵاتیـدا سەبارەت بە پرۆسە کۆمـەڵایـەتـی و سیاسییەکانی ئێراق کە بەپێی رێکەوتنی هـەمـەلایـەنـە پێکهـاتووە، بـەو جۆرە بجوڵێنەوە و لەگەڵ خەڵکدا دڕۆ بکـەن، لـە دەورانێکـدا کـە دەسەڵاتیان بێت، دەبێت چلۆن بن و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسـی خـەڵـک بەگشتی و نـەتـەوە ژێـردەسـتەکـان بـەتایبـەتی، بەرەو کوێ ببن ؟!**




کوردستانی نوێ ژ- ٣٦٦٧ سێشەممە ٢٠٠٥/٥/١٠

**تێبینی: نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئێراق لە سکاندیناڤیا بەڕێز (تەها بەرواری) لە کاتی دورستبوونەوەی حکومەتی ئێراق لە رادیۆیەکی کوردی لە شاری ستۆکهۆڵم دا کوتی بەخۆشییەوە حکومەتی ئێراق دامەزرایەوە و گەلی کوردمان بەشی شێری بەرکەوتووە، هەروەها لە رۆژی ٢٠٠٤/٦/٣٠ لە رادیۆی کوردی زایەڵە کە رادیۆی رەسمی دەوڵەتی سویدە کوتی : لەسەر پێشنیاری وەزیر دەرەوە بوو کە ئەمریکاییەکان دوو رۆژ زووتر حکومەتیان دایەوە بە ئێراقییەکان. لەو کاتەدا بەڕێز (هۆشیار زێباری) وەزیری دەرەوەی ئێراق بوو.**

# سەرۆکی کوردستان ؟!

ئەگەر چاوێک بە سیستمی وڵاتانی جهاندا بگێڕین، دوو سیستم دەبینین کە بریتین لە سیستمی پادشای و سیستمی کۆماری. نموونە:
وڵاتانی عەرەبستانی سعودی - ئۆردۆن - سوید و ئینگلیز پادشاین-
وڵاتانی ئەمریکا - فەرانسە و سورییە کوماری.
لە هەر دوو سیستمەکەدا کاتێک کەسێک دەبێت بە پادشا یا سەرۆککۆمار پێویستە سویند بخوات. لە سوید و ئینگلیز کە سیستمەکەیان پادشاییە پادشا دەسەڵاتێکی وەهای نییە، وەک سمبۆل دەنوێنێت، کاتێک پادشا ماڵئاوای لە ژیان بکات یەکەمین منالی جا کچ بێ یا کوڕ دەبێت بە جێنشین.
لەم وڵاتانەدا دەستوور دەسەڵاتدارە، بەپێی دەستوور سەرۆکوەزیر و وەزیران دیاری دەکرێت. با لە دوو دەورانی دەوڵەت لە سوید بڕوانین:

١ - لە میانەی ساڵەکانی١٩٩٠ تا ٢٠٠٦ لە لایەن حیزبی سۆسیال دیمۆکراتی سویدەوە(**یۆران پەرشۆن** Göran persson) دەکرێت بە (**وەزیری ماڵی**) و (**سەرۆکوەزیر**).

٢ - لە میانەی ساڵەکانی١٩٩٠ تا ساڵی ٢٠١٠(**کارل بیلد** Karl bild ) لە لایەن حیزبی مۆدراتەوە دەبێت بە (**سەرۆکوەزیر**) و (**وەزیری دەرەوە**).

ئەو دوو کەسە لەو پۆستانەدا بەپێی توانا کارەکانیان ئەنجامداوە، رەخنەیان لێگیراوە، کەتوونەتە ژێر پرسیار وەڵامیشیان داوەتەوە.
لە ئۆردۆن و عەرەبستان پادشا خاوەنی هەمە چەشنە دەسەڵاتێکی وەک دەسەڵاتی سیاسیی- دەسەڵاتی دارایی- دەسەڵاتی دادوەریی- دەسەڵاتی سەربازیی و کۆمەڵێ دەسەڵاتی دیکەیە، کەس ناتوانێت رەخنەیان لێبگرێت! کاتێک پادشا ماڵئاوای لە ژیان بکات بەس کۆڕ دەبێت بە جێنشین.
لە سیستمی سیاسیی ئەمریکا و فەرانسەدا سەرۆککۆمار بۆ ماوەیەکی دیاریکراو هەڵدەبژێرن، لە بەرانبەر ئەو کارانەی کە پێوەندی بە پۆستی





سەرۆککۆمارییەوە بێت سەرۆککۆمار بەرپرسیارە و دەبێت وەڵام بداتەوە، ئەگەر پێویست بێت دەیشیان کێشنە دادگا!
بەڵام لە سورییە حافز ئەسەد دەبێت بە سەرۆککۆمار تا کاتی مردن، **<u>پاش مردنیشی دەستووری سورییە سەبارەت بە تەمەنی سەرۆککۆمار دەسکاری دەکرێت تا جەنابی بەشار ئەسەدی کوڕی حافز ئەسەد بتوانێت ببێت بە سەرۆککۆماری سورییە.</u>**

لەو سیستمە سیاسییەدا کە کەسێک تا مردن سەرۆککۆمار بێت و پاش مردنیش دەبێت کوڕەکەی ببێت بە سەرۆککۆمار، کێ دەتوانێ باسی رەخنە و پرسیارکردن بێنێتە ئاراوە؟! هۆکاری هەبوونی ئەو دوو سیستمە پادشای و کۆمارییە بە دوو دەسەڵاتی جیاوازەوە دەگەڕێتەوە بۆ پلەی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگای ئەو وڵاتانە!
لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئەم پەراگرافەمان خویندەوە کە دەڵێ:

**(کۆبوونەوە و رێکەوتنێک لە نێوان پارتی و یەکێتی**

**دەربارەی خاڵی یەکەمی کۆبوونەوەکە، سەرۆک بارزانی کوتی: بۆ ئەو پۆستە سیادییەی بەر کورد دەکەوێ، ئێمە جەنابی مام جەلال تەرشیح دەکەین، هەروەها مام جەلال گوتی: ئێمە بۆ هەرێم بڕیارمان داوە جەنابی کاک مسعود تەرشیح بکەین، بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکی هەرێم. لە میانەی گۆنگرە رۆژنامەنووسییەکەدا، ئەوەش روون بۆوە، کە دوای ئەوەی ئەنجامی هەلبژاردن لە لایەن کۆمسیۆنی باڵاوە رادەگەیەنرێ، پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان و راسپاردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پێکهاتنی حکومەت لەسەر ئاستی هەرێم، وەک بڕیارە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بەر بەڕێز عەدنان موفتی لە یەکێتی دەکەوێ و بەڕێز نێچیرڤان بارزانیش دەبێتە سەرۆکی حکومەتی کوردستان و هەر دوو ئیدارەکەش یەک دەخرێنەوە، ....... ).**

بەپێی ئەو رێکەوتنە لە رۆژی ٢٠٠٥/٦/٢دا بەڕێز مەسعود بارزانی وەک **<u>تاکە کاندید</u>** بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانەوە هەڵبژێردرا. رۆژی ٢٠٠٥/٦/١٤ لە پەرلەمانی کوردستان دا سویندی خوارد.

## سوێن خواردن بۆ کام پۆست ؟

ئەو بەشەی کوردستان بەپێی بەرژەوەندی دەوڵەتە زلهێزەکانی جهان بێت یا لەسەر خواست و ئارەزوی خەڵکەکەی، ئێستا وا لە چوارچێوەی ئێراق و لەژێر دەسەلاَتی دەوڵەتی ئێراقدا.
ئێراق لە ساڵی ١٩٥٨وە کۆمارییە و سەرۆککۆماری بووە، بۆ نموونە: کەریم قاسم، حەسەن البەکر، ئەیاد عەلاوی و جەلال تاڵەبانی.
ئەو بەشەی کوردستان کە بە هەرێمی کوردستانی ئێراق ناسراوە، لە ساڵی ١٩٩٢وە پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیرانی هەیە. بەپێی رێکەوتنەکەی نێوان بەرێزان تاڵەبانی و بارزانی- بەرێز عەدنان موفتی بۆ سەرۆکی پەرلەمان و بەرێز نێچیرڤان بارزانی بۆ سەرۆکی حکومەت دیاری کراون، تا مانگی٧ ی ساڵی٢٠٠٩یش پۆستی سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەتیان لە ئەستۆ دایە.
هەر وەک لەسەرەوە باسکرا، دوو سیستمی پادشای و کۆماری لە جهاندا هەیە. بەرێز مەسعود بارزانی کە سویند دەخۆن، وەک (**سەرۆکی حکومەت**، **سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**، **سەرۆککۆمار یا پادشای کوردستانی ئێراق**) بۆ کامیان سوێند دەخۆن؟
وەڵامی ئەو پرسیارە بۆ هەمووومان روون و ئاشکرایە ئەوان وەک **سەرۆکی هەرێمی کوردستان** سوێند دەخۆن. هەرێمی کوردستانیش بریتییە لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و ناوچەکانی دەروبەری.

**سەرۆکی کوردستان چییە؟** پۆستێکی **پێویستی** دەوڵەتییە بۆ بەرێوەبردنی کاروبارە سیاسی و کۆمەلاَیەتییەکانی ئەو چەن شارەی کوردستان بەپێی دەستوور یا **پۆستێکی بالاَدەستییە؟**

بۆ وەلاَمی ئەو پرسیارە با تماشای ئەو چەن هەلۆیستەی خوارەوە بکەین کە پێوەندیان بەو باسەوە هەیە:





### یەکەمین هەڵوێست


خەبات — رووداوەکانی رۆژ — 2
هەینی ١٨/٣/٢٠٠٥ ژمارە (1740)
سەرۆک بارزانی، بۆ سەتەلایتی کوردستان:
ئێمە لەسەر دواخستنی مەسەلەی کەرکووک و شوێنەکانی دیکە رازی نین و قبوولیش ناکەین دوابخرێ
من هیچ پۆستێک بە دامەزراندن وەرناگرم

رۆژنامەی خەبات ژ- ١٧٤٠- ١٨/٥/٢٠٠٥

بەرێز مەسعود بازانی لەو وتووێژەیان لەگەڵ تەلەڤزیۆنی کوردستان کە لە رۆژنامەی خەباتیشدا چاپکراوە، بە زمانی خۆیان هاوار دەکەن و دەڵێن: **من هیچ پۆستێک بە <u>دامەزراندن</u> وەرناگرم.** بۆچ هەموو بەرێوبەرانی کوردستان وەک مامۆستای قوتابخانە، بەرپرسی زانستگا، بەرپرسی نەخۆشخانە، بەرپرسی دادەوری و.... بە دامەزراند پۆستەکان وەربگرن، بەلاَم ئەوان وەری نەگرن؟!

### دووهەمین هەڵوێست

**دوکتۆر مەحمود عوسمان: سەرۆکایتییەکە نابێ بە هیچ شێوەیەک بە وەرگرتنتی پۆستێک لێک بدرێتەوە.**


٢٠٠٥/٤/١١سایتیpeyamner

**دکتۆر مەحمود عوسمان ئەندامی پەرلەمانی عێراقی لە سەردانیدا بۆ کوردستان رایگەیاند کە وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم لە لایەن بەرێز بارزانییەوە بەجێگەیاندنی ئەرکێکی نەتەوەییە و نابێ بەهیچ شێوەیەک بە وەرگرتنی پۆستێک لێک بدرێتەوە.**
**بەرێز مەحمود عوسمان لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ (پەیامنێر) و (تەلەڤزیۆنی کوردستان)دا رایگەیاند:**

**(هەر چەند کاک مەسعود بارزانی حەزی لە وەرگرتنی هیچ پۆستێک نەبووە بەڵام وەرگرتنی ئەو پۆستە لە لایەن کاک مەسعودەوە بە جێهێنانی ئەرکێکی نەتەوەییە. میللەت هەمووی چاوی لەوەیە کە دەبێ کاک مەسعود لێرە سەرپەرەشتی کوردستان بکات و میللەتی کورد هەموویان ئەوەیان پێ باشە. ئەمە ئەرک و داخوازییەکی نەتەوەییە. هێشتا کورد چوارچێوەیەکی یاسایی تەواوی نییە، هێشتا نەگەیشتوینەتە تەواوی ئامانجەکانمان، بۆیە ئەوەی کە کاک مەسعود سەرۆکایەتی هەرێم وەربگرێت نابێ بە وەرگرتنی پۆست لێک بدرێتەوەو، بگرە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بریتییە لە ئەرکێکی نەتەوەیی کە دەبێ لێیەوە ناوچەکانی کوردستان یەکبخرێتەوە و ئەو ناوچانەیش کە نەگەڕاونەتەوە سەر سنوری هەرێمی کوردستان بخرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان. دکتۆر مەحمود عوسمان کەسایەتیی سیاسی بێلایەن و ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی فەرمانڕەوا لە درێژەی گفتگۆکەدا و لە باسکردنی گرنگیی بەدەستەوە گرتنی ئەرکی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن بەڕێز بارزانییەوە رایگەیاند کەوا بەم هەنگاوە هەردوو ئیدارە دەبنەوە یەک و کوردستان وەک یەکەیەکی یەکگرتوو سەیر دەکرێت چ لە رووی دەسەڵاتی سیاسی و چە لە رووی دەسەڵاتی یاسایی و ئیداری. هەروەها گوتی:" وەرگرتنی ئەو پۆستە لە لەیەن کاک مەسعود بارزانییەوە پێویستییەکی مێژووییە و ئەویش پەسەندی کردووە کە سەرۆکایەتیی هەرێم بکات." ئەو لە درێژەدا سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و یەکیەتی دواو گوتی کەوا یەکدەنگی و یەکڕیزییەک لە نێوان پارتی و یەکیەتی دروست بووە و پێویستە بەردەوام بێت تا ئەو کاتەی کە کورد دەگاتە تێکڕای ئامانجە نەتەوەییەکانی.**

٢٠٠٥/٤/١١سایتی peyamner

پێش ئەوەی بڕۆینە سەر هەڵوێستی سێیەم، با لەو باسەی دوکتۆر وردبینیەوە و بزانین مەبەستیان چییە. وەک دەبینین لەو وتووێژە کورتەدا چەند جار رستەی ( **وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم لە لایەن بەڕێز بارزانییەوە بەجێگەیاندنی ئەرکێکی نەتەوەییە و <u>نابێ بە هیچ شێوەیەک بە وەرگرتنی پۆستێک لێک بدرێتەوە</u>**) بەکار براوە.

لە پاش جەنگی یەکەمی جهانییەوە جوتیاران، کرێکاران، خوێندکاران، کارمەند و مامۆستای ئیدارە و قوتابخانەکان چ ژن چ پیاو، هەروەها فەقێ و مەلای حوجەرە و مزگەوت و کلیساکانی ئەو بەشەی کوردستان بە نەداری و هەژاری بەپێی توانای خۆیان لە پێناو <u>کوردستان و ئازادی نەتەوەی کورد و....</u> خەباتیان کردووە. لە پێناو ئەو ئامانجەدا دەربەدەری، زیندان، ئەشکەنجە، تاڵانکراوییان بینیوە، ئایەتی ئەنفالیان لەسەر پیادە کراوە و شیمیاییبارانیش کراون.





**دوکتۆر: سەرۆکایەتییەکە نابێ بە هیچ شێوەیەک بە <u>وەرگرتنی پۆستێک</u> لێک بدرێتەوە.**

رەوڕەوەی ژیان بە جۆرێکە هەموو کەسێک لە کۆمەڵگادا پێویستە کار بکات، ئەو کارە پۆستێکە و بەو کەسە دەدرێت! ئەو کەسە لە ماوەی ئەنجامدانی ئەو کارە، جا کارەکە کارێکی گەورە و مەزن بێت یا کارێکی سادە و ساکار بەرپرسایەتی دەکەویتە ئەستۆ! ئەگەر بەرپرسایەتی لە ئارادا نەبێت کۆمەڵگا دووچاری پاشاگەردانی و بێسەروبەرەیی دەبێت!
بۆ نموونە: خودی دوکتۆر لە بەشێکی زانستگا خوێندنی تەواو کردووە، هەم خۆیان وەک خوێنکارێک، هەم مامۆستاکانی لە زانستگا بەرپرسایەتی کەوتووەتە ئەستۆیان! چۆن و بۆچی دەبێت وەها بیر بکەنەوە؟!

**چ کەسێک <u>بەرپرسایەتی</u> ناخرێتە ئەستۆی**

کەسێک کە لە باری بیر و هۆشەوە ناتەواو بێت و بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە نەتوانێت کار بکات، ئەو کەسە بەرپرسایەتی ناخرێتە ئەستۆی. ئەرگی کۆمەڵگا و بەرپرسانی گۆمەڵگایە چاودێری ئەو جۆرە کەسانە بکەن و لە بواری خزمەتگوزاریدا یارمەتییان بدەن.

**دوکتۆر: کاک مەسعود حەزی لە وەرگرتنی هیچ پۆستێک نییە.**

راستی کەسێک پێخۆش نەبێت پۆستێک، کارێک وەربگرێت <u>دروستە ئەو کارەی پێبدەی</u>؟ ئایا ئەو کەسە دەتوانێت کارەکانی بەگشتی و بەتایبەتی کاری سەرۆکایەتیکردن کە بە فەرمودەی خودی دوکتۆر **بە جێهێنانی ئەرکێکی نەتەوەییە** بە رێکوپێکی بباتە پێشەوە، ئەگەر ئەو کەسە لە ئەنجامدانی کارەکانیدا کەموکوڕی بۆ هاتە پێشەوە و کۆمەڵگا زیانمەند بوو، کێ بەرپرسیار دەبێت؟ ئایا ئەو کەسە مافی ئەوەی نییە، بلێت: <u>من ئامادە نەبووم ئەو کارە ئەنجام بدەم، ئێوە ئەو کارەتان بە زۆر بە سەر مندا سەپاند و ئێوە تاوانبارن، نەک من!</u>
کاکڵە و ناوەرۆکی ئەو وتوویژە، ئەو هەڵوێستە جگە لە تاکپەرەستی شتێکی دیکە نەبووە و نییە!

## سێیەمین هەڵوێست

ئەو نووسراوەی خوارەوە کە وەک هەڵوێستی سێیەم دەسنیشان دەکرێت لە لایەن بەڕیز فرەنسۆ هەریری ئەندامی مەکتەب سیاسی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراق و سەرۆکی فراکسیۆنی زەردی ناو پەرلەمان کە ئەو کات لە ژیاندا بوون، سەبارەت بە جەنگی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراق لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٩٤ و١٩٩٥ نووسراوە و لە گۆڤاری **گوڵان** دا چاپکراوە.

### نایەڵین پیرۆزی و گەورەی کاک مەسعوود بشکێ

فرەنسۆ هەریری:

**دەگوترێ و پێشنیار دەکرێ کە بەڕێزان مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی لە هەردوو ئەنجومەنی نیشتمانی و وەزیرانی کوردستاندا بەرپرسیاری بگرنە ئەستۆ. هاتنی ئەم دوو بەڕێزە بۆ ناو ئەم دوو دەزگایە جگە لەوەی گیروگرفتەکەی ئێستای کوردستان بە بۆچۆنی من چارەسەر ناکات، بگرە فراوانتر و ئاڵۆزتریشی دەکاتەوە.**

**راستە بۆ وەرگرتنی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە لایەن بەرێز کاک مەسعوود یا بەڕێز مام جەلالەوە هیچ کۆسپێک لە رێگەدا نییەو، هەر کاتێ بویسترێ دەکرێ یەکێک لەم دوو بەڕێزە بێ بەسەرۆکی حکوومەتی کوردستان بەڵام بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی مەرجی لەپێشینەو تایبەت هەیە. پێویستە ناوی بەڕێزان کاک مەسعوود و مام جەلال لە یەکێک لە لیستەکانی پارتی و یەکیەتی بۆ پالێوراوانی ئەنجومەنی نیشتمانی لە ساڵی١٩٩٢دا هەبێ. ئاشکرایشە کە کاک مەسعوود و مام جەلال  کاتی خۆی خۆیان بۆ ئەندامەتی لە پەرلەمانی کوردستان نەپاڵاوتبوو بۆیە ئەمرۆ بە پێی یاسا هەڵبژاردنی و پێرەوی ناوخۆی پەرلەمان ناکرێ ئەوان بێنە ناو پەرلەمانەوە. کە دەگوتری، با بەڕێزان کاک مەسعوود و مام جەلال بێنە ناو حکوومەت و پەرلەمانەوە هەڵبەت مەبەست ئەوەیە کە کاک مەسعوود بێ بە سەرۆکی پەرلەمان، واتە یاسای پەرلەمان بۆ هاتنی کاک مەسعوود بشکێ و ناوبانگی دیموکراتیەت و ئەزموونەکەمان لەم رێگەیەوە لەکەدار و  بەدنا و ببێ. ئێمە بە هیچ شێوەیەک نایەڵین کاک مەسعوود ببێ بە یەکێک لەوانەی یاسای پەرلەمان دەشکێنن، هەروەک چۆن نایشمانەوێ یاسای پەرلەمان بشکێ.**

**لە هەموو وڵاتانی دنیا ململانە و کێشەکێشێکی توند لە نێوان پەرلەمان و حکومەتدا هەیە، پەرلەمان لایەنی یاسادانەرو بڕیاردەرە، بە پێی ئەرکی خۆی دەبێ بەسانسۆر بەسەر حکومەتەوە و لێپێچینەوەی لە گەڵدا دەکات، هەموو کات دەسەڵاتی ئەوەی هەی کە متمانە لە سەرۆکی حکوومەت یا هەندێ لە وەزیران وەربگرێتەوە بۆیە پێوەندی نێوان گرژ و بەململانەیەوە، هیچ دەسەڵاتێکیکش لە سەرووی ئەوانەوە نییە کە لە کاتی بەکارهێنانانی توندوتیژیدا ببێ بەناوبژیکەر و ئاشتکەرەوە، بەڵام لە حاڵەتی ئێستای کوردستاندا هەبوونی بەڕێزان کاک**





**مەسعوود و مام جەلال لەدەرەوەی ئەم دوو دەزگایەدا وا دەکات کە پێوەندی نێوانیان . واتە نێوان دوو دەزگاکە نەگاتە رادەی بەکارهاتنی هێزو توندو تیژی.**

**بەپێچەوانەیشەوە بوونی بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانی لە لوتکەی ئەم دوو دەسەڵاتەدا رەنگە باردۆخەکە بەرەو گرژی ببات تەنانەت ئەگەر ئەوان خۆیشیان وایان نەوێ، ململانەی نێوان پەرلەمانتەر و وەزیرەکان یا لێپێچانەوەی پەرلەمان لە وەزیرێک سەر دەکێشێتتەوە بۆ رووبەرووی یەکتر بوونەی هەر دوو سەرۆکەکە کە بریتی دەبن لە بەڕێزان کاک مەسعوود و مام جەلال و ئەوانیش وەک سەرۆکی دوو حیزب، لە لوتکەی هەموو دەسەڵاتێکی ئەو حزبانەدان لە رووی عەسەکەری، دارایی، سیاسی. پەیدابوونی کێشەو ئالۆزی لە نێوانی ئەواندا بارێکی ئاڵۆز و نابەجێ لە لوتکە تا بنکەی نێوانی ئەم دوو حزبەدا دێنێتە کایە. من دڵنیام ئەگەر بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانی لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکوومەتدا بوایەن لە کاتێکدا کە ململانەی نێوان سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکوومەت لەو ماوەیەدا لەو پەڕی گرژی و نالەباریدا بوو ئەوا ئاڵۆزی و کێشەکان پترتر و گرژتر دەبوون و باردۆخ لە ئێستایش خراپتر دەبوو هەروەها تەقینەوەی تەنگژەکە و هەڵایسانی ئاگری دووبەرکی بەپەلەتر دەبوو و ئەم شەڕەی کە بوو زووتر دەبوو و گەورەتریش دەبوو، پێم وایە زۆر کەس لەتێگەیشتی ئەم هەڵکەوت و واقیعەدا لەگەڵ مندا تەبا بن  و بۆیەیش دیسان دووپاتەی دەکەمەوە کە بەڕێزان مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی چەندە دوور بن لە بەڕێوەبردنی بەکردەوەی حکوومەت و پەرلەمان هەندەیش دەرفەتی چەسپاندنی ئاشتی و برایەتی و تەبایی و یەکێتی هەموارتر و خۆشتر دەبێ.**

**دەشێ بۆ روونکردنەوەی نموونەیەکی سادە لەم بارەیەوە بهێنینەوە: بەڕێز کاک مەسعوود یا بەڕێز مام جەلال سەرۆکی پەرلەمانەو پەرلەمانتەرێک لە هەستی نابەرپرسیاری یا هەر هەستێکی ترەوە، رۆژێک و دوو و سێ سەرۆکی پەرلەمان بداتە بەر شاڵاوی پرسیار و توانج و سەغڵەتکردن و تووڕەکردن! ئایا ئەمە سەرەنجام رێگە خۆش ناکات بۆ گرژبوونی بارودۆخ و کەوتنەوەی ئاگری دووبەرەکی! ئایا لە ئێستاوە هیچ دەستەبەرێک دەبێ بۆ روونەدانی رووداوی لەم بابەتانە هەڵبەت لە بارێکی ئاوەهادا  . من پێم وایە دەویسترێ کاک مەسعوود سەغڵەت بکرێ یا تیروتوانجی ناڕەوای بەرەوروو بکرێتەوە دیارە ئێمەش نایەڵین پیرۆزی و گەورەیی سەرۆک بارزانی بە هیچ شێوەیەک بشکێ. جگە لە هەموو ئەو هۆیانەی کە باسمان کردن، کۆسپێکی تر هەیە کە رەنگە لەوانی پێشوو بچوکتر نەبێت ئەویش ئەوەیە کە سەرۆکی حکوومەت و سەرۆکی پەرلەمان دەبێ تەواوی کات و کاری خۆیان تەرخان بکەن بۆ بەرێوەبردنی ئەم دەزگایانە.**

**بەڕێزان کاک مەسعوود و مام جەلال وەک سەرۆکی دوو حزب  و دوو سەرکردەی بزووتنەوەی کورد ئایا بۆیان دەکری دەست لە هەموو کارێکی وەک: بەسەرکردنەوە و چاودێریکردنی حزبەکانی خۆیان و پێوەندییە سیاسیەکانی دەرەوە و ناوچەکە هەڵگرن و بکەونە دوای بەرێوە بردنی پەرلەمان و حکوومەت!؟ بەڵام ئایا داواکردن بۆ هاتنی ئەم دوو بەڕێزە بۆچی لەم ماوەیەدا . واتە لەگەڵ هەنگاوەکانی خۆشکردنەوەی بارودۆخ و ئاساییکردنەوەدا دەکرێ! ئەم باسە چ پێوەندییەکی بە ئاساییکردنەوەوە نییە تا لەم رۆژانەدا ببێ بە بابەتی دەنگوباس و قسە لەسەرکردن و هەنگاو بۆ هاویشتن، یا ئەوەتا دەویستر لەم رێگەیەو کەمدەسەڵاتیی پەرلەمان و**

وڵاتانی پیشه‌سازی گه‌رم بوو، نه‌ک ته‌نیا فرۆشتن به‌ڵکو به‌کرێ دانی فڕۆکه‌یش بوو به‌ مۆد، بۆ یه‌که‌مین جار ده‌وڵه‌تی فه‌رانسه‌ فڕۆکه‌ی Miraj میراژی به‌ ئێراق به‌کرێ دا تا له‌ جه‌نگدا به‌کاری ببات. به‌پێی ده‌نگ و باسی ماسمێدیای جهانی هه‌ر له‌ دووهه‌م ساڵی جه‌نگدا به‌ ئه‌ندازه‌ی جه‌نگی یه‌که‌می جهانی چه‌کی سووک به‌کار برا. نرخی نه‌وت که‌ بناغه‌ی ئابووری وڵاتانی ناو گێژاوه‌ی جه‌نگه‌که‌ بوو هاته‌ خواره‌وه‌، به‌ جۆرێک له‌٣٤ دۆلاره‌وه‌ گه‌یشته‌ سه‌ر- ٥ دۆلار. جه‌نگ دوای هه‌شت ساڵ کۆتایی پێهات و حکومه‌تی ئێرانیان هێنایه‌ پای ئه‌وه‌ی که‌ ته‌قه‌ راگرێت، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا ئایه‌تولا خومه‌ینی رابه‌ری ئێران کوتی: ژه‌هر خواردنه‌وه‌م باشتره‌ له‌ کاره‌- به‌ڵام پاڵه‌وان و سه‌رکه‌وتووی ئه‌و جه‌نگه‌ نادیار بوو، چونکه‌ له‌ ماوه‌ی جه‌نگدا ده‌وڵه‌تی ئێراق هه‌میشه‌ مه‌ترسی تێشکانی له‌ خۆی ده‌کرد. به‌هۆی ئه‌و جه‌نگه‌وه‌ ئابووری ئێران و ئێراق به‌ ته‌واوی رووخابوو، ئێراق سه‌رباری ئه‌وه‌یش قه‌رزێکی زۆری عه‌ره‌بستان و کووه‌یت و فه‌رانسه‌ و... له‌ سه‌ر بوو که‌ ده‌بوو بیداته‌وه‌. بۆ چاره‌سه‌ر کردنی ئه‌م ته‌نگ و چه‌ڵه‌مه‌ ئابوورییه‌ ده‌بوو کارێک بکات.

باشترین و ئاسانترین رێگه‌ به‌ عه‌قڵی رێبه‌ره‌ زاناکانی ئێراق گرتنی کووه‌یت بوو که‌ هه‌م قه‌رزه‌که‌یان له‌ کۆڵ ده‌بێته‌وه‌، هه‌میش ده‌سده‌گرن به‌سه‌ر سه‌روه‌ت و سامانی کووه‌یت و بیره‌ نه‌وته‌کانی. به‌ لێکدانه‌وه‌ی رابه‌ره‌ مه‌زنه‌کانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران: {(**گرتنی کووه‌یت له‌ لایه‌ن ئێراقه‌وه‌ کۆتایی هێنانه‌ به‌ ژیانی کۆلۆنیالستی کووه‌یت و پارچه‌پارچه‌ بوونی وڵاتانی عه‌ره‌ب، هه‌روه‌ها به‌ ده‌سگرتن به‌ سه‌ر سه‌روه‌ت و سامانی نه‌وتی کووه‌یتدا فه‌قیر و هه‌ژاری عه‌ره‌ب به‌ سه‌رکردایه‌تی رێبه‌ری ناسیۆنالیستی عه‌ره‌ب و حکومه‌تی ئێراق، له‌ هه‌ژاری و نه‌داری ره‌زگار ده‌بن و ئه‌گه‌ریش هێرش که‌نه‌ سه‌ر ئێراق، ئه‌وا ڤێتنامێکی گه‌وره‌تر له‌ناوچه‌که‌دا دێته‌ ئاراوه‌.).**

بڵاوکراوه‌ی کۆمۆنیست ژماره‌-٥٩ ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ساڵی١٣٦٩ مه‌نسور حیکمه‌ت}.

به‌ڵام نه‌ ئه‌و پاروه‌ چه‌وره‌ له‌ گه‌رووی ئێراق چووه‌ خواره‌وه‌ و نه‌ ڤێتنامێکی دیکه‌یش هاته‌ ئاراوه‌، له‌کاتی داگیرکردنی کووه‌یت و شه‌ڕه‌که‌ی هێزی سه‌بازی و ده‌سه‌ڵاتی ئێراق لاواز بوو. گه‌لی کورد ئه‌م لاوازییه‌ی





ئێراقی به‌ هه‌ل زانی و له‌ هه‌موو شار و شارۆچه‌که‌ و ئۆردووگا زۆره‌ملییه‌کانه‌وه‌ راپه‌ڕین و ٩٥% کوردستان ئازاد کرا. خه‌ڵک ماوه‌یه‌کی کورت به‌ ئازادی ژیان. به‌ ده‌سیسه‌ی ناڕاسته‌وخۆی سیاسه‌تبازانی جهان، ئێراق هاندرا که‌ هێرش بۆ کوردستان ببات. هێرش ده‌ستی پێکرد و گه‌لی کورد زۆر هۆشیارانه‌ جوڵایه‌وه‌ و خۆی نه‌خسته‌ ژێر بارانی شیمیاباران و به‌ تێکڕا شار و گونده‌کانیان جۆڵ کرد. ئه‌م کۆڕه‌وه‌ مه‌زنه‌ سه‌رنجی مرۆڤدۆستانی جهانی بۆ لای خۆی راکێشا و له‌ ئه‌نجامدا زه‌خت که‌وته‌ سه‌ر ئه‌و حکومه‌تانه‌ی که‌ له‌ناو کاروباری جهانیدا ده‌سه‌ڵاتدارن، که‌ نابێ رێگه‌ی ئێراق بده‌ن سیاسه‌تی کورد فه‌وتان درێژه‌ بدات. له‌ ئاکامدا له‌ ئایاری١٩٩٢دا گه‌لی کورد توانی به‌ ئازادی هه‌ڵبژاردن به‌ڕێوه‌ ببات و په‌رله‌مان و حکومه‌تی فیدراڵی بوو به‌ ده‌سکه‌وتی. به‌ره‌به‌ره‌ به‌ هه‌وڵ و کۆششی گه‌ل خۆی و دۆستانی کاری ئاوه‌دانکردنه‌وه‌ی کوردستان ده‌ستی پێکرد، ئه‌م ده‌وره‌ نوێیه‌ی ژیانی کورد لای دۆستانی جێگه‌ی خۆشحاڵی بوو، چاوه‌ڕوان بوون که‌ به‌ره‌و پێش بچێت و په‌ره‌ بدرێت به‌ ئازادی و دێمۆکراسی و دابین کردنی ده‌سه‌ڵاتی په‌رله‌مان و حکومه‌ت له‌ کوردستان.

ئه‌م وه‌زعه‌ تازه‌ی کوردستان داگیرکه‌رانی کوردستانی شڵه‌ژاند و هه‌ر رۆژه‌ له‌ فکری پیلانگێڕیدا بوون، به‌رده‌وام چاوه‌روانی نائه‌منی و شه‌ڕی ناخۆ بوون تا به‌ ئامانجی خۆیان بگه‌ن. وه‌ک ده‌زانین له‌ ساڵی١٩٩٤وه‌ شه‌ڕی خۆکوژی له‌ کوردستان، له‌ کوردستانی ژێر حوکمی په‌رله‌ماندا په‌رپا بووه‌، ئه‌م شه‌ڕه‌ داهاتووی کوردستانی تاریک و لێڵ کردووه‌ و هه‌ڕه‌شه‌ له‌ دوا رۆژی په‌رله‌مان ده‌کات.

هه‌ر له‌ به‌ر ئه‌وه‌ له‌ لایه‌ن گه‌لی کورد و دۆستانییه‌وه‌ هه‌وڵ دراوه‌ هۆی ئه‌وه‌ شه‌ڕه‌ بدۆزنه‌وه‌ و چاره‌سه‌ری بکه‌ن. له‌ ئه‌نجامی هه‌وڵ و کۆششێکی زۆردا به‌وه‌ گه‌یشتن که‌ هۆکاری شه‌ڕی ناوخۆی کوردستان هه‌بوونی ده‌سه‌ڵاتی هه‌مه‌ چه‌شنه‌ی غه‌یره‌ قانوونییه‌ که‌ له‌ ده‌ره‌وه‌ی په‌رله‌مان کار ده‌کات و ده‌سه‌ڵاتی حیزبه‌ چه‌کداره‌کان به‌ گشتی و ده‌سه‌ڵاتی سه‌رکرده‌کانی پارتی و یه‌کێتی نیشتمانی کوردستان به‌تایبه‌تی زاڵه‌ به‌سه‌ر

دەسەڵاتی پەرلەمان و یاسادا. بۆ نە هێشتنی ئەم وەزعە لە زۆر لاوە چ لە ناخۆی کوردستان و چ لە لایەن دۆستانی گەلی کورد و ئەو دەوڵەتانەی کە بەپێی بەرژەوەندی خۆیان یارمەتی گەلی کورد دەدەن، رەخنەی زۆریان لە پارتی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەیە و داوایان لێکردوون کە بۆچ ئەو دوو حیزبە ئامادە نین سەر بۆ قانوون نەوی کەن؟ بۆچ سەرکردایەتی ئەو حیزبانە ناڕۆنە ناو پەرلەمان و حکومەتەوە و مەسئولیت و پەرپرسایەتی لە ئەستۆ ناگرن تا شەڕ و ماڵوێرانی تەواو بێت و دەسەڵاتی یاسا و قانوون دابین بکرێت. لە پێوەندی لەگەڵ ئەم داخوازییەدا سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان رەزامەندی خوی دەربڕیوە و مام جەلالیش ئامادەگی خۆیان راگەیاندووە بۆ هەر چەشنە ئەرکێک لە پەرلەمان یا لە حکومەتدا لە ئەستۆ بگرێت، بەڵام بەڕێز فرەنسۆ هەریری ئەندامی مەکتەب سیاسی پارتی و سەرۆکی فراکسیۆنی زەردی ناو پەرلەمان لە هەفتەنامەی ‹**گوڵان**›دا ئەو داخوازییەی کورد و دۆستانی کوردی بە کارێکی ناڕەوا هەڵسەنگاند و لە نووسراوەیەکدا بەناوی **نایەڵین پیرۆزی و گەورەی کاک مەسعوود بشکێ** بەرپەرچی ئەو داخوازییەی داویەوە. بۆ ئاگاداری مامۆستا هەریری ئەم بارودۆخەی کە ئەمرۆ بۆ کورد هاتووەتە پێشەوە تەنیا بە خەباتی گەلی کورد پێک نەهاتووە و زۆریش بە ئاسانی مسۆگەر نەبووە، تا بە ئاسانی بە فیڕۆ بچێت. ئاڵوگۆرەکانی جهانی پاش شەڕی سارد نابێت فەرامۆش بکەین. پاش رووخانی بەرەی رۆژهەڵات زۆر لە گەلانی دنیا سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند، جگە لە یەگۆسلاڤیای پێشوو، هەموویان بێ کۆسپ و تەگەرە بەرەو ژیانی ئازاد دەرۆن و بایەخی تایبەت بە دەسەڵاتی قانوون و پەرلەمان دەدەن! بۆ ئێمەی کوردیش پێویستە لە هەموو ئەو گەلانەی ناو بەرەی رۆژهەڵات و ئەریتریا و فەلەستین زیاتر بایەخ بدەین بە دەسەڵاتی یاسا و حکومەت. بۆ ئێمەی کورد پێویستە بە گەورە و بچووکەوە لە پێناو دێمۆکراسی و ئازادی و حکومەتی قانووندا هەوڵ بدەین چونکە گەلی کورد ئەوەندەی خۆێن داوە ئەگەر هوشیار نەبین لافاوی خوێنی گەل داری ئازادیش رادەپێچی و نفرەت لە خەباتیش دەکات. ئەم سەردەمەی ئەمرۆی





کورد وەک دەورانی حکومەتەکانی پێشووی کوردستان نییە کە کەس ئامادە نەبوو پێشتوانی لێبکات، ئەگەر خۆمان هۆشیار بین گوروپی مرۆڤدۆستان زۆر لە سەرمان بە جواب هاتوون و دێن. زۆر لەو حکومەتانەی کە پێشتر دژایەتیان دەکردین ئەمرۆ بەپێی بەرژەوەندی خۆیان نەک دژایەتیمان ناکەن، بەڵکو یارمەتیشمان دەدەن. ئەگەر خۆمان هوشیار بین بەپێی ئاڵ و گۆڕەکانی دنیا داگیرکەرەکان کەڵپەیان وەک جاران ناتوانێ زامی کاریمان تێبکات. ئەگەر هوشیاریش نەبین ئەو تێز و بۆچوونەی داگیرکەرانمان لە سەر ئیسپات دەبێت کە دەڵێن:

**کورد ناتوانێ خۆی، خۆیی ئیدارە بکات و عەقڵ و شعوری رێبەریکردنی خۆی نییە**.

بەڕێوەبردنی وڵاتێک و میللەتێک لە هەموو دنیادا بەستراوەتەوە بەدەسەڵاتی قانوون و ئیجرا کردنی لەناو خەڵکدا. لە جهانی ئەمڕۆدا ئەو حیزب و رێکخراوانەی کە خۆیان بە دڵسۆزی گەل و وڵاتەکەیان دەزانن تێدەکۆشن بە تواناترین و کارامەترین ئەندام و سەرکردەیان بڕۆنە ناو دەزگاکانی حکومەت تا بۆ ئیدارە کردن و بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان تێکۆشن و خۆیان بە خزمەتگوزاری میللەت بزانن و هەوڵ دەدەن جگە لە لەشکری پاراستنی وڵات و پۆلیس و دەزگای بەڕێوەبردنی حکومەت و قانوون، هیچ حیزب و گوروپێکی چەکدار نەبێت لە مەیداندا، چونکە حیزبی چەکدار بۆ گەلێک کە حکومەت و قانوونی ببێت دەبێتە کۆسپ لە بەردەم حکومەتدا. حیزبی چەکدار بەرژەوەندی نیشتمانەکەی دەخاتە ژێر بەرژەوەندی حیزبەکەیەوە. ئەو بۆچوونەی بەڕێز فرەنسۆ دژایەتیی زۆر هەیە لەگەڵ قازانج و بەرژەوەندی گەلی کورددا.

بەڕێزیان رووی دەمی دەکاتە کاک مەسعود و مام جەلال و دەڵێت:

**(سەرۆکی حکوومەت و سەرۆکی پەرلەمان دەبێت تەواوی کات و کاری خۆیان تەرخان کەن بۆ بەڕێوەبردنی ئەم دەزگایانە. بەڕێزان مام جەلال و کاک مەسعوود سەرۆکی دوو حیزبن و سەرکردەی دوو بزوتنەوەی کورد، ئایا بۆیان دەکرێ دەست لە هەموو کارێکی وەک بەسەرکرنەوە و چاودێری کردنی حیزبەکانی خۆیان و پێوەندییە سیاسیەکانی دەرەوە و ناوچەکە هەڵگرن و بکەونە دوای بەڕێوە بردنی پەرلەمان و حکوومەت!؟)**

وەڵامی ئەو پرسیارەی کاک فرەنسۆ دوو جۆرە:

١ـ ئەگەر پارتی و یەکێتی بەرژەوەندی و قازانجی گەلی کوردیان بەلاوە مەبەست بێت، ئەوە بە ئاسانی دەتوانن چاوپۆشی لە کاری حیزبەکان بکەن و بڕۆنە ناو پەرلەمان و حکومەت و بە دڵگەرمییەوە توانای خۆیان بخەنە گەڕ و کەموکوڕییەکانیشیان لە ژێر چاودێری پەرلەمان و حکومەت، هەروەها بە پشتیوانی گەل چارەسەر دەکرێت و هیچ رابەرێکیش بێ هەڵە نەبووە و نابێت.

٢ ـ ئەگەریش پەرژەوەندی حیزبەکانی خۆیان وەک (پارتی) و(یەکێتی) بەلاوە مەبەست بێت، دیارە ناتوانن و بەلایشیانەوە گرنگ نییە کە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان و دوا رۆژی میللەتی کورد چی بەسەر دێت! ئایا بەڕێز فرەنسۆ هەریری قەت بیر لە دوا رۆژی کوردستان بە دەس ئەو دوکتۆر و ژنراڵ و .... کە لە ترسی بەعیسییەکانی ئێراق پەنای بۆ کوردستان هێناوە و کراون بە سەرکردە و رابەر، دەکەنەوە کە ئەوانە هەموویان وان لە خەمی یەکپارچەیی خاکی ئێراق دا؟

راستی بۆ بیر لەو ناکاتەوە کە کاک مەسعود دەستی لە بڕێ لە چاڵاکییەکانی خۆی لەناو پارتی و پێوەندییە سیاسیەکانی دەرەوە و ناوەوە هەڵگرتووە بە خاتری جێبەجێ کردنی فەرمانی حاکمانی داهاتووی ئێراق. بەڕێز هەریری بۆچ بۆ منداڵانی ئێراق بووە بە دایکێکی دڵسۆز و بۆ منداڵانی کوردستانیش بووە بە باوەژنێکی تەواو؟ خۆ کارنامەی حکومەتەکانی پێش حیزبی بەعس و حیزبە سەراسەرییەکانی ئێراق بۆ کوردستان روون و ئاشکرایە.

کاک فرەنسۆ دەڵێ: **بە بۆچوونی من هاتنی مام جەلال و کاک مەسعوود بۆ ناو ئەم دوو دەزگایە گیروگرفتەکان چارەسەر ناکات، بگرە فراوانتر و ئاڵۆزتریشی دەکات.**

بۆ کەسێکی وەک هەریری کە بڕوای بە دەسەڵات و قانوون و بەرژەوەندی گەل نییە، قسەکەیان راست و دورستە، بەڵام ئەگەر کاک مەسعود و مام جەلال بڕوایان بە پەرلەمان و قانوون بێت، کێشەکانی ئەوانیش بە پشتوانی گەل و (نوێنەرانی گەل) بە ئاسانی چارەسەر دەکرێت و لایەنی قانوون شکێنیش بۆ گەل ئاشکرا دەبێت. ئەگەر سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی لەناو





حکومەتدا ببوایەتن هێزی چەکداری جیا لە لەشکری کوردستان بۆ پەیدا دەبوو؟ شەڕی سۆسیالست و پارتی، شەڕی یەکێتی ئیسلامییەکان بۆ رووی دەدا ؟ ئەگەریش رووی بدایە، دەبوو بە شەڕی حکومەت و ئەو لایەنەی دیەکە، کە بە پشتیوانی گەل بە ئاسانی چارەسەر دەکرا و لایەنی چەک بەدەستی غەیرە دەوڵەتیش بەپێی یاسا سزا دەدرا. بەڵام کاک فرەنسۆ بێ ئەوەی خۆی هەستی پێبکات راستی باسەکەی درکاندووە. کاک فرەنسۆ نیگەرانی ئەوەیە کە لە پەرلەمان و حکومەتدا لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە و رەخنەگرتن دێتە ئاراوە، ئەوەیش بۆ شان و شکۆی کاک مەسعود بە بۆچوونی کاک فرەنسۆ زیانبەخشە و کاک مەسعود لە بەرانبەر رەخنەگرتندا سەغڵەت دەبێ! ئەو جۆرە بیرکردنەوە لە بەرژەوەندی گەلی کورد دا نییە. رابەر دەبێ ئامادە بێت وەڵام بداتەوە، دەبێ تەحەممولی رەخنە و تەنانەت قسەی ناشیرینیشی ببێت تا کاروبارەکان بەجوانی ئەنجام بدات. بۆ ئاگاداری کاک فرەنسۆ، لەناو پەرلەمانی ئینگلیزدا بە **مارگرێت تاچر** کە سەرۆکوەزیری ئینگلیز بوو، کوترا:

{(**وا دیارە خانم تاچر کێچ وا لەناو دەرپێ کوڵەکەیدا**). رادیۆBBC بەشی فارسی}.

ئەو ژنە پایەبەرزە بە خاتری بەرژەوەندی وڵاتەکەی تەحەموولی ئەو قسە ناشیرنەی کردووە. بۆ ئاگاداری کاک فرەنسۆ، لە ساڵی١٩٩٥ لە یەکی مانگی مەی رۆژی کرێکارانی جهان{(یۆران پەرشۆن) وەزیری دارایی سوید، لە لایەن ژنێکەوە کەوتە بەر پرسیار و رەخنەوە، بەڕێز یۆران پەرشۆن بەو ژنەی کوت: **تۆ کۆمۆنیستی**. کاتێک رەخنە و لێکۆڵینەوە لەو وەڵامەی یۆران پەرشۆن هاتە ئاراوە، وەزیری دارایی سوید چووە تەلەڤزیۆنی سوید و داوای لێبووردنی کرد لەو ژنە و لە خەڵکی سوید.)}. ئەوە نیشانەی ئەوەیە دەورەی فەردپەرستی بەسەر چووە.

مامۆستا هەریری پەرۆشی قانوون شکاندنە لە کوردستاندا و دەڵێت :( **بوونی کاک مەسعوود و مام جەلال بە سەرۆکی حکومەتی کوردستان ئازادە، بەڵام چوونکە ناویان لەناو لیستەی پاڵێوراواندا نییە، بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی غەیرە قانوونییە و ئێمە و ئیجازە نادەین کاک مەسعوود ببێ بە سەرۆکی پەرلەمان، چون ئەوە  یاسا شکاندنە).**

کاک فرەنسۆ دەزانێ کە زوربەی ئەندامەکانی ناو پەرلەمان کە لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە دەنگیان پێدراوە سەر بە پارتی و یەکێتین، ئەوانە هەموویان بڕوایان بە رابەرەکانیان هەیە. بۆ بە قانوونی کردنی چوونی کاک مەسعود و مام جەلال بۆ ناو ئەنجومەنی نیشتمانی دەکرێت بە دەنگدان لەناو ئەندامانی پەرلەماندا بە ئاسانی چارەسەری بکەن. بێگومان هەموو ئەندامانی یەکێتی و پارتی سەلاحییەتی ئەو دوو رابەرەی خۆیان تایید دەکەن و باقی ئەندامانیش لە سەر قازانجی کوردستان و دوا رۆژی بیر دەکەنەوە و بە زۆرترین دەنگ قانوونی دەبێت. بە ناشکوری نەبێ لە کوردستان قانوون هەر بۆ سوێند خواردن بووە و بەس، دەنا لە کام گۆشەدا رەفتاری پێکراوە کە بەو جۆرە خەمخۆری بۆ دەکات؟! ئەگەر کاک فرەنسۆ رێز و ئێحترامی کاک مەسعودی مەبەست بووایە، دەبوو ئەوی هان بدایە کە لە پەرلەمان یا لە ئەنجومەنی وەزیراندا بەرپرسیاری لە ئەستۆ بگرێ و لەبری ئەوەی بنووسن:

{(**سەرۆک بارزانی ئەمرۆ لە ئێران دەگەڕێتەوە، یان سەرۆک بارزانی چاوی بە دوکتۆر چەلەبی کەوت.**) گوڵان ژمارە ٢٦ و٢٧}.

بنووسن سەرۆکی حکومەتی کوردستان یا سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە ئێران گەڕایەوە - یان چاوی بە چەلەبی کەوت. بەهۆی ئەو چالاکیانە پەرلەمان ناوی سەرۆکی بۆ دیاری دەکرد و ئیتر پێویستی بەو نەدەبوو میداڵ و نازناو و لەقەبی کەسێکیتر لە سینەی بدرێت. ئەو کارانە هەمووی یان بۆ رییایی کردنە لە بەرانبەر کاک مەسعود یان ئەوەتا دیکتاتۆر پەروەردە کردنە. جێگەی خۆی بوو بەڕێز مەسعود بارزانی لە بەرانبەر ئەم ریابازی و دیکتاتۆر پەروەرییەدا هەڵوێستی بگرتایە و ئامۆژگاری بکردایەتن.)}.

هەنگاو- ژ- ٢٢ - ئۆکتۆبری ١٩٩٥





**چوارەمین هەڵوێست – وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و سەرۆکی کوردستان**

بۆچوونەکانی پارتیمان سەبارەت بە کۆتایی جەنگ و پۆستانەکانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ بەڕێز مەسعود بارزانی بینی کە ئەو پۆستانە (**پیرۆزی و گەورەی کاک مەسعوود دەشکێنێ**).
جەنگی نێوان پارتی و یەکێتی گەیشتە ئەو جێگایە کە بەڕێز مەسعود بارزانی بە نامە داوای کرد لە دەوڵەتی ئێراق بەشداری لەو جەنگدا بکات. بە نووسینی ئەو نامە لە رۆژی ٣١ ئابی ١٩٩٦دا لەشکر و سپای ئێراق بە تانگ و تۆپ و سەربازەوە لە هێڵی ٣٦ دەرجە دەرباز بوو، هەولێری داگیرکردەوە و ئالای ئێراق لە هەولێر هەڵدرایەوە. سەبارەت بە لەشکرکێشی ئێراق، هەم لە گۆمەڵگای کوردی و هەم لە دەرەوەی گۆمەڵگای کوردی نارەزایەتی بەرانبەر بەو کارەی ئێراق هاتە ئاراوە! بەپێی ئەو هەواڵانەی کە لە رادیۆ لۆکاڵە کوردییەکانی ستۆکهۆڵم بڵاو کرانەوە:

**تارق عەزیز، جێگری سەدام نامەکەی مەسعود بارزانی وەک بەڵگەی بێتاوانی دەوڵەتی ئێراق لە تەلەڤیزیۆنی بەغداوە خستوەتە بەر دیدی بینەران.**

سەبارەت بە لەشکرکێشی ٣١ی ئاب و هاتنەوەی سپای ئێراق بۆ ناوچەی ٣٦ دەرجە، کاناڵی تەلەڤزیۆنی کوردستان بەشی دهۆک وتوویژێکی لەگەڵ بەڕێز (**فەلەکەدین کاکەیی سەرنووسەری هەفتەنامەی خەبات و راوێژکاری سیاسی سەرۆک بارزانی**) ئەنجامداوە، ئەو وتوویژە لەژێر ناوی (**گرنیگترین شت کە روویدا، یەکلا بوونەوەی کێشەی دەسەلات بوو لە هەرێمدا**) لە لاپەرە ٨ تا ١٠ی ژمارە ٨٧ ی گۆڤاری گوڵانی ١٩٩٦/٩/١٩ چاپکراوە.
**کاکڵەی ئەو وتوویژەی بەشی دهۆکی تەلەڤزیۆنی کوردستان و بەڕێز کاکایی (راوێژکاری سیاسی سەرۆک بارزانی و سەرنووسەری رۆژنامە خەبات) بریتییە لەو سێ خاڵەی خوارەوە**

چاوپێکەوتن    گوڵان (ژمارە: 87) 1996/9/19

بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی:



# گرینگترین شت کە روویدا، یەکلا بوونەوەی کێشەی دەسەڵات بوو لە هەرێمدا

## وڵاتانی دنیا خەریکە لە واتیمی

## ئێستەی کوردستان دەگەن و دانی پێدا دەنێن

بەمەبەستی شیکردنەوەی سیاسییانە بۆ دوا گۆڕانکارییەکانی گۆڕەپانی کوردستان و هەڵوێستی ئیقلیمی و نێو دەوڵەتی و بەرنامەی پارتی بۆ ڕێکخستنەوەی کاروباری سیاسی و کارگێڕی هەرێم، تەلەفزیۆنی کوردستان- کەناڵی دهۆک دیانەیەکی لەگەڵ بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی ڕاوێژکاری سیاسی سەرۆک بارزانی ساز کرد، هەفتەنامەی گوڵانیش بە پێویستی زانی بیخاتە بەردەم خوێنەرانی ئازیز.





**خاڵی یەکەم**

**کاکەیی: تەنانەت ڕۆژنامە نووسێک دەنووسێت و دەڵێت: ئێستا سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا مەسعوود بارزانی دایدەنێت. واتە کاری لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا کردووە.**

لەبری ئەوەی کێشەی ناشایستەی دەسەڵات لە پەرلەمان و حکومەت لەژێر سایە و چاودێری دەستووردا چارەسەر بکرێت، دەبێت سپای ئێراق بێننەوە بۆ کوردستان و ڕێاکاریش بگاتە ئەو جێگایە و بڵێن:
**ئێستا سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا مەسعوود بارزانی دایدەنێت.**

**خاڵی دووهەم**

**(دەبێت ئەوەیش لەبیر نەکەین کە پارتی و بەتایبەتی سەرۆک بارزانی لە ڕۆژی یەکەمی ئەم ڕووداوانەوە عەفووی گشتی ڕاگەیاندووە، ڕایگەیاند کە بە لێبوردن(تسامح) کار دەکەین و لە ڕوانگەی لێبوردن و سنگ فرەوانی و پشوو درێژی و بێن فرەییەوە لەگەڵ لایەنگرانی یەکێتی و لەگەڵ حیزبەکانی تر و لەگەڵ جەماوەری گەلدا دەجووڵێنەوە، ...).**

لە وڵاتێکدا کە دەستوور نەبێت، تاکپەرەستی دێتە ئاراوە، پرۆسەی لێبوردن بە فەرمانی **خودای قەهار و جەبار و غەفور و ڕەحیم** پیادە دەکرێت. دەورانی شا و خومەینی و سەدام و... باشترین نموونەن. بەڵام لە وڵاتە پێشکەوتووکان کە دەستوور فەرمانڕەوایە، فیل بە موو دەبسترێتەوە!

**خاڵی سێیەم**

**(لە بارەی دەوروبەرەوە ئێمە نامانەوێ دەست لە کاروباری هیچ وڵاتێک وەربدەین، لە بارەی ئێراقیشەوە ئێمە ڕامانگەیاندووە کە کوردستان بەشێکە لە عێراق، پارتی بە بەڵگە سەلماندی کە باشترین پارێزەری سەروەری هەرێمەکەیەو سەروەری عێراقیشە، ئەمەش ناوونیشانێکی گەورە بە کورد و میللەتی کوردو بزاڤی کورد دەدات، لە چوار چێوەی هەموو وڵاتە عەرەبییەکان،.).**

سەروەری **هەرێمەکەو سەروەری عێراق** مەبەست لە هەرێمەکە واتە ئێران، ئێراق، تورکییە، سوریيە و وڵاتانی عەرەبی. پاراستنی ئەو باروودۆخە بۆچ شانازییە بۆ کورد و جوڵانەوەکەی؟ ئەگەر میللەتی کورد و ڕێکخراوەکانی

کوردستان دەسەڵاتی ئەوەیان نەبێت کە ئەو بارودۆخە بگۆڕن، ئەوە تاوان نییە، بەڵام پاراستنی سەروەری ئێراق و هەرێمەکە بۆچ جێگەی شانازییە؟ بۆچ ناو و نیشانێکی گەورە بە کورد و جوڵانەوەی کوردستان دەدات؟ شانازیکردن بە پاراستنی سەروەری ئێراق و سەروەری هەرێمەکە لە لایەن پارتییەوە بەپێی ئازادی رادەربڕین، وەک رێکخراوەیەکی سیاسی مافی خۆیەتی چلۆن بیر دەکاتەوە! بەڵام ئەو جۆرە هەڵوێستگرتنە بەناوی **میللەتی کورد و رێکخراوەکانی کوردستانەوە** جێگەی بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوەیە.

با هەر بەو وتووێژەی بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی سەبارەت بە هێنانەوەی سپای ئێراق بۆ ناوچەی ٣٦ دەرجە رازی نەبین و لە دیدوبۆچوونی کەسانی دیکەش بڕوانین، بۆ نموونە:

*** – بیلکلیتۆن، سەرۆککۆماری ئەو دەورانەی ئەمریکا.**

*** – هەژیر تەیموریان، رۆژنامەنووس**

**بیلکلینتۆن و ٣١ی ئاب**

بیلکلینتۆن لە کتێبێکیدا بەناوی (**ژیانی من**) بەو جۆرە دەنووسێت:

{( Första veckan i september ställde Saddam Hussein till med problem igen när han anföll och ockuperade staden Irbil i den kurdiska delen av norra Irak, i strid med de restriktioner som ålagts honom sedan Gulfkriget avslutats. Två kurdiska grupperingar hade kämpat om kontrollen över området; sedan en av dem hade beslutat sig för att stödja Saddam hade han angripit den andra. Jag gav order om attacker med bomber och missiler mot de irakiska styrkorna, och de drog sig tillbaka.)

**لە هەفتەی یەکەمی مانگی (september)دا سەدام حسین کێشەیەکی دیکەی دورست کرد کاتێک کە ئەو هێرشی کردە سەر شاری هەولێر لەو کوردستانە کە لە باکوری ئێراقدایە و داگیرکرد، ئەو دژایەتی شەرت و مەرجەکانی پاش شەری کەنداوی کرد. دوو دەستەی کورد لە گەڵ یەکدا دەجەنگین بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەو ناوچە، پاشان یەکێک لەو دەستانە داوای یارمەتی لە سەدام کرد کە هێرش کاتە سەر ئەو لایەنەی دیکە. منیش فەرمانمدا بە بوومباران و موشەکباران هێرش کەنە سەر هێزەکانی ئێراق، ئەوانیش پاشەکشەیان کرد.**

کتێبی( ژیانی من- بیلکلینتۆن) ل- ٨٠٧ Mitt liv - Bill Clinton – sidan 807

**تێبینی:** ناوەرۆکی قسەکانی سەرۆککۆماری ئەمریکام نووسیوە، نەک وشە بە وشە و دێڕ بە دێڕ کرابێت بە کوردی. هەر بەو مەبەستە سویدییەکەیم نووسیوەتەوە.





**هەژیر تەیموریان و ٣١ی ئاب**

هەژیر تەیموریان ژورنالیست و رۆژهەڵاتناسی کورد لە بەشی فارسی رادیۆ و تەلەڤیزیۆنیBBC کار دەکەن، کاک هەژیر سەبارەت بە رووداوی ٣١ی ئاب لە وتووێژێکی تەلەفۆنی کە لە لەندەنەوە لەگەڵ رادیۆی کوردی ئەمریکا ئەنجامیانداوە بەو جۆرە دەڵێن:

**ئەگەر ئێران و تورکییە بە بەهانەیەک یاسای نێونەتەوەیی دەشکێنن و سنوور دەبەزێنن و دێنە ناو خاکی کوردستان ماوەکەی کورتە و ناتوانن زۆر بمێننەوە دەبێ بڕۆنە دەر، بەڵام حکومەتی ئێراق ئیدعای مالیکییەتی هەیە، لەگەڵ سنوور بەزاندن و هاتنی دەوڵەتانی ئێران و تورکییە جیاوازە. نازانم کاک مەسعود بۆچ ئەو کارەی کردووە؟!**

ئەگەر ئەو هەڵوێستەی دەوڵەتی ئەمریکا بۆ وەدەرنانی سپاکەی ئێراق کە بە نامەی بەڕێز مەسعود بارزانی هاتبوونە ناوچەی ٣٦ دەرجە لە ئارادا نەبوایەت، پارتی و بەڕێز مەسعود بارزانی جگە لە پاراستنی سەروەری ئێراق و هەرێمەکە چییان لە دەست دەهات؟ وەڵامی ئەو پرسیارە وا لەو چەن دێڕەی خوارەوەدا:

**دەسەڵاتی سەرۆکی کوردستان لە ئێراق دا**

لە لاپەڕەکانی پێشوودا ئاماژە بەوە کرا کە بەڕێز مەسعود بارزانی بەپێی رێکەوتن لەگەڵ بەڕیز جەلال تاڵەبانی بوون سەرۆکی کوردستان. لەگەڵ ئەوەدا کە سیستمی سیاسی کوردستانی ئێراق نە پادشاییە و نە کۆماری، دەسەڵاتی سەرۆکەکەی لە دەسەڵاتی دەستووری حکومەتەکەی زۆرترە!

با بڕۆینە سەر دەسەڵاتی سەرۆکی کوردستان لە سیستمی سیاسی ئێراقدا. لە مانگی ئابی ٢٠٠٥ رەشنووسی دەستووری هەمیشەیی ئێراق ئامادە کرا. ئەو رەشنووسە خرایە بەردەست سەرۆکی کوردستان، ئەوانیش ناردیان بۆ پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمان پەسەندی دەکات.

پاش پەسەندکردنی دەستوور، بەڕێز مەسعود بارزانی بەو جۆرە دەڵێن:

**(بەڕێزتان دەزانن ئێمە ئەو شێوازە کۆتاییەی کە لە سەری بەرێککەوتن گەیشتین ناردمان بۆ پەرلەمانی کوردستان و لەوێ پەسند کراوە، ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، لەمەو دوا ئێمە ناتوانین هیچ دەسکاری بکەین، چونکە پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لێداوە.**

رۆژنامەی خەبات ژ- ١٨٩٨- ٢٧ی ئابی٢٠٠٥

## دەنگدان بۆ دەستووری بنەڕەتی ئێراق

ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/١٥ دیاریکرا بۆ دەنگدان بە دەستووری بنەڕەتی(قانوونی ئەساسی) ئێراق. ئەو **ڕەشنووسە** کە سەرۆکی کوردستان **لەسەری ڕێککەوتبوون** و پەرلەمانی کوردستانیش پەسەندی کردبوو، لە ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/١٣دا لە بەغدا لە لایەن عەرەبەکانەوە دەسکاریکرا. بەداخەوە سەرۆکی کوردستان ئەو دەستوورە دەسکاری کراوەیان نەبینی تا بزانن چییە و چی نییە، لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە یا بە زیانیەتی.

**<u>ئایا لە دەستوور گرنگتر دەبێت؟ بۆ دەبێت نەیبینن؟ هۆی نەبینینی چی بووە؟!</u>**

## پێناسەی سەرۆک

وشەی سەرۆک وشەیەکی ئاشنایە، بۆ نموونە: سەرۆکی قوتابخانە- سەرۆکی کارخانە- سەرۆکی زانستگا- سەرۆکی پەرلەمان- سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکوەزیر- سەرۆککۆمار و..... .
هەموو ئەوە دەزانین کەسێک کە دەبێت بە سەرۆکی قوتابخانە یا کارخانەیەک و.... پێشتر کارێکی دیکەی بووە، هەروەها ئەوەیشمان بینیوە کەسێک کە سەرۆکی کارخانە یا قوتابخانەیەک بووبێت هەر لەو کارخانە یا قوتابخانە بەپێی توانایی ئەو کەسە و پێویستییەکانی ئەو شوێنە کارێکی دیکەیان پێسپاردووە. نموونەی ئەو جۆرە ئاڵوگۆڕانە لە کارەکانی بەڕێزان کارل بیلد Karl bild و یۆران پەرشۆن Göran persson لە حکومەتی سوید دەسنیشانکرا. بەکورتی لە <u>سیستمێکی ئازاد</u> و لە ژیانێکی باو لە هەر کۆمەڵگایەکدا ئەوە نەبووە بە پرەنسیپ کەسێک بەس بۆ کارێک دورست کرابێت، نەک هەر لە کۆمەڵگادا، بەڵکو لە سروشتی خودی مرۆڤیشدا مرۆڤێک بۆ تاکە کارێک <u>دورست نەکراوە</u>، بەپێی تەمەن و توانایی مرۆڤ ئەرکەکان ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت!





هەر وەک لە نووسراوەکەی بەڕێز **فەرەنسۆ هەریری** دا بینیمان پۆستەکانی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستانی ئێراق شایستەی بەڕێز مەسعود بارزانی نییە و بەو **<u>پۆستانە گەورەی و پیرۆزییەکەیان دەشکێت</u>**، هەروەها خۆیشیان دەڵێن: **<u>هیچ پۆستێک بە دامەزراندن وەر ناگرن</u>.**
ناوەرۆکی ئەو قسانە ئەوەیە، دەبێت هەر سەرۆک بن و بەس.
ئەگەر لە ناوەرۆکی وشەی **سەرۆک** جیا لە پۆستە دەوڵەتییەکان و ژیانێکی شارستانی بکۆڵینەوە ئەو وشە وشەیەکە بۆ سەرۆک خێڵ و سەرۆک عەشیرەتەکان بەکار دەبرێت، بۆ نموونە:

**سەرۆک تیرەو ناودارانی عەشیرەتی سوورچی راستی رووداوەکەی کەڵەکێن بۆ بەڕێز فرانک بیگەر روون دەکەنەوە**

گۆڤاری گوڵان ژ – ٨٠ تەممووزی ١٩٩٦


بەرەو یۆبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتی کوردستان

هەواڵ

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە فرانک بیکەر کرد

سەر لە بەیانی (١٧)ی تەمووز سەرۆک مەسعود بارزانی لە بارەگای خۆی لە هاوینە هەواری سەڵاحەدین و بە ئامادەبوونی بەڕێزان سامی عەبدولڕەحمان ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و فەلەکەدین کاکەیی ڕاوێژکاری سیاسی سەرۆک پێشوازی لە بەڕێز فرانک بیکەر سکرتێری یەکەمی باڵیوزخانەی تورکیا لە ئەنقەرەدا کرد.
لە دیدارێکدا کاتژمێرێک و نیوی خایاند باس لە دوا پێشهاتەکانی ناوچەکەو بارودۆخی ئێستەی کوردستان و پرۆسەی ئاشتی و چۆنیەتی جێبەجێ کردنی بڕیاری ٩٨٦ و پرۆسەی دابین کردنی ئارامی کرا.
هەروەها لە لایەنێکی دیکەی دیدارەکەدا باس لە باری گوزەرانی مرۆیی لە ناوچەکەو ڕۆڵی ڕێکخراوە مرۆییەکان بە تایبەتیش بەریتانییەکان لە ناوچەکەدا کرا لەم دیدارەدا جێگیری

سەرۆک تیرەو ناودارانی عەشیرەتی سوورچی راستی رووداوەکەی کەڵەکین بۆ بەڕێز فرانک بیکەر روون دەکەنەوە

کاتژمێر ١١ی بەیانی (١٦)ی تەمووز وەفدێکی سەرۆک تیرەو پیاو ماقوولان و ناودارانی عەشیرەتی سوورچی لەسەردانێکی

جگە لەو باسە کورتە سەبارەت بە سەرۆک، وەک دەزانین زۆر کەس لە کوردستان خوێندنیان لە بەشە جیاجیاکانی زانستگا تەواو کردووە، زۆربەیان وەک مامۆستای زانستگا خزمەت بە خەڵکی کوردستان دەکەن. بەڕیز مەسعود بارزانی خوێندنی ناوەندیشی تەواو نەکردووە، بەڵام دەبێت بە سەرۆکی <u>کوردستان</u>.

**لە ئێراق نابێت کەس لە سەرووی یاساوە بێت و دەبێ یاسا سەروەر بێت.**


سەرۆک بارزانی لەدیدارێکدا لەگەڵ کەناڵی ئەبوزەبی:
لە عێراق نابێ کەس لە سەرووی یاساوە بێت و دەبێ یاسا سەروەر بێت
Khabat
خەبات
ژمارە (1273)
دووشەمە ٢٠ی تشرینی یەکەم ٢٠٠٣
٢٨ی رەزبەر٢٧٠٣ی کوردی
(٢٤)ی شعبان ١٤٢٤ك
٨٠ لاپەرە
٢٠ دینار
ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕۆژانەیە، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

خەبات- ژ- ١٢٧٣- ساڵی ٢٠٠٣

بە وتـەی بەڕێز مـەسعود بـارزانی کە لـە(تـەلـەڤزیـۆنی ئـەبووزەبی)یـەوە بەیانیان کردووە:**لە ئێراق نابێت کەس لە سەرووی یاساوە بێت و دەبێ یاسا سەروەر بێت.** بەپێی ئیدئۆلۆژی عـەرەبی، عـەرەبی ئێـراق بـەشێکە لـە نـەتـەوەی عـەرەب. عەرەب وەک نەتەوە ژێردەستە نییە و چەندین دەوڵەتیان هـەیـە، پلـەوپایـەی دەوڵەتی ئێراق بەو رادەیە گرنگە کە بـەڕێز مـەسعود بـارزانیش بـەو شێوە ڕێز بۆ ئێراق و بۆ دەستووری ئێراق دادەنێن و سەری بۆ نەوی دەکەن!

کـورد چ وەک تـاک چ وەک نـەتـەوە ژێـردەسـتەیـە، بـە هـۆی ئـەو بـارە سیاسـییەوە لـە کۆمـەڵگـای جهـانی و کۆمـەڵگـای دراوسـێکانی کوردسـتاندا یـەکسـان نـین، وەک مرۆڤێکی دەرجـە دوو لێمـان دەڕوانـن. جێگـەی داخـە، لەبری ئەوەی هەوڵ بدرێت کەسایەتیمـان لـە ژێردەستەیی ئـازاد بکـەن تـا وەک مرۆڤێک هەم لە کۆمەڵگا جهانی و هەم لە ناخی دەروونی خۆیشمانەوە هەست بە <u>بـەرابـەری و یـەکسـانی</u> بکـەین، سـەرۆکمان بـۆ دوروسـت دەکـەن. دوروسـتکردنی سـەرۆک بـۆ کـورد واتـە تـۆی تـاکی کـوردی لـە بـاری کەساییەتییەوە **ناتەوایت، منالیت، صغریت** و پێویست بە **قیوم هەیە!**

**ئەگەر سەرۆک بێت، ژێردەستەیش هەیە!**
**ئەگەر سەرۆک نەبێت، ژێردەستەیش نییە!**





**کوردستانی "ئێراقی" ژێر دەسەڵاتی بەغدا و ژێر دەسەڵاتی هەولێر**

لە بەشەکانی پێشوودا بەکورتی باسی دەنگدان بۆ پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی١٩٩٢دا دەسنیشانکرا. بنەمای حکومەتکردن بریتیە لە ژێرخانی بەهێزی ئـابووری- پیشـەسـازی مـودێرن- کشـتوکاڵی میکـانیزەیـی و فـەرهـەنگـی سیاسیی سەردەم کە بتوانێت لە مەیدانی دیپلۆماسیدا رۆڵی خۆی بگێرێت. کام لەوانە لە ساڵی١٩٩٢ لە کوردستان لە ئارادا بووە؟ نەک ئەوانە لـە ئـارادا نـەبوون، بـەڵکو کوردسـتانێک بـە چوارهـەزار گونـد و دەیـان شـارۆچکەی وێران و سەدان هەزار کەسی پاشماوەی ئەنفال و شیمیایی وەک کارنامـەی دەوڵەتی ئێراق، بوون بە بەردی بناغەی ئەو حکومەتە.
خەڵک نانی دەوێ، کاری دەوێ، ژیانی ئارامی پێویستە تا برینی ئـەنفال و شیمیایی و دەربەدەری فەرامۆش بکات. نەخۆشخانە و قوتابخانـە و زانسگا و رێگاوبـانی دەوێت. لـە سـاڵەکـانی ١٩٩٠دا خـەڵـک لـەو پـەڕی نـەداری و دەسکورتیدا دەژیان، تەنانەت کار بەو **جێگە گەیشتبوو کە هەندێ کەس گوڵەگەنمی پاش دروێنەیان کۆ دەکردەوە،** لەم دەورانـەدا لـە وڵاتـانی ئوروپـا و ئـەمریکا بـڕێ کۆمەڵە و رێکخراوە بە مەبەستی یارمـەتیدانی خـەڵـک پێکهات، بـەپێی توانـا ئەرکی سەرشانی خۆیان ئەنجامدا، پاشان پرۆسـەی گۆڕینـەوەی نـەوت بـە خۆراک لە لایەن دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بۆ ئێراق هاتە ئاراوە. بەسـەر ئـەو بارە ناهەموارەی کوردستاندا لـە پرۆسـەی دابـەشکردنی نـەوت بـە خـۆراک، بەشی کوردستان لە ناوچە عەرەبییەکان کەمتر دانرا. پاش بـەڕێوەبردنی پرۆسەی نەوت بە خۆراک ژیانی خەڵک تا رادەیەک ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و بووژایەوە، هەروەهـا پرۆسـەی دورستکردنەوەی گوندە وێرانکراوەکان، دورسـتکردنی نـەخۆشـخانـە - قوتابخانـە، زانسـتگا، کـاری جـادەسـازی و سازکردنی فرۆکەخانە و .... لە لایەن حکومەتی کوردستانەوە داڕێژرا، بۆ نموونە:

**پەرلەمانی کوردستان یاسای دامەزراندنی فڕۆکەخانەی هەولێر پەسەند دەکات**

دوێنێ پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە ٢٩ی خولی گواستنەوەی خۆیدا، کە بە سەرۆکایەتی د. ڕۆژ نوری شاوەیس و، ئامادەبوونی بەرپرسی کاروباری یاسایی ئیدارەی هاوپەیمانان و وەفدێکی یاوەریی بەڕێوە چوو. تیایدا پرۆژەی یاسای دامەزراندنی فڕۆکەخانەی مەدەنیی هەولێر گفتوگۆی زیاتری لەسەر کراو، پاش ئەوەی رای لێژنە پەیوەندارەکانی پەرلەمان وەگیران، پرۆژەی یاساکە خرایە دەنگدانەوەو بە کۆی دەنگ پەسەند کرا. شایانی باسە ئەمە یەک لە یاسا گرنگ و پرۆژە بەرهەمدارو پڕ بایەخەکانە کە بە هاوکاری هاوپەیمانان کوردستان دەکاتە خاوەن فڕۆکەخانەی خۆی و بە جیهانی دەرەوەی دەبەستێت و، سوودێکی بەرچاو بە تێکڕای خەڵکی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت.

ڕۆژنامەی خەبات- ژ- ١١٧٢سێ شەممە ٢٤ی حوزیرانی٢٠٠٣

**یەکەمین گەشتی ئاسمانیی لە فڕۆکەخانەی سلێمانی نێودەوڵەتییەوە بەڕێکەوت**

پێشنیوەڕۆی دوێنێ٢٣/٧/ یەکەم فڕۆکەی نەفەر هەڵگر لە جۆری بۆینگ کە لە شاری عەممانی پایتەختی شانشینی ئۆردن بەڕێکەوتبوو، لە فڕۆکەخانەی سلێمانی نێودەولەتی بە ژمارەیەک سەرنشینەوە نیشتەوە. دواتر یەکەم گەشتی ئاسمانی بەهەمان فڕۆکە کە ٢٨ سەرنشینی لە خەڵکی شاری سلێمانی سەرخستبوو لە فڕۆکەخانە سلێمانییەوە بەڕێکەوت. پێشبینیدەکرێت لە داهاتوودا هەفتانە سێ گەشتی ئاسمانیی لە فڕۆکەخانەی سلێمانی ڕێکبخرێت و گەشتی راستەوخۆش بۆ شارەکانی ئەستەنبوڵ و قاهیرە و بەیروت ڕێکبخرێن. لە یەکەم گەشتی ئاسمانیی لە فڕۆکەخانەی سلێمانی نێودەوڵەتی سەرنشینەکانی خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی کە بۆ یەکەمجار دەتوانن بەبێ گرفت لە سلێمانییەوە سەفەری دەرەوەی وڵات بکەن. بەڕێز کامران سەرپەرشتیاری بوردی فڕۆکەخانەی سلێمانی نێودەوڵەتی بە کوردستانی نوێی ڕاگەیاند ئەمڕۆ گفتگۆ لەگەڵ بەغدا دەکرێت سەبارەت بە دانانی بەرنامەی گەشتە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی فڕۆکەخانەی سلێمانی نێودەولەتی ....

کوردستانی نوێ – ژ- ٢٧٢٠ یەکشەممە ٢٠٠٥/٧/٢٤





**جگە لە کاری ئاوەدانکردنەوە، پرۆسەی دەرهێنانی نەوت لە کوردستان وەک پرۆسەی کاری حکومەت کەوتە رێ**


خەبات
XEBAT
ژمارە (3188)
زیاتر لە 151 ئاژانسی جیهانی
هەواڵی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان-یان بڵاوکردەوە
لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا
**سەرۆک تاڵەبانی و سەرۆک بارزانی قوفڵی هەناردنی نەوتی کوردستان-یان بۆ بازاڕی جیهان کردەوە**
سەرۆک کۆمار: گرێبەستە نەوتییەکانی کوردستان قانوونی و ڕەواو دەستوورین
سەرۆکی کوردستان: ئەم سەرکەوتنە گەورەیە بۆ ئێراق و هەرێمی کوردستان، حکوومەتی کوردستان تۆماری کرد

ڕۆژنامەی خەبات ژ- ٣١٨٨ – ٢ی حوزیرانی٢٠٠٩ – ١٢ی جۆزەردانی ٢٧٠٩ی کوردی

## گەندەڵی ماڵی و دارایی

**پێشینان دەڵێن: هیچ کارێک بێ کەموکوڕی نابێت.** لێرەدا نابێت ئەوە فرامۆش بکرێت کە لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتی و کۆمەڵایەتیدا جێگەی داخە کێشەیەک بەناوی کێشەی گەندڵی ماڵی و دارایی لە ئارادا بوو. با سەبارەت بەو باسە تماشای ئەو چەن دێڕە بکەین:



**هەر لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆکی کوردستان تەئکیدی لەوە کردەوە کە شۆڕش بۆ ئەوە نەکراوە کە پارتی و یەکێتی هەموو شتێک بۆ خۆیان بەن، <u>بەڵکو بۆ ئەوە بوو میللەت رزگار بکرێت و داهاتیش بە شێوەیەکی عادیلانە دابەش بکرێت</u>، سەبارەت بە گەندەڵیش سەرۆکی کوردستان ئاماژەی بەوە کرد کە ئاشکرا کردنی ئەو گەندەڵییە ئەرکی راگەیاندنی هەر دوو لایە و دەبێ بەر لە کەسانی دیکە ئەو گەندەڵییە ئاشکرا بکەن و بە هیچ شێوەیەکیش رێ بە خەڵکانی دیکە نەدرێ موزادیەدە لەسەر تێکۆشەرانی گەلەکەمان بکەن و قەتیش گوللە مەدەنە تفەنگی خەڵکی، هەروەها سەرۆکی کوردستان دەربارەی ئەو قەڵەمانە دوا کە لە سایتە کوردییەکاندا سووکایەتی بە خەباتی پارتی و یەکێتی و لایەنە سیاسییەکانی دیکە دەکەن و فەرمووی ئەوەی تێبینم کردبێ ئەوانە نەک بۆ خزمەتی کێشەی کورد دەنووسن، بەڵکو بۆ ئاژاوەنان و تانەلێدان دەنووسن و خەباتی خەڵکانێک لە پێش چاوی خەڵک رەش دەکەنەوە کە لەوانەیە <u>بە قەدەر تەمەنی باوک و خۆیشی خەباتیان کردبێ، من پێم سەیرە چۆن منائێک ................</u>** خەبات- ژ٢٢٩٢ - ١٨ی رەزبەری٢٠٠٦ی کوردی





## دابەشکردنی داهات بە شێوەی عادیلانە ؟!

**لەسەر ئەرکی رێزدار نێچیرڤان بارزانی ٢٢ منداڵ نەشتەرگەری دڵیان بۆ دەکرێت:**



**خەبات – هاوار مورتکەی: لە چەن رۆژی رابردوو لەسەر ئەرکی رێزدار نێچیرڤان بارزانی، ٢٢ منالٚ ئەوانەی نەخۆشی دڵیان هەیە، نەشتەرگەریی و چارەسەریان بۆئەنجامدرا، کە یەک لەو منداڵانەی بۆ یەکەمینجارە نەشتەرگەرییەکەی لە کوردستان و ئێراق بەسەرکەوتوویی بۆ ئەنجام دەدرێت، هەر وەک د. کامل نامق بەڕێوەبەری سەنتەری هەولێر بۆ نەشتەرگەری دڵ ئاماژەی پێدا کە ئەو ٢٢ نەشتەرگەرییە لە رێی تیمێکی پزیشکی هۆڵەندیەوە بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆر ئیبلس ئەنجامدرا. جێی باسە، ئەو منداڵە کە نەشتەرگەرییە تاقانەکەی بۆ ئەنجامدرا، ناوی هێلینە و تەمەنی ٣ ساڵ و نیوە و خەڵکی شاری هەولێرە، ئێستا تەندروستی زۆر باشە...**

رۆژنامەی خەبات ژ – ٣٣٣٦ سالی ٢٠٠٩ * ٥ی سەرماوەزی ٢٧٠٩ کوردی


**وەک دەبینین کەسانێک لە کوردستاندا هەن کە لە باری ماڵی و داراییەوە دەسەڵاتی ئەوەیان نیە <u>ئەرگی نەشتەرگەری منالە نەخۆشەکەی خۆیان لە ئەستۆ بگرن</u>، بەڵام کەسانێکیش هەن سەروەت و سامانێکی وەهایان هەیە بە ئاسانی ئەرگی نەشتەرگەری ٢٢ کەسیش لە ئەستۆ بگرن.**

# دادگاییکردنی سەدام





## دادگاییکردنی سەدام



وێنە لە ڕۆژنامەی City

ڕۆژی٢٠٠٣/١٢/١٣ (سەدام) دەسگیرکرا. پاش حەوت مانگ لە ڕۆژی ٢٠٠٤/٧/١ لە بەغدا برایە دادگا و لە لایەن قازییەکی ئێراقییەوە کەوتە بەر لێپرسینەوە، با سەبارەت بەو دادگایە لەو چەن دێرە بڕوانین:

**ڕەوتی دادگاییکردنەکەی سەدام**

**دادوەر: تکایە خۆتان بناسێنن.**

**سەدام: من سەدام حسین ئەلمەجید، سەرۆککۆماری ئێراقم**

**دادوەر: سەرۆککۆماری پێشووی ئێراق.**

**سەدام: نا، سەرۆککۆماری ئێستای ئێراق، ئەمە خواست و ئارزوی خەڵکە.**

**دادوەر: سەرۆکی حیزبی بەعسی هەڵوەشاوە، فەرماندەی لەشکروسپا، خەڵکی ئێراق، ناوی دایکتیان چییە؟**

**سەدام: سەباح، دەتوانم قسە بکەم؟**

**دادوەر: فەرموون.**

**سەدام: تۆیش دەبێت خۆتان بە من بناسێنن.**

**دادوەر: ئاغا سەدام، من دادوەر و بەرپرسی لێکۆڵینەوەی دادگای ناوەندی ئێراقم.**

**سەدام: کە وایە ئێوە دادوەر و بەرپرسی لێکۆڵینەوەی دادگای ناوەندی ئێراقن، بەپێی کام دەستوور و بڕیارنامە ئەم دادگا پێکهاتووە؟ ها! هێزی هاوپەیمانەکان؟ کە وایە ئێوە ئێراقین و نوێنەرایەتی هێزی داگیرکەرتان لە ئەستۆدایە؟**

**دادوەر: نا، من ئێراقییەکم کە نوێنەرایەتی خەڵکی ئێراقی لە ئەستۆدایە.**

**سەدام: ئم، ئێوە ....**

**دادوەر: من لە حکومەتی پێشوودا بەپێی دەستووری سەرۆککۆماری دیاریکراوم.**

**سەدام: ئێوە بڕواتان بەوە هەیە کە تێکڕای خەڵکی ئێراق دەبێت ڕێز بۆ دەستوور دابنێت و دەستووریش لە خواستەکانی خەڵک مەزنترە، دروستە؟**

**دادوەر: بەڵێ، بە پشتیوانی خوا.**

**سەدام: کەوایە، نابێت ئێوە لەژێر چاودێری و خواستی هێزەکانی هاوپەیماندا کار بکەن.**

**دادوەر: باسێکی گرنگ لە ئارادا هەیە، من دادوەرم، لە حکومەتی پێشوودا رێزم بۆ دادوەری و داوەران داناوە، ئێستایش دووبارە کارەکەم دەسپێکردوەتەوە و هەمان کار دەکەم. تۆیش وەک هەموو خەڵکی ئێراق دەبێت لە بەرانبەر ئەو تۆمەت و تاوانانەی کە لە ئارادایە وەڵام بدەیتەوە، ئەگەر تۆمەتەکان سەلمێنران تۆ تاوانبار دەبیت، ئەگەر وەهایش نەبوو کارەکان بەباشی کۆتای پێدێت. رەوتی دادوەری بۆ ئەوەیە تا باسەکان بەباشی روون بنەوە، ئەگەر بەڵگە و شاهێد هەبوون تاوانبار دەبیت و بڕیارت بۆ دەردەچێت، ئەگەریش بەڵگە نەبوو، بێتاوان دەبێت. تا ئەمڕو، پێش ئەوەی دادگایی کرابێتیت تۆ مەحکوم کراویت. کە وایە ....**

**سەدام: رێگام بدەن، من باسەکان تێکەڵ ناکەم، تۆ دادوەریت؟ دادوەریت تۆ؟ هەروەها دادوەران رێز بۆ دەستوور دادەنێن و بەپێی دەستوور کار دەکەن، دروستە؟ دروستە؟ ماف شتێکە و لە ئارادا هەیە، ماف بۆ ئێمە ئەو شتەیە کە لە قورئان و شەرێعەتدا هاتووە، دروستە؟ من سەبارەت بە سەدام حسین کە مرۆڤێکی ئێراقییە یا نا قسە ناکەم، من خەمی کورسییەکەی خۆمم نییە، من رێز بۆ خواست و ویستی خەڵکی ئێراق دادەنێم کە منیان وەک رابەری شۆڕش هەڵبژاردووە، کاتێک کە من دەڵێم سەرۆککۆماری ئێراقم بۆ ئەوە نییە کە خەمی کورسییەکەی خۆمە، من بەپێی دەستووری ئێراق ئەوە باسە دەکەم و رێز بۆ خواست و ویستی خەڵک دادەنێم. خاڵێکی دیکە هەیە پێویستە روون بێتەوە، ئێوە منتان بۆ ئەوە هێناوەتە دادگا تا ئەو تۆمەتانە بە من راگەیەنن، بەڵام ئێستا ئێوە ئەو تۆمەتانە وەک تاوان بۆ من دیاری دەکەن.**

**دادوەر: وەک دادوەر و بەرپرسی لێکۆڵینەوەکان ئەگەر بەڵگەنامەیەک پەیدا بکەم دەیخەمە بەردەست کۆمەڵەی دادوەران و دادوەری.**

**سەدام: رێگام بدەن شتێک روون بکەمەوە، تۆمەتبار کێیە؟ پێش لێکۆڵینەوە کاتێک کەسێک دێتە دادگاه، بەو کەسە دەڵێن( تۆمەتبار). ئێرە دادگا نییە، ئێرە شوێنی لێکۆڵینەوەیە، ئێستا ئێوە کاری لێکۆڵینەوە ئەنجامدەدەن، رێگەم بدەن ئەوە شتە روون کەمەوە، هیوادارم ئەوە فەرامۆش نەکەن کە ئێوە دادوەرن و خەڵک دەسەڵاتی پێداون، لە راستیدا ئەوە گرنگ نییە کە من مەحکوم بکەی یا نە، بەڵکو ئەوەی کە گرنگە ئەمەیە کە ئەوەتان لە یاد بێت ئێوە دادوەرن، کارتان بە هیزی داگیرکەر نەبێت ئەو کارە نادروستە، بە ناوی خەڵکەوە دادوەری بکەن، ئەوەیە رێگای ئێراقی.**

**دادوەر: ئاغا سەدام، ئەمە رەوت و رێبازی لێکۆڵینەوەیە.**

**سەدام: بەپێی دەستوور دەزانیت من وەکیلم هەیە، دروستە؟ نەدەبوو پێش ئەوەی کە بێم بۆ لای ئێوە، من وەکیلەکانی خۆم ببینایەت؟**

**دادوەر؟ ئەگەر .. دەقیقە مۆڵەتم بدەی بە فەرمی کارەکان ئەنجام بدەم دەڕۆمە سۆراخی ئەو باسە و ئەوەیشتان بۆ روون دەبێتەوە کە مافی ئێوە لەبەرچاو گیراوە. ئاغای سەدام ئەوە بزانن کە بەپێی دەستوور بەرپرسی لێکۆلینەوە مافی ئەوەی هەیە ئەو تۆمەتانەی کە لە ئارادایە بە تۆمەتباری راگەیێنێت، هەروەها بەپێی مادەی ••• و ••• و ••• دەستوور تۆمەتەکان و مافی تۆمەتباریش لێکۆڵینەوەی پێویستی بۆ ئەنجامدەریت. ئەمە یەکەمین هەنگاوی دەستوورییە، مەگەر ئەو دەستوورانە لەلایەن خۆدی سەدامەوە مۆر نەکراوە؟ ئەم دەستوورە لە ساڵی •• پەسەند کراوە. لەو دەورەدا سەدام حسین رابەر بوو ئەو دەستوورەی**





**ئیمزا کردووە، ئێستا ئەو دەستوورەی کە سەدام ئیمزای کردووە لە بەرانبەر سەدامدا بەکار دەبرێت. سەدام خەڵک بوو.**

**سەدام: تکایە، کاری دەستووری، من وکیل نیم، بەڵام تێدەگەم- من لە ئەساسدا پیاوی دستوورم، ئایا دەکرێت سەرۆککۆمارێک کە خەڵک هەڵبژاردووە بانگ کرێت و بەپێی ئەو دەستوورە کە بەپێی خواست و ویستی ئەو خەڵکە نووسراوە مەحکوم بکرێت؟ ئەمانە لەگەڵ یەکدا ناکۆک نین، نەخیر؛؛**

**دادوەر: لە رەوتی دادگادا ئەم باسە روون دەکەمەوە. یەکەم من کارێک بەدژی ئێوە ئەنجام نادەم، من کاری لێکۆڵینەوە دەکەم. دووهەم سەرۆککۆماری کار و پۆستێکە و سەرۆککۆمار نوێنەرایەتی ئەو کۆمەڵگای لە ئەستودایە. ئەوەیش روون و ئاشکرایە کە سەرۆککۆماریش کەسێکە وەک ئەو خەڵکە، بەپێی دەستووری بنەڕەتی هەر کەسێک کارێکی ناقانوونی ئەنجامدا دەبێت لە بەرانبەر دەستوور و دادوەراندا وەڵام بداتەوە. تۆ ئەم دەستوورە لە من باشتر دەزانیت. ئێستا تۆمەتەکان دەخوینمەوە:**

**یەکەم- کوشتاری خەڵکی هەڵەبجە بە چەکی شیمیایی- دووهەم کوشتنی کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی ئێراق لە ساڵی •••• – سێیەم کوشتنی کادر و ئەندامی حیزبە سیاسییەکان بەبێ دادگایکردن- چوارەم کوشتنی کۆمەلێک کەسایەتی ئایئنی ئێراقی- پێنجەم کوشتاری ئێراقییەکان لە ئەنفالدا بەبێ هیچ چەشنە بەڵگەیەک لە بەرانبەر ئەوانەدا. تۆ دەتوانیت وەڵام بەیتەوە و بەرگری لە خۆت بکەی، ئەوە مافی خۆتە، ئێستا بە شتێکی دیاریکراو گەیشتووین. ئەو تاوان و تۆمەتانە کە سەبارەت بە ئێوە لە ئارادا بوو پێتان راگەیاندرا. ئێوە شارەزایتان سەبارەت بە مافی خۆتان هەیە و دادگایش مافی ئێوە دەپارێزێت، هەروەها دەتوانن وەڵام نەدەنەوە، ئەو کارە وەک تاوان بۆ ئێوە لەبەرچاو ناگیرێت، هەروەها دەتوانن لە بەرانبەر بەڵگەنامە و شاهێدەکاندا کە دژی ئێوە بێت قسە بکەن. تۆمەتبار دەتوانیت داخوازی ئەوە بکات کە وەکیلەکانی خۆی ببینێت و قسەوباسیان لەگەڵدا بکات و تا بیینی وەکیلەکانی کارەکان دوا دەکەویت. رەوتی دادگاه و کۆبوونەکانی دیکەی دادگا بەو جۆرە دەبێت.**

**( بەشێک لە وتووێژەکانی ئەم دادگایە بڵاو نەکراوەتەوە) .......**

**دادوەر: رێگام بدەن با حەوتەمین تۆمەت لە بەرانبەر سەدام حسین وەک سەرۆککۆماری ئیراق و فەرماندەی لەشکروسپا و هێرش بۆ کووەیت، بخوێنمەوە.**

**سەدام: ئەوەی کە ئێمە هێرشم کردبێت قەت بیری لێمەکەوە، دەستوور بەخاتری ئەوەی کە سەدام بەرگری لە ئێراق کردووە دادگایی دەکات؟ ئایا دەکرێت بەرپرسێکی دەوڵەتی بەهۆی ئەوەی کارە قانوونییەکانی ئەنجامداوە دادگایی بکرێت؟ ئەو دەستوورەت لە کوێ هێناوە؟ تۆ چلۆن دەتوانیت سەدام بەخاتری کێشەی کووەیت دادگایی بکەیت؟ سپای ئێراق بۆ بەرگریکردن چووە کووەیت، سەدام بەرگریی لە ژنانی ئێراقی کرد تا بۆ .. دینار خۆفرۆشی نەکەن، سەدام حسین لە بەرانبەر ئەو سەگانەدا بەرگری لە سەربەرزی و سەروەری ئێراقییەکان کردووە، من بەرپرسی هەموو قسەکانی خۆمم، تۆ دەزانیت ئەم دادگایە شانۆگەرییە، شانۆگەرییەکە کە (جۆرج بووش)ی خوێنڕێژ دایڕشتووە تا لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست بێنێت.**

**دادوەر: ئێوە وان لە کۆڕێکی فەرمیدا بۆ ئەوەی ئەو تۆمەتانەتان پێڕاگەیەنن، رێگەت پێنادەین هەندێ قسە بکەی کە ببێتە هۆی سووکایەتی کردنە بە دادگاکە، سەدام حسین وەک سەرۆککۆمار و فەرماندە لەشکر و سپا سەبارەت بە هێرشکردنە سەر کووەیت بەرپرسیارە.**

**سەدام: ئەم تۆمەتانە بۆیە بەدژی من هاتوەتە ئاراوە کە سەدام حسین لە دەورانێکدا وەک سەرۆککۆمار بڕیاریدا، کە مافی سەرۆککۆماری لە بەرچاو گیرا بوو.**

**داوەر: داواتان لێدەکەم ئەو بەڵگە فەرمییانە ئیمزا بکەن تا لە پەروەندە و دۆسییەکەی ئێوەدا بمێنێتەوە، بەو تۆمەتانە وەڵام بدەنەوە، من خەریکی لێکۆڵینەوەم، وەڵام بدەنەوە.**

**سەدام: رێگەم بدەن بەبێ چاودێری وەکیلەکانم بەڵگەیەک ئیمزا نەکەم.**

**دادوەر: ئاوەها ؛ بەڵام ئەم بەڵگانە پێوەندی بە دۆسییەکەی ئێوەوە هەیە،**

**سەدام: منیش بەخاتری خۆم دەڵێم، بە قسەی ئەمریکاییەکان من چەندین ملیۆن دۆلار پۆڵم لە بانکەکانی سویسدا هەیە، کەوایە لانیکەم دەتوانم وەکیلێکم ببێت.**

**دادوەر: بەڵێ، وەک کەسێک ئەو مافەت هەیە، بەڵام ئەو بابەتانە بۆ ئێوە خوێندراوەتەوە و پێتان راگەیاندراوە، دەبێت ئەو بەڵگانە ئیمزا بکەن.**

**سەدام: بەبێ میکرۆفۆنەکە شێتک بە دادوەر دەڵێت،**

**دادوەر: نا، ئەوە بەشێکە لە رەوتی دەستوور و قانوون.**

**سەدام: نا، ئەوە پێوەندی بە دەستوورەوە نییە.**

**دادوەر: نا، ئەوە بەشێکە لە رەوتی دەستوور.**

**سەدام: تۆ بۆ ئەوەندە نیگەرانیت؟ من لەگەڵ وەکیلەکانمدا دێمەوە بۆ لاتان و تۆیش ئەو بەڵگانە بە من دەدەیتەوە، ئەو کات ئیمزایان دەکەم، بۆ ئەوندە پەلە دەکەی؟ بەو هەموو پەلەپەلکردنە پێتان وانییە هەڵەیەک روو بدات؟**

**دادوەر: نا، ئێستا بڕیار نادەین، بەس خەریکی لێکۆلینەوەم، ئێمە دەبێت کات لە بەرچاو بگرین، بە شێوەیەکی باش لەکات بەهرە وەر بگرین.**

**سەدام: من کاتێک ئەو بەڵگانە ئیمزا دەکەم کە وەکیلەکانم لەگەڵدا بێت.**

**دادوەر: زۆر باشە، دەتوانیت بڕۆیت.**

**سەدام: کۆتایی هات؟**

**دادوەر: بەڵێ.**

**ئەو تۆمەتانەی کە لە دادگادا بە سەدام راگەیاندرا، برێتین لە:**

**١ (کوشتاری ئەنفال لە کۆتایی دەهەی ١٩٨٠) – ٢ ( هێرشی شیمیایی بۆ هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨)**

**٣ ( هێرش بۆ کووەیت لە ساڵی ١٩٩١) – ٤ ( کوشتاری کورد و شێعە لە ساڵی ١٩٩١)**

**٥ (کوشتاری سیاسییەکان لە ماوەی سێ دەهەدا) – ٦ (کوشتاری کوردەکانی لایەنگری بارزانی ١٩٨٠)**

**٧ (کوشتاری رابەرانی مەزهەبی لە ساڵی ١٩٧٤)**

سەرچاوە سایتی ئەنترنتی شەهروەند (فارسی) - کاناد ساڵی ٢٠٠٤

**تێبینی:** ئەو(٠٠٠ و٠٠٠ و ٠٠٠) ژمارەن بەداخەوە لە کاغەزدا بە ؟؟؟ دەرکەوتووە.





**پارێزەرە ئیسلامییەکانی سەدام :**
**سەدام کیمیاوی بەکار نەهێناوە و گۆڕە بە کۆمەڵەکانیش تاوانی ئەو نین**

سەرۆکی ئەو پارێزەرە ئیسلامییە ئەردەنییانەی کە بە نیازن بەرگری لە سەدام بکەن گوتی: (هەموو ئەو کارکردانەی بۆ دادگاییکردنی سەدام ئەنجام دراون نارەوان و دادگاییکردنەکەیش ناشەرعییە).

محەممەد رەشدان کە سەرۆکی هەیئەتی داکۆکیکردن لە سەدامە کە لە سەدان پارێزەر پێکهاتووە رایگەیاند؛ کە هەیئەتەکەیان بەڵگەنامەی گرنگی بۆ داکۆکیکردن لە سەدام ئامادە کردووە. رەشدان بە ئاژانسی‹قودس پرس›ی گوت: (بەڵگەنامەکان دەیسەلمێنن سەدام چەکی کیمیاوی نەبووە و ئەوەی کارەساتی هەڵەبجەیشی خولقاندووە و ئەوەی کوردی لە هەڵەبجە کیمیابارانکرد ئێران بوو نەک ئێراق، هیچ گومانیش لەسەر سەدام و ئێراق نییە). سەبارەت بە گۆڕە بە کۆمەڵەکانیش، محەممەد رەشدان کە پارێزەرێکی ئیسلامی ناسراوە و یەکێک بوو لە کەسایەتییە نزیکەکانی سەدام و رژێمەکەی بە وەرگرتنی بەرتیل و کۆبوونی نەوت لە رژیمی سەدام تاوانبارە، بە ئاژانسەکەی گوت: (بەڵگەنامەمان هەیە کە گۆڕە بە کۆمەڵەکان ئەو عراقییانەن کە ئێران کوشتوونی نەک سەدام و رژێمی ئێراق). شایانی باسە محەممەد رەشدان کە پرسیاری ئەوەی لێکرا چۆن لە دادگایەکدا ئامادە دەبێت کە بە(کاڵتەجاڕی) دەزانێ نەک دادگا، رەشدان گوتی با گاڵتەجاڕیش بێت، ئێمە دەمانەوێت لەپاڵ سەدامدا بین).

رۆژنامەی خەبات ژ- ١٤٨٩
دووشەمە ٥ی تەمووزی٢٠٠٤ ـ ١٤ی پوشپەڕی٢٧٠٤ کوردی

**یەکەم دانیشتنی دادگاییکردنی سەدە**

دیکتـاتۆرو ٧ یاریـدەدەری لـەبـەردەم دادوەرێکـی کـوردی سـنگ فراوانـدا لـە ڕووداوێکی مێژووییداو لە دادگایەکی ئاشکراو عادلانەدا کە بە دادگاییکردنی سەدە ناو دەبرێت، دوێنێ لە بەغدا یەکەم دانیشتنی دادگاییکردنی سـەدام حسێن ی دیکتاتۆری ڕووخاو و ژمارەیەک لە یاریدەدەرەکانی بەڕێوە چوو، لەپای ئەو تاوانە دزێو و گەورانەی دەرهەق بە کۆمەڵانی خـەڵکی عیراق ئەنجامیانداون.

لـەم ڕووەوە سـەعـات١٢ی نیـوەڕۆی دوێنـێ بـەکـاتی بـەغـدا ڕێـورەسـمی یـەکـەمـین دانیشـتنی دادگـاییکردنی (سـەدام)ی دیکتـاتۆر و٧ کـەس لـە یاریـدەدەرانـی بـەئاشـکرا بـەڕێـوەچـوون، کـە لـە ڕێگـەی کامێراکـانی تەلەڤزیۆنەوە ڕاستەوخۆ بۆ بەرچاوی دنیا گوێزرایەوە.

دانیشـتنەکـەی دوێنـێ تایبـەت بـوو بـە مـەسـەلـەی قـەتڵوعامـەکـەی شـاری دوجەیل،ی باکوری بەغدا وەک یەکەم هەڵقەی ئەو زنجیرە تاوانە گەورانەی کـە ڕژێمـی لـەنـاوچووی بـەعـس دەرهـەق بـەخـەڵکی بێ دەرەتـانی عیـراق ئـەنجامیانداوە. دانیشـتنەکە لـە هـۆڵێکی بـارەگای پێشـووی قیادەی قـەومـی بەعسی هەڵوەشاوە لەناوچەی سەوز لە بەغدا سازکراو بۆ ئەم مەبەستەش ڕێوشـوێنی ئـەمنیـی تونـدوتۆڵ لـە دەوربـەری شـوێنی داداگاییکردنـەکـەدا پەیرەوکرا. سەرۆکایەتی دادگاییکردنەکە لە لایەن دادوەر ڕزگار محەمەد ئەمین بەڕێوە برا کە دادوەرێکی کوردی خەڵکی سلێمانییە بەیارمەتی چوار دادوەری دیکـە، لـەگـەڵ تیمێکـی داواکـاریی گشـتی بـەسـەرۆکایـەتی **جەعفەر ئەلوسەوی** و ژمارەیەک ئەندامی دیکە کە تەنها ڕوخسـاری سـەرۆکی دادگـاو سەرۆکی تیمی داواکاریی گشتی پیشاندەدرا، هاوکات ژمـارەیـەک چاودێری نێـودەوڵـەتـی و عیراقـی و نوێنـەرێکـی سـەرۆکوەزیرانـی عیـراق لـەگـەڵ ١١ ڕۆژنامەنووسی عەرەبی و ١١ ڕۆژنامەنووسی بیانی کە زۆربەیان سـەر بـە کەناڵە ئاسمانییەکان بوون، ئامادەی دانیشتنەکە بوون. ڕۆژنامـەنووسـەکان بە کامێراو موبایل و کۆمەڵێک قەڵەم و کاغەز تەیار کرابوون. لـە سـەرووی





هۆڵـەکـەدا دادوەرەکـانی دانیشـتبوون و لـەبـەردەم ئـەوانیشـدا ڕیزێک تیمـی نووسـەرانی تۆمـارکردنی گفتۆگۆکـان، لـە بـەرامبـەریشـیاندا چـوار قـەفـەسـی تۆمەتبارکراوەکان کە سەدام و حەوت یاریدەدەرکەی تێیاندا دانیشتبوون، لە دەسـتەڕاسـتی هۆڵـەکـەشـدا ژمـارەیـەک لـە شـایەدەکـان دانیشـتبوون کـە وێنـەکانیـان نیشـان نـەدەدرا لـەگـەڵ ١٣ پـارێزەر کـە بـەرگری لـەو هـەشـت تۆمەتبارکراوە دەکەن.

هـەروەهـا لـەسـەر دیـواری پشـتی پێـنج دادوەرکـەدا وێنـەی تـەرازووی دادپەروەریی کێشرابوو لە دەستەڕاسیشیاندا ئاڵایەکی گەورەی ئێراق دانـرا بـوو. لـە دانیشـتنەکـەدا هـەر یـەک لـەم تۆمـەتبارکراوانـە ئامـادەبـوون کـە ژمارەیان هەشت کەس بوو، لە پێشـەوەیاندا سـەدام حسێن ی دیکتاتۆرو کەسی یەکەم لە ڕژێمی ڕووخاوی بەعس، تەمەن ٦٨ ساڵ لە ٢٠٠٣/١٢/١٣ لە ناوچەی تکریت دەستگیر کرا.

دووەم تەها یاسین ڕەمەزان جەزراوی جێگری پێشـووی سـەرۆکی ڕژێمـی ڕووخاو کە لە ٨ ی ئابی٢٠٠٤دا لـە لایـەن پێشـمەرگـەوە لـە موسـڵ دەسـتگیر کـرا کـە بیسـتەمین کـەس بـوو لـە لیسـتی ٥٥ گـەورە داواکـراوەکـەی ڕژێمـی ڕووخاو.

سێیەم بەرزان ئیبراهیم حەسەن ئەلتەکریتی زڕبرای سـەدام و ڕاوێژکـاری سـەرۆکایـەتـی کـە پێشـتر سـەرۆکـی دەزگـای موخابـەرات بـوو. لـە ١٦ی نیسـانی٢٠٠٣ لـە بـەغـدا دەسـتگیر کـراو ٥٢ وەمـین کـەس بـوو لـە لیسـتی٥٥ کەسەکە.

چـوارەم عـەوەز ئـەحمـەد ئـەلبـەنـدەر دادوەری پێشـوو لـە دادگـای بـەدنـاوی سەورە و جێگری بەڕێوەبەری نووسینگەی سەدام.

چـوارەکـەی دیکـەش بریتـی بـوون لـە عـەبـدوڵڵا کـازم ڕوەیـد و مـەزهـەر عەبدوڵڵا ڕوەید و عەلی دائیم عەلی و محەمەد عەزام ئـەلعـەدلی کە پێشـتر بەرپرسی حزبی بەعس بوون لەناوچەی دوجەیل دا

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژ- ٢٨٠٥ ٥شەمە ٢٠/١٠/ ٢٠٠٥

**له لێدوانێکی تایبەت بۆ کوردستانی نوێ، دوێنی دادوەر رزگار محەممەد ئەمین رایگەیاند: له کاتی هێنانی سەدام و تومەتبارەکانی تر بۆ ناو دادگا هەستم کرد چەن کەسێکی لاوازیان هێناوەتە بەردەمم.**

رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژ- ٢٨٠٥ – ٥شەممە ٢٠/١٠/ ٢٠٠٥


ئەمرۆ سەرۆک تاڵەبانی و سەرۆکی هەرێم کۆدەبنەوە
کوردستانی نوێ
KURDISTANI NWE
سەرۆک تاڵەبانی کۆمپانیاکانی نەرویجی هاندا بێنە کوردستان و ناوچە ئارامەکانی تری عیراق
هەتا سێ مانگی ئاینده، کارەبا لەئێرانەوە دەگاتە هەرێمی کوردستان
یەکەم دانیشتنی دادگاییکردنی سەدام
دیکتاتۆرو (٧) یاریدەدەری لەبەردەم دادوەرێکی کوردی سنگ فراواندا
حاکم رزگار بۆ کوردستانی نوێ: کە سەدام و تۆمەتبارەکانیان هێنایە ناو دادگا، هەستم کرد چەند کەسێکی لاوازن

**با تۆڵەی تاوانەکانی سەدام و هاوکارانی دابنێین بۆ دادگای مێژوو. بەڵام بۆ کەسێک دەستووری دادوەری لە زانستگا خوێندبێت و لەسەر کورسی دادوەری بێت بۆ دادوەریکردن، بەیانی ئەو رستە: هەستم کرد چەن کەسێکی لاوازیان هێناوەتە بەردەمم، شایستەیە؟**





**هەڕەشەی سەدام سەبارەت بە ئامادە نەبوونی لە دادگادا**

**سەدام حسین، سەرۆککۆماری بەرکەنارکراوەی ئێراق، هەڕەشەی ئەوە دەکات کە لە کۆڕی داهاتووی دادگا کە قرارە لە بەغدا بەڕێوەببرێت بەشداری نەکات. سەدام لە کۆتایی دووهەمین رۆژی دادگاییەکەیدا پاش ئەوەی کە گوێی لە قسەوباسە کەرموگوڕەکانی شاهێدەکان بوو، کوتی بە دادوەرکان، بڕۆن بۆ دۆزەخ. یەکێک لە شاهێدەکانی دادگا کوتی، لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا دەسگیرکرام، پاشان ژیانم لەناو چوو.**

**سەدام و حەوت کەس لە هاوکارەکانی پێشووی لەو دادگایەدا بە تۆمەتی کوشتاری نزیکەی سەدوپەنجا کەس شیعەی خەڵکی دوجەیل لە ساڵی ١٩٨٢دا دادگایی دەکرێن. ئەگەر تاوانەکان بسەلمێنرێن لەو دەچێت کە سزای کوشتنیان بۆ دەرچێت. ئەو کوشتارە پاش ئەوەی کە لە دوجەیل تەقەیان لە سەدام کرد کە بیکوژن، روویدا. لە کۆتایی کۆڕی رۆژی سێشەممەدا دادوەر راگەیاند، کۆڕی داهاتوو لە رۆژی چوارشەممە بۆ ئەوە بەڕێوە دەبرێت کە گوێمان لە قسەوباسی دوو شاهێدی دیکە بێت و داخوازی وەکیلەکانی سەدام سەبارەت بەوەی کە دادگاییەکە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دوا خرێت، لە لایەن دادگاوە رەد کرایەوە. پاش ئەو بڕیارە بوو، رابەری پێشووی ئێراق نەڕانی و کوتی: (من نایەمەوە، من لە دادگایەکی نا عادڵانەدا بەشداری ناکەم، بڕۆن بۆ دۆزەخ).**

**باسم ئەلخەلیلی وەکیلی ئێراقی، بە هەواڵنێری ئاسۆشێدپرێسی کوت، دادگا دەتوانێت سەدام حسین بێنێتە دادگا تەنانەت ئەگەر خۆشی نەیەوێت بێت. بە قسەی بەرپرسانی دادگاکە دەکرێت کۆڕی محاکمەکردنەکان بەبێ ئەوەی کە یەکێک لە تۆمەتبارەکان یا هەموویان بەشداری بکەن لەژێر چاودێری ئەو وەکیلانە کە داکۆکییان لێدەکەن بەڕێوە ببرێت.**

**پێشتریش سەدام حسین بە توڕەییەوە ئەمریکای بەوە تاوانبار کردووە کە دەیەوێت لەبری محاکمەکردن لە شانۆگەرییەکدا سەدام بکوژێت و کوتییە ئەمریکایی و ئیسرائیلییەکان دەیانەویت سەدام حسین لەناو ببەن، هەروەها ئاماژەی بە قسەوباسی ژنێکی شاهێد کرد و کوتی(پێویستە ئەو کەسە قەفەزەکەی من ببینێت)، لەو کاتەدا بەتۆڕەییەوە پەنجەی لە هەوا تەکان دەدا، بە دادوەرەکەی کوت: باروەۆخی ژیانی من لەبەر چاو بگرە، چونکە تۆ کاری لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە تاوان و شوێنی روودانی ئەو تاوانە ئەنجام دەدەیت.**

**یەکەمین شایەدی دادگاکە ژنێک بوو بە ناوی شایەدی (ئەلف) لە دادگادا کوتی: کارمەندێکی دەزگای نهێنی پاش ئەوەی دەسگیری کردم، ناچاری کردم جلەکانم لەبەر داکەنم. ژنەکە بە گریانەوە کوتی: پاشان هەردوو پامی بەرز کردەوە، بە کارەبا، بەرق ئەشکەنجەی دەدام، هەروەها کوتی بۆ ماوەی چوار ساڵ لە بەندیخانە بەناوبانگەکەی ئەبوو غرێب رایانگرتم.**

**بە قسەی ئەم شایەدە زۆربەی خزم و کەسەکانی گیران. ئەم شایەدە لە بەرانبەر پرسیاری داوەر سەبارەت بەوە کە کام لەو تۆمبارانە لەو دۆسییەدا دەوریان بوو؟ نەیتوانی راستەوخۆ هیچ کەسێک دەسنیشان بکات.**

**شایەدی دووهەم شایەدی (ب) ژنێکی بە تەمەن بوو، بە دادگای کوت کە خۆی و مێردەکەی و پێنج کچ و کوڕی لە رووداوی دوجەیل دا دەسگیرکران.**

**شایەدی سێیەم شایەدی (ج) بە دادگای کوت کارمەندە نهێنییەکان خۆی و دایک و باوک و دوو خوشکی بچکۆڵەیان دەسگیرکرد و بۆ ماوەی یازدە مانگ لە بەندیخانەی ئەبووغرێب رایانگرتن، کوتی بەهۆی ئەوەی دابوویان بەسەر باوکمادا، باوکم بە هۆی ئەو لێدانەوە مرد.**

**سەدام حسین لە ماوەی بەڕێوەبردنی دادگاکەدا بایەخێکی ئەوتۆی بە قسەی شایەدەکان نەدەدا، بەس جارێک لە شایەدی (ج)ی پرسی: تۆ ئەوانەت چۆن لەیاد ماوە؟)**

**ئەویش کوتی☹ئەوانە بۆ من زۆر خەمبار و ناخۆش بوون، من ناتوانم خەم و ناخۆشییەکانم فەرامۆش بکەم.)**

سەرچاوە- سایتی ئەنترنێتی فارسی بی بی سی (BBc persian) چوارشەممە ٧ دسامبر٢٠٠٥

**چەندەمین دادگاییکردنی سەدام**

دوێنێ سەرلەنوێ دادگایی کردنەوەی سەدام و٧ لە دارودەستەکەی لەسەر کێشەی دوجەیل و لەناوبردنی١٤٣ هاوڵاتی ئەو شارۆچکەیە دەستی پێکردەوە و لە دانیشتنەکەی دوێنێدا کە سەدام بە تەنها ئامادە کرابوو، داواکاری گشتی چەندین بەڵگەنامەی نووسراوە و سیدییەکی لەسەر ئەو تاوانە بەرچاو دادگا خست و لە ئاکامیشدا مشتومڕێکی توند لە نێوان داواکاری گشتی و دەستەی داکۆکیکار لە سەدام و دارودەستەکەی سەری هەڵدا، ئەمەش وای لە دادوەر ڕەووف ڕەشید کرد یەکێک لە پارێزەرانی سەدام سزا بدات و لە دادگا بیکاتە دەرەوە، هاوکات سەرۆکی دەستەی داکۆکیکار لە سەدام داوای دەست کێشانەوەی دادوەر ڕەووف ڕەشیدی لە دادگایی کردنی ئەم کێشەیە کرد. جێی باسە، دادگایی کردنی سەدام و دارودەستەکەی بۆ ئەمرۆ دوا خرا.)

ڕۆژنامەی خەبات ژ- ٢١٠٥- ٦ی نیسانی ٢٠٠٦ -١٧ی نەورۆزی ٢٧٠٦ کوردی

**هەڵواسینی سەدام و هاوکارانی**

پاشا چەن دەورە دادگاییکردنی سەدام حسین لە کاتژێمر ٦ی رۆژی٢٠٠٦/١٢/٣٠دا{(بە تاوانی کوشتنی١٤٣ کەس شێعەی خەڵکی دوجەیل) کە (بە تاوانی ئەوەی لە ساڵی١٩٨٢دا تەقەیان لە سەدام کردووە، ویستوویانە بیکوژن) لە لایەن دادگای ئێراقەوە سزای کوشتن بۆ سەدام دەرچوو. هەر لەو ڕۆژەدا بە شێوەی هەڵواسین ئەو سزایە جێبەجێکرا و کۆتایی بە ژیانی هێنرا.





**چەن دێڕێک سەبارەت بە هەڵواسینی سەدام**

{صدام حسین رئیس‌جمهور سابق عراق (٨ اردیبهشت ١٣١٦ – ٩ دی ١٣٨٥) پس از آنکه توسط دادگاه به اتهام جنایت علیه بشریت از جمله کشتار ١٤٣ تن از مردم دجیل در سال ١٣٦١ مجرم شناخته شد، در ساعت ٦:٠٧ به وقت محلی (UTC ٠٣:٠٧) در تاریخ ٩ دی ١٣٨٥ (٣٠ دسامبر ٢٠٠٦) به دار آویخته شد.

**زمان و مکان اعدام**

صدام حدوداً در ساعت ٦ بامداد به وقت محلی در تاریخ ٩ دی ١٣٨٥ (٣٠ دسامبر ٢٠٠٦) در صبح روز عید قربان به دار آویخته شد. مراسم اعدام در اردوگاه عدالت در شهر کاظمین در شمال بغداد برگزار شد. این مرکز سابقاً محل حضور سران اطلاعات نظامی بود. این اردوگاه بعدها با نام اردوگاه بانزای شناخته می‌شد که در آن شهروندان عراقی زیادی توسط مأموران صدام شکنجه و کشته شدند. برخلاف گزارش‌های اولیه صدام به تنهایی و در غیاب دو هم دست خود به نام‌های برزان ابراهیم التکریتی و عواد حامد البندر اعدام شد. این دو نفر پس از عید قربان اعدام شدند.

**مراسم اعدام**

آخرین اقدام قانونی پیش از اعدام صدام حسین دادن کارت قرمز به وی بود. این کار توسط یکی از مقامات دادگاه انجام شد و به معنای آن بود که اعدام وی حتمی است. بر اساس گفته‌های یکی از شاهدان، صدام پیش از اعدام «بسیار آرام بود و نمی‌لرزید».

با اینحال برخی گزارش‌ها مبنی بر این است که درگیری کوچکی هنگام خارج کردن وی از سلول اتفاق افتاد. موفق الربیعی، مشاور شورای امنیت ملی عراق به العربیه گفت که «صدام حاضر نشد که نقاب مخصوص اعدام را به سر کند». صدام پیش از اعدام ذکر شهادتین بر لب آورد اما تا زمان اعدامش حرف خاص دیگری نزد.

هیچ مقام آمریکایی در محل اعدام وی حضور نداشت. گفته می‌شود که رفتار صدام «مطیعانه» بوده است. در هنگام اعدام همچنان همان قرآنی را که در تمام طول محاکمات در دست داشت به همراه خود آورده بود.
**موفق الربیعی** گفت که صدام پیش از اعدام بارها فریاد «مرگ بر ایرانی‌ها» را تکرار کرد.

**سامی العسکری** که یکی از شاهدان مرگ صدام بود گفت: «پیش از آنکه طناب به گردن صدام انداخته شود او فریاد الله اکبر سر داد و ادامه داد: ملت پیروز است و فلسطین عربی است». سپس صدام صلوات فرستاد و گفت: «درود بر محمد و پیروان او» که ناگهان چند نگهبان با فریاد ادامه دادند: «زنده‌باد مقتدا» صدام با نگاهی تحقیرآمیز به آنها نگاه کرد. فیلمی که توسط شبکهٔ الجزیره به دست آمده بود، نشان داد که برخی از اعدام کنندگان گفتند: «انشاالله به جهنم بروی» و شخص دیگری به آنها تذکر داد: «آقایان تمامش کنید. او در حال اعدام است». سپس صدام لفظ شهادتین را بر زبان آورد و پس از آن سکوی زیر پای او باز شد. یکی از منابع آگاه اطلاع داد که آخرین گفته‌های صدام این بود: «مرگ بر خائنین، آمریکایی‌ها، جاسوس‌ها و ایرانی‌ها» اما این جمله‌ها در فیلم منتشر شده مشخص نیست.
صدام در هنگام اعدام، حاضر نشد تا نقاب به سر کند. یکی از شاهدان، وی را «مردی ضعیف و شکسته» توصیف کرد؛ دیگران او را آرام و مطمئن وصف کردند. پیش از اعدام، دعایی اسلامی برای وی خوانده شد و او نیز تکرار کرد. تصاویر منتشر شده از اعدام صدام حسین تنها لحظات پیش از انداختن طناب به گردن وی را نشان دادند. فیلم تلویزیونی آماده کردن صدام برای اعدام ابتدا از طریق تلویزیون عراق و سپس در سراسر جهان پخش شد. در فیلم پخش شده تنها لحظات پیش از انداختن طناب به گردن وی نشان داده شد. اما چند ساعت بعد تصاویر جسد صدام که در کفن پیچیده شده بود توسط دولت عراق و به منظور اثبات مرگ وی انتشار





یافت. البته در خبر ها آمده که فیلم به طورت HDTV ضبط شده.[*نیازمند منبع*]
cnn سی‌ان‌ان گزارش داد که پس از اعدام صدام، مردم اقدام به برگزاری جشن در مکان اعدام وی کردند و گروهی به دور جسد وی رقصیدند.[*نیازمند منبع*]

**خاکسپاری**

خانوادهٔ صدام درخواست کرد تا جسد وی را به کشور یمن انتقال داده و دفن کنند تا سپس در صورت به گفتهٔ خودشان «آزاد شدن عراق» به این کشور برگردانده شود. با وجود گفته‌های ضد و نقیض مسئولان عراقی در مورد جایگاه و شیوهٔ خاکسپاری صدام، سرانجام جنازه او را برای تدفین در روستای محل تولدش به نام عوجه در تکریت به سران عشیرهٔ بوناصر تحویل دادند. جسد صدام حسین نزدیک محل دفن پسرانش قصی و عدی به خاک سپرده شد.

**واکنش‌ها**

واکنش‌ها نسبت به اعدام صدام گوناگون بودند. بسیاری از افراد که اکثراً آسیب‌هایی از نظام دیکتاتوری صدام دیده بودند به شدت از اعدام وی حمایت کردند. برخی از این قربانیان نیز خواستار آن بودند که صدام برای دیگر جنایتهایش که موجب مرگ افراد بسیار بیشتری (نسبت به مقدار مذکور در پرونده) شده محاکمه و مجازات شود. گروهی بر این باور بودند که اعدام صدام باعث افزایش روحیه مردم خواهد شد اما در مقابل کسانی هم فکر می‌کردند که این کار موجب افزایش خشونت‌ها خواهد گردید. در جامعهٔ بین‌المللی افراد زیادی از اجرای عدالت در مورد صدام حمایت کردند ولی نسبت به مجازات اعدام که هم‌اکنون در اتحادیه اروپا، آمریکای شمالی و جنوبی و استرالیا ممنوع است اظهار نارضایتی کردند. مدافعان صدام هم اعدام وی را ناعادلانه خواندند.

**سخنگوی دختران صدام** گفت:« از اینکه پدرمان با شجاعت با اعدام کنندگانش برخورد کرد به خود می‌بالیم».

**واکنش‌های بین‌المللی سران کشورها**

**ایران** نسبت به اعدام صدام اظهار خرسندی کرد ولی نگرانی خود را نسبت به وضعیت رسیدگی به پروندهٔ صدام و جنایت‌های او علیه ایران اعلام کرد. سخنگوی وزارت خارجه جمهوری اسلامی ایران گفت: «ما همچنان خواستار رسیدگی به اتهامات رژیم صدام علیه ایران و دیگر کشورهای منطقه هستیم».

**کویت** نیز از معدود کشورهایی بود که از اعدام صدام استقبال کردند. جابر المبارک الصباح معاون اول نخست‌وزیر و وزیر کشور و دفاع کویت با ابراز خرسندی از اجرای حکم اعدام صدام، آن را قصاص عادلانه‌ای برای وی دانست و افزود: «**صدام دشمن ملت عراق و ملت‌های عرب و مسلمان بود**».

**برخی از کشورها همچون انگلستان، استرالیا و فرانسه** اعلام کردند که از حکم اعدام دفاع نمی‌کنند ولی نسبت به تصمیم دادگاه احترام می‌گذارند.
**ایتالیا، مالزی، اتحادیه اروپا، پاکستان، واتیکان، لیبی، آلمان** و کشورهای دیگر از اعدام صدام حمایت نکردند یا آن را موجب بی‌ثبات‌سازی اوضاع منطقه دانستند.

**سازمان‌های مستقل**

**کمیساریای عالی حقوق بشر سازمان ملل متحد، کمیسر لوییز آربر:** «همهٔ فرقه‌های جامعهٔ عراق به همراه تمامی اعضای جامعهٔ بین‌الملل علاقه دارند که حکم اعدامی که در قانون عراق وجود دارد تنها در ادامهٔ محاکمه و استینافی عادلانه، موثق و بی‌طرفانه صادر شود. این موضوع دربارهٔ پرونده‌ای استثنایی همچون این پرونده هم صدق می‌کند».

**رئیس سازمان دیدبان حقوق بشر – ریچارد دیکر:** «صدام حسین مرتکب تخلفات بی‌شماری از حقوق بشر بود ولی این مسئله توجیه‌کنندهٔ دادن حکم اعدام به وی که مجازاتی ستمگرانه و غیرانسانی است نمی‌باشد.» «تاریخ دربارهٔ محاکمهٔ خدشه‌دار وی در مورد ماجرای دجیل و اعدام وی قضاوت خواهد کرد».

سەرچاوە سایتی ئەنترنێتی (ویکیپێدیا) (www.wikipedia.rg)





**هەڵواسینی سەرۆکی دەزگای مخابراتی ئێراق**

رۆژی ٢٠٠٧/١/١٥ **بارزان تکریتی** سەرۆکی دەزگای مخابراتی ئێراق و دایکبرای زڕبرا سەدام و کەسێکی دیکە بەناوی (**عەوەز ئەحمەد ئەلبەندەر**- دادوەر لە دادگای باڵای ئیراق) بە تاوانی هەمان١٤٣ کەسی دوجەیل لە لایەن دادگای ئێراقەوە بڕیاری کوشتنیان بۆ دەرچوو، ئەوانیش بە هەڵواسین کۆتایی بە ژیانیان هێنرا.

2007 January کیهان ۱۱٤٠

**دو دستیار صدام به دار آویخته شدند**

سر برزان تکریتی هنگام اعدام از بدن جدا شد



برزان تکریتی برادر صدام و عواد البندر قاضی دادگاههای رژیم بعث (سمت چپ)

سحرگاه روز دوشنبه ۱۵ ژانویه برزان ابراهیم تکریتی برادر ناتنی صدام و رئیس سازمان اطلاعات حکومت سابق عراق و عواد حامد البندر قاضی دادگاه انقلاب عراق در رژیم گذشته این کشور به دار آویخته شدند. دادگاه این دو تن را به اتهام دست داشتن در کشتار دجیل محکوم به مرگ کرده بود.

به گزارش بی‌بی‌سی، نخستین گزارش در مورد اجرای حکم اعدام در مورد این دو مقام رژیم سابق عراق اوایل روز دوشنبه انتشار یافت اما تا چند ساعت رسما تأیید نشده بود.

به گفته سخنگوی دولت عراق، در اتفاقی غیر عادی، هنگام اعدام برزان ابراهیم، سر وی از بدن جدا شد.

برزان ابراهیم تکریتی، ۵۶ ساله، و عواد حامد البندر، ۶۲ ساله، از جمله هشت متهم پرونده کشتار ۱۴۳ تن از شیعیان شهرک دجیل بودند که پس از سوء قصد نافرجام به جان صدام حسین در این شهرک در ژوئیه سال ۱۹۸۲ دستگیر و کشته شدند.

دادگاه رسیدگی به این پرونده علاوه بر صدام حسین، برزان ابراهیم و عواد حامد را به اعدام با چوبه دار و سایر متهمان را به دوره‌های حبس محکوم و یکی از آنان را تبرئه کرد.

پس از تأیید احکام اعدام این سه نفر توسط دادگاه تجدید نظر، صدام حسین روز ۳۰ دسامبر ـ حدود سه هفته پیش ـ به دار آویخته شد.

حامد البندر متهم بود که با برپایی دادگاه‌های نمایشی احکام اعدام گروهی از بازداشت شدگان دجیل را صادر کرده است.

**لەو کاتەدا کە بارزان تکریتی بە تەنافەکەوە هەڵواسرا بوو، لەشی لە ملی جیا دەبێتەوە و دەکەوێتە خوار.**

<u>دەزگای مخابرات:</u> دەزگای جاسوسی و پۆلیسی نهێنی.

سەرچاوە رۆژنامەی کەیهان لەندەن- ژ- ١١٣٩و ١١٤٠ Janvary ٢٠٠٧

## له دۆسیەی پاکتاوی نەژادی دا عەلی کیمیایی جارێکی تر حوکم درا

**ئەمڕۆ لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق لە شاری بەغدا بە سەرۆکایەتی دادوەر مەحمود حەسەن دواهەمین دانیشتنی دۆسیەی پاکتاوی نەژادی لە عیراق بەڕێوەچوو، حوکمی کۆتاییش بەسەر تاوانباراندا خوێندرایەوە.**



**حاکم رزگار محەمەد ئەمین ئەندامی دادگای باڵای تاوانەکان لە عیراق بەتایبەت بە PUKmediaی راگەیاند: ئەمڕۆ ٨/٢ کۆتای بە دانیشتنەکانی دادگایی تاوانبارانی دۆسیەی پاکتاوی نەژادی لە عیراق هات،**

**بە سەرۆکایەتی دادوەر مەحمود حەسەن، دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق حوکمی کۆتایی بۆ ١٥ تاوانباری دۆسیەکە دەرکرد کە بەشێکیان بێ تاوان دەرچوون و ژمارەیەکیشیان تاوانبار دەرچون.**

**وتیشی: لەناو تاوانبارەکاندا هەریەک لە عەلی حەسەن مەجید تکریتی و سەعدون شاکر و تاریق عەزیز و وجدان خدر هادی حوکمی ٧ ساڵ زیندانییان بەسەردا درا، هەریەک لە مەحمود زمام عەبدولڕەزاق و ئەیاد ئەلڕاوی و عەبدولڕەزاق ئەلئەعزەمی و مەحمود حەمزە حوکمی٦ ساڵ زیندانییان بەسەردا درا.**

**حاکم رزگار وتیشی کە هەریەک لە لەتیف موسیف جاسم و ئەحمەد حسێن زەفیف و محەمەد مەهدی ساڵح و هاشم حەسەن مەجید و فەرحان موتڵەگ ئازاد کران.**

**روونیکردەوە پێشتر عەلی حەسەن مەجید حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە بەڵام ئەگەر کاربگاتە سەر جێبەجێکردنی ئەو حوکمانەی دژی عەلی حەسەن مەجید دەرچوون ئەوا حوکمی سزای لە سێدارەدانی بەسەردا دەسەپێندرێ چونکە بەپێی قانونی عیراقی کام حوکم قورستر بێت ئەویان جێبەجێ دەکرێت.**

**سەرچاوەیەکیش لە شاری بەغدا پێی راگەیاندین: بڕیاربوو٧/٢٩ دوا دانیشتن بکرێت بەڵام دواخرا بۆ رۆژی٨/٢ و یەکەم دانیشتنی ئەم دۆسیەیە لە٤/٨ ی ئەمساڵ بوو، وتیشی: بەیاسا چەسپێنرا کورد لەسەر دەستی رژێمی بەعس تووشی راگواستن و دوورخستنەوە بووە کە مەبەست لێی گۆڕینی دیمۆگرافیای کەرکوک و خانەقی و مەندەلی و شەنگارو شێخان و مەخمور و ئەو ناوچانە بووە کە ئێستا بە ناوچە جێ ناکۆکییەکان ناودەبرێن لەماددەی١٤٠ دا باسیان دەکرێت.**

**PUKmedia** دەشتی قادر- بەغدا ١٦:٣٥ ٢٠٠٩/٠٨/٠٢

لە سایتی **PUKmedia** وەرگیراوە.





## دادگاییکردنی سەدام و هاوکارانی یا دادگاییکردنی دەوڵەتی ئێراق؟

ئەگەر چاوێک بە دادگاییکردنی یەکەم و دووهەم و...... سەدام و هاوکارەکانی و سزاکانیان کە بەپێی دەستووری ئێراق بۆیان دیاریکراوە بگێڕێن، دەبینین دادگاییەکە سەبارەت بە کوشتنی ١٤٣ کەس شێعەی شارۆچکەی دوجەیل بەڕێوە براوە، سزاکانیش هەر بۆ ئەوە دیاریکراوە! ئەوەی کە ئەو تاوانە و مافی دایک و باوک، کوڕ و کچ، خوشک و برای ئەو١٤٣ کەسە پشتگوێ نەخرا و سزا بۆ تاوانبارەکان دیاریکراوە، کارێکی دادپەروەرانەیە! نەک کوشتنی١٤٣ کەس، بەڵکو کوشتنی تاکە کەسێکیش گرنگە و دەبێت باسی بکرێت و دەیان دادگایی بۆ ئەنجام بدرێت! نەک تەنیا بەخاتری شێعە بوونیان، بەڵکو بەخاتری ئەوەی مرۆڤن و مرۆڤیش مافی خۆیەتی هەر رێبازێکی ئایینی، مەزهەبی، سیاسی و ..... ببێت، بەڵام بۆ تاوانی ئەنفال کە لەو کارەساتەدا ١٨٢٠٠٠ مرۆڤی کورد لەناوبران و ٤٠٠٠ گوندی و دەیان شارۆچکەی ئەو بەشەی کوردستان وێرانکران، لە تاوانی دوجەیل بچوکترە؟ بۆ سیاسەتی تەعریب و گۆڕینی چوارچێوەی جوگرافی سیاسی کوردستان لە پێناو ناوچە عەرەب نشینەکان و لەناو بردنی زمان و ئەدەبیات و فەرهەنگی کورد لە پەروەندەی دوجەیل کەمبەهاترە؟ بۆ راگوێزانی کورد و دەرکردنی کوردە فەیلییەکان لە شار و گوندەکانی خۆیان و ناردنیان بۆ ئێران لە دۆسییەی دوجەیل کەمبەهاترە؟ بۆ بوومبارانی شیمیایی هەڵەبجە و ناوچەکانی دیکەی کوردستان لە تاوانی دوجەیل کەمبەهاتر و بچکۆلەترە؟! بۆ؟!

بۆ ئەو تاوانانە خراونە پلەی دووهەم و بە کەم گیراون؟

**با چەن تاوانی دیکەی رابەرانی ئێراق کە لە دادگادا باسیان نەکراوە، دەستنیشان بکەین:**

**١ – صدام حسین برای قتل کارمندان سازمان ملل در کردستان جایزه میدهد، دولت امریکا صدام حسین را متهم کرد که برای کشتن کارمندان سازمان ملل متحد در کردستان عراق، تا ١٠ هزار دولار به قاتلان آنان جایزه میدهد.)–**

**سەدام حسین بۆ کوشتنی کارمەندانی رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە کوردستان خەڵات دیاری دەکات، دەوڵەتی ئەمریکا سەدام بەوە تاوانبار دەکات کە بۆ کوشتنی کارمەندانی رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە کوردستان خەڵاتی دە هەزار دۆلاری دیاری دەکات.)}.**

ئەو جۆرە پیلانانە لە ساڵی١٩٩١وە دارێژراوە، بۆ نموونە: پیلان بۆ کوشتنی **دانیال میتێران** لە ١٩٩١.

٢ – گزارشگران سازمان ملل در یکی از نتیجه گیریهای خود مینویسد**: اصولا" سازمان سیاسی و قضایی عراق ماهیتا ناقص حقوق بشر است. بر اساس یک بخشنامه که به امضای احمد حسین رئیس دفتر ریاست جمهوری رسیده است، زندانیانی که حکم اعدام آنها به حبس ابد کاهش می یابد باید همقطاران خود را که مجازات اعدام آنها تخفیف نیافته به دست خود اعدام کنند.**

گوزارشی کارمەندانی رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە ئێراق بەو جۆرەیە: **لەبناغەدا سیستمی سیاسی و دادپەروەری ئێراق سیستمێکە کە مافی مرۆڤ پێشێل دەکات. بەپێی راگەیاندنێک کە لە لایەن ئەحمەد حسین سەرۆکی نووسینگەی سەرۆککۆمارییەوە ئیمزا کراوە، ئەو زیندانیانەی کە سزای کوشتیان بۆ دەرچووە و سزاکەیان دێتە خوارەوە بۆ زیندانی هەتاهەتایی، دەبێت ئەو هاوکارانەی خۆیان کە سزای کۆشتنەکەیان کەم نەکراوەتەوە بەدەستی خۆیان بکوژن.**

ئایا ئەو تاوانەی کە مرۆڤێکی زیندانی هانبدات بۆ کوشتنی مرۆڤێکی دیکەی زیندانی، بۆ ئەوە دەبێت لەو دادگاییانەدا لێی نەپرسنەوە یا دەبێت وەک پەروەندەیەکی گرنگ بێتە ئاراوە؟!

٣ – **بر اساس فرمان دیگری، کشتن بستگان درجه اول مونث مانند خواهر، مادر، عمه، خاله و دختران آنها در صورت ارتکاب اعمال منافی عفت برای مردان مجار شمرده شده است–**

**بەپێی فەرمانێکی دیکە، کوشتنی مێینەی وەک خوشک، دایک، پور و کچەکانی ئەوانە ئەگەر دووچاری هەڵەی ئێخلاقی بوون، لە لایەن پیاوەکانەوە ئازادە.**





**لە پەنای ئەو فەرمانە نامرۆڤانانەی دەوڵەتی ئێراق ، مەنسور حیکمەت لە رابەرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە کاتی داگیرکردنی کووەیت لە لاین ئێراقەوە بەو جۆرە ئەنووسێت:**

**ما هیچ دل خۆشی از نظام عشیرتی و قصاص اسلامی و ستمکشی زن و بی حقوقی مردم و انقیاد آنها به شیوخ میلیاردر در این کشورها نـدارم.**
سەرچاوە - گۆڤاری کۆمۆنیست ئۆرگانی رەسمی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران- ژمارە - ٥٩ ساڵی ١٣٦٩ .

**بەپێی ئەو بۆچوونەی رابەرایەتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران رابەرانی ئێراق لایەنگری مافی مرۆڤ و مافی ژنان و ئەیانەویت خەڵک لە ژێر سیستمی عەشیریی و ئیسلامی کووەیت و وڵاتانی دیکەی ناوچکە ئازاد بکەن .**

**لەژێر سایەی ئەو فەرمانەی سەدام بەپێی هەواڵی ماسمێدیای جهانی لە ساڵی٢٠٠٠دا سەدان ژن لە بەغدا بە تاوانی ئەوەی خۆفرۆشن کوژران و سەریان لە جەستەیان جیا کرانەوە و بەسەر دەروازەی ماڵەکانیانەوە هەڵواسران تا ژنانی دیکە بیر لە چارەنووسی خۆیان بکەنەوە. بۆ ئەو تاوانە لەو دادگاییانەدا نەهاتە ئاراوە؟ بۆ ئەو تاوانە لە تاوانی دوجەیل کەمبەهاتر و بێبایەختر بوو؟ خۆ ئەو ژنانە تەقەیان لە سەدام نەکرد بوو، ئەو کەسانە کە کەوتبوونە ئەو بارودۆخەوە ئەوە دەسکەوتی سیاسەتی پەروەردەیی دەوڵەتی ئێراق بووە!**


گزارشگر حقوق بشر سازمان ملل در مورد عراق منتشر شد
دولت آمریکا: صدام حسین برای قتل کارکنان سازمان ملل در کردستان جایزه می‌دهد
مانورهای مشترک آمریکا، انگلستان و کویت در دریا، زمین و هوا آغاز شد

کەیهان لەندەن ژ- ٥٠١ پێجشەممە ١٩٩٤/٤/١٤

## پێشکەش بە حاکمە پایەبەرزەکانی بەغا

### بەغای شکۆمەندان

**لابرا لەسەر شانی ژنان سەدان سەر**
**سەری "خۆفرۆش و پیس و بەدفەر"**
**لە بۆ پەنگ و عیبرەت هەڵواسران**
**لەسەر دەرک و منار و راگوزەر**

**ریشەکێشکرا "سۆزانی" بەجارێ**
**خاوێنە بەغای شمشێر و ئەفسەر**
**نیيە "خۆفرۆشێ" ئێستا لە شارا**
**خاوەن شکۆین تێکڕا سەراسەر**

**بەغای "خۆفرۆشان"**

**هەر "خۆفرۆشێ" سەد کڕیاری بوو**
**بە کات بە نۆبە لای هەموویان بوو**
**ئەگەر کڕیاران ببەنە پای داد**
**سەرێ نامێنێ بپرسێ لە داد**

**دەرک نامێنێ، منار نامێنێ، گوزەر نامێنێ**
**سەری سەد کڕیار لای خۆی نەبینێ!**
**بەغا ئەو رۆژە پڕ لە سەر ئەبێ**
**شکۆمەندییەکەی ئاشکرا ئەبێ!**

٢٠٠٠/١١/٢٥





## تقدیم به حاکمان مقدس بغداد

### بغداد شکوهمندان

**ز شانه زنان برداشته شده صدها سر**
**سرء "تنفروش و بد و بد اثر"**
**برای پند و عبرت آویزان گشتند**
**بالای درب و منار و رهگذر**

**فاعشه‌گری ز بن و ریشه قطع گردید**
**بغداده شمشیر و افسر پاگیزه گردید**
**کنون نبینی تنفروشی به شهر**
**همه با وقاریم و نجیب و مطهر**

**بغداده "خودفروشان"**

**هر 'خودفروشی" صدها خریدار داشت**
**به نوبت نزد همگان حضور میداشت**
**اگر خریداران برند به کرسی داد**
**سری نبینی بپرسد ز داد**

**دربی، راهگذری، مناری نتوان یافت**
**که سر صدها خریداردار نداشت**
**آن روز بغدا ز سر انباشته میگردد**
**شکوهمندیش عیان میگردد**

٢٠٠٠/١١/٢٥

سەبارەت بە تاوانەکانی رابەرانی پێشووی ئێراق، واتە سەدام و هاوکارانی لە کوردستان بۆچ بەو جۆرە بووە و نەیان ویستووە لە دادگاییەکاندا بێنە ئاراوە؟ لە پەنای ئەوەدا کە سیاسەتی ئەمریکا و بەریتانیا لە هێنانە گۆڕێی پەروەندەی رابەرانی ئێراق بۆ دادگا دەوری سەرەکی گێڕاوە، بەڵام سیستمی سیاسی ئێراقیش خۆی لەو کارەدا خاوەن هەڵوێست بووە و رۆڵی گرنگی گێڕاوە و دەیگێڕێت! چاوەڕوانی لەوە زیاتر لە دەستووری ئێراق سەبارەت بە تاوانەکانی دەوڵەتی ئێراق لە کوردستاندا لە لایەن ئێمەی کوردەوە هەڵەیەکی مەزن و خۆشباوەڕییەکی تایبەتییە!

وەک دەزانین هەر وڵاتێک دەستووری خۆی هەیە، ئەو دەستوورە هەر چەندە دادپەروەرانەیش بێت، بەڵام لەپێناو بەرژەوەندی ئەو وڵاتەی کە بۆی نووسراوە دەڕواتە پێشەوە، دەستووری ئێراقیش ناتوانێت لەو بازنە دەرباز بێت! کورد وەک نەتەوە لە ئێراق لە پلەی دووهەمدا بووە و هەیە! مێژووی دورست بوونی ئێراق وەک دەوڵەتی ئێراق زۆر کۆن نییە، بەڵام وەک مێژووی زمانیی- ئەدەبی- کولتوری و ئایینی دەکەوێتە خانەی عەرەبی و خۆی بە خاوەنی مێژوویەکی کۆن دەزانێت.

**بەپێی قانوونی ئێراق، بەپێی هەڵسوکەوتی رووناکبیرانی ئێراقی و بەپێی ئیدئۆلۆژی عەرەبی ئەو بەشەی کوردستان کە وا لە چوارچێوەی ئێراقدا، بەشێکە لە خاکی ئێراق و بەشێکە لە نیشتمانی عەرەبی. ئایا بەپێی قانوونی ئێراق دەکرێت رابەرانی دەوڵەتی ئێراق بە هەر ئیدئۆلۆژییەکەوە کە بوویانە بە تاوانی رووداوە سیاسییەکانی کوردستان کە لەپێناو بەرژەوەندی ئێراقدا ئەنجامدراوە، دادگای بکرێن و سزا بدرێن؟!**

**لە دەورانی دادگاییکردنی سەدام و هاوکارانی، کورد پۆستەکانی سەرۆککۆماری ئێراق و وەزیری دەرەوەی ئێراق و چەن پۆستی گرنگی دیکەی بەدەستەوە بووە، هەروەها چەن دادوەر(قاضی- حاکم)ی دادگایکردنەکانیش کورد بوون، ئەو کەسانەیش ئاگایان لە رووداوەکانی کوردستان وەک ئەنفال، تەعریب، راگوێزان و شیمیاییباران بووە، بەڵام پەروەندە و دۆسییەی تاوانی رابەرانی ئێراق لە کوردستان کەوتە خانەی نابەرابەری مرۆڤ لە دەستووری ئێراق دا. ئەگەر بە پێوانەی بیرکاری و ماتماتیکی لە دەستووری ئێراق بکۆڵینەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە**

# ۱۸۲۰۰۰ کەمترە لە ۱۴۳





**کام سزا شایستەی ئەو تاوانانەیە کە رابەرانی ئێراق لە کوردستان دا ئەنجامیانداوە ؟**

تاوانی رابەرانی ئێراق لە کوردستان تا رادەیەک روون و ئاشکرایە. ئەگەر تێکڕای رابەرانی ئێراق بە پادشای و کۆمارییەوە تا کۆتایی دەسەڵاتدارییەتی سەدام بە خاتری ئەو تاوانانەی کە لە کوردستان ئەنجامیانداوە، هەموو ئەو کەسانە ئەگەر لە ژیاندا بن و دەسگیر بکرێن، لە چەن سەد کەسێک زیاتر نابن! قورسترین و گرانترین سزا کە لە جهاندا هەیە سزای کوشتنە. ئەگەر بڕوامان بە بەرانبەری مرۆڤ بێت و سزای کۆشتن بۆ ئەو تاوانبارانە دیاری بکرێت، لەو سزادانەدا تۆڵەی چەند سەد کەسێکی کورد دیاری دەکرێت و بەس. ئایا بە کوشتنی ئەو چەند سەد کەسە کاردانەوەی ئەو تاوانانە لە کۆمەڵگای کوردستان و لە سەر تاکی کورد بنبڕ دەکرێت؟ ئایا زیانی فەرهەنگی، ئەدەبی، زمانی، ئابووری و کۆمەڵایەتی کورد، هەروەها زیانی گۆڕانی جوگرافی سیاسی کوردستان بە کوشتنی ئەو چەن سەد کەسە قەرەبوو دەبێتەوە؟ سزای رابەرانی ئێراق سەبارەت بە کورد و کوردستان، هەروەها قەرەبوو کردنەوەی زیانەکان دەبوو بخرایەتە ئەستۆی دەوڵەتی ئێراق، نەک سەدام و ئەو چەن کەسەی برانە دادگا! ئەو سزادانە بە دەستووری ئێراق و دەستووری تێکڕای دەوڵەتانی عەرەبی ناگاتە ئەنجام!

باشترین بەڵگە بۆ ئەو باسە قسەکانی خودی (**سەدام حسین**)ە لە یەکەم دیداری لە دادگا لە رۆژی پێنج شەممە ۲۰۰٤/۷/۱ کە هێرش دەکاتە سەر دادوەری دادگاکە و پێی دەڵێت: **قانون صدام را به دلیل اینکه از عراق دفاع کرده محاکمه میکند؟ مگر میشود مقام دولتی را به دلیل انجام وظایف قانونی اش به دادگاه کشید؟ این قانون را از کجا آوردەاید؟)** هەروەها **هەڵوێستی دادوەرە ئوردۆنییەکانە بە سەرۆکایەتی محەمەد رەشدان.** دەستووری ئێراقی و دەستووری کۆمەڵگای عەرەبی ناتوانێت رابەرانی دەوڵەتی ئێراق بە خاتری کورد و کوردستان دادگای بکات! ئەو کارە، کاری دادگایەکی جهانی بوو! لە دادگایەکی جهانیدا جگە لە دیاریکردنی زەرەر و زیانەکان بۆ دەوڵەتی ئێراق، دەسکەوتێکی دیکەیشی

دەبوو، ئەو دەسکەوتە ئەوەیە کێشەی سیاسیی کوردی ئەو بەشەی کوردستانی لە چوارچێوەی ئێراق دەبردە دەرەوە و دەبوو بە کێشەیەکی جهانی! جێگەی داخە حیزب و رێکخراوکان بەگشتی و **یەکێتی نیشتمانی کوردستان** و **پارتی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراق** بەتایبەتی بیریان لەو باسە نەدەکردەوە، بەڵکو زیاتر بیریان لەوە دەکردەوە وەک تۆڵە سەندنەوە لە سەدام و حیزبی بەعس دەبێت لە کوردستاندا دادگایی بکرێن. ئەگەر حیزب و رێکخراوکانی کوردستان بیریان لەو باسە بکردایەتەوە، راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ خەڵکی ئەو شار و گوندانە کە وان لە کۆنترۆڵیاندا، هەروەها کوردە ئاوارەکانی ئوروپا، ئەمریکا، ئوستراليا و.....یان بۆ ئەو باسە سیاسییە هاندەدا و داخوازینامەیان سەبارەت بە دادگایکردنی سەدام و هاوکارانی لە دادگایەکی جهانی وەک (**دادگای لاهە**)دا دەخستە بەردەست **رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان و دەوڵەتانی بەریتانیا و ئەمریکا و....**، هەروەها بە خۆپیشاندانی سیاسی و بەرێوەبردنی کۆڕ و سمینار بە هاوکاری دادوەران، نووسەران و چالاکانی نەتەوە ژێردەستەکان و بە یارمەتی مرۆڤدۆستانی جهانی پشتگیری ئەو داخوازییەیان دەکرد.

ئەگەر وەڵامەکە پێچەوانەی خواست و ئارەزووی کورد و حیزب و رێکخراوەکانی کوردستانیش ببوایەت، بەڵام خودی ئەو جوڵانەوە سیاسییە کە لە لایەن کورد و حیزب و رێکخراوکانی کوردستانەوە باسی دادگایکردنی رابەرانی ئێراق لە دادگایەکی جهانیدا دەکرێت، بۆ داهاتووی سیاسی کوردستان دەسکەوتێکی تایبەتی دەبوو. بە داخەوە ئەو کارە گرنگە ئەنجام نەدرا و ئەو هەلە گرانبەها لە دەستچوو.

**تێبینی:** نووسەری ئەم چەن لاپەڕە، لەگەڵ دەسگیرکردنی سەدام نووسراوەیکی بەناوی (دادگایکردنی سەدام یا دادگایکردنی دەوڵەتی ئێراق؟) لە رێگای ئەنترنێتەوە رەوانە کرد بۆ رۆژنامەکانی کوردستانی نوێ و خەبات بەداخەوە بڵاو نەکرایەوە، پاشان لە ٢٠٠٤/٧/١٦ و٢٠٠٥/١٠/٢١دا دوو نووسراوەی هەر بەناوە لە چەن سایتی ئەنترنێتی بڵاو کردەوە، بەڵام جگە لە بێدەنگی دەنگێکی نەدایەوە.





# ژیان لە سوید بە دوو جۆر

## پرستی تایبەت

**جۆری یەکەم**
**دیکۆمێنتی رادیۆ سەردەم**
**دیکۆمێنی فاکسی حەمە سەعید حەسەن**
**دیکۆمێنی گۆڤاری چراخان**
**چلاکییەکی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئێراق**
**دیکۆمێنتی گۆڤاری هەرێکی کوردستان**
**دیکۆمێنی گۆڤاری هاوار**
**لێبوردننامە گۆڤاری هەرێمی کوردستان**
**دیکۆمێنتی گۆڤاری هەرێمی کوردستان**
**هونەری خۆ سانسۆرکردن و دەسدرێژیکردن بۆ سەر دەستووری دادوەری کوردستان**
**دیکۆمێنتی گۆڤاری مێدیا**
**بەشار بارزانی**
**دەستووری چاپەمەنی**
**نەوشیروان حاکم بێ و بەختەک وەزیر بێ، هەزار کەلاوە بە پولێ!**
**حکایت نوشیروان با وزیر خود ،**
**ژیان لە سوید بە دوو جۆر جۆری دووهەم**

## ژیان لە سوید بە دوو جۆر

### جۆری یەکەم

لێرەدا سەرنجی تۆی خوشەویست رادەکێشم بۆ ئەو چەن لاپەڕەی خوارەوە نەک وەک **ژیاننامە، بەڵکو وەک بەسەرهاتێکی تاڵ- وەک شەڕفرۆشتن- وەک تەشقەڵەکردن،** بڕوا بکە ئەگەر هەمووی بنووسمەوە و ناوی ئەو کەسانە کە لەم باسەدا دەوریان دەگێڕا دەسنیشان بکەم، **پەنجەی خۆت دەگەزی.**

ساڵی١٩٩٢ وەک پەنابەر گەیشتمە سوید. هەستم کرد تا رادەیەکی باش بواری فێربوون و خوێندنەوە هەیە. ئەوەندەی بۆم کرابێت لە خوێندنەوە کۆتایم نەکردووە، بەپێی تواناش لە نووسین. نووسراوەکان باش بن یا بەد لە رۆژنامە و گۆڤار و سایتە ئەینتێرنێتییە کوردییەکان بەناوی **سەعی سەقزی** بڵاو کراونەتەوە. سەعی ناوی خۆمە، خەڵکی سەقزم، بەڵام شناسنامەم **‹قایشی›**یە.


دیاریکردنی ئەو ناوە واتە سەقزی، لەبری قایشی بۆ ئەوە بوو تا دەوڵەتی ئێران تەنگوچەڵەمە بۆ خزم و کەسم پێک نەهێنێت. دەوڵەتی ئێران چەن جار باوکی پیرم کە ئەودەم لە ژیاندا بوو، بەخاتری ئەوەی کە سەعی کوڕی پێشمەرگەیە، زیندانی کرد، هەروەها کۆمەڵێ گیروگرفتی بۆ خزم و کەسم ساز کرد، ئەوەی کە پێوەندی بە خۆمەوە بووبێت لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە داگیرکرا.

جێگەی داخە لە لایەن کەسێکەوە بەناوی **حەمە سەعید حسەن،** هەروەها لە لایەن رادیۆیەکی کوردی بەناوی **رادیۆ سەردەم** لە ستۆکهۆڵم کە زمانحاڵی **پارتی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراق** بوو لەگەڵ کۆمەڵێک قسەی ناشیرین لە ساڵی ٢٠٠٠دا شناسنامەکەمیان لەو رادیۆوە ئاشکرا کرد.

بەناچار لە بەرانبەر ئەو کارە بەدەی رادیۆی سەردەم بە نامە نارەزایم دەربڕێ و داوای وەڵامم لێکردن. بەرپرسی قانوونی ئەو رادیۆ کەسێک بوو بەناوی **فەیسەڵ ئەتروشی،** ئەوانیش لە بەرانبەر ئەو نامەدا ئەو چەن دێڕەیان وەک لێبوردننامە نووسی.







روون کردنه وه یه ك له به رێوه به ری رادیۆ سه رده مه وه !

هاووڵا تیانی خۆشه ویست ......

به پێ ی نامه یه کی گله یی نامه ، له لایه ن کاك سعید سه قزی یه وه سه باره ت به دوو به رنامه ی رادیۆیی رۆژانی ١٦ ی ١٢ و ٢٣ ی ١٢ ی ٢٠٠٠ ی رادیۆ سه رده م که له و رادیۆوه به شێوه یه کی ناره وا سه باره ت به به رێوه به ری رادیۆ زرێیار و کاك سعید سه قزی باسکراوه ، ئێمه ئه و شته به کارێکی نا په سه ند ئه زانین و به پێ ی ئه م روون کردنه وه یه داوا ی لێبوردن له به رێوه به ری رادیۆ زرێیارو کاك سـعـیـد سه قزی ده که ین .

به رێوه به ری رادیۆ سه رده م


١٩ / ٣ / ٢٠٠١

فيصل الاتروشي

تکایه ئه م روون کردنه وه یه بۆ رادیۆ کوردی یه کان بنێـرن .

پاش نووسینی ئەو لێبوردننامەیش بەڕێوەبەری بەرنامەکانی **رادیۆ سەردەم** کارێکی ناشیرینتری ئەنجامدا، نامەوێت کاتی ئێوەی سەروەر بەوە بگرم.

حەمە سەعید حەسەن ئەو کارەی بە یارمەتی گۆڤارێکی کوردی بەناوی **چراخان** لە سوید کە خاوەن ئیمتیازەکەی کەسێکە بەناوی (**جەلال دەباغ**) و بەرێوەبەرەکەیش کەسێکە بەناوی (**سەرکەوت جەلال دەباغ**) ئەنجامداوە. با سەبارەت بەو کارەی گۆڤاری چراخان لەو دوو لاپەرە دیکۆمێنتیە بڕوانین:



FROM : HAMASAEID HASSAN    PHONE NO. : 015018988    2000-12-22 23:38    S01

ناوی حەمە سەعید حەسەن
ژمارەی فاکسی حەمە سەعید حەسەن
کاتی فاکس کردن

نەواری خاڵی

بۆ: دلشاد هەڵەپاس

ئەنتێنی رادیۆم لێ دەگری،
بە نەواری بەتاڵەوە؟
وەرزش دەکەی لە ئاکالا،
بە رانکوچۆغەی شاڵەوە؟
ئەگەر تا ئێرەش غار بدەی
دەفرم بە جووتێ باڵەوە،
مەحاڵە مێزگرد لەگەڵ تۆ
بۆم بێی بە گورزی زاڵەوە،
هەر خەریکی بەزمی خۆت بە
تۆ لە رادیۆی لۆکاڵەوە،
گەر «بی بی سی»شم لێ بگری
ئا بەو دەنگە زوڵاڵەوە،
من کڕ دەبم، ئاخر هەڵۆ
ناچێتە شەڕی داڵەوە،
مەگەر کاوێ سەربڕی و
فەرموو بکەی بۆ ماڵەوە،
دەنا بە تەنزێکی دیکە
دیسان دەتخەمە چاڵەوە،
تۆ کەی ئەسپەشێی ئەو بارەی
ئا بەو عەقڵە رەجاڵەوە؟
سیخوڕ لە سیقز چاکترە
بەڵام بە لای فامکاڵەوە،
سین سین موورمووری پەیداکە
مەیە شەڕی مەحاڵەوە.

سەعیدی قایشزادە
۲۰۰۰/۱۲/۲۱

ئەو لاپەڕە، ژمارە فاکسی (**حەمە سەعید حەسەن**)ی لەسەرە، بەڵام بەناوی (**سەعیدی قایشیزادە**)وە نووسیویە و ناردوویە بۆ گۆڤاری چراخان، بەرپرسی گۆڤاری چراخانیش بە دڵفراوانییەوە یارمەتی دەکات و بۆی بڵاو دەکاتەوە!



هەڵواسینی سەدام
لە یادی هەڵەبجە تا



Chirakhan    November/December 2000    2612 ل 4 چراخان ژمارە(39-38) ساڵی (5) سەرماوەز/بەفرانباری

نامەیەکی کراوە بۆ ئەمیر ئەرسەلانی رۆمی لەهەر کوێ یەک هەبی!

نوسینی: حاجی مەمز

- کوڕی باش، تۆش لێمان بوی بەخەڵکی شار! وەک عەلۆدان هەڵس وکەوت دەکەی! بۆ لە کوێ ی گـادا نوستووی، هێشتا بەخەبەر نەهاتوی:

کۆڕی عەبار لە چاویەنای حیزبایەتی کردنەکەیەوە، کەوەک (بیردۆز) ان [بیورن مەبەستم بـــینە دۆزە، ئەوەی بێڵاوان پێنە دەکات] دەخولایەوە، چونکە ئەوان رۆژان مۆدە مۆدەی خۆ بادانی مەکرۆیانە بوو بە ل.م ـ لینینزم مارکسیزم ـ ئەوەک هەروەک جەماعەت تێ ی گەیشتون، لاقە مریشک نا. کە ئەوێ زەمـــان خەڵکانێکی بێ شوماری ناو کەرەسیسەی سیاسەتی فەشەلاوی رژێمە داگیرکەرەکەی کوردستان پــێ ی سەرخۆش بیون.

ئەو رۆژانەم لە بیر ناچێتەوە، پاش چەند ساڵێکی دووره وڵاتی، رۆژانی دوای کۆچ رەوەکەی کۆمەڵانـــی خەڵکی کوردستانی خواروو، بەرە وڵات چویمەوە، هەر لەو نوقتەی سەر سنورە دەسکردەکەوە ئاودیوی لای خۆمان بومەوە، واقم وڕما، وڵاتێکی وێرانە پراوپڕ لەزام و ژان، حیزبە چەکدارەکانی شاخ لـــــــە سێبەری راپەڕینی خەڵکەوە، هاتبونە مەیدان و جڵەوتی دەسەڵاتیان پێدا کردبوەوە، کە لەخەویـــــش ...

نەواری خاڵی

بۆ: جریکی شەعابی

ئەنتێنی رادیۆم لێ دەگری،
بە نەواری بەتاڵەوە؟
وەرزش دەکەی لە ئاکالا،
بە رانکوچۆغەی شاڵەوە؟
ئەگەر تا ئێرەش غار بدەی
دەفرم بە جووتێ باڵەوە،
ئەستەمە مێزگرد لەگەڵ تۆ
بۆم بێی بە گورزی زاڵەوە،
هەر خەریکی بەزمی خۆت بە
تۆ لە رادیۆی لۆکاڵەوە،
گەر «بی بی سی»شم لێ بگری
ئا بەو دەنگە زوڵاڵەوە،
من کڕ دەبم، ئاخر هەڵۆ
ناچێتە شەڕی داڵەوە،
مەگەر کاوێ سەربڕی و
فەرموو بکەی بۆ ماڵەوە،
دەنا بە تەنزێکی دیکە
دیسان دەتنێمە چاڵەوە،
تۆ کەی ئەسپەشێی ئەو بارەی
ئا بەو عەقڵە رەجاڵەوە؟
سیخوڕ لە سیقز چاکترە
بەڵام بە لای فامکاڵەوە،
سین سین موورمووری پەیداکە
مەیە شەڕی مەحاڵەوە.

شیعری: سەعیدی قایشزادە
2000/12/21

پەراوێز:
1) هەواری خاڵی، ناونیشانی چیرۆکێکــــی مامۆستا هێمنە.
2) نەوار: کاسێتی ریکۆردەر.
3) ئاکالا، ناوچەیەکی کوردنشینە لە باکــووری ستۆکهۆلم.
4) تەنز: ساتیر، جەفەنگ، کاریکاتێر بە وشە.
5) رەجاڵ: رووت و رەجاڵ، فەقیر.
6) سیخوڕ: خەفیە، جاسووس.
7) سیقز: سی کێ.
8) فامکاڵ: کاڵفام، گەوج.
9) سین سین: باشترین گوێگر و چالاکتریــــن ئاخێوەری رادیۆ لۆکاڵییەکانی (ناوچەییەکانی) ستۆکهۆڵمە، بەڵگەی دەستی بۆ دژایەتیکردنــی نەیارەکانی، نەواری بۆشە.
10) موورموور: داپیرە، داپەگەورە، ئەنـــک، دایکی دایک.

ئەو شتەی لاپەڕە ١٨٥ کە ژمارە فاکسی **(حەمەسەعید حەسەن)ی لەسەر و بەناوی (سەعید قایشیزادە)**وە نووسراوە، بەیارمەتی **(خانەوادەی جەلال دەباغ)** لە ژمارە ٣٨ و ٣٩ گۆڤاری چراخان لە ساڵی ٢٠٠٠ دا چاپکراوە!

راستی کەسانێک کە بەو جۆرە لە کاری چاپەمەنیدا دەسپیس بن، دەبێت بەرپرسی(**گۆڤاری چراخان**) بن یا بەرپرسی **(گۆڤاری درۆ و چاخان)؟؟**

## چالاکی سیاسی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی کوردستانی ئێراق



رۆژی ٢٠٠٤/١٢/٢٦ دەزگای ئاراس لە هەولێر لە ژێر چاودێری بەرێز **نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستانی ئێراق** پێنج کەسی بە ناوەکانی:

**د. مارف خەزنەدار**
**د. مونزرئەلفەزل**
**ئەحلام مەنسور**
**حەمە سەعید حەسەن**
**فەلەکەدین کاکەیی و**

وەک نووسەر خەڵات کرد.





## وەزارەتی رۆشنبیری

وەزارەتی رۆشنبیری، گرنگترین وەزارەتی هەر حکومەتێکە! ئەرکی ئەو وەزارەتخانە بریتییە لە پەروەردەکردنی تاکەکانی کۆمەڵ لەسەر ڕێزبازی ڕێز و ئێحترام بۆ یەکتری، هەروەها پەرەدان بە فەرهەنگی ئەدەبی و ئەدەبدۆستی، هەموارکردنی ڕێگا بۆ گەشانەوەی بەشەکانی هونەری. بۆ بەرێوەبردنی ئەو کارانە تەلەڤیزیۆن- رادیۆ- رۆژنامە و گۆڤار، هەروەها کارمەند و شوێنی کار پێویستە. ئەو بەرنامە بودجە (پوڵ و پارەی تایبەتی) دەوێت، ئەو بودجە لە لایەن حکومەتەوە بۆ ئەو وەزارەتخانە دابین دەکرێت. ئەو بودجە لە لایەن چین و توێژەکانی خەڵکەوە دابین دەکرێت. ئەرکی بەرپرسانی حکومەتی ئەوەیە ئەو بودجە بە شێوەیەکی شایستە لە پێناو بردنەوە سەرەوەی فەرهەنگ و کاروکرداری خەڵکدا خەرج بکەن تا کۆمەڵگا ئاسود و خۆشبەختتر بێت. خۆشبەختانە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی کوردستانی ئێراقیش لە پێناو پەروەردەکردنی خەڵکی کوردستان تێدەکۆشێت، وەک وەزارەتەکانی دیکەی حکومەتی بودجەی بۆ تەرخان کراوە. بەشێک لە کار و چالاکییەکانی وەزارەتی رۆشنبیری لە ڕێگای گۆڤارێکەوە بەناوی(**هەرێمی کوردستان**) کە خاوەن ئیمتیازەکەی **خودی وەزیری رۆشنبیرییە** ئەنجام دەدرێت. ژمارە ٤٣٨ی گۆڤاری هەرێمی کوردستان لە ساڵی٢٠٠٧دا کە بەرێز **فەلەکەدین کاکەیی وەزیری رۆشنبیری** بوو، چاپکراوە. لە بەشی **کاروباری سیاسی** ئەو گۆڤارەدا شتێک بەناوی(**بیرەوەریەکانی گوێگرێکی زیز**) کە چاپکراوە. ئەو شتە سەرتاپای **درۆ و سوکایەتیکردنە** بە نووسەری ئەم چەن لاپەرە کە لە سوید دەژی، ئەو شتە **حەمە سەعید حەسەن** نووسیویە!

جێگەی سەرسوڕمانە ئەو شتە کە لەو گۆڤارەی وەزارەتی رۆشنبیریدا چاپکراوە ئەو ٢ رستەی **لێ سانسۆر** کراوە!

**١ – لە بنکەی لایەنێک، چونکە باجی لێ نادا.**

٢ – **گۆڤاری بەربانگ، لە لاپەرە– ٢٥ی ژمارە– ١١٦یاندا.**

**تێبینی**: رستەی یەکەم پێوەندی بە (**یەکێتی نیشتمانی کوردستان**)ەوە هەیە!

لە بەرانبەر ئەو کارە بەدەی وەزارەتی رۆشنبیریدا بە نامە نارەزییم دەربری. پاش دووهەمین نامە بەو جۆرە وەڵامیان دایەوە:

**یا نووسراوەیەکمان بۆ بنووسە کە حەقی خۆتە و بۆت بڵاو کەینەوە یا ئێمە لێبوردن بڵاو دەکەینەوە.**

پاش ئەو وەڵامە نووسراوەیەکم بۆ رەوانە کردن بەناوی:

**هونەری خۆ سانسۆرکردن و دەسدرێژیکردن بۆ سەر دەستووری دادوەری کوردستان!**

لەبری چاپکردنی نووسراوەکە ئەو بابەتەیان بەناوی (**لێبوردن**) لە ژمارە ٥٠٢ی هەرێمی کوردستان، لە رۆژی ٢٠٠٩/٤/١٤دا چاپکردووە:

**لێبوردن لە کاکە سەعی سەقزی**

لە نامەیەکی دڵسۆزانەی مەبەست خاوێن و بەراز و گلەیەکی برایانە، برامان نووسەر سەعی سەقزی گلەیەکی ئاراستە کردووین کە لە بابەتێکی پێشووی هەرێمی کوردستان جۆریک لە برینداربوونی لێی کراوە، کە جێگای داخە و لە نووسەرێکی وەک کاکە سەعی ناگونجێ.. بەرامبەر بەوە لێبوردن لە برای هێژامان دەکەین دووپاتی دەکەینەوە کە رێز لە نامەکەی دەگرین و ناکرێ هەستی هیچ کەسێک بریندار بکرێت.. ئێمە بروامان بە رەخنەی برایانە و بابەتەکەیان هەیە و ناکرێ ئەم رخنانە ببەن بە مایەی برینداربوونی هیچ نووسەرێکی ئازیز دووبارە داوای لێبوردن

**هەرێمی کوردستان )**






رۆشنبیری

بەرەو یادی ١١١ ساڵەی جەژنی رۆژنامەگەریی کوردیدا

بەیادی هێنانەوەی (١٠)یەمین خولی رۆژنامەگەری رۆژنامەی (کوردستان)

قاسم محەممەد مستەفا

لێبوردن لە کاکە سەعی سەقزی

2009/4/14 :502

**خوێنەری سەروەر لێرەدا دوو باس دێتە پێشەوە:**

**١ - بۆچ خودی نووسراوەکەیان چاپ نەکردووە؟**

**٢ - تۆ، کە ئەو لێبوردنە دەخوێنیتەوە ناپرسیت ئەوە سەبارەت بە چ بابەتێک نووسراوە؟**

**بۆ ئاماژە بە خودی باسەکە نەکراوە تا خوێنەران ئاگادار بن و بزانن.**

سەبارەت بەو کارە ناشایستەی **وەزارەتی رۆشنبیری** چەن مانگ بە نامە لە پێوەندیدا بووم، پاشان داوای نووسراوەیەکیان کرد کە بەس پێوەندی بەو باسەوە بێت کە لە گۆڤاری **هەرێمی کوردستاندا** چاپکراوە.

بە دوای ئەو نامەیان نووسراوەیەکی دیکەم بۆ رەوانە کردن، بەداخەوە ئەوەیشیان چاپنەکرد. لێرەدا یەکەمین نووسراوە دەخەمە بەردەست ئێوەی بەرێز و خۆتان داوەری بکەن و بزانن بۆچ چاپنەکراوە.

## هونەری خۆ سانسۆرکردن و دەسدرێژیکردن بۆ سەر دەستووری دادوەری کوردستان

**چ ناڕەوایە، بە هێدی بڵێی هەراش**
**چ بەدە، بە بەدکاریش بڵێی پیاوچاک و باش**
**چ جوانە، هەرکەسە کارنامەی خۆی بەیتە دەستی**
**نە وەسفی زیادە لە کەس کەی، نە ناڕەوایش هەڵبەستی**

لە پێشدا داوای لێبوردن دەکەم، کە لەم نووسراوەدا وشەی **درۆ** بەکار براوە، ئەوە تاوانی من نییە! ئەم چەن دێڕە نووسراوەیەکی ئەدەبی، سیاسی یا کۆمەڵایەتی نییە. ئەم چەن دێڕە روونکردنەوەیەکی پێویستە، دەبوو زووتر بنووسرایەت و بخرایەتە بەردەست خوێنەرانی سەروەر و بەرپرسانی بەڕێزی (گۆڤاری هەرێمی کوردستان)ەوە!
**سانسۆر**- سانسۆر کارێکی چەپەڵە کە لە لایەن دەوڵەتە دیکتاتۆرکانەوە لە کاری چاپەمەنی و ماسمێدیادا ئەنجام دەدرێت، بەهۆی سانسۆرەوە رێگا لە بڵاو بوونەوەی بەرهەمێکی ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، هۆنەری یا سیاسی بەگشتی دەگیرێت یا بەشێکی دەقرتێنن و پاشان بڵاوی دەکەنەوە. **ئەو کارە بۆیە ئەنجام دەدەن تا رێگە لە راستی رووداوەکان بگرن و خەڵک بە باسە گرنگەکان، نەزانن.**

لە بەشی کاروباری سیاسی ژمارە ٤٣٨ی گۆڤاری هەرێمی کوردستان دا شتێک چاپکراوە بەنای **بیرەوەرییەکانی گوێگرێکی زیز**- خاوەنی ئەو شتە کەسێکە بەناوی حەمەسەعید حەسەن. ناوبراو ئەو شتەی لە مانگی ٨ ی ٢٠٠٠ دا بە فاکس ناردووە بۆ **گۆڤاری گزینگ** و **رادیۆ دەنگی کوردستان** لە ستۆکهۆڵم تا بڵاوی کەنەوە، ئەو دوو لایەنە زانییان ئەو شتە سەبارەت بە کەسێک نووسراوە کە لە ستۆکهۆڵم دەژی، بڵاویان نەکردەوە! پاشان لە (ژمارە ١ی گۆڤاری **هەڵوەدا** لە **نۆروێژ**)- (ژمارە ٩ی گۆڤاری **هاوار** لە **ئاڵمان**) و (ژمارە ١٧٣ی گۆڤاری **سروە** لە **ورمێ**) بڵاوی دەکاتەوە.
ئەم کەسە لە ژێرناوی **چیرۆک و ساتیردا** دەستی داوەتە درۆ سازکردن و سوکایەتی کردن بە خەڵک! یەکێ لەو کەسانە نووسەری ئەم چەن دێڕەیە!





تا ئیستا زۆر کەسی دیکە نارەزاییان لەو کارە چەپەڵانەی دەبڕیوە. بەڵام ناوبراو بەم جۆرە وەڵام دەداتەوە: **من حەز دەکەم ئەو کەسانە و خوێنەرانیش دڵنیاکەم ئەو ساتیرانە زادەی خەیاڵن و ئەو قارەمانە بوونیان نییە، من خۆم دامناون.**
رادیۆ‹دەنگی کوردستان› ستۆکهۆڵم، ساڵی ٢٠٠٠

نووسەری ئەم چەن دێڕە بۆ بەرگریکردن لە کەرامەتی خۆی لە نووسراوەیەکدا بەناوی **(درۆی شاخدار چیرۆکی بەڵگەدار! وەڵامێک بۆ حەمە سەعید حەسەن)** کە ساڵی ٢٠٠١ لە ژمارە ١٠ی (**هاوار**) بڵاو کراوەتەوە، هەروەها لە هەمان ساڵ لە کتێبکدا بەناوی**(چیرۆکنووس یا کینۆکنووس؟)** بە بەڵگەوە درۆکانی ئەو کەسەی خستوەتە روو!

**هونەری خۆ سانسۆرکردن؟!**

لەو شتەدا کە بۆ گۆڤارەکانی هاوار- هەڵوەدا- سروەی ناردە بەو جۆرەی نووسیوە: **(بە ئازارترین نسکۆی من، ئەو جارە بوو کە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری بەربانگ، لە لاپەرە ٢٥ ی ژمارە ١١٦یاندا، بۆیان نووسیبووم: ‹ بنێشت بە تورکی ساقزە؛ بەوەدا هەر وەکوو بنێشت توند پێمانەوە لکاوی و بە هیچ جۆرێ لە بەرۆکمان نابیتەوە، هەق بوو ناوت رەحمان ساقزی بێ، نەک سەقزی).**
با تماشای گۆڤاری بەربانگ بکەین و بزانین چی نووسیوە:
**(برای ئازیزمان کاک سەعید سەقزی لە ستۆکهۆڵم سپاست دەکەین بۆ لێپرسینەوەت لە گۆڤارەکەمان. نامەکەت بە کۆمیتەی کارگێڕی فیدراسیۆن گەیشت. چونکە ناوەرۆکەکەی لەگەڵ سیاسەتی بەربانگ ناگونجێت، ناتوانین بڵاوی گەینەوە.**

بەربانگی ژ- ١١٦ لاپەڕە ٢٥

نابراو، ناوی **سەعی سەقزی** دەکات بە **رەحمان سەقزی** و دەیشفەرموێت باڵەوانی چیرۆکەکانم خەیاڵییە و خۆم دامناون. **راستی درۆی شاخدار چلۆنە؟** با لێرەدا یادێک لە شێخ رەزا تاڵەبانی بکەین کە دەڵێن:

**چەرمی رووی هێن قایمە شمشێری میسری نابڕێ**
**گەر بە کەوشی کەی ئەمێنی تا قیامەت نادڕێ!**

ئەم چیرۆکنووسە زانایە لە چیرۆکەدا بەڵگەی رەسمی دەسنیشان دەکات! ئاخر لە چیرۆکدا چۆن بەڵگە بەکار دەبرێت؟ لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، ئەم کەسە لە هونەری چیرۆکنووسیدا **تەقەی سەری دێت!**

## درۆکردن لەگەڵ گۆڤاری هەرێمی کوردستان دا

لـەو شـتـەدا کـە بـۆ گۆڤـاری هـەرێمـی کوردسـتانی نـاردووە، بـەو جـۆرەی نووسیوە: **(بە ئازارترین نسکۆی من، ئەو جارە بوو کە گۆڤارێک لە پۆستەی خوێنەرانیدا بۆی نووسیم: ‹بنێشت بە تورکی ساقزە، بەوەدا هەر وەکوو بنێشت توند پێمانەوە لکاوی و بە هیچ جۆرێ لە بەرۆکمان نابیتەوە، هەق بوو ناوت ڕەحمان ساقزی بێ، نەک سەقزی.› ).**

وەک دەبینین ئەو بەشە کە باسی گۆڤاری بەربانگ دەکات سانسۆر کراوە. ئەم نووسەرە بەناوبانگە بۆ داپۆشینی هۆنەرە جوانەکەی پێشووی، هۆنەری خۆ سانسۆر کردن ئەنجام دەدات و لە بـەشـی کاروبـاری سیاسـی <u>گۆڤـاری هـەرێمـی کوردسـتاندا</u> کە گۆڤاریکی ڕەسمی حکومـەتی کوردسـتانی ئێراقـە بڵاوی دەکاتەوە! لێرەدا سێ پرسیارە دێتە ئاراوە.

١- لـە بـەرانبـەر ئـەو درۆدا هـەڵوێسـتی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری وەک خـاوەنـی گۆڤاری هەرێمی کوردستان، چۆن دەبێت ؟

٢ - دەسەکەوتی چاپکردنی ئەو شتە لە <u>باری سیاسییەوە</u> جگە لـەوەی کـە خوێنەر فێری درۆکردن و سوکایەتیکردن بە خەڵک دەبێت، چییە؟

٣ - گۆڤـاری هـەرێمـی کوردسـتان، گۆڤـارێکی فـەرمـی حکومـەتـی هـەرێمـی کوردسـتانە، ئـەگـەر ئـەو شـتە بکرێ بـە فارسـی یـا تـورکی یـا عـەرەبی و ڕووناکبیرانی تـورک و فـارس و عـەرب و .... بیخوێننـەوە، گاڵتـە ناکـەن بـە میللەتی کورد و ناڵین: **ئەوەیە چالاکی سیاسیتان؟!** ڕاستی کێ دەتوانێت بڵێت، لە جهانی هونەر و ئەدەبیاتی ئێمەی کورددا بەرهەمی نوێ و نایـاب بـەرهـەم نایەت، بەڵی، بەرهەم دێت، بەڵام بەرهەمەکە **<u>کەڵەی ئەدەبیاتییە!</u>**

بۆ ئاگاداری: لەو شتەدا چەن درۆی دیکەی ساز کردووە، پێویستە بخرێتە ڕوو! هەروەها شتی نووسیوە بە(**ناوی**) نووسەری ئەم چەن دێڕەوە بەچاپی گەیاندووە! ئەگەر بەڕیوەبەرانی گۆڤاری هەرێمی کوردستان هاوکاری بکەن بە بەڵگەوە دەیخەمە بەردەس خوێنەرانی گۆڤارەکە! هیوادارم لەو بارەوە بە دڵفراوانی بێنە پێشەوە، ئەگەر قسەکەم ڕاست نەبوو، <u>هەم بەرپرسانی گۆڤاری هەرێمی کوردستان و هەم حەمە سەعید حەسەن لە دادگای حکومەتی هەرێم، یا دادگای سوید داوای سزا دانم بکەن!</u>





## دەسدرێژیکردن بۆ سەر دەستووری دادوەری کوردستان

**(دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر فەرمانی دەستگیرکردنی حەمە سەعید حەسەن دەدات – تایبەت بە مێدیا/ دوای ئـەو پێڕاگـەیاندنـەی کـە دادگـای لێکۆڵینـەوەی هـەولێـر لـە ٢٠٠۴/٢/٢۵ لـە ڕێگـەی ماڵپـەڕی کوردستانێتەوە ئاراستەی شاعیر و نووسەر( حەمە سەعید حەسەن)ی کردبوو لەسەر ئەوەی کە تەشهیر و تۆمەتی بە سیاسەتمەدار و نووسەر(د. عەدوڵڵا ئاگرین) کردووە و، تیایدا داوای کردبوو دەبێ لە ماوەی ٢ مانگدا لەبەردەم دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێردا ئامادە بێت و، پاش ئەوەی حەمە سەعید حەسەن بە وتارێک وەڵامی ئەو پێڕاگەیاندنەی دایەوە، دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر بە تۆمەتی ئەوەی کە ئیهانەی دادگا و دادوەر و یاسای حکومەتی کوردستانی کردووە داوایەکی یاسایی لەسەر حەمە سەعید حەسەن تۆمار کرد.**

گۆڤاری مێدیا ژ- ١٦٣ – ٢٠٠٤/٦/١ )

**بەڵام هێشتا دوو سێ ڕۆژ بوو لێرە بووم کە کاک نێچیرڤان بارزانی خۆی سەردانی منی کرد و زۆر سوپاسی ئەو هەڵوێستەی دەکەم، ئەو گوتی چونکە لێرە سەرۆکی هەرێم نییە، پەرلەمان بەشێکی زۆری سەلاحیەتەکانی سەرۆکی هەرێمی بە من داوە وەک سەرۆکی حکومەت، بە شێوەیەکی ڕەسمی و بە پێی ئەو سەلاحیەتەی کە هەمە وەزارەتی دادم ئاگادار کرۆتەوە کە ئەو دۆسییە دابخەن.**

گۆڤاری مێدیا ژ- ١٧٩ – ٢٠٠٥/١/٢٨

**(بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی دەست کوردستان نێت کەوتووە، حەمە سەعید حەسەن ئەو بڕیاری گرتنەی کە بە هۆی شکایەتی یاسایی عەبدوڵڵا ئاگرینەوە لە دادگای هەولێر لێکرابوو، بە بڕیارێکی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پوچەڵکراوەتەوە، بڕیارەکەی سەرۆکی هەرێم پشت بەو دەسەڵاتە دەبەستێ کە بە خودی سەرۆک بەخشراوە.**

کوردستان نێت٢٠٠٤/١٢/٣٠

ئـەرکـی حکومـەت ئـەوەیـە دەسـتوور لـە کۆمـەڵگـادا پیـادە کـات، بـەڵام لـە سیستمی دەسەڵاتداری تاکە کەسیدا ڕێگا لە پیادەکردنی دەستوور دەگیرێ و بە بڕیارێک، <u>بڕیارە دەستوورییەکان پوچەڵدەبنەوە.</u>

**سەعی سەقزی** ٢٠٠٩/٤/١٤



No. (179) 9th Year Friday 28 / January / 2005
میدیا MEDIA
٧ ژمارە (١٧٩) سالی نۆیەم هەینی ٢٨ / ١ / ٢٠٠٥ ی زایینی

حەمەسەعید حەسەن:

## من حیزبم تووشی کێشە کردووە، بەڵام تائێستا حیزبێک نەیتوانیوە من تووشی کێشە بکات

"نەکاری حیزبایەتی و نە پۆستی وەزیری بە من ناکرێ"

من دەنگایی ئەکراوەو کەس نازانی لەگەڵ دادگایی کرابام تاوانبار دەبووم یان نا

من هیچی تایبەتیم لەگەڵ شێرکۆ بێکەس نییەو ئێستا بیبینم وەک برادەرێک رەفتاری لەگەڵ دەکەم

شانازی بەو سەرکێشییەوە دەکەم کە بە نووسینەکانمەوە دیارە. لەگەڵ بڕبوونی ئەو سەر کێشیە پێمخۆشە یەک دێڕ نەنووسم

پرۆژەی گەڕانەوەی یەکجاریم بۆ کوردستان هەیە

گۆڤاری مێدیا ژ- ١٦٣ – ٢٠٠٤/٦/١ )





## بەشار بارزانی

**لە بەشی (سەرۆکی کوردستان؟!)دا ئاماژە بە سیستمی حکومەتی وڵاتی سوریە کرا کە حکومەتەکەی کۆمارییە. ژیان بۆ کەس تا سەر نییە ،و مردن درگا بە هەمووماندا ئەگرێت، لەو پرۆسەدا نۆبەی مردن هاتە سەر (حافز ئەسەد) سەرۆککۆماری سوریە.**

**جیاوازی سیستمی کۆماری و پادشایی ئەوەیە کە پادشایی میراتییە، بەڵام لە کۆماریدا بەپێی دەستووری ئەو وڵاتە سەرۆککۆمار بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ پۆستی هەڵئەبژێیت، پاش کۆتایی دەورەی سەرۆککۆماری یا مردنی سەرۆککۆمارێک کەسێکی دیکە هەڵئەبژێرن بۆ سەرۆککۆمار.**

**بەهۆی ئەوەی سیستمی سیاسیی سوریە سیستمێکی دیکتاتۆرییە پاش مردنی (حافز ئەسەد) نەک پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ جێنشنی سەرۆککۆمار بەڕێوە نەبرا، بەڵکو دەستووری سوریە پێشل کرا!**

**ئەوەیش بەو جۆرە بوو (حافز ئەسەد)، (بەشار ئەسەد)ی کوڕی بۆ پۆستی سەرۆککۆماری سوریە دیاری کردبوو. بەپێی دەستووری سوریە تەمەنی سەرۆککۆمار دەبێ لە ٤٠ ساڵ کەمتر نەبێ، لەو دەورانە تەمەنی بەشار ئەسەد ٣٤ سال بوو، بۆ ئەوەی جەنابی (بەشار ئەسەد) ببێت بە سەرۆککۆماری سوریە تەمەنی سەرۆککۆماری کرا بە ٣٤ ساڵ.**

**لە هەرێمی کوردستانی ئێراقیش بۆ ئەوەی حەمە سەعید حەسەن خەڵات بکرێت، جەنابی نێچیرڤان بارزانی ئەفەرموون: پەرلەمان بەشێکی زۆری سەلاحیەتەکانی سەرۆکی هەرێمی بە من داوە <u>وەک سەرۆکی حکومەت، بە شێوەیەکی رەسمی و بە پێی ئەو سەلاحیەتەی کە هەمە وەزارەتی دادم ئاگادار کرۆتەوە کە ئەو دۆسییە دابخەن.</u>**

***

## دەستووری چاپەمەنی

لە ماسمیدیای جهانی وەک رادیۆ، تەلەڤیزیۆن، گۆڤار و رۆژنامەکان دەستوور و یاسایەک هەیە، ئەگەر باسێک چ بە باش و چ بەد سەبارەت بە کەسێک لە بەشێکی ماسمیدیادا هاتە ئاراوە، مافی ئەو کەسەیە لە هەمان شوێنەوە وەڵام بداتەوە، ئەگەر وەڵامەکە بابەتێکی ناڕاست و نادروستی تێدا بوو، خاوەنی ئەو ئۆرگانە لە رێگای دادگاوە لەو کەسە دەپرسێتەوە، دادگایش بەپێی دەستوور سزای بۆ دیاری دەکات.

وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی کوردستانی ئێراق لە بەشی <u>**کاروباری سیاسی**</u> ئۆرگانە فەرمییەکەیدا ئەو شتە کە <u>سەرتاپای درۆ و سۆکایەتیکردنە</u> چاپ دەکات، بەڵام ئامادە نییە ئەو دوو نووسراوە کورتە <u>بەڵگەدارە</u> کە وەک وەڵام بۆیان رەوانە کراوە، چاپ بکات.

ئەو شتە واتە (**بیرەوەریەکانی گوێگرێکی زیز**) کە وەزارەتی رۆشنبیری وەک <u>چالاکی سیاسیی</u> چاپی کردووە، پێشتر گۆڤاری **سروە** کە گۆڤارێکی دەوڵەتی ئێرانە چاپی دەکات. کارنامەی دەوڵەتی ئێران روون و ئاشکرایە، گۆڤاری سروە ئەو کارەی بە بەرنامە و بە <u>مەبەستی تایبەتییەوە ئەنجامداوە</u>! ئەگەر گۆڤاری سروە هەزاران شتی چەپەڵتریش لەوە بڵاوکاتەوە، نووسەری ئەم چەن لاپەڕە ئامادە نییە لە چاپەمەنییەکانی دەوڵەتی ئێران کە یەکێ لە داگیرکەرانی کوردستانە، دیرێک بڵاو کاتەوە! جێگەی داخە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی کوردستانی ئێراق هەمان کاری سروە، یا باشتر بڵێم هەمان کاری دەوڵەتی کۆنەپەرەستی ئێران ئەنجامدەدات، بەڵام بۆ ئەوەی جێدەستی خۆی لای خوێنەران بشارێتەوە دوو رستەی لێسانسۆر دەکات.

**راستی، ئەوە وەزارەتی رۆشنبیرییە یا دەزگای سانسۆر؟**

**ئەوە چالاکی سیاسییە یا شەرفرۆشتن ؟**

<u>**ئەوە حکومەتکردنە یا کەڵەگایکردن ؟**</u>





**بۆ ئاگاداری** ئێوەی بەڕێز- تێکرای ئەو کارە بەدەی وەزارەتی رۆشنبیریم لە رێگای بیرۆی حکومەتی کوردستانی ئێراق لە سوید خستە بەر دەست بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت و مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراق تا وەک کەسانی بەرپرسیار لەو کارە بکۆڵنەوە، بەڵام ئەوانیش وەڵامیان نەداوە، پاشان لە رێگای ئەنترنێتەوە روو بەوان بڵاوم کردەوە. لێرەدا هەمان رستە دووبارە دەکەمەوە **راستی، ئەوە حکومەتکردنە یا کەڵەگایکردن؟**

لێرەدا سەرنجتان رادەکێشم بۆ هەندێ لە بۆچوونەکانی بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی(**راوێژکاری سیاسی سەرۆک بارزانی**) و(**وەزیری رۆشنبیری حکومەتی کوردستانی ئێراق**) کە لە دەورانی رۆژنامەوانیدا بەو جۆرە دەڵێن:


کۆتایی ئەم گەمەیە

فەلەکەدین کاکەیی

وەکو رۆژنامەنووسێک ئەم بابەتەم نووسیووە.

**ژیان لە زۆر رووەوە گەمەیەکی جوان و خۆشە، بەڵام کاتێک حکمڕان و سیاسەتوانەکان بە خراپە رەفتار دەکەن و لە ئەنجامی بێ عەقڵی خۆیان شەر و شۆڕ بەرپا دەکەن، ئەوسا ژیان دەبێتە گەمەیەکی ناخۆش و قێزەون، ژیان تەنیا ئەم رووە ناشیرینەی لێ درچێ، ئێتر گەمەیەکی جوان و بەتامە. ژیانی سیاسیش دەبێتە ژیانێکی خۆش و بەلەزەت ئەگەر هاتوو دەسەڵاتداران رێز لە یاسا و رێوشوێنە رەچاوکراوەکان بگرن و ئاشتی و ژیان و کەرامەتی خەڵک بپارێزن، یان هیچ نەبێ لە لایەنی کەمەوە مرۆڤ پەست و بێزار نابی، هەر چەندە لە پەست و بێزار نابی، هەر چەندە لە ژیانی سیاسیشدا داوو پیلان و گەمەی پیس و ناشرینیش هەن. ئەو نەتەوانەی خاوەن قەوارەی سیاسیی چەسپاوی خۆیانن، هەر چەندە ژیانیان پڕیەتی لە گەمەی سیاسیی، بەڵام ئەم گەمانە مەترسیان لەسەر دروست ناکات، بە پێچەوانەی نەتەوە بێبەشەکانی وەکو کورد، ئەم گەمانە مەترسییەکی گەورەیان بۆ دروست دەکا و تووشی کارەساتیان دەکا، ئەمەیش لەبەر ئەم هۆیانە: نەتەوە بێبەشەکان ئەم گەمەیە نازانن، چونکە دەرفەتیان بۆ هەڵنەکەوتووە بە ئازادیی جێبەجێی بکەن و راست و چەوت تاقی بکەنەوە و خۆیان لە هەڵەکان بپارێزن، واتە ئەم نەتەوانە لە بواری گەمەی سیاسیی خۆ بەڕێوەبردندا خاوەنی هیچ کەلتورێکی سیاسی نین.**

گۆڤاری گوڵان – ژ- ٦٥- ١٩٩٦/٢/٢٠ ل-٢٢

## نەوشیروان حاکم بێ و بەختەک وەزیر بێ، هەزار کەلاوە بە پولێ!

سەبارەت بەو پەندە دەڵێن:

ڕۆژێک **نەوشیرانی "عادڵ"** لەگەڵ (**بەخەتەکی وەزیر**) و وەزیرەکانی دیکەیدا بە شوێنکدا دەڕۆن، یەکێک لە وەزیرەکانی نەوشیروان لە زمانی هەموو بوونەوەرکان دەگەیشت و بە زمانی ئەوانیش قسەی دەکرد، لەو ڕۆژەدا ئەو وەزیرەیش لەگەڵ نەوشیروان دەبێت، لە کاتی ڕۆیشتن و قسەکردندا ئەو وەزیرە لە ناکاو دەدات لە قاقای پێکەنین. لەو کاتە هەموو وەزیر و باسەوانەکان بێدەنگ دەبن.

**نەوشیروان:** چی ڕوویداوە، کە وا پێدەکەنیت؟!

**وەزیر:** ئەگەر توڕە نەبن، بۆتان باس دەکەم.

**نەوشیروان:** مەترسە! بۆم باسکە!

**وەزیر:** ئەو دوو (**بایەقوشە- کون**)ە لەسەر ئەو ماڵە ڕووخاوە دەبینن؟

**نەوشیروان:** بەڵێ.

**وەزیر:** یەکێک لەوانە کچێکی هەیە و ئەو دیکەیان کوڕێک. باوکی کوڕەکە هاتووە بۆ خوازبێنی ئەو کچە بۆ کوڕەکەی.

**باوکی کچەکە دەڵێت:** مارەیی کچەکەم زۆرە تۆیش توانایی ئەوەت نییە.

**باوکی کوڕەکە دەڵێت:** مارەیی کچەکەت چەندەیە کە لە توانایی مندا نییە؟

**باوکی کچەکە دەڵێت:** سەد کەلاوە(**وێرانە**)!

**باوکی کوڕەکە دەلێت:** هەر ئەوندەیە؟! من دوو بەرابەری ئەوە دەکەم بە مارەی بووکی خۆم.

**باوکی کچەکە دەڵێت:** من تۆ دەناسم، تۆ ئەوندەت دەسەڵاتەت نییە، چۆنی جێبەجێ دەکەی؟!

**باوکی کوڕەکە دەڵێت: نەوشێروان حاکم بێ و بەختەک وەزیر بێ، هەزار کەلاوە بە پولێ!**

لێرەدا دەبێت بڵێین:

**نێچیرڤان و حاکم بێ و کاکەیی وەزیر بێ،**
**هەزار(حەمە سەعید حەسەن)و شەرفرۆشی بە پولێ!**





## حکایت نوشیروان با وزیر خود

**صید کنان مرکب نوشیروان — دور شد از کوکبه خسروان**
**مونس خسرو شده دستور و بەس — خسرو و دستور و دگر هیچکس**
**شاه در آن ناحیت صید یاب — دید دهی چون دل دشمن خراب**
**تنگ دو مرغ آمده در یکدگر — وز دل شه قافیەشان تنگتر**
**گفت به دستور چه دم میزنند — چیست صفیری که به هم میزنند**
**گفت وزیر ای ملک روزگار — گویم اگر شه بود آموزگار**
**این دو نوا نز پی رامشگریست — خطبەای از بهر زناشوهریست**
**دختری این مرغ بدان مرغ داد — شیربها خواهد از او بامداد**
**کاین ده ویران بگذاری به ما — نیز چنین چند سپاری به ما**
**آن دگرش گفت کزین درگذر — جور ملک بین و برو غم مخور**
**گر ملک اینست نه بس روزگار — زین ده ویران دهمت صد هزار**
**در ملک این لفظ چنان درگرفت — کاه برآورد و فغان برگرفت**
**دست بسر بر زد و لختی گریست — حاصل بیداد بجز گریه چیست**
**زین ستم انگشت به دندان گزید — گفت ستم بین که به مرغان رسید**
**جور نگر کز جهت خاکیان — جغد نشانم به دل ماکیان**
**مال کسان چند ستانم بزور — غافلم از مردن و فردای گور**
**تا کی و کی دستدرازی کنم — با سر خود بین که چه بازی کنم**
**ملک بدان داد مرا کردگار — تا نکنم آنچه نیاید به کار**
**من که مسم را به زر اندودەاند — میکنم آنها که نفرمودەاند**
**نام خود از ظلم چرا بد کنم — ظلم کنم وای که بر خود کنم**
**بهتر از این در دلم آزرم داد — یا ز خدا یا ز خودم شرم باد**
**ظلم شد امروز تماشای من — وای به رسوایی فردای من**
**سوختنی شد تن بی حاصلم — سوزد از این غصه دلم بر دلم**
**چند غبار ستم انگیختن — آب خود و خون کسان ریختن**
**روز قیامت ز من این ترکتاز — باز بپرسند و بپرسند باز**
**شرم زدم چون ننشینم خجل — سنگ دلم چون نشوم تنگدل**
**بنگر تا چند ملامت برم — کاین خلی را به قیامت برم**
**بار منست آنچه مرا بارگیست — چاره من بر من بیچاره کیست**
**زین گهر و گنج که نتوان شمرد — سام چ برداشت و فریدون چ برد**
**تا من ازین امر و ولایت که هست — عاقبت الامر چه دارم به دست**
**شاه در آن باره چنان گرم گشت — کز نفسش نعل فرس نرم گشت**
**چونک به لشگرگه و رایت رسید — بوی نوازش به ولایت رسید**

**حالی از آن خطه قلم بر گرفت — رسم بدو راه ستم برگرفت**
**داد بگسترد و ستم در نبشت — تا نفس آخر از آن بر نگشت**
**بعد بسی گردش بخت آزمای — او شد و آواز عدلش بجای**
**یافته در خطه صاحبدلی — سکه نامش رقم عادلی**
**عاقبتی نیک سر انجام یافت — هر که در عدل زد این نام یافت**
**عمر به خشنودی دلها گذار — تا ز تو خوشنود بود روزگار**
**سایه خورشید سواران طلب — رنج خود و راحت یاران طلب**
**دردستانی کن و درماندهی — تات رسانند به فرماندهی**
**گرم شو از مهر و ز کین سر باش — چون مه و خورشید جوانمرد باش**
**هر که به نیکی عمل آغاز کرد — نیکی او روی بدو باز کرد**
**گنبد گرنده ز روی قیاس — هست به نیکی و بدی حقشناس**
**طاعت کن روی بتاب از گناه — تا نشوی چون ختجلان عذر خواه**
**حاصل دنیا چو یکی ساعتست — طاعت کن کز همه به طاعتتست**
**عذر میاور نه حیل خواستند — این سخنست از تو عمل خواستند**
**گر بسخن کار میسر شدی — کار نظام بفلک بر شدی**

کلیات نظامی گنجوی – ص – ۳۸ -۳۹ - ٤٠





## ژیان له سوید به دوو جۆر

### جۆری دووه‌هه‌م

له به‌شی یه‌كه‌مدا ئه‌وه‌م خسته به‌رده‌ستان كه له ساڵی۱۹۹۲وه له سوید ده‌ژیم. له‌م چه‌ند ساڵه‌دا هه‌وڵمداوه زمانی سویدی فێر بم، به‌داخه‌وه هه‌وڵه‌كه‌م ده‌سكه‌وتێكی وه‌های نه‌بووه! له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا كه ناتوانم به سویدی قسه بكه‌م، به‌ڵام چه‌ند لاپه‌ڕه‌یه‌كم به **سویدی** و (**سویدی و كوردی**) نووسیوه. مامۆستا سویدیه‌كانم له رووی مێهره‌بانی خۆیانه‌وه ناوی هۆنراوه‌یان له‌سه‌ر داناوه.

ئه‌و به‌شه‌ی كه به سویدی نووسراون كه‌موكوڕیان زۆر بووه، بۆ چاره‌سه‌ركردنی كه‌موكوڕیه‌كان رووم له سویدییه‌كان و.... ناوه، بێ شه‌رموشكۆ له رێگاوبان، له سینما و تیئاتر و بار و رستۆران، له قوتابخانه و كتێبخانه‌كان له كور و كچ، پیر و جوان پرسیارم كردووه، هه‌م سویدییه‌كان و هه‌م ئه‌و كه‌سانه‌یش كه وه‌ک خۆم ئاواره و په‌ناهنده‌ن به مێهره‌بانییه‌وه وه‌ڵامیان داوه‌ته‌وه، هه‌ڵه‌كانیان بۆ ده‌سنیشانكردووم و هانیانداوم بۆ نووسینی دیكه! لێره‌دا له‌گه‌ڵ سپاس بۆ ئه‌و كه‌سانه به‌س دوو نموونه له یارمه‌تییه‌كانیان باس ده‌كه‌م.

**۱ – گۆرانی نانێكی به‌له‌زه‌ت**

كاتێک بۆ فێربوونی زمانی سویدی چوومه قوتابخانه، له كلاسه‌كه‌دا چاوم به نه‌خشه‌ی سوید كه‌وت. نه‌خشه‌ی سوید تا راده‌یه‌ک ته‌سک و درێژه، ئه‌ندازه‌كه‌ی به‌و جۆره‌یه: له باكور بۆ باشوور(۱٦٠)میل، له رۆژهه‌ڵات بۆ رۆژئاوا٤٠ میل، هه‌ر میلیش١٠ كیلۆمیتره. به بینینی ئه‌و نه‌خشه ته‌سک و درێژه، جۆره نانێک كه له شار و گونده‌كانی، سه‌قز، بانه، بۆكان، مهاباد و.... به ته‌نوور ده‌كرا، هاته‌وه یاد. له ساڵی۲٠٠۲دا ئه‌و یادگاره‌م بۆ بوو به‌و چه‌ن دێڕه سویدییه به‌ناوه‌ی( **Det goda brödet**) واته **نانێكی به‌له‌زه‌ت**

## Det goda brödet

**I Kurdistan finns**
**ett slags bröd**
**som liknar Sveriges karta**
**det är långt men inte brett**
**Jag önskar du fick smaka!**

**Varje gång jag**
**tittar på den kartan**
**ökar min aptit för**
**det goda brödet**
**Jag önskar du fick smaka**

## نانێکی بەلەزەت

**لە کوردستان جۆرە نانێک**
**دورست دەکەن تەسک و درێژ،**
**هەر لە نەخشەی سوید دەچێ**
**هەر کات چاوم لەو نەخشەبێ،**
**ئیشتیام بۆ ئەو نانە دەچێ !**
**هیوادارم پەیدای بکەی،**
**لە خۆشییەکەی لەزەت ببەی!**

ساڵی٢٠٠٣ لە قوتابخانەیەکی سەرەتایی سویدی وەک کرێکار کارم دەکرد، کارەکەم شۆردنی کاسە و کەوچک و شتومەکی نانخواردنی قوتابخانەکە بوو، هەروەها خاوێن کردنەوەی ساڵۆنی نانخواردنەکە. لەو قوتابخانە لەگەڵ مامۆستایەکی سویدی بەناوی (**ئێدیت هاگلوند**،Edith Haglund) ئاشنا بووم و چەن لاپەڕەیەک کە پێشتر بە سویدی نووسیبووم خستمە بەردەستیان تا هەڵەکانی راست کاتەوە.
ئەویش بە مێهرەبانییەوە داخوازییەکەی وەرگرتم، جگە لەوەی کە هەڵەکانی دەسنیشانکرد، **نۆت و ئاهەنگی** بۆ ئەو چەن دێڕە سویدییەی **Det goda brödet** دانا و کردی بە گۆرانی، خۆیشیان لوتفیان کرد داستانێکی منداڵانەیان بە سویدی لەسەر نووسی بەناوی (**presentation till sången(Det goda brödet** واتە **پێناسەیەک بۆ گۆرانی نانێکی بەلەزەت**

رۆژی ٢٠٠٣/٥/٢٦ بە هاوکاری مامۆستایەکی دیکەی موزیک بەناوی(**لیسلۆت بیۆرک** **Liselott Björk** ) و پۆلێک قوتابی خۆیان کە لە پۆلێ یەکەمدا بوون، لە کۆنسێرێکدا لە گەڕەکێکی ستۆکهۆڵم بەناوی تێنستا(Tensta) پێشەکەشیان کرد بە میوانانی کۆنسێرتەکە. ئەو چەن دێڕە سویدییەی خوارەوە داستانەکەیە کە خودی خانم **ئێدیت هاگلوند نووسیویانە**:





## Presentation till sången ( Det goda brödet)

**Det var en gång en man som bodde i ett land som inte fanns.**
**DVS de som bestämde sa att det inte fanns och att det bara var dumt och envist av honom att fortsätta säga att det fanns.**
**De förbjöd honom att tala hans lands språk eftersom det inte fanns" Och – sa de – om du vill bo kvar här måste du tala vårt språk och glömma ditt fantasiland. Gör du inte det gör vi dig illa." Mannen kände sig tvungen att åka därifrån och söka sig en lugnare plats i ett land och med tungt hjärta reste han.**
**En dag i sitt nya land såg han plötsligt att landets karta såg ut som det goda brödet i hans land. Va lustigt. Åååhhh.... blnndade han kunde han känna doften och smaken av brödet och med fantasins hjälp flög han tillbaka igen.**

**Edith Haglunds fantasi maj**
**2003**

**وەرگێڕانی پێناسەیەک بۆ گۆرانی (نانێکی بەلەزەت)**

**هەبوو نەبوو– جارێکیان پیاوێک لە وڵاتێکدا دەژیا، کە نەبوو.**
**نا، نا وانییە! ئەوە دەسەڵاتدارەکان بوون دەیانکوت ئەو وڵاتە نییە و دەشیانکوت ئەو پیاوە چەندە کەلەڕەق و فرەوێژە هەر دەڵێت: با، با هەیە! هەروەها نەیاندەهێشت پیاوەکە بە زمانی وڵاتەکەی خۆی بدوێت و (پێیان دەکوت ئەگەر دەتەوێ لێرە بژیت دەبێ بە زمانەکەی ئێمە بدوێ و نیشتمانە دڵڕفێنە خەیاڵییەکەت فەرامۆش بکەی، ئەگەر بێقسەیی ئێمە بکەی ئێمەیش لێت دەدەین و تۆڵەت لێدەکەینەوە.)**
**زەختوزۆری زۆردارەکان ژیانی لە پیاوەکە تاڵ کردبوو، ئەویش بیری لەوە کردەوە تا جێگایەکی ئارام بدۆزێتەوە کە تێیدا بژی، پاشان بە دڵتەنگی و خەمبارییەوە نیشتمانە جوانەکەی بەجێ هێشت و رووی کردە وڵاتێکی دیکە.**
**رۆژێکیان لە ناکاو چاوی بە نەخشەی وڵاتە تازەکە دەکەوێت، نەخشەکە بە جۆرێک لە پێش چاوی دەنوێنێت کە لە نانێکی لای خۆیان دەچێت، لەو کاتەدا چاو دەبڕێتە دوور، دوورێکی دوور، دوورێکی بێسنور و بە تاسەیەکی بێوێنەو بە باڵی خەیاڵێکی بەرفراوانەوە دەفڕێ و دەفڕێ تا دەگاتە ئەو جێگەی کە نانەکەیان لێدورست دەکرد، پاشان پڕ بەدڵ بۆنی ئەو نانە خۆشە هەڵدەمژێ و تێرتێریشی لێدەخوات}.**

مانگی مەی٢٠٠٣ ئێدیت هاگلوند

Kören sjung om (Det goda brödet) i Tensta hallen

Fototagit av min lärare Katarina Nordin

26-5-2003

**ساڵۆنی تێنستا**

**وێنەگر مامۆستام ، مامۆستا کاتارینا نوردین**

٢٠٠٣/٥/٢٦







**نموونەی دووهەمی یارمەتیکردنی سویدییەکان**

**دانانی پیشانگایەک بەناوی**

**Från ett land som inte finns på kartan**
**Från ett språk som är förbjudet**

**لە وڵاتێکەوە کە لە نەخشەدا نییە**
**لە زمانێکەوە کە ڕێگەی دوانی نییە**

**لە ستۆکهۆڵم و لەو شوێنانەی خوارەوە**

**قوتابخانەی Igelbäcksskolan -- لە ٢٠٠٥/٣/٧ بۆماوەی مانگێک**
**کتێبخانەی هوسبی ----------- لە ٢٠٠٧/٤/٢٣ تا ٢٠٠٧/٥/١١**
**کتێبخانەی کوردی Skäppholmen لە ٩/٩/ ٢٠٠٧ تا ٢٥/ ٩/ ٢٠٠٧**

**ئەو کارانەیش بە ڕانمای و یارمەتی چەن مامۆستای سویدی و بەتایبەتی، مامۆستا (ئێدیت هاگلوند) ئەنجامدرا.**

**(حامید سەعاتی) و (ئاسۆ موکریانی) دوو کەس لە دۆستانم هەم فیلمی (گۆرانییەکە) و هەم وێنەی (پیشانگاکانیان) بۆ ئامادە کردم.**

**سپاس بۆ ئەو دۆستانە!**

فیلمی ئەو گۆرانییە لە بەشی کوردی کاناڵێکی تەلەڤیزیۆنی سویدی بەناوی (**ئۆپنا کاناڵێن**- Öppna Kanalen) لە ستۆکهۆڵم پەخشکرایەوە.

**ئەوەیش جۆری دووهەمی ژیان لە سویددا.**

لە بەرانبەر ئەو کارانەی مامۆستا (ئێدیت هاگلوند)دا تەنیا ئەو چەن دێڕە سویدی و کوردییەم بووە کە شایستەی کارەکەیان بێت.

## Till en pianist

**När du sitter vid pianot**
**liksom en Dervish faller du i trans**
**och glömmer allt och alla**
**dina fingrar rör tangenterna**
**och kommer att dansa**
**också du själv med melodin vill flyga!**

## بۆ پیانۆژەنێک

**کە لەپای پیانۆ دائەنیشی**
**وەک دەروێشی جەزبە گرتوو بێهۆشی**
**پەنجەکانت بەسەر تانژانەکانەوە ئەکەونە سەما**
**بە میلۆدییەکانی لە دەروونەوە دەخرۆشی.**

Maj 2004





# هەڵەبجەنامە

## پێرستی هەڵەبجەنامە


جوانترین گوڵدان
بەرەو ئاسۆ
١٦ی مارش
١٦ی مارش
دوو پەیکەرتاشی مێژوو
شاری شەهید
سوڵتانی درۆ
پاکانە
کوردەبێگاری
Jag vill inte
I don’t want
یاس بووم
دیوانە شدم
پێناسە
مەرجەکانی مافی مرۆڤ
ئازادی
لەگەڵ زیندانبانەکەم
با زندانبانم
یاد
گۆڕستان
کوردستان لە ژاراوی ژار و رەنگدا
وێنەیەکی گرانبەها لە نەتەوەیەکی بێبەها
تەیرە کولانە
تۆیش ئێراقیت؟
دەنگدان
دیکۆمێنتی کوردستانی نوێ PUKmedia
دەنگی هەزار دۆلاری
لە بری بیرکردنەوە و خەمخواردن، هەڵپەڕین و شادیدکردن
دەسەڵاتداری، بێدەسەڵات !
لە سامیستان بۆ کوردستان
Från Samistan till Kurdistan
بە بۆنەی ساڵرۆژی بوومبارانی (شیمیایی هەڵەبجە)وە
بۆ ٣١ی ئاب ( ئاگوستی)
پاشەکی








## جوانترین گوڵدان

جوانترین گوڵدانی مێژوو
جوانترین گوڵی ئارەزوو،
ناسکترین بیر و هەست
وەڵامە بۆ دوژمنی خوێنرێژ و پەست!

ئەو وێنە لە فەیسبووک وەرگیراوە، بەداخەوە ناوی ئەدەرسەکەم لە یاد نەماوە




**بەرەو ئاسۆ**

**دوژمن پێت نۆشیم جامێ پڕ لە ژار**
**چوار دەورت گرتووم بە دووکەڵی ژار**
**چی ژارت هەیە بیکەی بە سەرما**
**نە چۆک دائەدەم نە ڕێ ئەکەم خۆار!**

وێنەی کچانی قوتابخانەی شاهۆی هەڵەبجە لە کتێبی هەڵەبجە و کەسایەتیەکانی





# ١٦ی مارش

## ‹١٦›ی مارش و‹١٦›ی مارش
## یەکیان بەد و یەکیان باش !
## دەپێم بڵێن، بۆ مەی کورد
## کامیان بەد و کامیان باش ؟!

مارش: بە سویدی مانگی‹Mars › دەکاتە مانگی خاکەلێوەیە.
ڕۆژی١٦ی مارشی١٩٨٨ دەوڵەتی **ئێراق** هەڵەبجەی بوومبارانی شیمیایی کرد.
ڕۆژی١٦ی مارشی٢٠٠٥ یەکەمین کۆبوونەوە دەوڵەتی تازەی **ئێراق** بەڕێوە برا.

مانگی مارشی٢٠٠٦

## ١٦ی مارشی ١٩٨٨ و هەڵەبجە

**تاو تینی نییە!**
**ئاو نمی نییە!**
**خاک پیتی نییە!**
**خوێن رەنگی نییە!**

**ژیان ئەرکی لە دەسداوە**
**ئەوەی هەیە راوەستاوە**
**قوتابی مامۆستای نەماوە**
**مامۆستا قوتابی نەماوە**

**زەنگی قوتابخانە بێدەنگە**
**قوتابخانە کپ و کڕ و مەنگە**
**دەرک و پەنجەرەی پاک شکاوە**
**پۆل و هاڵ و ساڵۆنی داڕووخاوە**

**دایک بێ منداڵ کەوتووە**
**منداڵ بێ دایک کەوتووە**
**ژن بێ مێردە و مێرد بێ ژن**
**کەوتوون لە کون و قوژبن**

**دار و درەختی هەڵەبجە رووتاوەتۆ**
**بەسەر یەکا چەماوەتۆ**
**ئاژەڵ و مەل و مووری**
**کەوتوون لە خوار و ژووری**

**بەڵام ئەوانە کاتییە**
**دەسکردی ناپاکییە**
**ژیان دەڕوا بێوچان**
**هەڵەبجە دێتەوە مەیدان!**





## دوو پەیکەرتاشی مێژوو

### پەیکەرتاشی یەکەم

**بە ساڵێک و بە دوو ساڵ**
**لە بەردێکی ئاسن ماچۆ**
**بە کوتک و قەڵەم و**
**چەکوش و چەقۆ**
**بە خوێنی دڵ**
**بە سۆمای چاو**
**بە رەنجی شان**
**زۆر لەسەرخۆ**
**میکلانژی ماهیر**
**تاشی پەیکەرەی**
**عیسا و موسا و مریەم**
**بۆ بینینی جەماهیر!**

Michelange Bucnarroti میکلانژ
میکلانژ: شاعیر، مێعمار، پەیکەرتاش و ماتماتیکزانی ئیتالیایی کە لە نێوان ساڵانی١٤٧٥و ١٥٦٤دا ژیاوە.

## پەیکەرتاشی دووهەم

**بە چرکەیەک و نیوچرکە**
**بێترس و لەرز و دڵەخورپە**
**بە هەناسەی ژەنگاوییای**
**بە ودمی ئێراقیایی**
**هەزاران عیسا**
**هەزاران موسا،**
**هەزاران مریەم،**
**هەزاران مەل و موور،**
**هەزاران گوڵی سوور،**
**هەزاران کێڵگەی شین،**
**هەزاران چاوگەی ژین**
**کران بە پەیکەر**
**بێ ماندوو بوون بێ دەردیسەر**
**بە فەرمانی مرۆڤکوژێکی ماهیر**
**بۆ کۆشکی خۆێنمژانی جەماهیر!**

**ئەو پەیکەرتاش،**
**ئەم پەیکەرتاش**
**ئەو شاعیر بوو، مێعمار بوو،**
**هەروەها ماتماتیکزانێکی ئەمیر**
**ئەمیش دڕندەیەکی خوێنڕێژ و**
**خۆپەرەست و کورسی ئەسیر!**





## شاری شەهید

**کە گەڵای دارێ ئەوەرێ**
**دایە پیرەی جەنگەڵ**
**پرچی خۆی بۆ ئەڕنێ**

**گوڵێ ئەژاکێ**
**باخچە خۆی بۆ رەشپۆش ئەکا و**
**کۆڕی شینی بۆ ئەبەستێ**

**کانییەک کوێرۆ ئەبێ**
**دەریا بەکوڵ بۆی ئەکوڵێ و**
**هەور بارانی ئەسرینی بۆ ئەڕێژێ**

**کەچی لەم سەدەیەدا شارێ ئەمرێ**
**کەسێ نییە کفنی بکا،**
**یەکێ نییە دایپۆشێ**
**هەر ئێسک و پروسکی**
**منداڵە،**
**جوانە،**
**پیرە**
**لە بەر هەتاو دائەڕزێ...!**

**سەگی دەوڵەمەندێ ئەتۆپێ**
**ئاخی بۆ ئەکێشن،**
**کۆڕی ماتەمینی بۆ رێک ئەخەن**
**بە ڕێز و ئێحترامەوە ئەینێژن.**
**شاێ، وەزیرێ، قوڵەسەفیرێ،**
**پاسەوانی خوێنمژێ،**
**داردەسی داگیرێ**
**ئەگیرێ یا ئەکوژرێ**

**یەخە و بەرۆکیان دائەدڕن**
**لە تۆڵەیدا یەک بە هەزاران**
**لە خەڵکی ئەکوژن، ئەبڕن!**

**کەچی لەم سەدەیەدا شارێ شەهید کرا**
**بە دەیان هەزار کەس لەناوبرا**
**یەکێ دەمی هەڵنەچڕی،**
**کەسێ ورتەی لێوە نەهات**
**هەر جۆگەی چاوی خۆی و**
**خوێنی گەلەکەی نەبێ**
**کەسێ نەبوو،**
**هیچ شتێ نەبوو**
**لە سەر تەرمی بگری و**
**هاوارێکی بۆ بکات.**

زستان١٩٨٨ لە گۆڕێکی پێشمەرگانەدا خوێندومەتەوە





## سوڵتانی درۆ

**ئەیکوت: (حەلاج)م**
**هەر ئەمن حەقم !**
**ئەیکوت: من (شێخ)م**
**ناجی میللەتم !**
**ئەیکوت: من (کارڵ)م**
**یاری رەنجدەرم !**
**کە کەوتە کڵ**
**بوو بە شبلی،**
**بوو بە شێخگیر**
**بوو بە یاری دوژمنی**
**هەژار و فەقیر!**

حەلاج: مەنسوور حەلاج.
شێخ: شێخ مەحمود حەفید.
کارڵ: کارڵ مارکس.
شبلی: هاوڕێ و قوتابی مەنسور حەلاج بوو، بەڵام لە بیروباوەڕی خۆی وەرگرا، کاتێکدا حەلاج بەردباران دەکەن ئەویش بەشداری دەکات. دوو شت دەربارەی دەگێڕنەوە.
١. دەڵێن: شبلی لەبری بەرد گڵێک دەدات بە حەلاج دا، حەلاج دەڵێت:
ئەو گڵەی شبلی لە بەردی ئەو خەڵک ئێشی زیاتر بوو، چون ئەو خەڵکە نازانن چی دەکەن، بەڵام ئەو دەزانێت.
٢ ـ دەڵێن: شبلی گوڵێک بۆ حەلاج دەخات. ئەوە راست نییە!
چون ئەوە گوڵبارانکردنە، نەک بەربارانکردن. لەو رۆژەدا هەر کەسێک حەلاج گوڵباران بکات، دژایەتی دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە دەکات و لەو کاتەدا خۆیشی بەردباران دەکرێت

١٩٨٨

## پاکانە

حەیفە بۆ باران کە بباریٚ و
کێڵگە نەلاوێنێ
حەیفە بۆ تاو کە هەڵبێ و
گوڵ بژاکێنێ
حەیفە بۆ زاری رەوا
بۆ ریا سەر دانەوێنێ
حەیفە بۆ وێنەیەک و
دوو دێڕی کەم بەها
لە گۆڤارێکی ناسراو بێ بەها
دەفتەری مێژووت بسوتێنی
ناوی زیندووی خۆت
لە دڵی هەژارانا بمرێنی
حەیف بۆ تۆ کە وات کرد
هەژارت مات کرد،
دوژمنت شاد کرد!

گوندی(گولان)١٩٨٨





## کوردە بێگاری

بۆ کێ نەبووین بە پرد
بۆ کێ نەبووین بە جادە
بۆ کێ نەبووین بە باربەر
بۆ کێ نەبووین بە پیادە
بۆ کێ
بۆ کێ،
بۆ کێ؟!

کێ بە رەنجی مە کۆشکی ساز نەکرد
کێ بە خوێنی مە دەسنوێژی نەگرد
بادەی پەستیمان کێی سەرخۆش نەکرد
کێ لە شادی تێکشکانمانا سەرچۆپی ئۆخەی نەگرد
کێ
کێ،
کێ؟!




## Jag vill inte

**Jag vill inte se**
**Fantom, JAS, Mirage och MIC**
**jag tycker om fåglar,**
**djur, blommor och musik!**

**Jag vill inte**
**plantera minor**
**döda fåglar, djur,**
**blommor och människor.**

Fantom, JAS, Mirage och MIC är jaktplanet
av USA – Sverige – Frankrike och Ryssland
Bild från Internet

2003








## I don’t want

**I don’t want to see**
**Phantom, JAS, Mirage and MIC**
**I like birds,**
**animals, flowers and music!**

**I don’t want**
**to plant mines**
**that kill birds,**
**Animals, people and flowers**

Bild från ainternet



**یاس بووم**

**<u>یاس</u> بووم بەدەس هاڕەی**
**یاس و میک و میراژ و**
**فانتۆم و‹B› ۵۲ وەوە**

**چاوەڕوانی گمەی**
**کۆتری ئاشتیم**
**بەسەر بانی جهانەوە!**

**نامەوێت مین له خاکدا بچێنن**
**لاقی من و تۆ، ئەم و ئەو،**
**باڵندە و ئاژەڵ و گوڵەگەنم بقرتێنن!**

<u>یاس</u>: بێزار، تووڕە، هەراسان
یاس ـ میک ـ میراژ. فانتۆم و(B 52) ناوی چەند فرۆکەی جەنگی
سویدی - روسی - فەرانسی و ئەمەریکین
وینه- له کاره هونەرییەکانی هونەرمەند **مزەفەر نامداری**

۲۰۰۳





**دیوانه شدم**

**دیوانه شدم ز صدای دلخراش**
**یاس و میک و میراژ و**
**فانتۆم و‹B › ۵۲**

**آرزو دارم کبوتر**
**آشتی نشینت**
**بر بام جهان من و تو**

**<u>نمیخوام</u> مین در زمین، بکارند**
**پای من و تو، این و آن**
**پرنده و حیوان و گلگندم را زبن درآرند**

یاس ـ میک ـ میراژ. فانتۆم و(B 52) اسم چەند هواپیما جنگی
سویدی – روسی- فەرانسی و امریکایی میباشند.
نمیخوام : نمیخواهم.

۲۰۰۳

## بۆ مناڵە ونبووەکانی کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩٢ی باشووری کوردستان

### پێناسە

لەسەر سنگە رەق و تەقەکەم
هەڵکەنن، ناوی شار و گوند و گەڕەکەم

پێستی قۆڵە باریکەکەم بگرن بە مقاش
تێیدا هەڵکەنن، ناوی باک و دایکەکەم

ناوم لێ بنێن ئاوارە
هەڵیکەنن، لە هەنیە خەمبارەکەم

گوروی خوێن بۆ من هیچ سوودی نییە
چونکە هەر خوێنی منە، ئەچێتە دەماری دوژمنەکەم

بۆ ناوی وڵاتەکەم هیچ کەسی دانامێنێ
بە ئاوارەیما ئەزانێ، کوردستانە، وا لە ناو ناخی دڵەکەم

من کە ئاوارەی سەد شار و گوند و دۆڵ ئەبم
با لە پێست و ئێسقانا- بنووسرێت، پێناسەکەم

با کە مردم بە بێکەسی
یەکێ بڵێت، بە دایک و باوکە هەژارەکەم

با جهانی موتەمەدن شانازیکا بە ژیانی
منیش، با وەها بێ ژیانەکەم

با ئەوان بکەن چەژنی رۆژی مناڵ
منیش ئەکەم، تف، لە رۆژی لە دایک بوونەکەم.

١٩٩١





## مەرجەکانی مافی مرۆڤ

تا چاو نەبڕیتە بارەگای خودای
تا دەس بە دامێنی رەسوڵی نەبی،
تا سەر لە حەجەرالئەسوەتی دراو نەسووی،
تا سەفا و مەروای پترۆڵ
بە سەری رووت و بە پێی پەتی تەی نەکەی
نە بەشەری، نە ئیسانی، نە مرۆڤی
تۆ بێ مافی، بێ مافی، بێ مافی

تا بڕوات بە مەسیح و خاچ نەبێ
تا نەبی بە سەکی- سەکی کافی،
تا سەرت نەبێ بە زەنگۆڵەی دیوارە نۆدبەکان
نە بەشەری، نە ئیسانی، نە مرۆڤی
تۆ بێ مافی، بێ مافی، بێ مافی

تا نەبی بە پیت پیتی ئیدئۆلۆژییەکان
تا نەتوێیتەوە لەناو ئایەت و حەدیسەکان،
تا نەبی بە ئاهەنگی مارکس و لنین و وێڵسنەکان
نە بەشەری، نە ئینسانی، نە مرۆڤی
تۆ بێ مافی، بێ مافی، بێ مافی

تا سەر بۆ ئەوانە شۆڕ نەکەی
تا جلی ریا و درۆ لەبەر نەکەی،
تا تاجی راستی و پاکی فڕێ نەدەی
تا لە دەریای جامبازیدا بێباکانە مەلە نەکەی
نە بەشەری، نە ئینسانی، نە مرۆڤی
تۆ بێ مافی، بێ مافی، بێ مافی

شەرتە کڕنۆش بۆ بارەگای سەگ و گورگان بەرم
یاسای جەنگەڵ بپەرەستم و بینێمە سەرسەرم
شەرتە نازناوی ئەشرەفی مەخلوقات نەبێت بە پێناسەم
تا مافی مرۆڤیان تێکەڵاو نەبێت بە خوێن و بە هەناسەم.

## ئازادی؟

**ژیانی کوردان ئه‌نگوس له چاوه**
**نه‌بوو قه‌ت تیشکێ بدا له‌و ناوه**
**ئازادی ئه‌مڕۆ دنیای کرد داگیر**
**تازه، به‌ندخانه بۆ کورد کراوه**

ساڵی١٣٥٧- ١٩٧٨ خه‌ڵک له ئێران به‌دژی شا راپه‌رین، له ده‌ورانی راپه‌ریندا مه‌لی ئازادی سیاسیی له ئاسمانی ئێراندا فڕکه‌ی باڵی ده‌هات.
(شاپور به‌ختیار) کرا به سه‌رۆکوه‌زیری ئێران تا ئه‌و راپه‌ڕینه دامرکێنێته‌وه، و مه‌لی ئازادی بچێته‌وه قه‌فه‌ز، له‌و ڕۆژانه‌دا به‌ختیار چووه ته‌له‌ڤیزیۆنی تاران و هێرشێکی توندی کرده سه‌ر میلله‌تی کورد.
ئه‌و چه‌ند دێڕه‌م ده‌رباره‌ی ئه‌وه نووسی.







**له‌گه‌ڵ زیندانبانه‌که‌م**

**من له‌م دیوی مێڵه‌کانم**
**تۆ له‌و دیوی مێڵه‌کان**
**به من ئه‌ڵێن زیندانی**
**به تۆیش ئه‌ڵێن زیندانبان!**

**جیاوازی ئه‌م دوو شوێنه**
**بایه‌خدانه به ژیان**
**بیرێ له ژیان بکه‌وه**
**ئه‌ی زیندانیی زیندانی، زیندانبان.**

وێنه له سایتی ikpvse.blogspot.com

**برای زندانبانم**

**شما که به ایدهء تجزیه‌طلبی مسلح هستی،**
**آزادیخواه نیستی!**
**شما که به تمامیت ارضی ایران ... معتقد هستی،**
**همسایهء من نیستی!**
**شما که به طبقه کارگر ایران ... معتقد هستی،**
**همطبقهء من نیستی!**
**من زندانیم و تو هم**
**زندانبان من هستی!**
**روزی با تناب حلقآویزم مینمای،**
**روزی به رگبار گولله‌ام میبندی و نظاره‌گر مردنم هستی!**
**تاریخ گوید: آینده زندان است ویرانی و**
**ماهیت زندانبان بدور از انسان دوستی !**

❊❊❊







## یاد

**لەگەڵ خەمی هەژاراندا بژی یا لە پەنای زاڵمان**
**بە شاخی سەرسەختانەوە بی یا لە جێگەی پەستەکان**
**هەر دوو گۆڕانکارییان وا لەدوو**
**ئەمیان چلۆن ؟!**
**ئەویان چلۆن ؟!**

**فکری خاوەن تانگ و تۆپ و فکری خاوەن علیم و فەن**
**فکری شەیدای فرۆڤدۆستی و فکری شەیدای ژاروژەنگ**
**هەر دوو گۆڕانکارییان وا لەدوو**
**ئەمیان چلۆن ؟!**
**ئەویان چلۆن ؟!**

**مینای شەرابی ئەڤین و سەمدانێکی مەرگ هێنەر**
**تۆفانێکی زیانبەخش و شنەیەکی گوڵپەروەر**
**هەر دوو گۆڕانکارییان وا لەدوو**
**ئەمیان چلۆن ؟!**
**ئەویان چلۆن ؟!**

**فتوای جهاد بەی یا ئەمری ئاشتی**
**بە راستی بژی یا بە شەیبادی**
**لە بۆ هەر دوویان یادت ئەکەنۆ**
**بۆ ئەمیان چلۆن ؟!**
**بۆ ئەویان چلۆن ؟!**

وێنەی ئایەتوڵا خومەینی و ئەبولحەسەن بەنیسەدر سەرۆککۆماری ئێران - رۆژنامەی گەیهان لەندەن



## کوردستان

**لە چاپخانە پیتەکان بەلای یەکەوە رائەگرن**
**مرۆڤەکانیش لە کوردستان**
**ئەویان ئەبێت بە پەرتووک**
**ئەمیان ئەبێت بە گۆڕستان**

وینە لە لایەن رۆژنامەوان و وینەگر **جهانگیری رەزمی** لە فرۆکەخانەی شاری سنە گیراوە.





## کوردستان لە ژەنگاوی ژار و ژەنگا

**زرمەزرمی سەربان دێ**
**تەپەتەپی داڵان دێ**
**داڵان، وان لە نێو داڵان**
**داڵە، هاتووە بۆ گۆشتی ئینسان**

**درگا کەوتە سەر گازی پشت**
**گیرا، چواردەور و تەنشت**
**بەر قۆناغ و پۆستاڵ کەوت**
**سەر، پەراسو، ران و پشت**

**چاو بە دەسرە داپێچرا**
**دەس لە پشتەوە بەسترا**
**پەنجە بۆ پێکە برا**
**گەورە و بچووک بێگیانکرا**

**کون و کەلێن پاکی گەڕان**
**مجری و یەغان هەڵپچڕان**
**زێر و زێو، پوڵ و پارە دەرهێنران**
**بە یاسای دین حەڵاڵ کران.**

## وێنەیەکی گرانبەها لە نەتەوەیەکی بێبەها


Arbeiderbladet
«Riktige bluser» Adele
Årgang 104 - Nr. 71 - Kr. 6,00

TV-SJOKKET

● Et grusomt syn møtte norske fjernsynsseere under Dagsrevyen i går kveld. Enslige barn, kvinner som klynget seg til barn i armene, oldinger. Alle døde, strødd rundt i kjellerne og gatene eller veiene ut av byen Halabja i Kurdistan i Irak. Gasset i hjel i en sky av sennepsgass sluppet ned over en hjelpesløs befolkning av landets egne militære styrker.
● Det var Dagsrevyens sjef, Herbjørn Sørebø, som bestemte at innslaget skulle sendes etter at vaktsjef Lars Jacob Krogh tidligere hadde avgjort at filmen ikke skulle vises fordi den var for sterk.
SIDE 19

**بۆ وێنەم ئەگری؟ ...**

**بۆ؟!**

**ئەتەوێ بیدەی بە رێکخراوەی نەتەوەیەکگرووەکان**
**تا بزانن بە ژیانی کورد و داگیرکراوی کوردستان،**
**ئەتەوێ بیدەی بە رێکخراوەی مافی مرۆڤ و ئاژەڵەکان**
**کە بیکەن بە سنبۆلی ستەم لە گشت جهان**
**یا بۆ پڕکردنەوەی کاناڵی تەلەڤیزیۆن و لاپەڕەی رۆژنامەکان**

**بۆ وێنەم ئەگری؟ ...**

**بۆ؟!**





## تەیرە کولانە

**دەیان ساڵە، کونی چاو زەق**
**لە ئاسمانی ژینا ئەمانگرێ**
**دەیان ساڵە، کونی خوێنڕێژ**
**راومان ئەکاو ورگمان ئەدڕێ**

**دەیان ساڵە، کونی بێفەر**
**دەرمان ئەکاو هەڵمان ئەبڕێ**
**کێڵگە و مەزرا، باخ و رەزمان**
**بە ناپاڵم – ئەکێڵرێ**

**دەیان ساڵە، شار و گوندم**
**لە بری شادی شین ئەگێڕێ**
**دەیان ساڵە، کردەی ئێمەو بردەی ئەوە**
**یەکێ نەبوو یەخەی بگرێ**

**دەیان ساڵە، بەجێی عەتر و بخور**
**هەر گازی خەردەلە دائەبارێ**
**لە بری ئاشتی و ئازادی**
**ئایەی ئەنفال دێتەخوارێ**

**دەیان ساڵە، بە سێبەری سیخۆ و میک**
**بەری ئاسمان وا ئەگیرێ**
**نە لە گەرمیان، نە لە کوێستان**
**مەل– ناتوانێ باڵێک لێکدا و هەڵبفڕێ**

**کاتی کونی زاڵم باڵی شکا و لاقی شەل بوو**
**بە زەلیلی لەسەر جێ بوو**
**ئێمە برسی ئەو کەژانە،**
**هەم هەژاری ئەو دەشتانە، لێی راپەڕین برایانە**

**کەچی دوژمنانی کوردی هەژار**
**بە خاتری کونی زامدار**
**خەریکن نفرەتمان ئەکەن**
**بە ئاژاوەچی، ناومان ئەبەن.**

**چیتان ئەوێ تەیری گولان**
**لە کورد و لە هەژاران**
**تاوێک بژین بێ پەستی**
**جهان ئەڕوا بە ڕاستی!**

**١٩٩١ ——————————————————**


الثورة
جريدة حزب البعث العربي الاشتراكي
امة عربية واحدة ذات رسالة خالدة
ATH - THAWRA, Sunday, 20, Mar, 1988, No. 6508

شعب القائد صدام حسين عنوان بطولة وفداء
احتلال مقر الخيانة بقتال باسل وثأري
رجال الدفاع الوطني وقوات بدر والقعقاع والمعتصم تحتل مقر العميل جلال الطالباني
الصقور يجهزون على خرج والموطئ الشرقية لانتظار الناقلات
إضرام النيران بالعديد من الناقلات باختراق جري لدفاعات العدو
الصاروخ ١٠٠ على طهران

عملية « انفال » تتوج جبالنا الحبيبة بنصر عراقي مؤزر
الخونة الضالون سهلوا لقوات الغزو الخمينية دخول قصبات وقضاء حلبجة الحدودية
طائراتنا تدك ٣ مدن ايرانية
١٦٥ طلعة للفرسان تلحق العقاب الصارم بالمعتدين
العدو المجرم يطلق صاروخا على بغداد ويقصف البصرة والسليمانية والعمارة وعلي الغربي وبدرة وقلعة دزه والقرنة والدير ومجمع بازيكه السكني
اسقاط طائرة معادية اغارت على اربيل







ئەو وێنە کالیکاتورییەی سەدام لە کتێبێکی سویدی وەرگیراوە،
بەداخەوە ناوەی کتێبکەم لە یاد نییە.




## تۆیش ئێراقیت ؟!

**نوری سەعید، ئێراقی**
**کەریم قاسم، ئێراقی**
**سەدام حسین، ئێراقی**
**غازی یاوەر و ئەیاد عەلاوی، ئێراقی**
**حەرەس جمهوری، ئێراقی**
**ئەمن و ئیستخبارات، ئێراقی**
**ئەتۆی کوردی شیمیا لێدراو، ئەنفالکراویش ئێراقی ؟!**

**دەبۆ جارێکیش بووە سەرپێچیکە لە یاسا**
**لەو مێشکە داگیرکراوەت راپەڕە و راسا**
**بڵێ: دەنگ نادەم !**
**مۆری نەنگینی هەڵبژاردنی**
**ئێراقی لە خۆ نادەم !**

٢٠٠٥/١/٢٠





## دەنگدان

**دەنگ،**
**دەنگ هەڵبڕە**
**دەنگی شادی و تەمتەراق**
**بڵێ:**
**نا بۆ بەڵێ و**
**بەڵێ بۆ نا و**
**نامەوێت دەستووری نگریسی ئێراق!**

سەبارەت بە دەنگدان بۆ دەستووری ئێراق ئەو دوو
پرسیارەی خوارەوە لە دەنگدەران کرا بوو
(**بەڵێ**) – (**نا**)
بە یەکێ لەوانە واتە (**بەڵێ**) یا (**نا**) دەنگ بە دەستوور بدە!

٢٠٠٥/١٠/١٠




نۆ گەنجی کورد لەهەندەران بۆ دەنگدان بەلیستی کوردستانی دەگەڕێنەوە نیشتمان

PUKmedia کامەران عەبدە ساڵح 12:45 2009/07/17

لەچوارچێوەی دەربڕینی پشتیوانی و پشتگیری هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بۆ لیستی کوردستانی 9 گەنجی خەڵکی رانیە کە لەبەریتانیا نیشتەجێن، بڕیاریاندا بەزوترین کات بگەڕێنەوە کوردستان بۆ ئەوەی لەڕۆژی هەڵبژاردنەکەدا ئامادەییان هەبێت و بتوانن دەنگ بە لیستی کوردستانی بدەن.
نورەدین عەباس عەلی تەمەن 27 ساڵان یەکێکە لەو گەنجانەو لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە PUKmedia ی راگەیاند: دوای ئەوەی دڵنیابووین کە لەتاراوگە ناتوانین بەشداری هەڵبژاردنەکانی هەرێم بکەین، بڕیارماندا بەم نزیکانە بگەڕێینەوە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی لەڕۆژی 7/25 ئامادەییمان هەبێت و بتوانین دەنگ بە لیستی کوردستانی بدەن.
وتیشی: چۆن بێخەم دەبین کاتێک ببینین وڵاتمان پێویستی بەدەنگی ئێمە هەیە، دەبێت وەك گەنجانی وڵاتانی تر نیشانی جیهانی بدەین کە لەهەر شوێنێك بین گەل و خاکەکەی خۆمان خۆشدەوێت و بەرگری لێدەکەین.
داواشی لەسەرجەم گەنجانی کوردستان کرد بەگوڕو تینەوە بەشداری هەڵبژاردن بکەن و دەنگ بە لیستی کوردستانی بدەن.

بە پێی ئەو هەواڵەی **PUKmedia** نۆ کەس لە بەریتانیاوە دەگەڕێنەوە بۆ رانییە بۆ دەنگدان بە **<u>لیستی کوردستانی</u>.** هۆی گەڕانەوەیان ئەوەیە لە تاراوگەدا ناتوانن بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانی ئێراق لە٢٥/٢٠٠٩/٧دا بکەن و دەنگ بۆ ئەندام پەرلەمان کوردستانی ئێراق و سەرۆکی کوردستانی ئێراق بدەن. هەستی ئەو کەسانە جێگەی رێزە؟!

نازانم نرخی بیلتی فڕۆکە لە ئینگلیزەوە بۆ هەولێر و سلێمانی چەندەیە، بەڵام دەڵێن: نرخی بلیتی سوید بۆ سلێمانی و هەولێر٧٥٠٠ کرۆنی سویدییە، کە دەکاتە ١٠٠٠ دۆلار. ئەگەر کەسێکی کورد لە سویدەوە بە مەبەستی دەنگدان بڕواتەوە بۆ هەولێر و سلێمانی، هەر لە فڕۆکەخانە دەنگ بدات و هەر ئەو رۆژە بگەڕێتەوە، بەس هەزار دۆلار دەبێ پوڵی فڕۆکە بدات. وەک دەزانین کوردێکی زۆری ئەو بەشەی کوردستان وان لە تۆرکییە، سورییە، ئێران، وڵاتانی ئوروپا و ئەمریکا و ئوستراليا و دەبێ ئەوانیش گەڕێنەوە تا دەنگ بۆ ئەندام پەرلەمان بدەن و سەرۆکیش بۆ خۆیان هەڵبژێرن. خەرجی هاتووچووی ئەوانە بۆ دەنگدان دەبێت، **<u>بگاتە چەند هەزار ملیۆن دۆلار؟</u>**





## دەنگی هەزار دۆلاری

**دەنگ، دەنگمان هەیە دەنگ**
**دەنگی جوان و قەشەنگ**
**دانەی بە هەزار دۆلار**
**هەڵیواسە، بۆ چاوەزار**

**دەنگ، دەنگ، دەنگ**
**دەنگی میلۆدیدار و بە ئاهەنگ**
**دانەی بە هەزار دۆلار**
**ئەی دانیشتوانی گوند و شار**

**دەنگ، دەنگ، دەنگ**
**دەنگی شایستە و هەمەرەنگ**
**دانەی بە هەزار دۆلار**
**بۆ تۆ، ئەی دڵبەر و دڵدار**

**دەنگ، دەنگ، دەنگ بدە ئەمرۆ**
**بە من وەک نوێنەری خۆت- ئەتۆ**
**با بڕۆمە پەرلەمان وەک پەرلەمانتار**
**بڵێم بژی سەرۆک- رۆژی هەزار جار**

**دەنگ، دەنگ، دەنگ بدە ئەمرۆ**
**بۆ سەرۆکی شەهیدستان ئەتۆ**
**تۆیی <u>بێ سەر</u> هەڵبژێرە سەردار**
**چیتداوە لە دەستووری پایەدار**

**دەنگ، دەنگ، دەنگ**
**دەنگی مرۆڤی لاڵ و لەنگ**
**دەنگی کۆیلە بۆ کۆیلەدار**
**دووبارە دەبێتەوە ئەمجار!**

٢٠٠٩/٧/٢٠

چاوەزار: (نووشتە- دۆعا) بۆ ئەوەی چاوی پیس کارت لێ نەکات.

**لە بری بیرکردنەوە و خەمخواردن، هەڵپەڕین و شادیدکردن**

با لە پێشدا ئەو بابەتە کە لە سایتی **خەبات** (**ئۆرگانی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراق**) وەرگیراوە، بخوێنیەوە:



**لە ئاهەنگی نۆرنبێرگی ئەڵمانیادا سەرکەوتنی لیستی کوردستانی و سەرۆک بارزانی پیرۆزکرا**

**(**ئێوارەی رۆژی ٩_٨_ ٢٠٠٩ لە گۆرەپانی (VILLALION لە ڕوتنبیورگە ستراسە کوردستانیان ئاهەنگی سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردن و لیستی کوردستانی و سەرۆک بارزانیان گێڕا. بەگوێرەی هەواڵی پەیامنێری (پی یوکەی میدیا) لە ئاهەنگەکەدا کە رێکخراوی نۆرنبیرگی پارتی دیموکراتی کوردستان و نوێنەری رێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ژمارەیەک کەسایەتی و کوردستانیان بەشداربوون. یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بەرنامەیەکی ئاهەنگسازی گەرم و گوڕیان بە بەشداری ژمارەیەک لە هونەرمەندان بەڕێوە برد، سەرەتا وتاری رێکخراوی لاوانی دیموکرات خوێندرایەوە و لە وتارەکەدا وێڕای پیرۆزبایی لە مەسعود بارزانی و لیستی کوردستانی، بەرنامەی کاری ئایندەی رێکخراوەکەیانیان راگەیاند، ،پاشان گروپی مۆسیقا بە هەردوو شێوە زاراوەی کرمانجی و سۆرانی بە مۆسیقا و دەنگی خۆش و هەڵپەرکێ و گۆرانی ئێوارەی سەرکەوتنیان بەئالای شەکاوەی کوردستان و جلی ئاڵ و





والای کوردی و بەرزکردنەوەی وێنەی هەردوو سەرۆک مام جەلال و مەسعود بارزانی و دەربڕینی هەستی خۆشی و سەرکەوتنەوە بەرجەستەکردوو شیرینیان بەخشیەوە، کەشوهەوای ئاهەنگەکەش سیمای گەشی سەرکەوتن و ئایندەیەکی گەش و بڕوابوونی پێوەدیاربوو، بڕوابوونێک کە هەم سەرۆکایەتی هەرێم و هەم بەرنامەی لیستی کوردستانی سەرکەوتوانە قۆناغی داهاتووی پر لە ئەرک و بەرپرسیارێتی و دەسکەوت و بنیاتنانی زیاتر بەڕێوەبەرێت، ئاهەنگەکە بەو نەشئەیەوە بەو بڕواو متمانەیەوە وەک بۆنەیەکی ئازیز و هێمای سەرکەوتنێکی تر لە سایەی ئازادیدا پیرۆزکرا.**)**.

نازانم بڵێم هەستی ئەو لاوانە جێگەی رێزە یا جێگەی نیگەرانی.

بۆ جێگەی رێز بێت؟ ئەو لاوانە لە ئاڵمان دەژین و دەڕۆنە قوتابخانە و زانستگا، زۆربەیان جگە لە زمانی ئاڵمانی زمانی ئینگلیزی و.... دەزانن و بەم پێوەرە بێت، دەبێت شارەزای رووداوەکانی جهان ببن، دەبێت ئاگایان لە هەڵبژاردنەکانی ئاڵمان و شوینەکانی دیکەی جهان ببێت! ئایا ئەوانە بۆ خۆیان توانیویانە لەو هەڵبژاردنەدا بەشداری بکەن و دەنگ بدەن بۆ ئەندام پەرلەمانی لیستەکان بۆ سەرۆک؟

ئاخر تۆیەک کە مافی دەنگدانت نەبێت، دەبێت بەرنامەی هەڵپەڕین و شادیکردن بەڕێوەبەری یا بیر لەوە بکەیەوە کە بۆچ مافی دەنگدانت لە هەڵبژاردنەکاندا بە پێی قانوونی دەوڵەتی ئێراق بۆ دووهەمین جار پێشێل دەکرێت؟

چ لایەنی "سەرکەوتوو"، چ لایەنی "ژێرکەوتوو" مافی پێشێل کراوی تۆی دەربەردەر و ئاوارە لە هەر تەمەنێکدا بی، بەلاوە گرنگ نەبووە و نییە! بە هیوای ئەو رۆژە، ئەو شێوە بیرکردنەوە کە هەموو کارەکان دەبێت بە هەڵپەڕین و شادیکردن کۆتایی بێت، کەم رەنگ بێتەوە و بەپێی دەستکەوتی کارەکان هەڵسوکەوت بکەین.

٢٠٠٩/٨/٢٢

## دەسەڵاتداری، بێدەسەڵات !

**سەرۆککۆمار کورد**
**وەزیری دەرەوە کورد**
**باڵوێز و بریکار کورد**
**کارمەند و فەڕڕاش کورد**
**کەچی مافی دەنگدانی نییە–**
**تاکی ئاوارە و دەربەدەری کورد!**

**تاڵەبانی، سەرۆکە ١ لە بۆ کورد .....**
**بارزانی، سەرۆکن ٢ لە بۆ کورد .....**
**بە فەرمانی ئەوان چوون بۆ دەنگدان**
**ژن و پیاو، پیر و لاو، کیژ و کوڕی کورد**
**بە سەماکردنەوە دەنگیاندا،**
**بۆ پەرلەمانی ئێراقی– دەستووبرد**
**کەچی مافی دەنگدانی نییە–**
**تاکی ئاوارە و دەربەدەری کورد!**

جەلال تاڵەبانی سەرۆککۆماری ئێراق
هوشیار زێباری وەزیری دەرەوەی ئێراق
ئەحمەد بامەڕنی باڵوێزی ئێراق لە سوید
مەسعود بارزانی سەرۆکی کوردستانی ئێراق
نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان ئێراق.

٢٠٠٩/٧/١٠





## بە بۆنەی ساڵڕۆژی بوومبارانی (شیمیایی هەڵەبجە)وە

**ئەڵێن کە خەمت بوو بڕۆ گوێ رووبار**
**بۆی هەڵڕێژە یەک بە هەزار**
**باری شانت سووک ئەبێ و**
**ئەیبا سەرەوخوار**

**دوێنێ چوومە گوێ سیروان**
**دانیشتم و دەستم کرد بە گریان**
**لافاوی سرشکم وەها بوو**
**سیروانی کردە مەلەوان**



## لە سامیستان بۆ کوردستان

**لە (کبنیکەیسە)وە**
**باڵ ئەگرمەوە بۆ ئارارات**
**بۆ شاهۆ، بۆ داڵاهۆ،**
**بۆ چلچەمەی رۆژانی هات**

**(فییەلسیپ)ە کەی سامییەستان**
**ئەبەم بۆ مناڵانی کوردستان**
**گوڵە گەزیزەی ئەو دیارە**
**ئێنمەوە بۆ لاوانی- ئەم بێشەزارە**

سامیستان: سامەکان نەتەوەیەکن لە ژووری ئوروپا لە نێوان سوید- نورێژ- فەنلاند و روسیە دەژین. خۆیان بە ناوچەکەی خۆیان دەڵێن:(سامی لەند) وڵاتی سامەکان
کبنیکەیسە: ناوی کێوکە لە ناوچەی سامەکان
فییەلسیپ: ناوی گولێکە لە جۆری گوڵلە گەزیزە.
ئەو وینە لە ئەنترنێت گیراوە.








## Från Samistan till Kurdistan

**Från Kebnekaise ska jag**
**flaxa och flyga till Ararat,**
**till Shahå, Dalahå och**
**Chelcheme där jag levde glatt**

**Jag tar fjällsippor från Samistan**
**till barnen i Kurdistan**
**därifrån hämtar jag Gezizeblommor**
**och skänker dem till barnen i Samistan**

Samistan: sami land
Ararat, Shahå, Dalahå, Chelcheme de är fyra berg
Bild från Internet

## بۆ ۳۱ی ئاب ‹ ئاگوستی›

**دەڵێن: ۳۱ی ئاب رۆژێکی نابابە**
**دەڵێم: ئێستا هەموو رۆژێکمان (ئاب)ە !**
**بۆ بەندەگیکردن، کوشتمان خودی باب**
**بووینەوە بە خزمەتکاری بەغای باب.**

۳۱ی ئاب ئەو رۆژەیە کە لەشکری ئێراق بە پێی نامەیەکی (مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراق) هاتەوە ناوچەی ۳٦ دەرجەی جوگرافی و ئاڵای ئێراق لە هەولێر هەڵکرایەوە





## پاشەکی

ئەم چەن لاپەڕە کە بەناوی(**له یادی هەڵەبجە تا هەڵواسینی سەدام**) ئامادە کراوە، بەشێکی زۆری بەڵگە و دیدوبۆچوونی کەسانی دیکەیە. جگە لەوانە هەندێ لە باسەکان بەناچار و بەپێی پێویست بەکورتی دووبارە بوونەتەوە.
لەم چەن لاپەڕەدا کارنامەی سیاسیی دەوڵەتی ئێراق بەکورتی باسکرا. ئێراق وەک سیستم چ پادشای بێت یا کۆماری، رێبازی سیاسیی حکومەتەکەی دیمۆکراتی بێت یا دیکتاتۆری، کۆمۆنیستی بێت یا سەرمایەداری، ئایینیی بێت یا دوور لە ئایین، بۆ کوردستان یەک سیاسەت و یەک رێبازیان بووە و دەیان بێت! تەنیا جیاوازییەک کە لە شێوەی حکومەتکردنیان لە کوردستاندا رووبدات، ئەوەیە، **ئەوەی کە حکومەتەکانی پێشووی ئێراق نەیانتوانیوە لە کوردستاندا ئەنجامی بدەن و بیبەنە سەر، حکومەتە نوێکە دەیباتە سەر و جێبەجێی دەکات !**
ئەو سیاسەتە تایبەت نییە بە دەوڵەتی ئێراق وەک داگیرکەرێکی کوردستان، بەڵکو ئەوە پێناسەی دەوڵەتانی ئێران و تورکییە و سورییشە! تا سیاسەتی داگیرکەری کوردستان بنەمای سیستمی حکومەتداری ئەو دەوڵاتەنە بێت **رووناکبیران و ئازادیخوازانی فارس و تورک و عەرەب ناتوانن هەست بە تاموچێژی راستەقینەی ئازادی و فرۆڤدۆستی و دراوسێیەتی بکەن**، بە پێچەوانەوە دەبن بە کەرەسەی سەرکوت و ستەم بەسەر نەتەوە ژێردەسەکانەوە، به فەرمودەی خۆیان: **با چنگ دندان از تمامیت ارضی ایران دفاع میکنیم!** ئەوەیش کارێکی وەهای کردووە کە پێناسەی رووناکبیرانی دراوسێی کوردستان ببێتت بە پێناسەی رووناکبیرانی داگیرکەری دراوسێی کوردستان!

کارنامەی سیاسیی ئەو بەشەی کوردستان کە لە چوارچێوەی ئێراق دایە، ئەگەر دەورانی حکومەتی کوردستان بە رابەرایەتی نەمر شێخ مەحمود وەک دەسەڵاتێکی سیاسیی کوردستانی بەهەر کەموکورییەکەوە کە بوویەتی بە جیا لەبەرچاو بگرین و لە کاری و باری سیاسیی کوردستان لە

پاش نەمانی دەسەڵاتی پادشایی ئێراق و هاتنە سەرکاری کۆماری بکۆڵینەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە لە هەموو چین و توێژەکانی نەتەوەی کورد بە شێوەیەکی بەربڵاو لە شۆڕشی کوردستاندا بەشدارییان کردووە، لەو ڕێگادا زیانی گیانی و ماڵی زۆریان بینیوە، بەڵام دەسکەوتی ئەو شۆڕشە <u>دەسکەوتێکی نەتەوەیی</u> وەک دەڵێن:(**شۆڕش بۆ گەلە**) نەبووە، بەڵکو دەسەکەوتەکەی دەسکەوتێکی تەسکی حیزبی بووە و بەس! ئەوەیش نەک وەک حیزبێکی سیاسیی لەپێناو پڕۆسەیەکی سیاسیی دیاریکراودا، بەڵکو <u>بۆ حیزبێک لە بەرانبەر حیزبێکی دیکەی کوردستاندا بووە و بەس</u>!
باشترین بەڵگە بۆ ئەو باسە دووکەرت بوونی ئەو حکومەتەی کوردستانە کە لە ساڵی١٩٩٢ بەپێی دەنگدانی خەڵک دامەزرا، ئەو دووگەرتییە تا کۆتای(**حکومەتی کوردستان بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی**) و(**پەرلەمان بە سەرۆکایەتی عەدنان موفتی**) و(**سەرۆکایەتی دەوری یەکەمی مەسعود بارزانی**) لە مانگی٢٠٠٩/٧ درێژەی کێشاوە.

ئەگەر لە کاروباری سیاسیی و کۆمەڵایەتی ئەو دوو حکومەتە یا باشتر بڵێن ئەو دوو حیزبە بکۆڵینەوە، جێگەی داخە کارەکانی ئەوانیش لە چوارچێوەی **تاک پەروەریدا** بووە و بەس.

٢٠١٠/١/٥

## کوردستان

**کوردستان، شەهیدستان**
**کوردستان، سەرۆکستان**
**کوردستان، کورسی و کەرەسەی حیزبەکان**
**دیلی دەستی "<u>ڕووناکبیران</u>" !**





## ناوەرۆک

**پێشەکی**........................................................................٨
**ئایا کارەساتی هەڵەبجە و هێرۆشیما، وەکو یەکن؟!**......................... ١٥
**جەنگی یەکەم و دووهەمی جهانی بۆچ بەرپا بوو؟** ............................. ٣١
**کارنامەی سیاسیی یابان** (ژاپۆن)............................................. ٣٢
**کارنامەی سیاسیی باشووری کوردستان و دەوڵەتی ئێراق**..................... ٤١
**هەڵەبجە و هەڵوێستی دەوڵەتانی جهان** ....................................... ٥٩
**هەڵەبجە و هەڵوێستی دەوڵەتی ئێرانی**........................................ ٦٠
**هەڵەبجە و هەڵوێستی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران** ................................ ٨٧
**هەڵەبجە و هەڵوێستی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران** ..................... ٩٦
**هەڵوێستی مرۆڤدۆستانە یا بۆ داگیرکەر پاکانە؟!**.............................. ٩٩
**بۆچ پارتی و یەکێتی و حیزبەکانی دیکە چوون بەلای دەوڵەتی ئێران دا ؟** ........ ١٠٣
**پڕۆسەی چەککردنی دەوڵەتی ئێراق لە چەکی کۆکوژی**.............................. ١٠٥
**پڕۆسەی گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسیی ئێراق**......................................... ١٠٨
**ڕۆڵی کورد لە دەسگیرکردنی رابەرانی دەوڵەتی پێشووی ئێراق دا**.................. ١١٣
**ڕۆڵی کورد لە زیندووکردنەوەی دەوڵەتی ئێراق دا** ................................ ١١٥
**نەسرەوت تا سەرکەوت**............................................................ ١٢٥
**دەسکەوتی سیاسیی کوردێک لە پۆستی سەرۆککۆماری ئێراق، بۆ کوردستان** .......... ١٢٨
**دەنگدان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی ئێراق و ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێراق** ............ ١٣٢
**سوێندخواردنی سەرۆکوەزیری ئێراق لە پەرلەمانی ئێراق دا**........................ ١٣٨
**سەرۆکی کوردستان ؟!**............................................................ ١٤١
**دوکتۆر: سەرۆکایەتییەکە نابێ بە هیچ شێوەیەک بە وەرگرتنی پۆستێک لێک بدرێتەوە.**........... ١٤٦
**نایەڵین پیرۆزی و گەورەی کاک مەسعوود بشکێ**.................................... ١٤٧
**سەرۆکی شەرعی پەرلەمانی کوردستان، یان سەرۆکی بارزان<؟**......................... ١٥٠
**لە ئێراق نابێت کەس لە سەرووی یاساوە بێت و دەبێ یاسا سەروەر بێت.**............ ١٦٥
**کوردستانی "ئێراقی" ژێر دەسەڵاتی بەغدا و ژێر دەسەڵاتی هەولێر**.................. ١٦٦

**گەندەڵی ماڵی و دارایی** ........ ١٦٩
**دابەشکردنی داهات بە شێوەی عادیلانە ؟!** ........ ١٧٠
**دادگاییکردنی سەدام** ........ ١٧٢
**دادگاییکردنی سەدام و هاوکارانی یا دادگاییکردنی دەوڵەتی ئێراق؟** ........ ١٨٨
**با چەن تاوانی دیکەی رابەرانی ئێراق کە لە دادگادا باسیان نەکراوە، دەستنیشان بکەین:** ........ ١٨٩
**کام سزا شایستەی ئەو تاوانانەیە کە رابەرانی ئێراق لە کوردستان دا ئەنجامیانداوە ؟** ........ ١٩٤
**پرستی تایبەت** ........ ١٩٦
**جۆری یەکەم** ........ ١٩٦
**هونەری خۆ سانسۆرکردن و دەسدرێژیکردن بۆ سەر دەستووری دادوەری کوردستان** ........ ١٩٦
**نەوشیروان حاکم بێ و بەختەک وەزیر بێ، هەزار کەلاوە بە پولێ!** ........ ١٩٦
**ژیان لە سوید بە دوو جۆر جۆری دووهەم** ........ ١٩٦
**ژیان لە سوید بە دوو جۆر** ........ ١٩٧
**چالاکی سیاسی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی کوردستانی ئێراق** ........ ٢٠١
**هونەری خۆ سانسۆرکردن و دەسدرێژیکردن بۆ سەر دەستووری دادوەری کوردستان** ........ ٢٠٧
**بەشار بارزانی** ........ ٢١٢
**دەستووری چاپەمەنی** ........ ٢١٣
**نەوشیروان حاکم بێ و بەختەک وەزیر بێ، هەزار کەلاوە بە پولێ!** ........ ٢١٥
**ژیان لە سوید بە دوو جۆر** ........ ٢١٨
**پێرستی هەڵەبجەنامە** ........ ٢٢٥
**پاشەکی** ........ ٢٦٤